





# بەشێک لە دیمانە وتارەکانی

## هاوڕێ ئێقباڵ سەفەری

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ئێقابڵ سەفەری.......................................... هەیاس کاردۆ ..... ٤

٢- پاکتاوی سیستماتیک و تیئوریزەکراوی گەل و وڵاتی کورد، لە بەشی رۆژهەڵات!........................................ ٩

٣- میژووی کۆمەڵەی ژ- ک و کۆماری کوردستان و رۆڵی کەڵوڕەکان........................................................ ١٢

٤- دوو چەمکی خەباتی پیکەوە گرێدراو!.................................................................................. ١٦

٥- خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی "لە پیناوی ئاواتەکان دا" موقەدەم........................................................ ٢٠

٦- حدک پەیوەندییەکی باشی لە گەڵ پژاک هەیە........................................ دیمانە سۆران پاڵانی ..... ٢٣

٧- رۆڵ و پریستیژی مەلاکانی ئێران پێش شۆرشی ١٩٧٩ و پاش ئەم شۆڕشە......................................... ٣٠

٨- ستراتێژی سۆپای پاسداران، کۆپیەکی بەدەڵ لە تاکتیکو ستراتێژی لەشکری تورک.................................. ٣٤

٩- نەورۆز و سرووشت کوردستان............................................................................... ٣٨

١٠- کێ یە خەڵکی رۆمادی یە؟................................................................................... ٤٠

١١- ئاوڕدانەوە لە مێژووێکی تاڵی پارێزگای کرماشان........................................................... ٤٣

١٢- بەڕێوەچوونی سمیناری چۆن گرینگی پێدانی زیاتر بە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان لەلایەن کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبەوە.......................................................................................................... ٥٤

١٣- کۆنفرانس یەکیەتی سەراسەری وەرازەکان دونیا. (میتافۆریک)............................................... ٥٦

١٤- شەڕەکانی نێوخۆی کورد و ڕێکخراوەکانی سیاسی لە پانتاییەکی بەرینتر و مێژووییەوە!............................ ٥٩

١٥- هەڵبەستێک وەبوونەێ گیانبەخت کردن ١١ پێشمەرگەی لە خوێن گەوزیاگ کوردستانی............................. ٦٩

١٦- بەشێک لە ژیاننامەێ کەڵە پیاگ پشتکویەی والی "وەلیموحەمەد ئومێدی" شاعیری کوردی وێژ لە ئوستان ئیلام..... ٧٣

١٧- لە پەراوێز مانەوەی خەباتی نیشتمانی بە قازانجی کێیە؟................................................. ٧٤

١٨- وە یاد ٢٠ ساڵەێ بەموماران شیمیایی ئاوایی زەردە لە ناوچەێ داڵەهۆ............................................ ٨١

١٩- وڵامێک بۆ بێ حورمەتیەکانی حیزبی مەشروتەی ئێران بە نەتەوەی کورد......................................... ٨٤

٢٠- گەڕانەوەی سیمورغی پانئێرانیست، یان عەرەباندنی کورد و زێدەکەی؟........................................... ٨٧

٢١- بۆ خوێندنەوەی بێ حورمەتیەکانی ح م ئ سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن........................................... ٩٥

٢٢- سواڵ کردنی کۆماری ئیسلامی گەیشتۆەتە ماڵی سواڵکەرەکانیش............................................... ١٠٢



سەرچاوە
Serchawe

٢٣- شوڤیونیزمی فارس و چەکی نوێ بۆ درێژەدان بە پاوانخوازی!.................................................. ١٠٥
٢٤- خواوەندەکانی خۆڵقێەرو غەیب کەر!......................................................................... ١١١
٢٥- داپڵۆساندنی لێرەوارەکانی کوردستان بێ پسانەوە بەردەوامە.................................................... ١١٤
٢٦- دڵنیا بن کە نوکتە(جۆک) نیە!........................................................................... ١١٦
٢٧- کۆنگرەی چاردەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و پرسێکی مێژۆیی............................................... ١١٩
٢٨- ئاوڕدانەوێک لە سیتمی تۆتالیتاری ولایەتی فەقی لە ئێران و تاکتیک و ستراتژی کورتو درێژخایەنی ئەم سیستمە....
........................................................................................................................... ١٢٥
٢٩- ئایا کچە کوردی بە ئایین ئیزیدی تەنیا لە بەر خۆشەویستی گیانی لێ ئەستێندرا؟.............................. ١٣٠
٣٠- ڕاستکردنەوەی هەواڵێکی ناڕاستی کوردستان میدیا، بۆ بەرێوەبەرانو پاڵپشتانی ئەو سایتە........................ ١٣٣
٣١- ڕووی ڕاستەڤینەی خوێنەرێک بناسن......................................................................... ١٣٦
٣٢- دێموکراسی بە شەرتی چەقو!!............................................................................. ١٣٩
٣٣- پارێزگای کرماشان و هێندێک زانیاری لە سەر ئەم مەڵبەندە.................................................... ١٤٢
٣٤- ڕاپۆرتەکەی بەیکر- هامیلتون و سناریووێکی دیکەی تاقیکراوە:................................................. ١٥٠
٣٥- شاسۆڵتان حوسەینی دووهەم و چەند؟....................................................................... ١٥٥
٣٦- وڵام بو کاک نەوید و کاک ڕامین.......................................................................... ١٥٧
٣٧- ئاستەمەکانی بەردەم دروست بونی ڕێکخراوی پارسانیەکان..................................................... ١٦١
٣٨- بێ خەبەری کاک سادق ئەمیری زۆر کەس وەخەبەر دێنێ!....................................................... ١٦٣
٣٩- لە ژێر ناوی چیو خەمت نەخۆەم............................................................................ ١٦٦
٤٠- کۆچ خەێر! : وەبونەێ کۆچ ناوەخت هەفت کوردستانی ئاوارە.................................................... ١٦٩
٤١- لە یادی ١٩ ساڵەی بوردمانی شیمیایی گۆندی زەردە لە ناوچەی داڵەهۆ.......................................... ١٧٠
٤٢- کۆڵەکە ئەرزشی و ئایدولۆژیەکانی کۆماری ئیسلامی یەک بە دوای یەک دا دادەرۆخێن............................. ١٧٣



# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ئێقباڵ سەفەری




**مێژووی زیندوو (سێ) نووسینی : هەیاس کاردۆ**

پێم خۆشە لە سەر شاباڵی "هوما" دانیشم و لە ژێر هەوران ڕا بڕوانمە پێدەشت و شاخ و دۆڵ و دەرەکانی کوردستان. خۆزگەمە بتوانم لە هەورازان وەسەر کەوم و لووتکەی هەرە بەرزاییەکانی نیشتمان بکەمە جێ هەوار. ئاواتمە دەگەڵ جووڵەی هەڵۆ خۆ ڕێکخەم و لە ڕژد و هەڵەمووتان لەنگەر بگرم. تامەزرۆی بەهرەمەند بوون لە هێزی فڕینم، چونکە بۆ گەیشتن بە ئاواتی حاڵی بوون لە ورەی پێشمەرگە بەکارم دێ. هیوام ئەوەیە بتوانم خۆ بەدنیای بێ سنووری ئازایەتیی پێشمەرگە دا بکەم و لە نیزیکەوە ئاگاداری ئەسراڕی ئەو دنیا سیحراوییە بم. زۆرم پێ خۆشە هێزێکی خۆڕسک یاریدەی دابام خانەکانی مێشکی پێشمەرگە بخوێنمەوە و بزانم ئەو هەموو ئازایەتی و غیرەت و ئیمان و دڵفرەوانییە چۆن یەکیان گرتوە؟

داخی گرانم، ئەوانە تەنیا ئاواتن و منی کڵۆڵ بەخەونیش لەو مەجالە بەهرە وەرناگرم کە بتوانم بە ئاواتی دڵ بگەم. بەڵام ئەوەی دەزانم کە بۆ ئاگادار بوون لە دنیای پڕ لە ڕەمز و ڕازی پێشمەرگە و شارەزا بوون لە ڕادەی گیانبازی و فیداکارییەکانی، ڕێگای دیکەش هەن. بۆ کەسێک کە خولیای تێگەیشتن لەم دنیا ئەفسووناویە بێ، دۆزینەوەی ڕێگاکانی پێ گەیشتنی کارێکی دژوار نیە. پێشمەرگە کە خۆی خوڵقێنەری ئەو دنیا پڕ لە کارەساتەیە و داستاننووسی ڕاستینی ئەو بەستێنەیە، باشترین و جێ متمانەترین سەرچاوەی زانیاری و سەرەکیترین ئامرازی کردنەوەی ئەو دەرگا قفڵ کراوەیە. هەر بۆیە بە شانازییەوە پەنای بۆ دەبەم و بۆ کردنەوەی دەرگای پۆڵایینی ئەو دنیا پڕ لە ڕەمز و ڕازە داوای یارمەتیی لێ

دەکەم.

لە گەشتی بەسەر کردنەوەی پێش سوارانی مەیدانی نەبەزین و سوارچاکانی ئەزموونی خوێنیندا ڕێم دەکەوێتە مەڵبەندی ئەهوورامەزدا و لە قەراغ مەرقەدی مەلەکە تاووس وچانێک دەدەم. وەبیرم دێتەوە ئەوە مەوتەنی بە ساغی ماوی کوردانە و گێژەڵووکەی زەمان نەیتوانیوە تێکیەوە پێچێ. هەر بۆیە سەری ڕێزم لە حاند گەورەیی و دڵسۆزیی دا نەوی دەکەم و بە وجوودی ئەو مەڵبەندە و دڵسۆزیی خەڵکە قەت نەحەساوەکەی ورەم زیاتر دەبێ. هەر لەوێڕا سەر هەڵ دەبڕم و چاوێکی بەپەلە بە کەنارەکانی بەمۆ و دەشتی پان و بەرینی سەلاس و ناوچە سەخت و هەڵەمووتەکانی قەڵخانی دا دەگێڕم و ئەوجار بە مەبەستی دۆزینەوەی سەرچاوەی زانیارییەکان تەکانێک دەدەمە خۆ و درێژە بە ڕێگا دەدەم. کە ڕوو لە بەرزایی بەمۆ دەکەم هێزی لەشم زیاتر و ورەی سەرکەوتنم چەند هێندە دەبێ. دەدڵم چەقیوە دەتوانم کلیلی کردنەوەی دەروازەی زانیارییەکانم لە سەر دوندی ئەو بەرزاییە بدۆزمەوە و ئیتر لێی پاڵ دەمەوە. هەر بۆیە هەنگاوم خۆشتر و ڕێگای بڕینم هاسانتر دەبێ. کە خۆ دەگەینمە سەر دوند، مخابن بەسەر "هەواری خاڵی" دادەکەوم و ئەوەی لێی دەگەڕێم نایدۆزمەوە. لەو لووتکە بەرزە ڕا کە سەردەمایەک جێ هەواری هەڵۆ تیژباڵەکانی ئەو دەوەرە بوو، هەناسەیەکی قووڵ هەڵ دەکێشم و پڕ بەدەم هەوای ساف و بێ گەردی ئەو ئاو وخاکە پاکە هەڵ دەمژم. ئینجا دەچم دەبیرێکی قووڵەوە و بۆ دۆزینەوەی لێ ون بووم سواری باڵی خەیاڵ دەبم.

سەرئەنجام بە ئاوات گەیشتم و سوارچاکە بەناو بانگەکەی هەڵۆدای کوردایەتیم لە ئیسکاندیناوی، بە مەودای هەزاران کیلۆمەتر دوورتر لە مەیدانی ئەسڵیی خەبات دۆزیەوە. ئەو خاوەنی لەشێکی ماندوو، بریندار و هەڵدڕ دادڕە، کەچی لە ورە و ئیمان بەرێباز و درێژەدان بە خەبات هیچی کەم نیە. ئەو، سەر بە بنەماڵەی گەورەی کوردانە و بە ڕەچەڵەک لەسەر بنەماکانی کورد بوون ماوەتەوە.

بە دۆزینەوەی ئەو تێکۆشەرە دێرینەی مەیدانی خەبات شاییم دەدڵ دەگەڕێ و پێم وایە بەئاوات گەیشتووم. هەرچەند بە مەودا لێک دوورین، بەڵام خۆ لێکتر بەنزیک دەزانین و هەر بۆیە کردنەوەی سفرەی دڵی ئەو فیداکارە بۆ من کارێکی زەحمەت نەبوو. سوپاس بۆ تێکۆشەر "ئێقباڵ سەفەری" یاری چەوساوانی کورد و هاوسەنگەری سەدان پێشمەرگەی نێو سەنگەر کە وەڵامی داواکەی دامەوە و بۆ گێڕانەوەی "مێژووی زیندوو" یاریدەی دام. ئێستا بە دەدەست دابوونی کلیلی کردنەوەی دەرگای نهێنییەکانی "دالاهۆ" باکم لە هیچ نیە و لە جێگای ڕۆستەمی داستان ئامادەم شەڕی دێوی سپی بکەم. تێکۆشەر ئێقباڵ سەفەری خەڵکی "زەردە"ی ناوچەی دالاهۆ(کەرەندی ڕۆژ ئاوا)یە و سەر بە ئێلی "قەڵخانی" یە. ئەو لە پەیرەوانی ئەهلی "حەق" ە کە بە "یارسان " ناسراون. یارسانەکان خاوەنی دەوڵەمەندترین کەلتووری ڕەسەنی کوردین و لە درێژەی زەمان دا خۆیان لە بەرانبەر هێرشی دوژمنانی کورد پاراستوە. ئەوانە بە ڕاست وێژی، دڵپاکی، خۆبەخشی،

بەویژدانی وکاری هەرەوەزی ناوبانگیان هەیە. یارسانەکان مێژووی کوردن و کورد بە بێ ئەوان مێژووی ناتەواوە. سەیر کەن کاک ئیقباڵ خۆی لە بارەی گوندی زەردە چێمان پێ دەڵێ: "گوندی زەردە لە باری سیاسییەوە جێگای تایبەتی خۆی هەیە. بە هۆی ئەوە کە ناوەندی خەباتی دژی داکیرکەری عەرەب بووە و بە دەیان کەس لە ڕێبەرانی ئایینی یارسان لەم دەوەرە ژیاون و مەرقەدەکانیشیان هەر لێرەیە، لە باری خۆڕاگری و ڕۆشنبیرییەوە جیاوازە لە ناوچەکانی دیکە. هەر بۆیەشە بۆ خۆیان(خەڵکی گوندەکە) ساڵی ١٣٣٧ قوتابخانەی کوردی دادەمەزرێنن کە ساڵی ١٣٤٠بە زۆر دەکرێتە فارسی."

لە درێژەی وتووێژ دەگەڵ ڕێزدار سەفەری دا دنیایەک زانیاریم لە بارەی ناوچەی جێگای ژیانی، سروشتی خەڵکەکەی، ڕادەی باوەڕمەندییان و سەرچاوەی سەداقەت و ڕاستگۆییان دەست دەکەوێ. لەبەر ئەوە کە ناوبراویش لە نێو عەشیرەتێکی ئاوا دڵپاک و خۆبەخش دا گەورە بووە و پێ گەیوە، دەرسی ئەخلاق باش فێر بووە. "...بە دەرس وەرگرتن لە باوکم و دایکم زیاتر هەڵس و کەوتەکانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی فێر بووم کە هەموو کات هانیان دەدام ڕێز لە خەڵک بگرم بۆ ئەوەی ڕێزم لێ بگرن. کاتێک قوتابخانە کوردییەکەیان لێ داخستین و بۆ ڕۆژی دوایی ئەمان توانی بخوێنین، باوکم کردیە جواب و گوتی: کوردی بیەسە تلیاق! فارسیش ئاگرەکەیە."

سەرەتاکانی کاری پێشمەرگایەتیی بۆ کاک ئیقباڵ و هاوباوەڕانی دەورەیەکی گەلێک دژوار و پڕ دەردی سەر بووە. ئەوان کەوتبوونە نێو دەریایەک کە شەپۆلەکانی دەمارگرژیی مەزهەبی بێرو بەوێی دادەدان و هەر بۆیە وەبەر ئازاری ڕووحی دەکەوتن. هەر لەو پێوەندییەدا چەند بەسەرهاتی خۆشمان بۆ دەگێڕیتەوە کە دانەیەکیان بەم جۆرەیە: "با بۆ خۆشیش بووە وێنەیەک بگێڕمەوە. ئێمە چووبووینە ڕاوە بەراز و بەرازێکی زلمان نێچیر کردبوو. گوێدرێژێکمان هەبوو کە هی تەداڕوکات بوو، بردمان و بەرازەکەمان خستە سەر پشتی و هێنامانەوە. بۆ ئێوارەکەی گوێم لە ڕەگبارێکی کلاشینکۆف بوو. زۆری پێنەچوو خەبەریان بۆ هێناین کە (خ.ت)سەلەیکی گرتوە لە کۆپانی گوێدرێژەکە. پرسیم لەبەر چی؟ گوتیان لەبەر ئەوەی خوێنی بەرازی پێوە دراوە و سپڵۆت بوە."

دەوران، دەورانی بەشداری لە خەباتی ڕاستەوخۆی ڕۆڵەکانی کورد بۆ وەدەست هێنانی ئاواتە ون بووەکانیان بوو. سەدان و هەزاران لاوی تازە پێ گەیشتوو بە کچ و کوڕەوە لە سەرانسەری کوردستان قۆڵی هیممەتیان هەڵماڵی و لە ڕیزی یەکگرتوو دا بانگی ئازادییان بەرز کردەوە. لە مەڵبەندی کوردپەروەری دالاهۆش کە کورد بوون و کوردانە ژیان تێکەڵاوی خوێنیانە، لاوان وەخۆ کەوتن و بە مەبەستی زیندوو ڕاگرتنی ژیانی کوردانەیان ڕوویان لەو مەیدانە کرد. تێکۆشەر ئیقباڵ سەفەری کە لەو سەردەمە دا زیاتر بیری چەپ بوون و بەشداری لە خەباتی چینایەتی خانەکانی مێشکی تەنیبوو، زۆر زوو هەستی بە باری قورسی سەرشانی کرد و تێکەڵ بە دەریای خڕۆشاوی شۆڕشگێرانی کورد بوو. ئەو زوو بڕیاری دا و بە پەلە ڕیزی پێشمەرگەی هەڵبژارد. "...ساڵی ١٣٦٠ بوومە ئەندامی حیزب. شەهیدان ئەمین محەممەدی و جەهانگیر ناسری گەیشتبوونە

شاخی بەموو لە دەستەی شەهید جەهانگیر. بەهاری ١٣٦١ لەگەڵ چەند کەسی دیکە کە یەکیان بە ناوی(م.ع)، ناوی خوازراوی(هەژار) و ئێستا لە وڵاتی نوروێژ دادەنیشێ گەیشتمە بەموو...". ئەوجار ئیدی ئەوە مەیدانی خەبات و سەنگەری پێشمەرگەیە کە لاپەرەکانی ژیانی ئێقباڵ دەڕازێنێتەوە، یان باشترە بڵێم ئەوە ئێقباڵ سەفەرییە کە مێژووی خەبات و بەرخۆدان تۆمار دەکا. ناوبراو لە پێشمەرگایەتی ڕا دەست پێ کرد، لە پەل دامەزرا و بڕیاری خۆ ڕێکخستن دەگەڵ ژیانی شۆڕشگێرانەی دا. بە هۆی ئەزموونی پێشتری لە بواری نیزامی و ناسینی "فن"ی شەڕ و کەڵک وەرگرتن لە چەک، زۆر زوو کەوتە بەر سرنجی فەرماندەرانی نیزامی و بەرپرسانی سیاسی. بەڵام ئەوە تەنیا هۆی چوونە سەری پلەی بەرپرسایەتیی ئەو تێکۆشەرە لە بواری نیزامی دا نەبوو. کاک ئێقباڵ کە دواتر منیش شانازیی ناسینیم پەیدا کرد، کوڕی ڕۆژی تەنگانە و یاری جێ متمانەی پێشمەرگە و هاوکاری سادق و میهرەبانی هاوسەنگەرانی بوو. ئەو کە لە بنەماڵە و کەلتووری ڕەسەنی عەشیرە فێری دەرسی ئەخلاق ببوو، توانی لە مەیدانی خەباتیش دا بەکاری بێنێ و بەڕێز گرتن لە خەڵک و هاوسەنگەرانی حورمەتی ئەوان کەسب بکا.

درێژەی خەبات و مانەوەی تێکۆشەر ئێقباڵ سەفەری لە ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان دا، کەسایەتییەکی ناسراو و فەرماندەرێکی جێ متمانە و کادرێکی جێکەوتووی لێ دروست کرد. هەتا دێ نەخشی ناوبراو لە نێو پێشمەرگە دا زیاتر و بواری کار و تێکۆشانی بەرفرەوانتر دەبێ. دەیان عەمەلیاتی سەرکەوتووی نیزامی لە ناوچەکانی هەورامان، داڵاهۆ، سەلاسی باوەجانی، جوانڕۆ، قەڵخانی، زەهاو، مایەشت و کۆزەران، شائاوا، کرماشان، کامیاران، قەسری شیرین، مەریوان، سنە و گەلێک شوێنی دیکەش لە ژێر فەرماندەریی بەڕێز سەفەری، یان بە هاوکاریی ئەو بەڕێوە چوون و بەوەش لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی چەکداریی خەڵکی کوردستان زیاتر ڕازاوەتەوە. لە جەنگەی خەباتی سەختی چەکداری دا فەرماندەری بەووەج، هەمیشە دەگەڵ پێشمەرگە و لە پەنا پێشمەرگە و هاوهەنگاوی پێشمەرگە بووە. خۆی گوتەنی:

"بۆ چالاکیی نیزامی، بە بێ شناسایی کردنی تەواو و داڕشتنی گەڵاڵە هیچ هەنگاوێکم هەڵ نەدەگرت. کەسێک بوومە کە لە هەموو شناساییەکان دا بەشدار بوومە و بە شاهیدی ئەوانەی کە ئێستا زیندون، مینە چێندراوەکانی سەر ڕێگا و بنکەکانی ڕێژیمیش کە چالاکیی نیزامیان لەسەر کراوە، بۆ خۆم هەڵمگرتوونەتەوە. هەموو پێشهاتەکانم هەڵسەنگاندوە و لەگەڵ فەرماندە لک و پەلەکان باسم کردوە...". بەو سفەتانەوە دیارە پێشمەرگە خۆی لە فەرماندە بە نیزیک دەزانێ و سێبەری ئەو لە سەر خۆی هەست پێ دەکا،

هەر بۆیە وەرەی بەرزتر و هەنگاوی بۆ خەبات خۆشتر دەبێ. دیارە چاوەڕوانیی ئەوەش لە فەرماندەرێکی ئاوا دەکرێ کە بە ساغی لە مەیدانی شەڕ دەرنەچی و گوللەی چەکی دوژمن لەشی بپێکێ. هەر ئەوەشە کە تۆمارکەری ئەو مێژووە خوێناوییەی گەلەکەمان لە چەند جێگاوە برینی قورسی هەڵگرتووە و تووشی کارەساتی دڵتەزێن هاتووە. لە گێڕانەوەی داستانی نەبەردی دا، بەڕێز سەفەری زۆر "تواضع" نیشان دەدا و هەموو هەوڵی ئەوەیە دەور و ڕۆڵی خۆی لە شانازییەکان

دا چووک نیشان بدا. ئەوە دیارە پیشەی "پاڵەوانان"ی ڕاستەقینەی مەیدانی سەروەرییە و هەر خۆشی نیشاندەری توانا و هەستی فیداکاریی ئەو کەسەیە. بە دڵنیاییەوە دەیان و سەدان کەسی وەک من باش دەزانن ئێقباڵ سەفەری کێیە و خاوەن چ ناسنامەیەکی بایی دارە. هەر بۆیە هەتا خۆی چووکتر نیشان بدا گەورەتر دیارە و بە هەمان ڕادە کە خۆ بەکەم گرە، میداڵیاکانی سەرسینگی گەواهی بۆ سەربڵێندیی دەدەن. کە بتەوێ ڕوو بکەیە نێو دنیای پڕ لە ڕەمز و ڕازی ژیانی ئێقباڵ سەفەری و پێ بە پێ دەگەڵ کارەساتەکانی دەورانی پێشمەرگایەتیی ئەو بچیە پێش، دەبێ خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بی کە بۆ پێشمەرگە تاریف کراوە. "مێژووی زیندوو" بەشیک لەو دنیا پڕ لە ئەسرارەت پێ دەناسێنێ.

ناکرێ باسی مێژووی کورد بکەی و خەباتی چەکداری هەڵاوێری. "ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین، سەیری کە خوێناوییە ڕابوردوومان". کە باسی خەباتی چەکداری دەکەی لازمە لەوانە بدوێی کە تێیدا بەشدار بوون. بەشدارانی ئەسڵیی ئەو مەیدانەش دیارە هێزی پێشمەرگەی کوردستانن کە مخابن بەشی زۆریان گیانیان بۆ فیدا کردوە. هەموومان لەوەدا هاودەنگین کە شەهید "سۆمای چاوە" و لای هەموان بەڕیزە. ئەدی ئەوانەی ماون؟ دەبا ڕێز لەوانەش بگرین کە زەمانێک هاوسەنگەر و هاو هەنگاوی شەهیدان بوون. تێکۆشەر ئێقباڵ سەفەری سیمای هەرە ناسراوی ئەو بوارەیە و بۆ رابوردووی پڕ لە شانازیی و ئێستای پڕ لە ماندوو بوونی، شیاوی وەگرتنی لەوحەی ڕێز لێنانە. ناوبراو ئێستا لە وڵاتی سوئێد دەژی.

هاوسەرێکی زۆر بەڕێزی هەیە و بە جووتە دوو کوڕی تازە پێ گەیوی لە خەم ڕەخسیویشیان گەورە کردوە. بەڕێزیان وازی لە خەبات نەهێناوە و بە کاری بەردەوامی لە بواری سیاسی و ڕۆژنامەگەری دا هەروا بۆ ئامانجەکانی هێزی پێشمەرگە تەقەلا دەکا. ئەو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کادرێکی چالاکی کار و باری دەرەوەی ئەو حیزبەیە. تەمەنی درێژ و لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی بەردەوام بێ.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٤ ی ژووئیەی ٢٠٠٩

## پاکتاوی سیستماتیک و تیئوریزەکراوی گەل و وڵاتی کورد، لە بەشی رۆژهەڵات!

لەمێـژە نەتەوەی باڵادەست بە شیوەیەکی سیسـتماتیک، بە تیئـوری و گەلاڵەی "یەک دەوڵەت –یەک نەتەو"ە و لە ڕێگـای جۆراجۆرەوە پرۆسەی سڕینەوەی ئاسەوار و شۆناسی نەتەوەیی کـورد و نەتەوەکـانی دیکەی لە ئیمپراتـۆری زۆرەملی(ئێـران) خستۆتە رۆژەڤی کاری رۆژانەوە. لەم پێوەنـدی یە دا "بـاوکی تـاجدار" بە رەچـاوکردنی ئەم تیئـوریە و بەکەڵـک وەرگـرتن لە توانایی دەیان پسپۆری نێوخۆی و بێگـانە بـۆ چەواشـەکاری مێژووی و سڕینەوەی پێکهـاتە نەتەوەییەکـانی دانیشتوی وڵاتـی (ئێرانی) کردە ئامانج. کەم نین ئەو کەسانەی کە ئەم مێژووە دەستکردەیان کردۆتە خولیـای بیـر و هـزری رۆژانەی خەڵـک و بنەمـای دامەزرانـی ئیمپراتـۆریەکی تـایبەت بە کووروشـی هێخامەنیشـی. پێویسـتە ئامـاژە بکـرێ کە لەو بەسـتێنە دا، زمـان ناسانی بیانی و پرۆپاگەندەی دەوڵەتەکانیان گەورەترین یارمەتیان بەم پرۆسە داپڵۆسێنەرانەیە کردوە.

ئینگلیسـیەکان،ئاڵمانیەکان، هۆلەنـدیەکان، فەرانسـەویەکان و... ، کە بەردەنووسـەکانی سـەر شـاخ و ئەشـەکەوتەکانی نیشتیمانی ئێمەیان وەرگێڕاوەتەوە سەر زمـانی پـارسی( فارسی)!؟،کوورورشیان وا مەزن کردۆتەوە کە بـۆتە جاڕنـامە نووسی مـافی مـرۆڤ( مەنشـۆری) دووهەزار و پانسـەد سـاڵ لەمەو بەر. ئەم جاڕنـامەیە!؟ ئێسـتا لە مووزەکـانی وڵاتـی ئینگلـیس دەپارێزرێ و هێندیک جاریش بۆ راست پێشان دانی ئەو تێئوریە، بۆ وڵاتـانی دیکەی دەنێـرن و بە خەڵکـانی ئەو وڵاتـانەی نیشان دەدەن. بەوکارەش بێجگە لە بەشە چەواشەکاریەکەی، یارمەتی بە بارودۆخی شێوێندراو و چارەنووسی نادیـاری گەلـی ئێمە و گەلانی دیکە دەکەن.

لەو چەواشەکاری و لێڵاویکردنانەش تێپەڕین، نووسراوەکانی هێرۆدۆت - کە گومانیان لەسەرە، پتر هانی هەستی شوینیستی پانئێرانسـتەکان دەدا و دونیـایەکی خەیاڵـاوی لە مێشکی بە درۆ زاخـاودراوی بیرمەنـدانی خـاوەن" دەوڵەت - نەتەوە"دا، دەکاتە هزرێک، کە وەک ئایدولۆژیایەکی بەرهەڵەستکار، بەرەنگاری هەرچەشنە مافخۆازی نەتەوەکانی دیکە دەبێتەوە.

بەڵام با بزانین وڵاتی کۆرشی خـاوەن جاڕنـامەی مـافی مرۆڤـی ٢٥٤١ سـاڵ پێش ئێستا لەگەڵ پتـر لە نیوسەدە پاشایەتی پەهلەویەکان و سێ دەیە دەسەڵاتی کۆمـاری ئیسلامی، چ بەرهەمیکیـان بـۆ بەنـاو"سنوروانانی" ئـازا لە رۆژئـاوای( ئێـران) بە دەسکەوت هێناوە.

**یەکەم**: شەڕەکانی نێودەوڵەتی و ئاکامەکانی لەسەر کورد و زێدەکەی!



سەرچاوە
Serchawe

ئەگەر لە هێرشی تازیەکانەوە دەست پێبکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە هێرشبەران بەسەر لاشەی بە شمشێر ئەنجێندراوی کورد دا تێپەریون و ئیمپراتۆری ساسانیەکانیان لەنێو بردوە. لەم پێوەندیەداو بە ئێستاشەوە پێویست بە بەڵگە هینانەوە نییە وبەرهەمی ئەو کولتووره، قەمە و شمشیری یە، بۆ خۆی دەربڕی هەموو وردەکاریەکانی ئەو داگیرکاریەیە. لێرەش جێگای پرسیار نامینێتەوە کەپارێزگاکانی ئێستای ڕۆژهەلاتی کوردستان واتە: ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێ، گەورەترین خەساری گیانی و ماڵییان وەبەر کەوتوە.

**دووهەم**: ئاسەواری هێرشی عۆسمانی و کاولکارەیەکانی و لە سەرەوی هەموویان ئاکامە شۆمەکەی پێنج سەدە پێشی، دابەشبوونی کوردستانی لە ١٥١٤ لێکەوتەوە. کە لەڕاستی دا، شەڕی دوو ئیمپراتۆری سونەی عۆسمانی و شیعەی سەفەوی، شەڕی زێدەخوازی بوو لەسەر حیسابی نیشتمانی کورد.

**سێهەم**: با ئەوانەی سەرەوە بووبنە مێژوو و کوردیش دەرسێکی ئەوتۆی لێ وەر نەگرتبن و ناوند نشینەکانی فێنکاو خۆر و بڕیاردەریش لێ بی ئاگا بن. بەڵام ئەو کارەساتانە کە بۆخۆمان بە چاوی خۆمان دیومانن و بە گیان و ئێسک و پێستەوە هەستمان پێکردون چی؟

هەشت ساڵ شەڕی کۆماری ئیسلامی و هاوبیرانی تاراوگە نشینیان لە گەڵ ڕێژیمەکەی سەرداری قادسیەدا، گەورەترین زەبری لە کۆمەڵگای کوردستان وەشاندوە کە شوێنەوارەکانی بە سەدان ساڵی دیکەش بە ڕۆخساری کوردستانی ئینکار کراودا، دیار دەبێ.

لەماوەی شەڕەکە دا، هەم بەردەوام ئاگر و ئاسن یان بەسەر گەلەکەمان دا باراند و هەم کیمیا باران و ئەنفالیان کردون. ئەگەر لیکۆڵینەوەیەکی زانستی لەسەر خەسارەکانی دەرونی هەمە لایەنە لە دانیشتوانی کوردستان بکری کە بەداخەوە تا ئێستا زۆر کەم کراوە؛ دەردەکەوێ چ ڕەنج و دەرد و ژانێکیان کێشاوە. زامەگەلێک کە خولقێنەرانی "دەوڵەت – نەتەوە"، نە دیتویانە و نەبەسەریان هاتوە. لێرە باسی ئێمە تەنیا کوژران و خوێنرشتن و کاولکاری وڵات نییە، بەڵکو قسە لەسەرکارەساتێکە کە داڕۆخانی ژێرخانی ئابوری، لەنێو چوون و زیان پێگەیاندنی بنەڕەتی ژینگەیی، کۆچی زۆرەملی، پچڕانی بنەماکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بێکاربوون و لەنێوچوونی سەروەت و سامانی بە میلیون کوردی ماف پێشێل کراوە.

ئاسەوارەکانی ڕەوانی ئەم شەڕە لەوانەیە یەک سەدەی دیکەش جەستەی چوار جیلی دیکەش ئازار بدا. کەم ئەندام بوونی سەدان و هەزاران گەنج و لاو پیری ئەم کوردستانە لە لایەک و چاندنی مینان پتر لە سنووره دەسکردەکان و زەوی و زاری کوردان – ، ئەوەی کە تاران و قوم و کاشان و ئیسفەهان بە خەونیش نەیاندیوە و قەتیش نایبینن.

لەبیرمان نەچێ کە ئەگەر ئەم ڕەوتە هەروا بەردەوام بێ، ئەگەری ئەوە هەیە کە خواردنەوەی جامی ژهریش بکرێتە جاڕنامەی مافی مرۆڤ! ، هەر بەو جۆرەی کە بۆ کوروشیان دروست کردوە!



سەرچاوە
Serchawe

ئەمانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، "مشتێکن لە خەروار". بەلام با بەشێوەی پرسیار بگەڕێنەوە سەر ئەو مێژوو نووسانەی مەزنکەرەوەی کووروش و داریوش و بپرسین، ئەرێ گەلۆ! مێژووی نیزیک بە سەدەونیوێکی ئیمپراتۆری ماد لە سەر چ خاکێک دامەزرابو؟ گەورەترین ئیمپراتۆری بەهێزی ئاشۆر لە بابل کێ رۆخاندی؟ دیاکۆ، هۆەخشتەرە، ئستیاکس و تا دوایی، پاشاکانی کوێ و کامە سەرزەوی بون؟ پێتەختیان لە کوێ بوو کەی و کێ بزر و گۆڕخەریوی کردون؟ راستیان گوتوە، درۆ هەرچەند گەورەتر بێ، زیاتر دەبێتە جێگای بڕوا. هەڵبەت بە مەرجێک کە درۆزنی خاوەن بڕوانامەی زانستی درۆ هەڵبەستنی هەبێ. کامە درۆ دەتوانێ لەوە گەورەتر بێ کە گویا کۆرش بەر لە ٢٥ سەدە، جارنامەی (مەنشور) مافی مرۆڤی نوسیبێ؟

## ئاکام

بە سەرنجدان بەو راستیانەی کە سەرەوە باسیان کرا، دەگەینە ئەو ئاکامە کە مێژووی سڕینەوەی ئاسەوارەکان و پاکتاوی پێکهاتە نەتەوەیی و جوگرافیەکانی ئەم چوارچێوە سیاسیە و یەک لەوان گەلی کورد و نیشتمانەکەی، گەلاڵەیەکی تیئۆریک، هزری، سیستماتیک و زانستیانەیە.
کەوابێ، ئەمڕۆ ئیتر ئێمە پێویستمان نە بە جاڕنامەی کووروشە، نە بە مێژووی پتر لە ٢٥٠٠ساڵەی شایەکان. نە دەتوانین "سنوروانانی پاڵەوان" بین و نە خۆرئاوای ولاتێکی زۆرەملی.

ئەمڕۆ زانستی سیاسی - کۆمەلایەتی لە دونیای گلۆبالیسمدا، تکنیک و تیکنولوژی، تۆڕەکانی ئینتێرنێت و فەزای مەجازی، گۆڕەپانیکی وایان خۆلقاندوە کە ئێمەی کوردیش بتوانین لە دەرفەتەکان بە قازانجی گشتی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆمان کەڵک وەرگرین. بۆ بەرەنگار بوونەوە و بەگژداچوونی شەڕی تیئوریک و ئیدئولۆژیای خۆسەپێنی نەتەوەی بالادەست و دەوڵەت - نەتەوەی ملهۆڕان، دەبێ کار و چالاکیەکانی خۆمان زانستیانە تیۆریزە بکەین و بە یارمەتی تێکنولۆژی سەردەم، پەروەردەیی هزری بکەینە بنەمای بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ هەموو چەشنە ملهۆڕی، ئینکاری و داگیرکاریەک. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش، پێویستە چالاکانی سیاسی و مەدەنی سەربەخۆ، نووسەرانی خاوەن قەڵەم و سەربەخۆ، کەسایەتیەکانی کۆمەلایەتی سەربەخۆ، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی سەربەخۆ، بەرێوەبەرانی ماڵپەڕەکانی سەربەخۆ و تا دوایی، " رەستەی کوردستان یەک ولاتە و کورد یەک نەتەوەیە" بکەینە سەرەتا و کۆتایی هەموو نووسراوە و ئاخافتن و لێدوانێکمان.

**کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک وڵات.**

سەرچاوە: ماڵپەری رۆژهەلات تایمز - رێکەوتی: ٣ی مارچی ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe

# مێژووی کۆمەڵەی ژ- ک و کۆماری کوردستان و رۆڵی کەڵوڕەکان

**مەتاڵب**

پاش ئەوەی کۆمەڵێک لە هەڵکەوتوانی کورد لە ناوچەی موکریان و لە ساڵی ۱۳۲۰ ریکخراوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان پیک دێنن و چالاکیەکانیان بە مەبەستی بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد دەستپێ دەکەن، ئەم کۆمەڵەیە پەلوپۆ دەکێشی بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان.لەم پێوەندیە دا میرزا عەبدوڵا مودەبەر (ناسراو بە ئاغەگەورە) کەڵوڕ (کەڵهوڕ) خۆی دەگەیەنێتە شاری مەهاباد و لەگەڵ کۆمەڵێک لە چالاکانی ئەوە دەم کۆ دەبێتەوە. لەو کۆبونەوەیە دا ناوبراو وەک بەرپرسی گشتیی رێکخستنی کۆمەڵەی ژ - ک لە شار و ناوچەکانی سنە، کرماشان، ئیلام و لوڕستان دیاری دەکرێ.



بە گەڕانەوەی ئاغاگەورە لە مەهابادەوە بۆ کرماشان، چالاکیەکانی کۆمەڵەی ژ - ک پی دەنێتە قۆناخێکی نوێوە. لەم پێوەندیە دا کۆمەڵێک چالاکوانی سیاسی - تەشکیلاتی لە ریزەکانی کۆمەڵەی ژ - ک دا دەست بە چالاکی و ریکخستن دەکەن. یەک لەو کەسانە میرزا برایم خانی نادریە کە دەبێتە جێگری میرزا مۆدەبر و چالاکیەکان لە ناوچەکانی کرماشان، پشتکویە و لوڕستان سەرپەرەستی دەکا. کەسی دووهەم لەو تیکۆشەرانە مامۆستا سەید تاهیری هاشمی بووە کە

دەبێتە دەبیری کۆمەڵە لە شاری کرماشان. کەسی سیهەم ڕەشید باجەلانی‌یە کە وەکیلی دادگوستەری بووە، بەرپرسایەتی بەشی باشور لە شاری خانەقینی پێ‌دەسپێردرێ و هەروەها پێوەندی نێوان باشور و کرماشانیش بەڕێوە دەبا کە لە شاری بەغداوە دەستپێدەکا تا دەگاتە کرماشان. چارم کەس یەدوڵا ڕەزایی دەبێ کە بە بەربرسی پێوەندیە گشتیەکانی ئێڵی کەڵوڕ دیاری دەکرێ و ناوبراو کەسێکی شارەزای بواری سیاسی بووە. بەمجۆرە کۆمەڵەی ژ - ک بە هۆی ئۆگر بوونی بە بیر و هزری نەتەوەییەوە لە ماوەیەکی کورت دا دەتوانێ بیری سەربەخۆیی‌خوازی لەو ناوچانە پەرە پێبدا و ریکخستنەکانیان وەک تەشکیلاتێکی چالاک خۆیان بنوێنن. بە دروست بوونی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئەم چالاکیانە بەجۆرێک پەرە دەستێنن کە پێوەندی دایم لە نێوان مەهاباد و کرماشان و ناوچەکانی دیکە شێوازێکی تایبەت بەخۆیەوە دەگرێ. بەجۆرێک کە لەکاتی پێکهێنانی کۆماری کوردستان دا عەبدوڵا خانی مۆدەبەر و برایمخانی نادری خۆیان دەگەیننە مەهاباد و چالاکانە بەشداری هەڵسوڕاندنی ئەرکەکان دەبن. بەدامەزرانی کۆماری کوردستان، میرزا مۆدەبەر دەگەڕێتەوە کرماشان و میرزا برایمش دەکرێتە راوێژکاری سەرۆک کۆماری کوردستان، قازی موحەممەد. میرزا برایم بێجگە لەوەی کە راوێژکاری پێشەوا بووە، پلەی سەرهەنگی لە سۆپای میللی کوردستان دا هەبووە. بەسەرنجدان بەوەی کە زمانەکانی فەرانسی، ئینگلیسی، و عەرەبی بە باشی زانیوە، لە وەزارەتی ڕوشنبیریشدا (فەرهەنگ) هەڵسۆر بووە و بابەتی بۆ ڕۆژنامەی کوردستان نووسیوە، یان وەرگێڕاوەتەوە. بەتایبەت لە گۆڤاری کوێستان دا چەندین وتاری لەسەر سەلاحەدین ئەیۆبی نووسیوە. لە پێوەندی لەگەڵ گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان دا، میرزا برایم گەلاڵەی دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ژیان دەخاتە بەردەست کاربەدەستانی کۆمار کە بە داخەوە لەبەر دەستپێکردنی شەر لەلایان دەوڵەتی ئێرانەوە و هێرش بۆسەر کۆماری ئازربایجان، ناچێتە بواری جێبەجی کرانەوە. بەڵام بەوحاڵەش میرزا برایم دەبێتە خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری دەنگی کورد بە سەردەبیری سەید عۆبەیدوڵا ئەیوبیان، کە لە دوایین ژۆمارەی ئەم گۆڤارە دا ئاماژە بە ڕۆخانی کۆماری کوردستان کراوە. لە پێوەندی لەگەڵ نووسینی بابەت بە زاراوەی کوردی خوارو دا، یەدوڵا ڕەزایی کە ئەودەم لە شاری گێلانی رۆژئاوا نیشتەجێ بووە، لە گۆڤاری گەلاویژ دا بابەتی نووسیوە کە ناوئاخنێک بووە لە شێعر و لیکۆڵینەوەی ئەدەبی. بەم جۆرە بە ئاماژە بەو بەڵگە مێژوویانە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕۆڵی کەڵوڕەکان لە کۆمەڵەی ژێکاف دا و بگرە لە کۆماری کوردستانیش دا بەرچاو بووە. هەڵبەت نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەودەم ئەو ناوچانەی کە ئەوان تیکۆشانیان تێ دا بووە، لە ژێر کۆنترۆڵی دوستانی کورد و کۆماری کوردستان دا نەبووە.

### پێناسەیەک لەسەر برایم خانی نادری کەلوڕ:

ئیبراهیم نادری یان ئیبراهیم خانی نادری ناسراو بە میرزا ئیبراهیم، کوری فەیزۆڵای نادری, لەساڵی ١٢٦٠ هیجری لە شاری کرماشان لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە کرماشان تەواو دەکا و بۆ دریژەی خویندن دەچێتە وڵاتی فەرانسە. پاش خوێندنی حقوق لە فەرانسە، دەبێتە ئەندام لە لۆژیونی فەرانسە و دوای گەڕانەوەش بۆ ماوەیەکی کورت



سەرچاوە
Serchawe

دەبێتە مامۆستای دانشکەدەی ئەفسەری لە تاران. لە گەرمەی شەڕی گەردونی دوهەم دا دەگەڕێتەوە کرماشان و پاشان بەهاوڕێیەتی میرزا عەبدوڵای مۆدەبەر دەبنە ئەندامی کۆمەڵەی ژ- ک و چالاکیە ڕێکخستنیەکان لە کرماشان دەست پێدەکا.




بە پیکهاتنی کۆماری کوردستان وەک ڕاوێژکاری پێشەوا دیاری دەکرێ و هاوکاتیش پلەی سەرهەنگی پی دەدرێ. پاش ڕۆخانی کۆماری کوردستان لەگەڵ چەند هاواڵێکی دیکەی و یەک لەوان سەید عۆبەیدوڵا ئەیوبیان دەگیرێ و بۆماوەی دوو ساڵ لە بەندیخانەی پەهلەوی بەند دەکرێ. دوای ئازادبوون لە بەندیخانە، دەکەوێتە ژێر چاودێری کاربەدەستانی دەوڵەت و ئەم بارودۆخەش بۆ ئەو پڕوکێنەر دەبێ. لە کۆتایی دا و لە ساڵی ١٣٢٩ لە ریگای باشوری کوردستانەوە دەچێتە وڵاتی سوریا و لە لایان حەسەن زەعیم برازلی کەسایەتی ناسراو و راوێژکاری سەرۆککۆماری سوریاوە پێشوازی لێ دەکرێ. پاش گیرسانەوە لەو بەشە دابڕاوەی کوردستان دا، لەریگای حەسەن زەعیمەوە کاری بۆ دەکرێ و دەبێتە ئەفسەری لیپرسراوی باڵا لە هیزی هەوایی ئەو وڵاتە و تاکوو پلەی سەرلەشکری لەسۆپا دا سەردەکەوێ. برایمخان کە بە بیر و هزری کۆمەڵەی ژ - ک پەروەردە کراوە، لەوێش دەست لەسەر دەست دانانێ و ناسناوی و ئاشانیی ئەو لەگەڵ ژۆمارەیەک لە ئەفسەرانی کوردی سۆپای سوریا هیوایەکی دیکە دەخاتە دڵ میرزا برایمەوە. ئەویش بەو مانایە کە لە چەندین ڕێگاوە گوشار بخەنە سەر

دەوڵەتی سوریا بۆ داکۆکی لە مافەکانی کورد، کە چ ئاکامێکی نابێ. پاش ئەوەی هەوڵەکانی میرزا برایم و هاوڵاتی لە ریگای گوشاری سیاسیەوە بێ ئاکام دەبێ، ئەوجار بە هاوکاری هاوڵاتی کوردی لە سۆپای سوریا ولە ساڵی ١٣٣٥ی هیجری گەلاڵەی کۆدەتایەکی لەشکرێ بۆ رۆخاندنی دەوڵەتی سوریا دادەرێژن، کە ئەویش بەرلەوەی بچێتە بواری جیبەجێ کردنەوە ئاشکرا دەبێ و لە لایان دەزگای زانیاری سوریاوە فرۆکەکەی بەردەدرێتەوە و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە کورد و کوردستان دەکا. بەمجۆرە و بە داخەوە ئەم رۆڵەی دیاری کرماشان و نەتەوەی کورد، بێ ناو نیشان دەمینێتەوە و نەگ بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵکوو بۆ خەڵکی ناوچەکەی خۆیشی و حیزبەکەی خویشی (حدک) بە نەناسراوی، بنەو بارخانەی بەرەو کۆچی یەکجاری و بێ گەڕانەوە هەڵدەپێچێ.

سەرچاوە: ماڵپەری حدک میدیا - رێکەوتی: ١ی فیورییەی ٢٠١١

## دوو چەمکی خەباتی پێکەوە گرێدراو!

لەمێژساڵە خەباتکارانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵای ڕزگاریی نەتەوەییان هەڵگرتوە و لەم پێناوەشدا گەلەکەمان ڕووبەڕووی بە دەیان کارەساتی ماڵوێرانکەر بوونەتەوە. ڕۆڵەکانی ئەم گەلە سەروماڵیان لە پێناو ڕزگاریی گەل دا بەخشیوە و باشترین سەرمایەی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ڕزگاریی نەتەوەکەیان کردوە. بە سەدان و بگرە هەزاران کوێرەوەریان لە پێناوی دا کیشاوە کە مێژوو لە دڵی خۆیدا تۆماری کردون. ئەم بەشە لە خەبات بە هەموو کەموکۆڕیەکانیەوە توانیویەتی تا ڕادەیەکی بەرچاو ناسنامەی نەتەوایەتیی گەلی ئێمە بپارێزێ و پێش بە شاڵاوی سیاسەتی ئاسیملاسیۆن و قەلاچۆی گەلی ئیمە لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆنەپارێز بگرێ.

### خەباتی نەتەوەیی بۆ ڕزگاری نەتەوەیەک، گرێدراوە بە خەبات بۆ رزگاریی نیشتمانەوە

ئەوەی لەم وتارە دا جێگای تێڕامانە و دەبێ هەڵوێستەی لە سەر بکرێ بەشی لە بیرکراوی خەباتی نیشتمانییە، کە تا ڕۆژی ئەومڕۆش جێگای لای بەشێک لە خەباتکاران بە بەتاڵی ماوەتەوە. لە ماوەی سی ودوو ساڵی ڕابردو دا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەک لەوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دوو تەوەری سەرەکیی خەباتیان کردبووە ئامانج بۆ تێکوشان. تەوەری یەکەم خەباتی نەتەوایەتی لە چوارچیوەیەکی سنوردار دا بووە کە زیاتر لایانی کولتوری، فەرهەنگی،ئەدەبی و دابەشکردنی نیمچەدەسەڵاتی سیاسیی وەک خودموختاری و پاشان فیدرالیزم گرتۆتەوە. تەوەری دیکەش چارەسەری کیشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە کە بە هێنانە گوڕی سۆسیالیزمی زانستی و پاشانیش سوسیالیزمی دیموکراتیک پێی وابووە ئەم کێشەیە بنەبڕ دەکا.

بە سەرنجدان بە ڕەوتی ئاڵوگۆڕ و ڕووداوەکان لە پاش کۆتاییهاتن بە شەڕی ساردی نێوان دوو جەمسەری خۆرهەڵات و خۆرئاوا ، کاتی ئەوە هاتبوو کە بابەتی نیشتمانیی خەبات ،گوڕ و تینێکی تایبەتی پێ بدرێ. بەڵام مخابن!، لەژێرکارتێکەریی فەرهەنگی باڵادەستەوە، ئەو هەلەش کە پیکهاتبوو لەبارچوو. هاوکیش بوونی دوو لایەنی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی کە یەکەمیان بۆ سەروەریی نەتەوەییە و دووهەمیان بۆ ڕزگاریی نیشتمانە، ناتوانین یەکیان بە گرینگ بگرین و ئەوی دیکەش بخەینە پەراوێزەوە. خەباتی نەتەوایەتی تەنیا سووچێکی خەباتە و بە بێ خەباتی نیشتمانی کەمایەسییەکی بەرچاوی پێوە دیارە. ئەگەر ڕاستبینانە بەرەوڕووی تێکۆشانی سێ دەیەی ڕابردوومان ببینەوە و بە لێکدانەوەیەکی بەرپرسانە و خەسارناسانەوە لە چمکەکانی خەباتی سیاسی ،نەتەوەییمان بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێ کە

خەباتی نەتەوەیی هەرگیز نە توانیویەتی و نەدەشتوانێ جێگای خەباتی نیشتمانی بگرێتەوە. ئەگەر لە سێ دەیەی ڕابردوودا خەباتکارانی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانیویانە گوڕوتینی بەرخۆدان زیندوو راگرن، بە هەمان ڕادەش تەوەری نیشتمانیمان هەروا بە کزی هێشتوەتەوە و بگرە لاوازتریشمیان کردوە.

## چۆن دەکرێ گەلێک بۆ خۆی ڕزگار بێ، بەڵام نیشتمانەکەی داگیر کرابێ؟

بەستنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی بە چوارچیوەیەکی داتاشراوەوە بەشیوەی(فیدرالیزم) ئەگەر تا ئێستا بەرژەوەندی گەلی کوردی تێدا بەدی کرابێ کە جێی گۆمانە، لەمەودوا هیچ پاساوێک هەڵناگرێ و تیئۆرییە داتاشراوەکانی ئەو پرۆسەیەش رەنگ و روویان کاڵ بۆتەوە. کەوابێ ناکرێ چاوەڕوان بین نەتەوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕزگار بێ، بەڵام نیشتمانەکەی داگیر کرابێ، یان لە ملکیەتی تایبەتی وڵاتیکی دیکە دا بەشیوە کۆلۆنییەک بمینێتەوە. ئەگەر باوەڕمان بەوە بێ کە سەردەمی کۆلۆنیالیزمەمان تێپەڕاندوە و ئەو چەشنە دەسەڵاتە سیاسی و ئابوورییە بۆ هەتا هەتایە گۆڕ کراوە، ئیتر بە جیا هێشتنەوەی خەباتی نەتەوەیی لە خەباتی نیشتمانی، ئەویش لەو چوارچیوە داتاشراوە دا هیچ مانایەک نابەخشێ، بێجگە لە ناڕاستبینیی سیاسی. هەر تاکێکی نیو کۆمەڵگای کوردستان، هەر حیزب یان ڕێکخراوێکی کوردی، هەرکۆر یان کۆمەڵێکی فەرهەنگی، کولتوری، سینفی، مەدەنی، حقوقی .. ، باوەڕیان ئەوە بێ کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستانیش یەک وڵاتە، لەو حاڵەتەدا دەبێ بە لەخۆبردوویەوە و بە ئاشکەرا بڵێن کە کوردستان موڵکی تایبەتی و بە قەواڵەکراوی هیچ وڵات و نەتەوەیەکی دیکە نییە.

یەکێک لەو گرفتە چارەسەر نەکراوانەی کە تاکوو ئێستاش بە سەر دەستی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ماوەتەوە و لە سەری بووەتە ماڵ، کیشانی یەدەکێکە وەک پاشکۆ بەناوی (ئێران)، کە خەباتی نیشتمانیی ئێمەی خەوشدار کردوە و خزاندویەتە سوچی حیزبایەتییەوە بۆ رازیکردنی دڵی نەتەوەی باڵادەست. هەربۆیەشە نەمانتوانیوە ببینە خاوەن گوتارێک کە هەم هزری و نەتەوەیی بێ، هەمیش بەرینایەتی نیشتمانیش بگرێتەوە و چی دیکە لەبازنەیەکی بەرتەسکدا نەسووڕێینەوە.

## هزر تەنیا نەتەوەیی نییە، بەڵکو نیشتمانییشە!

ئەگەر هزر و بیری نەتەوەیی نیشتمانی نەیتوانیوە وەک پرۆسە بەشدار بێ لە بزاڤی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، هۆکارە سەرەکییەکەی بۆ خۆمانین، نەگ داگیرکەر. حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردی لە ڕاگەنەکانی خۆیاندا ڕادەگەیەنین کە پارێزگاکانی ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام بەشێکن لە کوردستان. هەر بەو پێناسەیەش دانیشتوانەکەی دەبنە خەڵکی

کوردستان و ئامانجی سەرەکییش دەکەینە ڕزگاریی ئەو خەڵکە. بەڵام لە هەمان کاتدا خۆمان بەستۆتەوە بە هیندێک بەرژەوەندی کورتخایەنەوە کە ئەسڵی ستراتیژی کە خەباتی بۆ دەکرێ دەچێتە ژێر پرسیارەوە. لێردایە کە پرسی نیشتمانی لەبیر دەکرێ و پرسی نەتەوەییش دەبەسترێتەوە بە چوارچێوەیەکی داتاشراوی فکری حیزبی و ڕێکخراوەییەوە کە ئیتر وەک گەمەی سیاسییش نایەنە ناساندن، چ بگاتە مانۆڕی سیاسی. پێداگرتن لە سەر ئەو پرۆسە و پێناسە کۆنەی خەبات، واتە بە جیا ڕاگرتنی خەباتی نەتەوەیی لە خەباتی نیشتمانی کە تاکوو ئێستا بەردەوامە، بەرهەمی فکری دەوڵەت نەتەوەی بەسەقەت لەدایکبوی نەتەوەی باڵادەستە و نیشانەی کەڵک وەرنەگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردووە. مەبەست لێرە دا ئەوەیە کە ئەگەر تاکوو دوێنێ تاکتیکەکان بە چەندین هۆ لە خزمەت ستراتیژیدا بوون، ئەمڕۆ بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوتی ڕووداوەکان، پێچەوانەی ئەو تیئۆریانەی ئیسبات بووە کە بنەمای ڕزگاریی نەتەوەییان لە سەر داڕێژرابوو. کەوابێ دوو لایەنی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی هیچکامیان بە تەنیایی تەواو نین، بەڵکوو هەردووکیان تەواوکەری یەکترن. واتە ناکرێ نەتەوە ڕزگار بێ، بەڵام نیشتمان داگیرکراو. هەروەک ناکرێ نیشتمان ڕزگار بێ، بەڵام هەموو مافەکانی نەتەوەیی زەوت کرابێ.

کە وای لێهات: ئەگەر تا ئەمڕۆ هەلومەرج بۆ پێکەوە گرێدانی دوو لایەنی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی نەڕەخساو یان نەگونجاو هاتوەتە بەرچاو، ئێستا ئەو هەلومەرجە بە پێچەوانەیە و هزر و بیری نیشتمانی لە کومەڵگەی کوردستان ڕەوتێکی دیکە و پێناسە و گوتارێکی دیکە لە بەرخۆدان بۆ ڕزگاری دەخوازێ. ئەگەر بمانەوێ لەدوارۆژی سناریۆکانی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ناوچەی دابڕاو و کێشەی ئەورۆی باشووری کوردستانمان نەبێ، دەبێ پرۆسەی بە نیشتمانی و نەتەوەیی کردنی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەینە هەوینی چالاکیەکانمان و نیشان بدەین ئەوەی کە داوای دەکەین و خەباتی بۆ دەکەین، هەر ئەوەیە کە بڕوامان پێیە.

## کورد نەتەوەیەکە و کوردستانیش وڵاتێکە کە دابەش کراوە!

داننان بەو ڕاستییە کە "کورد نەتەوەیەکە و کوردستانیش وڵاتێکە کە دابەش کراوە" ئەو هەنگاوە سەرەتاییە کە لە لایان بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەڵگیراوە، سەرەتایەکە بۆ گرێدانی دوو چمکی سەرەکیی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی و نیشتمانی کە دەبێ وەک دەسکەوتێکی مەزن پێشوازی لێ بکرێ و ئاماژەی ڕاشکاوانە بەو ڕاستییەیە کە کوردستان وڵاتی کوردانە و نابێ چی دیکە بە پاشکۆی وڵاتێکی بەسەقەتی لەدایکبوودا بمێنێتەوە. ڕستەی کورد نەتەوەیەکە و کوردستان وڵاتێکە، دبێ نیشانەی هەستکردن بەو بەرپرسایەتییە مێژووییە بێ و هاتبێتە سەر ئەوباوەڕە کە پرۆسەی سەقەتی بیچمگرتنی "دەوڵەت - نەتەوە" لە ئێران کە ڕەزای میرپەنج دەستی پێکرد، لە بەر ئەوەی بە سەقەتی لە دایک بووە، هەتا مابێ بە سەقەتیش دەمێنێتەوە. کورد لە



سەرچاوە
Serchawe

ڕۆژهەڵات دەبێ بەو ئاکامە بگا کە لە پرۆسەی سەقەتی دەوڵەت - نەتەوە)دا ئەوە تەنیا پرۆسەکە نییە کە سەقەتە. بەڵکوو شێوەی بیرکردنەوە و هەڵوێست گردنی کۆمەڵگاکەش لە بەرژەوەندی ئەو سەقەت بوونەدا پەروەردە کراوە.

کەوابێ چاوەڕوانی کردن لە پرۆسەیەک (درۆستکرنی ئێران) کە بە سەقەتی لە دایک بووە و بە سەدان میلیارد سەرمایەی بۆ خەرج کراوە و بە دەیان ساڵ تیئۆریی بۆ داتاشتراوە و کاری بۆ کراوە، چ مانایەک نابەخشێ بێجگە لە درێژکردنەوەی تەمەنی ئەو ڕەوتە سەقەتە. لێرەدایە کە ئەو بەشە لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هێشتا پرسی سەروەریی نەتەوەیی و ڕزگاریی نیشتمانی دەبەستنەوە بەو «بە سەقەت لە دایک بووەوە»، بۆ خۆیان دەبنە هۆیەک بۆ درێژ کردنەوەی تەمەنی ئەو» دەوڵەت - نەتەوە» سەقەتە کە هەنووکەش جیا لە نەتەوەی باڵادەست، بیر و هزری بەشێک لە کۆمەڵگای کوردی بە بارمتە گرتوە. بە سەرنج دان بەو ڕاستیانە کە بەرەوڕوومانن و بوونەتە گوتاری ڕۆژ، جێی خۆیەتی چی دیکە خەبات بۆ ڕزگاریی نیشتمان نەخرێتە پەراوێزی خەباتی نەتەوییەوە و نەبەسرێتەوە بەو چوارچێوە داتاشراوەوە کە لە مێژە خۆی تاقی کردوەتەوە و هیچ بەرهەمێکیشی بۆ کوردی ڕۆژهەڵات بە دواوە نەبووە، بێجگە لە نەهامەتی و ماڵوێرانی.

کەوابو: هێشتنەوەی خەباتی نیشتمانی و بەستنەوەی بەو چوارچێوە بە سەقەت لە دایک بووەوە، لەژێر هەرناویکدا بێ، لە بەرژەوەندی گەلی کورد دا نیەو خەباتی نەتەوەییش بۆ خۆی لەو بازنە بەرتەسکەدا دەمێنێتەوە کە تاکوو ئێستا تێدا خولاوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

## خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی "لە پیناوی ئاواتەکان دا" موقەدەم

**ناوی ڕۆمان: لە پێناوی ئاواتەکان دا**
**نووسەر: ئێقباڵ سەفەری**
**چاپخانە: کتاب ئەرزان ٢٠١٠**

ڕۆمانی "لە پێناوی ئاواتەکان دا" ڕۆمانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسە و باس لە بارودۆخێک دەکا کە نووسەرەکەی بۆ خۆی لە نێو ئەو بارودۆخە دا لە دایک بووە، گەورە بووە و هەموو کارەساتە خۆش و ناخۆشەکانی دەورانی ژیانی منداڵی و لاوی خۆی زۆر بە وردی دەگێڕێتەوە.

شوان وەک کەسایەتی زیرەک و چاو ساقی نێو ڕۆمانەکە دەوری سەرکی دەگێڕی لە گێڕانەوەی هەموو ئەو کارەسات و بەسەرهاتە سەیر و سەمەرانەی کە لە دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران دێنە ئاراوە. ئەو لە پێش دا وەک مرۆڤێکی چەپ و چینایەتی خواز و لایەنگری خەڵکی هەژار باس لە دەرد و نەخۆشیەکانی خەڵکی گوندەکەی خۆی دەکا و بەردەوام دروشمی دژە ئیمپریالیستی لێ دەدا و خەڵک هان دەدا پاڵتوی ئەمریکی بسوتێنن، بەڵام پاشان بە هۆی پێوەندی دۆستانەی لە گەڵ بنەماڵەی مامۆستا جوامێری کوردپەروەر و لە ژێر تیشکی ڕێنمایەکانی ئەو دا بەرە بەرە دەلاقەی بیر و هۆشی بە ڕووی مەسەلەی کورد بوون و کوردایەتی دا دەکرێتەوە و ڕێگای ڕاستەقینەی خەبات هەڵدەبژێرێ.

شوان هێندە سەرقاڵی خوێندەنەوە و بردنە سەری پلەی زانیاری وشیاری خۆی دەبێ، تەنانەت دڵی کچە جوانەکانی هاوسا و دراوسای خۆی لە بناری داڵەهۆ دەڕەنجێنی و ڕازی نابێ دڵدارییان لە گەڵ بکات. چنار و کەژاڵ بە جارێک عاشق و گیرودەی دەبن، کەچی ئەو هەر وەک دوو هاوڕێ ئاسایی لە گەڵیان دا هەڵسوو کەوت دەکات و بەردەوام لە گەڵ کەژاڵ دا بیروڕاکانی خۆیان دەگۆڕنەوە و لە گەڵ فەرهەنگی کۆنی ئەشیرەیی و بنەماڵەیی دا دەکەونە بەربەرەکانی. شوان و کەژاڵ نایانەوێ وەکو نەوەکانی پێش خۆیان بژین و بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دان خۆیان باشتر پێبگەێنن و دەوروبەرەکەیان لە هەر چەشنە خۆ و خدەی کۆن و دواکەوتوو وشیار بکەنەوە. ئەوان لە کاتیک دا تێدەکۆشان ئەو فەرهەنگە سونەتییە بگۆڕن کە سیستمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لە ئێران پتر بیری دواکەوتوویی و خورافاتی مەزهەبی لە وڵات دا پەرە پێ دەدا.

شوان لەو کاتەی کە بە دوای هاوڕێیە نەخۆشەکەی دا واتە شێرزاد سەری خۆی هەڵدەگری و هەڵدەکشێ بەور و کێوی

داڵەهۆ، بە جوانی دیمەنی ئەو ناوچە جوانەمان بۆ وێنا دەکا. دیمەنیک کە رەنگە ئەمە بۆ یەکەم جار بێ نووسەریک لە رۆمانێکی ٣٢٠ لاپەرەیی خۆی دا باسی لێوە بکات و خوێنەر لە گەڵ خۆی دا بەرێت بۆ بناری کێوە بەرز و سەر کەشەکانی داڵەهۆ، شاهۆ و بەمۆ، تا لەوێ لە سێبەری دار بەڕووەکانی ئەو دەڤەرانە دا سەر خەوێک بشکێنێ و بە چەن قۆمێک ئاوی زوڵاڵی کانیاوەکانی ئەوێ  گڕی تینوویەتی لە هەناوی خۆی دا دامرکێنێ.

نووسەر وەک مرۆڤیکی ڕاستگۆ پەردە لە سەر  ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئەو کاتە هەڵدەداتەوە و زۆر بە جوانی باسی ژیانی سادە و دڵگەرمی و دڵسۆزی مرۆڤە بەشخوراوەکانی دیاری خۆی دەکا و خسڵەتی بەرز و مرۆڤ دۆستی ئەوان  وەک ئاکار و کردەوەی زۆر سادە و ئینسانی چاو لێ دەکات. ئەو هەروەها لە پاڵ ئەوەش دا باسی جیاوازی ئاینی، چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان دەکا و پەنجە لە سەر دیارە دزێوو ناشیرینەکانی کۆمەڵگای خۆی دادەنێ. لەم رۆمانە دا بێ رێزی و ئازار و ئەزیەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە خەڵکی ناڕازیی و بێ دەرەتانی کورد بە چاکی هەست پێ دەکرێ. بەتایبەت دژایەتی لە گەڵ ناوی کوردی و گۆڕینی ئەو ناوە ڕەسەنە کوردییانە بە ناوی ئیسلامی و عەربی. حکومەتی ئاخوندەکان دەیانەوێ ناوەکانی وەک: شاهۆ، شێرزاد و شامار بگۆڕێ لە بەر ئەوەی ئەم ناوانە بە پیتی "ش" دەست پێ دەکەن کە گوایە لە بەر خۆشەویستی شاهنشا ئەو ناوانەیان هەڵگرتوەتەوە، بەڵام لە ڕاستی دا مەبەستی نووسەر ئەوەیە وشیارمان بکاتەوە کە کۆماری ئیسلامی لە بەر تێکشاندنی ئیرادە و کەسایەتی مرۆڤی کورد هەوڵی گۆڕینی ئەو ناوانەی داوە.

لەم رۆمانە دا شوان بە هاوکاری لە گەڵ دایکی واتە دادە وەنەوشی کوردپەروەر هەموو ئەو ڕووداوە مێژوویانەی کە بە سەر نەتەوەکەمان دا هاتوە، بە شێوەی نهێنی تاوتوو دەکەن و لە گەڵ پۆلێک لە هاوڕێیان خۆیان ساز دەکەن بۆ بەرنگار بوونەوە و خەباتی ئازادیخوازی لە میلکانی خۆیان دا. دادە وەنەوش بە دڵێکی پڕ لە حەسرەتەوە ماڵئاویی لە ژیان دەکات، بەڵام لە وەسیەتنامەکەی خۆی دا بۆ کوڕەکەی جارێکی دیکە بە شوان ڕادەسپێرێ کە لە گەڵ هەڤاڵانی دا بەردەوام بن لە خەبات دژ بە چەوساندنەوەی نەتەویی لە کوردستان دا.
مەلاکانی ئیران لە ژێر ناوی دژە شۆڕش و دژایەتی لە گەڵ خودا و تێکدانی باری ئەمنی وڵات هێرش دەکەنە سەر خەڵکی بێ تاوان و بە بێ هیچ چەشنە بەڵگەیەک لە خاک و خوێنیان وەر دەدەن. ئەوان تەنانەت ڕەحم بە مردووەکانیش ناکەن و قەبرەکانیان هەڵدەدەنەوە. شوان لە گەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی جێگای باوەڕی خۆی رێگای خەبات دەگرێتە  پێش و بۆ تیمار کردنی برینەکانی سەر دڵی نیشتمان هەڵدەکشێ بەرو بەرزی وڵات.

شوان خۆی بۆ شەڕێکی نەخوازراو ئامادە دەکات و دەیەوێ لە گەڵ هاوسەنگەرانی خۆی لە جێگایەک یەکتر لە ئامێز بگرن بۆ ئەوەی پەیمانێک بە نیشتمان بدەن، کەچی گرمەی بۆمبای فرۆکە شەڕکەرەکانی دوژمن لێکیان جودا دەکاتەوە و بەشێکیان بۆ هەمیشە دەبنە قوچی قوربانی. فرمێسک تاقە دڵدار و خۆشەویسی شوان زۆر بە خەستی بریندار دەبێ و بۆ دوایین جار

لە باوەشی شوانی عاشق و ئەویندارى نیشتمان گیان دەسپێرێ. شوانیش بۆ خۆی بریندار دەبێ و ئەوەندە فریا دەکەوێ تا چوار دەنگ چەمەری بۆ نیشتمانەکەی بچڕێ.

من وەی بەخت شەڕ بێ نسیوەوە
وەی جەرگ بڕیاگ دڵ وە خوینەوە
وەی شین و ڕۆڕۆی کەس نەزانەوە
وەی شوڵەی ئاگر خەم گڕانەوە
کزەی زامەکان وە دەم سۆزەوە
دەروون پڕ لە داخ گەل و هۆزەوە
من سوزیام وە داخ نیشتمانەوە
داخی ها وە بان گشت داخانەوە

بەکورتی ئەم ڕۆمانە دەتوانی هەڵگری ڕاز و خۆشەویستی بێ بۆ نیشتمان و خزمەتێکی گەورە بێ بە لاوانی کورد بە تایبەت بەو لاوانەی ناوچەکانی کرماشان و ئیلام کە هێشتا دەرکیان بە مەسەلەی مافخوازی و کوردایەتی نەکردووە. لە لایەکی دیکەوە گرنگی ئەم کارە لەوە دایە کە نووسەرەکەی بۆ خۆی خەڵکی دەڤەری کرماشانە، کرماشانێک کە هەمیشە بەوە مەحکوم کراوە کە لە شۆڕشی ئازادیخوازی کوردستان دا ڕۆڵی دیاری نەبووە. ئەم ڕۆمانە پێمان دەڵێ کرماشان پڕە لە کەسانی وەک: شوان، فرمێسک، چنار، کەژاڵ، دادە وەنەوش و مامۆستا جوامێر و ... هتد.
خاڵێکی دیکە کە زۆر بە لای منەوە باش و گرنگ بوو ئەویە کە نووسەر لە بەر ئەوەی زاراوەکەی خۆی کوردی خوارووە"جنوبی" لە زۆر جێگا دا بە ئەنقەست لە وشەی جنوبی کەڵکی وەرگرتووە، کە ئەمە خۆی لە خۆی دا دەتوانێ خزمەتێکی گەورە بێ بە زمانی کوردی. بەڵام من زۆر پێم باش بوو لە زۆر جێگا دا دەستەواژەکان هەر بە زاراوەی کوردی خواروو بایە.

بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەم ڕۆمانە ئەرزشی خویندنەوەی هەیە.

من بەش بە حاڵی خۆم لە ناخی دڵمەوە پیرۆبایی لە بەڕێز کاک ئیقباڵ سەفەری دەکەم و هیوای لەش ساقی و تەمەن درێژی بۆ بە ئاوات دەخوازم. هەمیشە هەر سەوز بژیت!

موقەدەم خوسرەوی

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١١

## حدک پەیوەندییەکی باشی لە گەڵ پژاک هەیە

**سازدانی: سۆران پاڵانی**

**ئیقبال سەفەری ئەندامی کومیتەی ناوەندی حزبی دیمۆکراتی کوردستان لەم چاوپێکەوتنەوەی رەوانیوزا تیشک دەخاتە سەر گوڕانکاریەکانی ئەم دواییانەی ئێران‌و پێگەی کورد لەو گوڕانکاریانەداو لەوێشدا ستراتیژی حزبی دیمۆکرات دەخاتە روو. هەر لەم چاوپێکەوتنەدا بەجۆرێک لەجۆرەکان وڵامی بەرنامەیەکی تیشک تی ڤی دەداتەوە کە تێیدا وتەبەیژی حزبی دیمۆکراتی کوردستان رەخنەی لە چاوپێکەوتنێکی سکرتێری حدک لەگەڵ رۆژنامەی رووداو گرتبوو کە تێیدا بە جۆرێک ئامادەگی حزبەکەی بۆ وتوێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا راگەیاندبوو. لە کۆتاییشدا ئیقبال سەفەری باسی پەیوەندییەکانی حزبی دیمۆکراتی کوردستان و پارتی ئازادی کوردستان دەکات. دەقی تەواوی چاوپێکەوتنەوەکە لەخوارەوە بخوێننەوە:**

**پرسیار: ئێوە دوایین گوڕانکارییە کانی ئێران چۆن دەبینن‌و پێتانوایە کورد دەکەوێتە کوێی هاوکێشەکانی ئەم دواییانەی ئێرانەوە؟**

**وەڵام: رەوتی روداوەکانی دونیا کاریگەری خۆی لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی گەلانی نێو چوارچێوەی جۆغرافی وڵاتی ئێران و سیستمی ولایەتی فەقی داناوە. بەشی هەرە زۆری گەلان پشتیان لەو سیستمە کردوە و ئەگەر داوای خەڵک پێشتر بۆ وەرگرتنەوەی دەنگە بەتاڵانچووەکانیان بووە، رووداوەکانی رۆژی تاسۆعا و ناتەواومانی وتەکانی موحەمەدی خاتەمی بە هاندانی وەلی فەقی و تیکەڵچوونەکانی رۆژی ئاشۆرا، ململانێەکانی بەرەو ئاقارێکی دیکە پاڵ پێوە ناوە. واتە ئێستا ململانێ چووەتە قۆناخی بەرەنگار بوونەوە بە دژی دەسەڵات بە هەموو لق و پۆپەکانیەوە. ناتەبایی و دژایەتیەک کە سی ساڵە بە شێوە و میتۆدی جۆراوجۆر لە ئارا دا هەبووە و لەو ماوەیەدا توشی هەورازونشێوی زۆر هاتووە کە ئێستا بە کۆ بوونەوەی تەیفی فیکری و رۆانگەی جیاواز لە ژێر چەتری جوڵانەوەی سەوز دا هاتونەتە گۆڕەپان. بۆیە پێموایە کە ئەگەری زۆر رووداو و ئاڵگۆڕی چاوەڕوان نەکراو هەیە کە رەنگە یەک لەوانە ئەوە بی کە دەسەڵات بەجۆرێک بەهەست پێکردن بە مەترسیەکان کە ئێستا دەرگای پی گرتون، جۆرە پاشەکشەیەک لە هەڵویستەکانی بکا و مل بۆ هێندیک داوخۆاز کە لە لایان ئۆپوزوسیونی نێوخۆیەوە هاتوەتە ئاراوە شل بکا. دیسان ئەگەر زەبروزەنگ درێژەی هەبێ، دور نی یە تەیفەکانی فیکری نێوبزۆتنەوەی سەوز خۆیان خڕ دەکەنەوە و پەنا ببەنە بەر تیکۆشانی نهینی و لەم حاڵەتەش دا پێش بینی درۆست بوونی بەرەیەک لە نێوان ئەوانەی کە زیاتر لێک نیزیکن چاوەڕوان نەکراو نی یە. ئەگەرچێ کۆمەڵێک لەو رووداوانەی ئێستا وەکو رووداوەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ ی زایینی دینە بەرچاو، بەڵام ئەگەری شۆڕشێکی دیکە لەو چەشنە کاتێک دەبێتە ئاڵترناتیڤ کە هەموو هێزەکانی ئۆپوزسیونی دەرەوە و ژۆرەوە بە تێکڕا ڕێبەری بزووتنەوەیەکی بەرئەندازی**

بکەن. ئەمەش کەمێک دژوار دێتە بەرچاو. بۆیە پێشبینی کردنی سۆڕشێکی بەربەرین کە کۆماری ئیسلامی لە بن هەڵتەکێنێ، وا ئاسان نی یە. هۆکارەکەشی ناگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ویست بۆ ئەو کارە نەبێ، بەڵکوو هێزێک کە بتوانی ئەو ڕێبەریە بکا، ئێستا لە گوڕێ دا نی یە و ئەگەر ئەو هێزەش دروست بێ، دیسان دەبێ لە نێوخۆ سەرهەڵدا. لە والامی بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان دا، ئاماژە دان و تاوتوێکردنی چەند فاکتۆرێک یارمەتی بەوە دەکا کە کورد چۆن دەتوانێ بەشداری لەو بزووتنەوەیە دا بکا. ئەگەر کورد کە زیاتر بە دوای سیستمیکی فیدرالیەوەیە بیهەوێ بە دەنگی تەنیا گەلی کوردەوە بچێتە ئەو گۆرەپانەوە، شانسی شوێن دانانی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان کەمترە لەوەی کە بۆخۆی چاوەڕوانی لێ دەکا. بۆیە کورد دەبێ لە گەڵ نەتەوەکانی دیکە بۆ دروستکردنی بەرەیەکی گەورەتر تێ بکۆشێ تاکوو پێکەوە قورساییان بەو بزووتنەوە دیار بێ. چوونکە گرفتی ئەو وڵاتە تەنیا کورد نی یە و کێشەکە زۆر لەوە قووڵترە کە وا بە ئاسانی بەسەری دا تێپەرین. فاکتۆری دیکە گەورە کردنەوەی کەلێنەکانی نێو سیستمی دەسەڵاتە کە دەکرێ بە مانۆڕی گونجاو ببێتە ئەکتەرێک لە ئەکترەکانی ئەو گورەپانە. لەم پێوەندیە دا، ئەو کارەی بە خەڵک و هەڵبژاردەکانی کورد لە نێوخۆ دەکرێ، ڕەنگە بۆ حیزبیک بە تەنیا کە لە تاراوگەیە و نایاسای ڕەگەیاندراوە، کارتیکەریەکی وای نە بێ. فاکتۆری دیکە ئەوەیە کە ئێستا ڕێژیم پەلەقاژەی درێژکردنەوەی تەمەنی کورتی خۆی دەکا و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەوە تێپەریوە کە ئەو سیستمە بتوانێ پەرە بە تەقەدۆسی ولایەتەکەی بدا. بۆیە دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵێک سناریو هەن کە هەڵبژاردنی هەرکامیان بەشێک لە کەلێنێەکانی پێ پر دەکرێتەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش کۆدەنگی و یەکدەنگی حیزب و ریکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ ببێتە ئەکتەریکی قورس و قایم هەم بۆ هاندانی خەڵک و بەهێزکردنی بیر و هرزی نەتەوەیی و هەمیش بۆ پشتیوانی لە هەڵبژاردەکانی کورد لە ناو بزوتنەوەکە دا.

**پرسیار**: سکرێتری حزبەکەی ئێوە لە دوایین چاوپێکەوتنی دا ئامادەگی خۆی نیشان داوە بۆ وتو ویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، لە کاتیک دا ئەم وتو ویژە ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بۆتەوە لە نێو ئەندامانی حیزبی دێموکرات دا، رای تۆ وەکو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر ئەم قسانەی بەڕێز عەزیزی چی یە؟

**وەڵام**: ئەمن سیاسەت و سیاسەت کردن تەنیا وەک ڕەنگەکانی ڕەش و سپی نابینم و پێموایە کە سیاسەت و سیاسەت کردن وەک کۆلکەزێرینەیە بە هەموو ڕەنگ و بن ڕەنگەکانیەوە. دۆگم بوون لە سیاسەت دا بۆچوونی یان هیچ و یان هەزاری بەرهەم هێناوە و ئەمەش زیاتر سونەتگەرایی سیاسیە. لە کۆمەڵگایەکی زیندو دا کە ئەو هەموو ڕەنگاورەنگیەی تێ دایە، کۆمەڵێک سناریوش هەن کە دەکرێ وەک تاکتیک کەڵکیان لێ وەربگیری، بە مەرجێک ئەو سناریو و تاکتیکانە لە خزمەت ستراتیژی نەتەوەیی دا بن. ستراتیژی حدک بۆ وەدەست هینانی مافە ڕەواکانی گەلێ کورد لە جێگای خویەتی، بەڵام ئێمە لە بەر ڕۆناکای گۆڕانکاریە نێونەتەوەیی و ناوچەیەکان، ئاڵ وگۆڕ بە سەر تاکتێکماندا دێنین و شێوەی گۆنجاو بۆ سەردەمی گۆنجاو دەگرێنە بەر. لەبەر رووناکایی ئەو ئاڵوگۆڕانەشدایە کە کاک خالید چ وەک کەسایەتیەکی حەقیقی و چ وەک



سەرچاوە
Serchawe

کەسایەتیەکی حقوقی مافی ئەوەی هەیە هەم راوبۆچوونی خۆی دەربڕێ، هەمیش دەنگی ئەو رەنگاورەنگیەش بێ کە قەوارەی حدک ی پێک هیناوە. بەو ئاڵوگۆڕ و کراوەیی یەوە کە ئێمە لە کۆنگرەی چاردەی خۆمان دا پێکمان هیناوە، ئازادیەکانی رادەربڕین بۆ هەموو ئەندامانی حیزب دەستەبەر کراوەن. هەر ئەوەی کە بەشێک لە ئەندامانی حدک راشکاوانە و بە ناوی خۆیانەوە رەخنەیان لە بەشێک لە وتو وێژەکەی بەڕێز عەزیزی گرتۆە، دەربڕی ئەوەیە کە هێنانە گۆڕی بابەتی نوێ هەم رەخنەی لێ دەگیرێ و هەمیش دیالۆگ و لیکدانەوە درۆست دەکا. لاشم وا نی یە کە کاک خالید بە یەقینەوە گوتبێتی وتوێژ دەکەین. ئەو گوتویەتی قسەی لەسەر دەکەین، کە ئەمەش بەمانای وتو وێژ کردن نی یە. هەربۆیەشە کە لە دوایین وتو وێژیاندا لە کوردکاناڵ، بەڕێز عەزیزی بە دڵ ئاواڵەیەوە باوەش بۆ رەخنەکان دەکاتەوە و زۆر ئازایانە، بوێرانە و دیپلۆماتانە، ئاماژە بەو ئەگەرە گەورانە دەکا و وتو وێژیش دەگێڕێتەوە بۆ بەشداری هەموو ریکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە سیمینارەکانی پێشویش دا باسی لێوە کردون و باوەڕیشی پێ یە. بە گشتی رام وایە کە بابەتی نوێ ئەو کاتە نوێ یە کە دەبێتە هۆی هینانە ئارای رەخنە و لیکدانەوەی جیاواز و دژکردەوەش دەخوڵقێنێ. بێجگە لەوانەش نە دەکرێ و نەش دەبێ چاوەڕوان بین کە هەموو بابەتیکی نوێ بە دڵی هەموو کەسیک بێ. مەبەست لە بابەتی نوێ ئەوەیە کە جموجۆڵی سیاسی بخوڵقێنێ و لیکدانەوەی جیاوازی لەسەر بکرێ، بدرێتە بەر رەخنە و توانج و لە ئاکام دا پۆختە دەکرێ. بەتایبەت لە هەلومەرجێک دا کە ئێران بۆتە گۆڕەپانی خەبات و ململانێ گەلانی دانیشتووی ئەم وڵاتە بۆ وەدەست هینانی مافەکانی زەوتکراویان. لەم هەلومەرجە دا ناکری ریکخراوی کوردی چاوەڕوان بێ کە وەک کایەی شەترەنج کیش بدرێ و تەنیا رێگای مات بوونی بۆ بمینێتەوە. لە گەڵ هەموی ئەوانەش بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو کەس و لایەنانەی کە بۆ کوتانی حدک، وتەکانی بەڕێز عەزیزی بە پرێنسیپی وتو وێژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی دەشوێنن و ئەوەش وەک سیاسەتی رەسمی حدک هەڵدەسەنگێنن، مەبەستی بە رێز عەزیزی هەروەک لە دوایین وتو ویژی دا لە کوردکاناڵ روونی کردەوە، نەگ وتو وێژ بەڵکو هەڵسەنگاندنی هێندێک سەناریۆ بووە، ئەویش نە وەک سیاسەتی پەسند کراوی حیزب، بەڵکو وەک بۆ چوونی خۆی. لە توند رۆترین حیزبیش دا و لە لایەن توندرۆترین رێبەرانیشەوە ئە و جۆرە سەناریۆیانە هەڵدەسەنگێندرێن. بەڵام شەفاف بەرخوردیان پێ ناکرێ و بۆ بیروڕای گشتی ناگوترێن، بەڵکو تەنیا لە خەڵوەتی حیزبی دا باس دەکرێن. جیاوازی بەڕێز عەزیزی و حدک لە گەڵ ئەوانی دیکە ئەوەیە کە عەزیزی هەوڵ دەدا شتی ژێر پەردەی نەبێ و هەمو شتێک بە شێوەیەکی نەترسانە و شە ففاف باس بکا، تا نەزەراتی خەڵکی بۆ بێتەوە و لە سەر ئەو نەزاراتە دوا هەڵویست بگیرێ و بریاری لەسەر بدرێ .

**پرسیار**: لە کاتیکدا کە ئێران رووبەڕووی ئەم هەموو قەیرانانە بۆتەوە و لە بارودۆخێکێدایە کە رەخنەی هەموو دنیای هاتۆتە سەر، وتوێژ لەگەڵ ئێران چەندە مەنتقیە؟

**وەڵام**: جۆڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵات هەمیشە پێوابووە و ئێستاش پێوایە کە چارەی گرفتی کورد لە رۆژهەڵات رێگا چارەی

نیزامی نییە و دیالۆگ و وتوویژی لەو ڕێگایەدا بە باشترین شێوەی بۆ چارسەری گرفتەکان زانیوە. ئەمن ناڵێم ئێستا هەل و مەرجێکی لەبارە بۆ وتوویژ لە ئارادایە، بەڵام زۆر جار مانۆڕیکی بەجێ دەتوانێ گرفتی گەورە بۆ دەسەڵات داران دروست بکا. تاکتیک تەنیا لە شەڕدا نی یە کە کاریگەری لە سەر ڕەوتی ڕووداوێک هەیە، بەڵکوو کەڵک وەرگرتن لە تاکتیک و بەکاربردنی تکنیکی سیاسی ژیرانە و نوێ دەتوانێ کەلێن بخاتە نێو سیستمی دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ. هۆنەری حیزبێکی سیاسی لەوە دا نی یە کە دروشمی دڵخۆشکەر هەڵگرێ، بەڵام لە کردەوە دا چاولیکەری ڕووداوەکان بێ. لە بەر ڕوشنایی کۆمەڵێک فاکتۆری زیندۆ کە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوە، پێم وایە کە هیچکام لە حیزب و ڕیکخراوەکانی ڕۆژهەڵات بە تەنیا ناتوانن نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بەو هەموو جیاوازی و ڕەنگاو ڕەنگیە فکریەوە کە هەیانە بکەن. کە وابێ وتو وێژ کردنی یەکلایانەی هەرکامیان بە تەنیا، دەکرێ وەک کۆتایی تەمەنی سیاسی ئەو لایەنە حیسابی بۆ بکرێ. چوونکە لە رابردوش دا ئەم جۆرە وتو وێژە یەکلایەنانە ئەزموون کراون کە ئاکامەکەی بێجگە لە داخ و کەسەر، شتیکی دیکە نە بووە.

**پرسیار**: حەسەن شەرەفی وتەبێژی حدکا زۆر بە توندی وڵامی قسەکانی سکرتێری حدک داوتەوە، ئێوە قسە کانی کاک حەسەن چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**وەڵام**: کاک حەسەنی شەرەفی وەک وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مافی خۆیەتی راوبۆچوونی خۆی سەبارەت بە هەر بابەتیک کە لەگەڵ بیر و بۆچوونی ئەوان یەک ناگریتەوە دەرببڕێ. جا ئەم رادەربڕینە دەتوانێ وەک ڕەخنە، لێکدانەوە، بەرەوروو کردنەوەی پرسیار، یان ڕەتکردنەوە بێ. بەڵام مافی ئەوەی نی یە وەک وەکیلی خەڵک قسە بکا و خۆی بە نوینگەی رزگاری بداتە پێناسین و تاوان بخاتە پاڵ حیزبی دیکەوە. سەردەمی ئەو جۆرە خەت و نیشان کێشانانە بەسەر چووە و ئەوجۆرە هەڵویست گردنانە کۆن بوونە و ناچنە خانەی هەلویستی سەردەمیانەوە و زیاتر کێشە خوڵقێنن. ئە م جۆرە باسە یەکلایەنانە یارمەتی بە یەکییەتی ڕیزەکانی گەلی ئیمە ناکەن. بە بڕوای من باشتر دەبو بەڕێزیان داوای مونازەرەیەکی تەلەڤزیۆنیان بۆ هەردووک سکرتیری حدک و حدکا کردبا، یا هەر لەسەر تیشک تیڤیش با. چوونکە تا ئێستا چەندین جار کاک مستەفای هیجریش وتو وێژی وای کردووە کە پرسیار خوڵقێن بووە، بەڵام قەت حدک نەی ویستووە وەک دەرفەتێک بۆ کوتانی حدکا کەڵکی لێ وەرگرێ. بە بڕوای من با شتر وایە دەست لەو مێتۆدە هەڵگرن، چونکە بۆخۆیان زۆرتر زیانی لێ دەبینن.

**پرسیار**: وڵامدانەوەی حدکا لەسەر قسەکانی بەڕێز عەزیزی لە چ روانگەیەکەوە سەرچاوە دەگرێ؟ ئایا پیتانوایە ئەمە کردنەوەی درگای دیالۆگەو دەسپێکێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە دیالۆگ؟



سەرچاوە
Serchawe

**وەڵام**: ساڵانیکی دور و درێژ بوو کە سیاسەتی حاشا کردن لە راستیەکان بەجۆریک باڵی بەسەر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دا کیشابوو . هەربۆیەشە بەشێک لەو هەڵویست گرتنانەی کاک حەسەن دەتوانی هەمان سەرچاوەی پێشووی هەبێ. لە لایەکی دیکەشەوە پێشاندەری کۆمەڵێک نیگەرانی بەڕیزیانە لەو بەرەو پێش چوون و سەرکەوتنە تەشکیلاتی و سیاسیانەی کە حدک لە بوارەکانی جۆراوجۆری نەتەوەیی، نیونەتەوەیی و ناوچەیی دا وەدەستی هێناون. بە گشتی دەکرێ وڵامدانەوەکانی کاک حەسەنی شەرەفی بە چەندین بار دا هەڵسەنگینین کە هەم لایەنی ئەرینی هەیە و هەمیش نەرینی. یەکەم: بە پێچەوانەی رابردوو، بە زمانیکی سەردەمیانە و ریزەوە هەم بۆ خۆی و هەم پێشکەری بەرنەمەکەش ناویان لە کاک خالید عەزیزی دەبرد، کە لەوانیە پێداچوونەوەیەک بێ بەو لاوازی و بێ رێزیانە کە پاش دابڕان لە هەمبەر هاوڕیەکانی خۆیان نیشانیان داو لە راگەیاندەکانیان دا برەویان پی دەدا. ئەو ئاماژە بە لایەن ( تەشەکول) دەکا و نەگ تاقم و دستەی ئەم و ئەو، کە دیسان رەنگە ئاڵوگۆریک بێ لە سیاسەتی حدکا و پێداچوونەوە بی بە هەڵەکانی پاش دابڕان. خاڵە نیگاتیڤ و زەقەکانی وتەبێژی حدکا ئەو سەفسەتانەیە کە جیاوازیەکان بەوجۆرەی کە هەن نابینێ و لە سۆنگەی حیزبایەتی سونەتی جارانەوە دەیهەوێ بنکۆڵی بەشێکی بەرچاوی راستیەکان بکا. هەر ئەو هاشا لە راستی کردنانەشە وا دەکا کە دوا بە دوای وتو وێژەکەی بەڕێزیان دا و لە رێکەوتی ۳۱ی دێسامبری ۲۰۰۹ بەرانبەر بە ۱۹ی ڕزەبەری ۱۳۸۸، روونکردنەوەیەکی دەستکرد بە ناوی ئەنجۆمەن و لایەنە سیاسیەکان ئۆپۆزوسیونی ناوخۆ!؟، بڵاو بکەنەوە کە گوێا ئەوە ئەوان نین نەرمی لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی دا نیشان دەدەن، بەڵکوو ئەوە ئەوانەن کە لە حدکا جیا بوونەوە و هیچ پێوەندیەکی بەوانەوە نی یە. لێرەیە کە دەبێ بەڕێز شەرەفی و نووسەرانی ئەو روونکردنەوەیە لە خۆیان بپرسن کە ئایا خەڵک و لایەنی سیاسی گمژەی واش لە کوردستان هەن کە پاش سێ ساڵ دابڕان و دوو کۆنگرەی چواردەی جیاواز، دوو پێرە و پرۆگرامی جیاواز، دوو حیزبی جیاواز، دوو راگەیاندنی جیاواز و زۆر جیاوازی دیکە، هێشتا نەزانن کێ حدکا یە و کێ حدک؟. بە داخەوە لێرە هەوڵ دەدەن کە خۆیان بە رزگاری دەر بناسێنن و حدک بە خۆ بەدەستەوە دەر. لایەنی دیکەی نیگاتیڤی ئەوەیە کە ئەو دەیهەوێ بە جۆرێک بیسەلمینی کە ئەوجۆرە بۆچوونە خۆ بەدەستەوە دەرانە بەشێک بووە لە دابڕان و رەوایی بە خۆی بدا. ئەو روونکردنەوەش کە درێژەی وتو وێژەکەی بەڕێز شەرەفی یە، دیسان ئاماژەیەکی راشکاوانەیە بە هەمان تیئۆری کۆن، کە لە سیاسەتی شاردنەوەی راستیەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. بە باوەری من لە مێژە رێکەوتی مەسرەفی ئەم جۆرە لیکدانەوانە بەسەر چووە.

**پرسیار**: **تا ئێستا حدکا خۆی دوور دەگرێ لەسەر رووداوەکانی دوای هەڵبژاردن لە ئێران و بزۆتنەوەی سەوز، ئایا ئەمە نەخۆێندنەوەی باردۆخی واقعی ئێستا نییە؟.**

**وەڵام**: حدکا حیزبێکی سەربەخۆیە و مافی خۆیەتی چۆنی پی باشە تەفسیری بارودۆخی سیاسی ئەوڕووی ئێران بکا. کەوابێ من ئەو مافە بە خۆم نادەم لە جیاتی ئەوان بیربکەمەوە. بەڵام لۆژیکی نی یە ئەو بزوتنەوەیە کە سەرچاوە هەرە

بەهێزەکەی خوێندکاران و ئافرەتانن لە گەڵ توێژی رووشنبیری کۆمەڵگا، بخرێتە خانەی ململانێ قۆڵەکانی رێژیمەوە. لانی کەم ئەوە دەبی بزانرێ کە ئەو هەموو کچ و کوڕە گەنج و لاوە کە قۆڵیان بۆ ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئازادی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵێک ویست و داوخۆازی سەردەمیانە هەڵکردوە و سینگی خۆیان دەکەنە قەڵغانی گوللەی کۆنەپەرسەتان، وێ ناچێ تاقم و دەستەی قووڵەکانی رێژیم بن. ئەوان بەر لە هەڵبژاردنیش چالاکیان نواندوە و تاقم و باندی کەسیش نین. وەک خۆم بەداخم لەوەی کە دەبینم بە وەخت و بێ وەخت باشترین و هەڵبژاردەترین رۆڵەکانی ئەم سەرزەویە بە دەستی بەتاڵ دروٚشمی نەمان بۆ دیکتاتۆر بەرز دەکەنەوە و سینگی خۆیان دەکەنە قەڵغانی گولله، بەڵام لە هەمان کات دا بە قووڵی رێژیمیان بینە پێناسە کردن. ئێستا کە چەترێکی گشتی هەڵدراوە و بە دەیان تەیفی فیکری خۆی داوەتە سای، ناکرێ بایخی پێ نەدەی و بەرتەسکانە لیکدانەوەی لەسەر بکەی. کەوابی وەک خۆم ئەوجۆرە لیکدانەوە و هەڵویستانە لەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەورۆی ئەم وڵاتە، بە بۆچوونێکی وردبینانە و ژیرانە نازانم.

**پرسیار**: دوای ئەوەی کە ئێوە جیا بوونەتەوە کۆمەڵێک چەمکتان هێناوەتە کایەوە، وەکو رێفۆرم، و ئازادی زیاتری بیروڕا و...، ئایا ئێوە چ هەنگاویکتان لەو بوارەدا هەڵگرتوە؟

**وەڵام**: لانی کەم لە دوو پێوەندیە دا دەکری ئاماژە بە کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ بکەین لە کۆنگرەی چوارده دا پەسەند کراون و پاش کۆنگرە هەنگاویان بۆ هەڵگیراوە. وەک هێڵی گشتی دەتوانین ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەین: پیداچونەوەیەکی سەردەمیانە بە پێرەو و پروگرامی حدک کە لە گەڵ هەل ومەرجی ئیستای گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و خەباتە رواکەی بگۆنجی، ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی لە سیستمی تەشکیلاتی حدک کە لە گەڵ پرینسیپیە دیموکراتیکە پێشکەوتوەکان و ئەو ئامانجە نەتەوەییانەی کە حدک لە پێناویاندا خەبات دەکا هاوسەنگ بێ، گرتنەبەری سیاسەتێکی نۆی لە پەیوەندی لە گەل هێز و لایەنە سیاسیە کورد و کوردستانیەکاندا بە جۆرێک کە رێ خۆشکەر بی بۆ هاوکاری و لیک نێزیک بوونەوە و هەوڵی کەم کردنەوەی ناکوکیەکان، هەوڵی پیکەوە گریدانی خەباتی تێکۆشەرانی کورد لە نێو خۆ و دەرەوەی وڵات و پشتێوانی لە خەباتی مەدەنی ریکخراوە نا حکومیەکانی نێو خۆ، بە هێز کردن و ئاکتێڤ کردنی بەشی دیپلۆماسی حدک و چڕ کردنی چالاکیەکان لە گەڵ کۆڕ و کۆمەڵ و ناوەندەکانی بڕیار لە دەرەوەی وڵات، رێز دانان بۆ بیری جیاواز و بە پیرەوە چوونی جیابیران و هەڵبژاردەکانی نەتەوەکەمان. نیوخۆی و تەشکیلاتیش وەک: نەبوونی بەربەست لە سەر رێگای درۆستکردنی فراکسیونی فیکری لە نێو حیزب دا. دیسانترالیزە کردنی دەسەڵات لە ئورگانەکانی حیزبی دا. دەربرینی راوبۆچوون، ئەگەر بە پێچەوانەی سیاسەتی حیزبیش بێ. دوایین وتو وێژی کاک خالید وێنەیەکی بەرچاویانە. جیایخۆازی لای ئیمە چی دیکە وەک ناسزایەک نی یە و وەک ماف چاوی لی دەکرێ. رەخنە گرتن نیهادینە کراوە. دەرەوەی وڵات ریکخراوی تایبەتی خۆی هەیە کە ١٠ ئەندامی هەیە و ٧ کەسیان ئەندامی ریبەری حیزبن. لە حەوڵی ئەوەداین کە لایەنی سینفی یەکیەتیەکانی لاوان و ئافرەتان بەهێز بکەین و چی دیکە وەک ریکخراوێکی پاشکۆ چاویان لی نەکرێ.

راگەیاندنەکانی ئیمە بە ئازادیەکی زیاترەوە لە پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان دا هەڵویست دەگرن و بابەت بڵاو دەکەنەوە. ئەمانە هەموو ئاماژیە بە کرانەوە، ریفۆرم و بە خۆدا چوونەوە لە بوارەکانی جۆراو جۆر دا.

**پرسیار**: تا ئێستا لایەنی بەرانبەر ئێوە بە رەسمی ناناسن و داوا دەکەن ناوی خۆتان بگۆڕن، ئایا ئەو وڵامدانەوەی حدکا لەسەر قسەکانی عەزیزی بە مانای دان نان بە ئێوە دا نی یە؟

**وەڵام**: وەک لە وڵامی پرسیاری پینجەم تا رادەیەک ئاماژەم بەو خاڵە داوە و وەک خاڵێکی ئەرینی باسم لی کردوە. لام وابێ دان پێ دا نانێکی ناڕاستەوخۆیە. هیوادارم بتوانین لە داهاتوێەکی نیزیک دا هاوکاریەکانمان بۆ کۆدەنگی و هاودەنگی لە پیناو بەرژەوەندیەکانی گەلەکەمان دا دەست پی بکەین .

**پرسیار**: وەک دوایین پرسیار پەیوەندیەکانتان لەگەڵ پژاک بە کوێ گەیشت؟

**وەڵام**: ئێمە لایەنگری پێوەندییەکی ئاسای و نورماڵین لەسەر بنەمای بایخدان بە بەرژەوەندی ستراتیژی نەتەوەی کورد و ریز گرتنی بەرانبەر و لەو پێوەندییەدا پێمان خۆشە لە گەڵ هەموو ئەو ریکخراوانەی کە لەو چوارچێوەیەدا خەبات دەکەن دۆستایەتی و هاوپەیمانیمان هەبێ. لەم پێناوەش دا هەوڵمان بۆ داوە و لە داهاتوش دا بەردەوام دەبین. پێوەندیەکی باشمان لەگەڵ دۆستانی پژاک هەیە و چەندین کۆبوونەوەی هاوبەشی کوردستایشمان پیکەوە هەبووە. بێجگە لەوەش بەدایم ئەندامانی حدک لە کاناڵی نەورۆز تی ڤی کە زمانحاڵی پژاکە، بەشدارن و کۆمەڵێک پرسی گرینگ سەبارەت بە کورد و کوردستان دەوروژێنن. بە خۆشیەوە جیاوازیە فیکریەکان ریگر نین لە بەردەم ئەندامانی حدک دا بۆ هاوخەباتی و هاودەنگی سەبارەت بە پرسەکانی هاوبەش و پێوەندی دار بە خەڵکی کوردستانەوە .

ریزی دووبارە، ئێقباڵ سەفەری

سەچاوە: رەوانیوز - رێکەوتی: ١٨ی جانێوێری ٢٠١٠



سەرچاوە
Serchawe

## ڕۆڵ و پریستیژی مەلاکانی ئێران پێش شۆڕشی ١٩٧٩ و پاش ئەم شۆڕشە.

### پێشەکی:

لە کەسمان شاراوە نی یە کە ساڵانێکی دوور و درێژ ماموستایانی ئایینی ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە لە سەر کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری لە وڵاتی ئێران دا، کە هەم لایەنی ئەرینی بووە و هەمیش نەرینی. مەبەست لەم وتارە هەڵدانەوەی چمکێک لەو دیاردە سیاسی کۆمەڵاتییانەن کە پێش شۆڕش لە ئارادا بوونەو پاش شۆڕشیش بە کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕەوە درێژەیان هەیە. لێرە تێ دەکۆشین ڕۆڵ و پریستیژی مەلاکان و پەیوەندیەکانیان بە سیستەمەکانی سیاسیەوە گرێ بدەینەوە و بە دەستنیشانکردنی کۆمەڵێک پرسی پەیوەندیدار، خاڵە بەهێز و لاوازەکانیان لە نێو کۆمەڵگای ئێستا دا دەستنیشان بکەین.

### لە سەردەمی پەهلەویەکان دا:

بە داسەپانی ڕێژیمێ ملهوڕی ڕەزاخانی و کوپی کردنی زۆرەملی مودرنیتەی ڕۆژئاوایی لە وڵاتی دواکەوتوی ئێران دا، مەلاکان بە کردەوە کرانە سێ بەشەوە. بەشی یەکەمیان کە پشتیوانیان لە شا و ڕێژیمەکەی دەکرد، بەناوبانگ بوون بە مەلاکانی دەرباری و مووچە خۆەری ڕێژیم بوون. بەشی دووهەمیان کە دژبەری ڕێژیمی پاشایەتیان دەکرد، خوازیاری دامەزراندنی دەسەڵاتی ئایینی بوون و بە کردەوەش دژی نیزیک بوونەوە لە فەرهەنگی ڕۆژئاوایی و ئەو لاسایی کردنەوەی ڕەزاخان و کوڕەکەی بوون. دوابەشیش کە بێ لایەن بوون ، خەریک بوون بە ڕێنوێنی و یارمەتی کردنی خەڵکەوە و لەو ڕێگاوە بژیوی ژیانیان دابین دەکرد.

### مەلاکانی دەرباری:

بە هۆی پشتیوانی ئەم بەشەیان لە دیکتاتۆری پەهلەوەی، ڕێژیم جێگا و ڕێگایەکی تایبەتی بۆ ڕەخساندبوون کە تارادەیەک جێی بڕوای لایەنگرانی ڕێژیمی شا بوون. بێجگە لەوەش بەشێک لە توێژی خوێندەوار و کارمەندی کۆمەڵگاش کە هەم سکولار بوون و هەمیش لەباری ئابووری و دارایی یەوە سەر و سامانێکیان هەبوو و هەمیش لە باری کۆمەڵایەتی و دامودەزگای دەوڵەتیەوە جێگە و پیکەیەکیان بۆ خۆیان دەستەبەر کردبوو، لایەنگری ئەو دەستەیە لە مەلاکان بوون. ئەرکی ئەم دەستەیە لە مەلاکان لە دوو بەش پیک هاتبوو کە هەم لایەنی سیاسی کۆمەڵایەتی هەبوو و هەم لایەنی ئابووری. وتارەکانی سیاسی ئایینی ئەوان کە هەم لە مزگەوتەکان دا و هەمیش لە بوونەکان و حەوزەکان دا بەرەوی پێ دەدرا، تێکەڵێک بوو لە دۆعا و پاڕانەوە بۆ سڵامەتی شا و بنەماڵەکەی و کیشی کەسایەتی هەمەڕەزایان تا رادەی سێوەری خودا

لە سەر ڕووی زەوی بردە پێش. هەر ئەو هۆکارەش بوو کە درۆشمەکانی ئەودەم پیک هاتبوون لە خودا، شا، وڵات!(میهن). لە هەمان کات دا لە باری کۆمەڵایەتیەوە یارمەتی بەشێک لە خەڵکیان دەکرد و تا رادەیەک کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەکردن و هیندەش خۆیان خەریک نەدەکردە خۆ هەڵقورتاندن لە ژیانی تایبەتی خەڵکەوە. لە باری ئابووریشەوە لایەنگری سیستمی سەرمایەدای بوون کە ڕێژیمی پاشایەتی بە پشتیوانی ئامریکا و بەشێک لە وڵاتانی ئوروپایی هەنگاوی خێرای بۆ هەڵ دەگرت و ئەوانیش لەو خێرە بێ بەش نەبوون. بەگشتی ئەم دەستەیە لاینگرانی خۆیان هەبوو و تا رادەیەکیش پریستیژ و کەسایەتی خۆیان لە نێو لایەنگرانی خۆیان دا پاراستبوو. ئەگەرچی بەشێک لە هۆکارەکانی پریستیژی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە باس کران، بەڵام چۆنکە دەسەڵاتی سیاسیان نەبوو و بە دایمیش لە نێو خەڵک دا بوون و گوێ بیستی گلەیی و گازندەکانی خەڵک بوون، پێگەی کۆمەڵایتیان لە نێو بەشێک لە کۆمەڵگا دا بەهێز بوو. لە هەموو ئەوانەش دەرچێ، ئەمانە دژایەتیان لەگەڵ ئەو مودرنیتە لاسایی کردنەوەیە لە وڵاتانی ڕۆژایی نەدەکرد کە ڕەزاخان و کوڕەکەی هاوردبوویان. بە واتایەکی دیکە تا ئەو کاتەی بۆخۆیان دەسەڵاتی سیاسیان نەبوو و لە نێو دەردە دڵ و کێشەکانی ڕۆژانەی خەڵک و تیکەڵاوی خەڵک بوون، جێی ڕێزی بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگاش بوون.

مەلاکانی خۆازیاری ئیسلامی سیاسی: شێوەی بیرکردنەوەی ئەم بەشە لە سەر کۆمەڵگا بە جۆرێکی دیکەیە و ئەوان بە کەڵک وەرگرتن لە بیرۆکەی سیاسی ئایدولۆژی دوو کۆمەڵگای، کە یەکیان کۆمەڵگەی بێ عەقڵی و بێ باوەڕ و ئەوی دیکەشیان کۆمەڵگەی ئیسلامی بێ، کۆمەڵگایان دەکردە دو بەشەوە. ئەوان بە تیئوری ئیسلامی دوو کۆمەڵگای کە یەکیان راستەقینەیە و لەو دا (عقیده و عبادت)، (شریعت و احکام)، سلوک و اخلاق)، بە تەواوی جێ کەوتبێ و کۆمەڵگای دووهەمیش ئەو کۆمەڵگایەیە کە بە پێچەوانەی یاساکانی ئیسلامی هەڵسوکەوت دەکا و ناوی ئەو کۆمەڵگایەش دەنێن ئیسلامی ئەمریکی. خوێندنەوەی ئەم بەشە لە مەلاکان لەسەر ئیسلامی ئەمریکی، خوێندنەوەیەکە کە سەید قوتب وەک فەلسەفەی فیکری خۆی کتێبی لەسەر نووسیوە. "سەید قوتب خەڵکی وڵاتی میسرە و لەدایک بووی ساڵی ١٩٠٦ی زایینی کە بە تیئۆریسیونی بیرۆکەی دوو کۆمەڵگای دەناسرێ و دەڵێ: دوو ئیسلام هەیە کە یەکیان راستەقینەیە و ئەوی دیشیان ئەمریکییە. ئەو دەڵێ: ئیسلامی راستەقینە ئەوەیە کە بە دایم لەشەڕدایە و خەزا دەگێڕێ بۆ دابەزاندنی یاساکانی خودایی. ئیسلامی ئەمریکیش ئەو ئیسلامەیە کە تەنیا سۆچی مزگەوتەکان دەکەنە شوێنی خودا پەرەستی و دەرفەت بە مسوڵمانان نادەن تاکوو بیروڕای خۆیان ببەنە نێو کۆمەڵگاوە". بەو بیرۆکە و ڕوانگە دوو کۆمەڵگایی یەوە کە ئەم دەستەیە لە مەلاکان چ پێش سۆڕش و چ پاش شۆڕش هەیان بووە، سرۆشتی بوو کە پریستژی ئەوان لە نێو بەشێکی بەرین لە کۆمەڵگا دا بەرچاو بێ. چۆنکە هەژاری و نابەرابەری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە لایەکەوە و ملهۆری و دیکتاتۆری ڕەزا شاو کوڕەکەی لە لایەکی دیکەوە، ئەم دەستەیە لە مەلاکانی وەک دژبەر یان ئوپۆزۆسیونی ئەو ڕێژیمە داسەپاوە، پێناسە کردبوو. ئەگەر لە چۆنیەتی بە ئاکام گەیشتنی شۆڕشی ١٩٧٩ و نەخش و ڕۆڵی هێزەکانی نەتەوەیی، چەپ و مودێرنیتە خۆاز تێپەرین، ئەم دەستەیە بەرچاوترین ڕۆلیان هەبووە لە کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری درۆشمەکانی خۆیان. ئەگەر بمانهەوێ هەڵسەنگاندنێکش لە نێوان مەلاکانی



سەرچاوە
Serchawe

دەرباری و خۆازیارانی ئیسلامی سیاسی بکەین، دەتوانین بڵێین کە هەروو لایان خاوەنی رۆڵ و پریستیژ لە نێو کۆمەڵگا دا بوون کە رۆڵی دەستەی خۆازیارانی ئیسلامی سیاسی لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە بەرچاوتر لەوانی دیکە بووە. ئەمانە هیچ کات نەیانشاردۆتەوە کە دژی هەرچەشنە مودێرنیتەیەکن، جا چ لاسایی کردنەوە و هاوردە بێ، یان خۆماڵی و خۆ رێک خستنەوە لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی کۆمەڵایەتی سەردەم. ئەگەر بمانهەوێ ئاماژەیەک بە فاکتۆرە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی کاتی ئەم دەستەیە بکەین، دەبی بڵێین کە: دواکەوتوی کۆمەڵایەتی و نەخوێندەواری، دژایەتی کردنی رێژیمی ملهۆری پاشایەتی و گێڕانی رۆڵی ئۆپوزۆسیون، تێکەڵاویان لەگەڵ بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگا، گەرم و گۆڕ بوونی شەڕی سارد و دوو ئایدولۆژیای دژبەری رۆژئاوا و رۆژهەلات و کۆمەڵێک فاکتۆری دیکە، دەرفەتیکی رەخساندبوو تاکوو ئەوان ببنە هێزێکی شوێن دانەر و رۆخینەر(برانداز) لە گۆڕەپانی ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتی دا. کە وابی ئەگەر بڵێین خۆشەویستیش بوون، بە هەڵە دا نەچووینە.

مەلاکانی بێ لایەن: ئەم بەشە رۆڵێکی ئەوتۆیان لەسەر ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانەوە نەبووە و زیاتر سەرقاڵی کاروباری کۆمەڵایەتی و یارمەتی کردنی خەڵکانێکەوە بوونە کە لایانگر و یان موریدیان بوونە. بە واتایەکی دیکە ئەمان وەک توێژێک لە کۆمەڵگا دا خەریکی کار و پیشەی دیکە بوونە کە پەیوەندی بە باری گوزەران و ئابووری خۆیانەوە بووە. ئەگەرچی رۆڵی ئەمان لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی کۆمەڵایەتی بەرچاو نەبووە، بەڵام لە کۆمەڵێک بوار دا تارادەیەک وەک جێگای بڕوای بەشێکی بەرچاو لە خەڵک ماون و رێزیان لێ گیراوە کە وێنەیان زۆرە.

## پاش شۆڕش، ئیسلامی سیاسی و ئاکام:

بە پێی ئەو پێداچوونەوە و لیکدانەوەی سەرەوە کە لەسەر هەریەک لەو بەشانە دا کراوە،دەگەینە ئەو ئاکامە کە بارودۆخی گشتی ئێستا گەلێک بە زیانی ئەم توێژە(مەلاکان) لە نێو کۆمەڵگادا چوونەتە پێش. ئەوان کە تا ئەو کات دژبەری دەسەڵات بوون و لە نێو جەرگەی خەڵک دا بوون، پریستیژ و کارتیکەریشیان لە سەر کۆمەڵگا زۆر بوو. ئێستا بۆ ٣١ ساڵ دەچێ کە دەسەڵاتی ئایینی" ئیسلامی سیاسی" بە گوێرەی بیرۆکەی خۆیان بەسەر کۆمەڵگا دا داسەپاندۆە و نەگ هەر بۆ خۆیان لە خەڵک دابڕاون، بەڵکوو بنەمای سەرەکی بیرۆکەکەشیان کردۆتە پردەباز بۆ پەڕینەوەیان لەو دوزەخەی کە بۆ کۆمەڵگایان پێک هیناوە. ئەوەی دەبا نەیانکردبا کردیان و ئەوەش دەبا ئەنجامیان دابا نە لەگەڵ بیرۆکەی تەسکی ئەوان تەبا بووە و نەش لەگەڵ ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتنەکانی هەنووکەیی. کە وابێ کۆمەڵگای ئێستا ئەو کۆمەڵگایەی جاران نی یە کە وێنەی خۆمەینی لە نێو جەرگەی مانگ دا ببینێ.

ئەمەش بەو واتایەیە کە مادام ژیانی مەلاکان لە پەنا ئیسلامی سیاسی دا گوازراوەتەوە بۆ کۆشکەکانی دژە بۆمەلەرزە بە



سەرچاوە
Serchawe

پاسەوانی بەچەک تەیار، ئیتر لە ناو جەرگەی خەڵک دا نین و هەم بۆخۆیان لە خەڵک دابڕاون هەم شیرازەی ژییانی کۆمەڵایەتی خەڵکیان لێک هەڵتەکاندوە. لە یەک ڕەستە دا، ئیسلامی سیاسی لە ئێران بە ولایەتی فەقی و بە بێ ولایەتی فەقیش بەرەو ئەسپاردن بە دەستی لاپەڕەکانی مێژوو دەچێ. چوونکە لە درێژایی مێژووی ئەم ئیمپراتۆریە دا هیچ کات بەربەرەکانێ بیری نوێ و گەشەی کۆمەڵایەتی لە بەرانبەر سونەتگرایی و کۆنەپارێزی دا تا ئەم رادەیەی ئێستا لە دژ بەیەک ڕانەوستاون.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢ی فێبریوێری ٢٠١٠

## ستراتیژی سۆپای پاسداران، کۆپیەکی بەدەڵ لە تاکتیکو ستراتیژی لەشکری تورک.

### سوپای تورک و رابردوی دەسەڵاتی سیاسی!

لە سەرەتای ساڵی ۱۹۲۳ی زایینیەوە کە دەوڵەتی بەناو سیکولاری تورکیا! بە دەستپێشخەری ئاتا تورک دامەزرا، لەشکری ئەم وڵاتە وەک پارێزەری ئەم سیستمە پێی نایە قۆناخی ململانێ دەسەڵاتەوە.

ئەم هێزە سەربازیە بە گرتنەبەری تاکتیکی قەڵاچۆ بۆ پەرەپیدانی پانتۆرکیسم (کەمالیزم)ی، کردە بنەمای دابەزاندنی کۆمەڵە ئەرزشێکی سیاسی ئیخلاقی کە دواتر بە سکولاریسم ناوبانگی دەرکرد. کارتێکەری ئایدولۆژی کەمالیزم هێزیکی وای بەخشیە ژنراڵەکان کە خۆیان بە خاوەن حەق بزانن و لەژێر ناوی پاراستنی هیمنایەتی نەتەوەیی دا، ببنە ئەکتەری سەرەکی گۆڕەپانی سیاسی ئەو وڵاتە. دەسەڵاتی لەشکری تورک بەڕادەیەک پەرەی سەند کە توانی لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۶۰، ۱۹۷۱ و ۱۹۸۰ سێ کۆدەتای لەشکری بە ئەنجام بگەیەنێ و لە هەر قۆناخێکیش دا بۆ ماوەیەک دەسەڵاتی بی ئەملاو ئەولای خۆی داسەپینێ. دوایین کۆدەتای سیاسی ئەم سۆپایە لە نەوەدەکان دا رووی دا کە بۆ بەهۆی وەلانانی دەوڵەتی نیوە ئیسلامی (نجم الدین اربکان). لە هەڵبژاردنی ساڵی ۲۰۰۷ دا دیسان لەشکر بە بڵاوکردنەوەی راگەیاندنێک هەڕەشەی توندی بەرەورووی سیاسەتەکانی حیزبی ئیسلامیخوازی (عبدالله گویل) کردەوە و لە هۆشیاری کردنەوە کە ئیسلامیخوازی گەلێک ناتەبایە لەگەڵ سیستمی سکولاری کە میراتی ئاتاتورکە. بەڵام پاش تیپەڕبوونی دەیان ساڵ بەسەر ئەو هەموو گرژی و ئاڵۆزیانە دا دەبینین کە ئیتر سۆپای تۆرک ئەو سۆپایەی جاران نییە کە بتوانێ ئەکتەری شوین دانەر لە گۆڕەپانی سیاسی وڵات دا بێ. "ئێمە شاهیدی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕین کە کارتێکەریەکانی لەشکری لە هەن رووداوە سیاسیەکانی نێوخۆی لاواز کردووە. بەشێک لەو ئاڵوگۆڕانە کە شوینی راستەخۆیان لەسەر دەسەڵاتی سیاسی سۆپا داناوە بریتین لە: ئالوگۆڕە گەورەکان و بەتایبەت کاریگەری دێموکراسیخوازی، هاتنە ئارای هێزی سیاسی ئەوتۆ کە پێشتر بوونیان لەو وڵاتە بڤە بوو، شکستی بەرچاوی سیاسەتی زەبروزەنگ و قەڵاچۆ، چالاکی سیاسسی و چەکداری لە باکۆری کوردستان، گەشەی ئابووری پاش تیکرۆخانی دەوڵەتی بەعسی عێراقی دراوسێ و.... ئەو ئالوگۆڕانە شوێنەواری خۆیان لەسەر ژێرخانی ئابووری، کۆمەڵایتی سیاسی و ئایدیولۆژی ئەو وڵاتە داناوە کە ئێستا دەوڵەتی تورک لە بواری سیاسەتی نیونەتەویی و ژیئۆپولیتیکی دا وەک پارسەنگێک دێتە ئەژمار. بەکورتی بارودۆخی سیاسی و دەسەڵات لە وڵاتی تورکیە لە قۆناخی گواستنەوەیە لە لەشکریەکانەوە بۆ سیاسەتوانەکان. سەرچاوە: (سابرینا تاوێرنز هرالد تریبون سێی مارسی ۲۰۱۰.)

## سوپای پاسداران و دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران:

لەسەرەتای سۆڕشی ١٩٧٩ وە سۆپای پاسداران لەسەر بنەمای ئایدولۆژی ئایینی دادەمەزرێ. ئەگەرچی خومەینی ئەوکات قسەی لەسەر دوور راگرتنی ئەم سۆپایە لە دەسەڵاتی سیاسی دەکرد، بەڵام لە هەمانکات دا ئەسڵی ١٥٠ی قانونی ئەساسی، سوپای پاسداران وەک پارێزەری شۆڕش پێناسە دەکا کە ئەمە لەخۆی دا جۆریک ئەرکی سیاسیە. لەژێر کارتیکەری ئەسڵی ١٥٠ ی یاسای بنەڕەتی دا و بە کەڵک وەرگرتن لە بیرۆکەی خومەینی (شیئیسم) کۆمەڵێکی بەرچاو لە لایەنگرانی بەسیاسی کردنی بەسیج، هەوڵیان دەدا تاکوو بیرۆکەی خۆیان بکەنە بنەما بۆ بە سیاسیکردنی رۆڵی سۆپا و بەسیج لە گۆڕەپانی ململانێ سیاسی دا. کاتێک کە رەفسەنجانی سەرۆک کۆمار بوو، لە دەسەڵاتی خۆی کەڵکی وەرگرت و تارادەیەکی بەرچاو دەسەڵاتی سۆپا و بەسیجی لە ئەرکی لەشکری دا بەربەست کردەوە. بە هاتنە ئارای رێفۆرم و رێفۆرمخوازی لە ساڵی ١٩٩٧ دا و دواتریش بە هەڵبژێرانی خاتەمی وەک یەکەم سەرۆک کۆماری ئەم رەوتە، سوپای پاسداران لە ژێر کاریگەری رۆڵ و پلەوپایەی وەلی فەقی(خامنەیی) دا و بە کەڵک وەرگرتن لە یاسای ئاماژە پێکراو، رێفۆرمی وەک مەترسی بۆسەر ئایدولۆژی ئایینی (شیعیسم) دایە ناساندن. هەوڵەکانی ئەم سپایە بە رێنوینی و دەنەدانی وەلی فەقی بۆ لەبار بردنی رێفۆرم و شکست پی دانی سەرۆک کۆمار تا ئەو جێگایە چووە پێش کە بەشێکی بەرچاو لەو بەڵێنانەی کە سەرۆک کۆمار بە کۆمەڵگای ئەو وڵاتەی دابوو بە هەڵواساوی بمینێتەوە. سوپای پاسدارن تاکتیکی تێرۆری سیاسی و فیزیکی جیابیران و رێفۆرمخوازانی کردە ئەرکی سەرەکی خۆی و لەو پیناوەش دا بە دەیان تیکۆشەری لە نێو برد، کە دواتر بە قەتڵە زنجیرەیەکان ناوبانگی دەرکرد. دڕندەیی ئەو لەنێوبردنە فیزیکیانە بەجۆرێک بوو کە ماشینی تیرۆری سوپای پاسداران و ئیتلاعاتی هاوتەرتیب، رسواییەکی نیودەوڵەتی و نێوخۆییان بوو بە نەسیب. بەڵام کاتیک ماشینی تیرۆریان ریسوایی لی کەوتەوە و جێی پێی بریاردەری سەرەکی جنایەتەکان ئاشکرا بوو، تاکتیکیان گۆری و کەوتنە بیری قۆرخ کردنی پۆستە سیاسی و دەوڵەتیەکان و پەروەردە کردنی مۆرەی گوێ رایەڵی خۆیان. لە ساڵی ١٩٩٧ وە سۆپای پاسداران بە کردەوە بو بە یەکێک لە ئەکترەکانی گۆرەپانی سیاسی و ئەم کرەوەش جیا لە هەمان تاکتیک و ستراتێژی دەیان ساڵەی سۆپای تۆرک شتی دیکە نەبوو. سوپای تورک کۆدەتای لەشکری دەکرد و مۆرەی بێئیرادەی خۆی دادەنا. لە حاڵێک دا سۆپای پاسداران بە پشتیوانی ئەسڵی ١٥٠ قانونی ئەساسی و بە پشتیوانی زانستی! (فقهی) کۆدەتای سیاسی دەکا و مۆرەی بی ئیرادە و داردەستی خۆی پەروەردە دەکا. وەک دیتمان لە خولی نۆیەم و پاش سەرۆک کۆماری رێفۆرمخوازەکان، سۆپای پاسداران لە کۆدەتایەکی سیاسی ئایدولۆژی دا، (بۆکڵە) ئەحمەدی نیژاد وەک سەرۆک کۆمار قوت دەکەنەوە. بە پێی ریککەوتنێک کە لەنێوان سۆپای پاسداران و پاسدار ئەحمەدی نێژاد دا کە ئەودەم لەسەری رێک دەکەوەن، ئەو ناچار دەبێ زۆربەی وەزیرەکانی کابینەکەی، بەرپرسانی دامودەزگاکانی دەوڵەتی، پارێزگارەکان، فەرماندارییەکان و ....، لە ئەندامانی سۆپای پاسداران بن و هەرواش دەبێ. سۆپای پاسداران لە ئاکاریکی پێچەوانەی قسەکانی خۆمەینیش دا کە گوتبووی بەسیج دەبێ

دوور بی لە سیاسەت، ئەم ئورگانەی (بەسیج) دەخاتە ژێر دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار و بەم جۆرە ئەو ئەرکانەش کە تاکوو دوێنێ سوپا بۆخۆی نەیدەتوانی راستەوخۆ رایانپەڕێنێ، ناڕاستەوخۆ دیتە ژێر کۆنترۆڵی سوپای پاسدارنەوە. " ئەرگەنەکۆنێکی بێ سەروبن" . وەک دیتمان لە خولی دەیەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریش دیسان کۆدەتای سیاسی و لەشکری سۆپای پاسداران بە پستیوانی وەلی فەقی، سەر دەگرێ و هەمان دادنرێتەوە کە هەموو زەرد و سوورێکی پێ دەکرێ. پاش هەڵبژاردن و بەرمەلابوونی گەلاڵەی دووپاتەی کودەتای سوپا و ناڕەزایەتی خەڵک، لە دژکردەوەیەک دا پاسدار موحەممەدعەلی جەعفەری رادەگەیەنێ کە سۆپای پاسداران زاڵە بەسەر باردۆخی ئاسایشی وڵات دا و خوازیاری سەرلەنوێ دانانەوەی شۆڕشە کە بە لاڕێ دا چووە! (ئاماژەیە بە شۆڕشی مەخمەڵی یان رێفۆرمخوازی).

## ئاکام لە تۆرکیا:

دەسەڵاتی چەندین دیەی لەشکری لە تۆرکیا(کەمالیزم) بە لاسایی کردنەوە لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکانی سکولاریزمی ئوروپایی نەگ هەر نەیتوانی ئەم وڵاتە بگەیەنێتە دوورگەی خەیاڵەکانی ژنراڵەکانی چەکمە هەڵکێشراوی بیر فاشی، بەڵکوو ئەو راستیەمان بۆ دەردەخا کە دەورانی ئەم جۆرە دەسەڵاتە کۆدەتاییانە قۆناخی خۆیان تیپەڕاندوە. کەوابێ:

* تیئۆری کەماڵیزم وەک بیرۆکەیەکی سیاسی ئایدولۆژی لە تۆرکیا، چی دیکە لە ژێر ناوی پارێزگاری لە سکولاریزم دا کاریگەری جارانی لەسەر کۆمەڵگە نەماوە و بە پیی خۆی بەرەو لێوارەکانی گۆرکران هەنگاو دەنێ.

* سوپای تۆرکیش لەژێر تەوەژمی ئالوگۆڕە خێراکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ژیئۆپولیتیکی و نێونەتەوەی دا، نە رۆڵی جاران دەمینێ و نەش دەتوانێ پێش بەو رەوتە بگرێ کە گۆتاری هەنووکەیی رۆژن.

* لەشکری تورک بەرەوڕووی قەیرانێکە کە بۆخۆی خۆڵقێنەری بووە و درەنگ یان زوو گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بەسەر دا دێ کە چی دیکە ناتوانێ ئەکتەری گۆڕەپانی ململانێ سیاسی لەو وڵاتە بێ.

## ئاکام لە ئیران:

* سیستمی ولایەتی فەقی لە ئێران و بە واتایەکی دروستتر ولایەتی سوپای پاسداران، لەسەر هەمان بنەمای یەک نەتەوە، یەک دەوڵەت دەچێتە پێش کە خاڵی هاوبەشیان( پانتۆرکیسم، پانئێرانیسم)ە.

* ئەم ئەزموونە بە پێچەوانەی تەقەدۆسێک کە بە سکولاریزمی تورکی دراوە، رێگای تەقەدۆسی ئایینی (شیعیسم)ی



سەرچاوە Serchawe

کردۆتە پێشەنگ کە گەلیک ناتەبایە لەگەڵ ئەرزشە دیموکراتیکەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. خاڵی هاوبەشیان: (هەرکامەیان بە جۆرێک دژی ویستی بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگای ئەو وڵاتانەن).

* ئەم سوپایە ئەزموونی کردەوەیەک دووپات دەکاتەوە کە بە دەیان جار سۆپای تورک ئەزموونی کردوە و ئاکامەکەشی بێجگە شکستی ستراتیژی لە وڵات، سەرشۆریەکە کە لە چەند مانگی رابردو دا بە نەسیبیان بووە. خاڵی هاوبەشیان( ملهۆڕی و لەخۆ بایی بوون بە ناوی قارەمانانی ئاسایشی نەتەوەییەوە).

* کۆمەڵگایەک کە پیکهاتبێ لە چەندین نەتەوە بە دەیان داوخوازی جیاواز و جۆراوجۆرەوە کە بەدایمیش لە حاڵی ئالوگۆڕ و گەشەی سیاسی کۆمەڵایەتی دایە، بە سۆپای پاسدارن رام ناکرێ و رەوتی رزگاریخوازی خۆی دەپێوێ. خاڵی هاوبەشیان( ئینکاری راستیەکان).

* کۆپی بەدەڵ رەنگەکەی بە خێرایی کاڵ دەبیتە و تەمەنی دەسەڵاتی سیاسی سوپای پاسداران زۆر کورتتر لە تەمەنی دەسەڵاتی سیاسی لەشکری تۆرک دەبێ.

**خاڵی هاوبەشیان(ئەزموون وەرنەگرتن لە مێژووی تیکرۆخانی دیکتاتۆران و ملهۆڕانی پێش خۆیان).**

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢١ی مارچی ٢٠١٠

## نەورۆز و سرووشت کوردستان.

کڕیوە وەو تۆف بێ ڕۆخساریەو
جێ پای لێز بودن  وەرەو لاریەو
وەفر هەڵکشیەد وەرەو بان شاخ
چونویر تێەدەوبان لە ناو ڕاخو زاخ
شاهۆ داڵەهۆ، مانشت، ئارارات
سەروەن چەرمگ مەکەنە خەڵات
هاژەێ وەفراوان لە شاخو لە دۆڵ
چمان سێ جارە وە ساز و دەهۆڵ
واران وەو ئەسرین نیمە واریەو
تەرزە وەو سرۆشت جۆر ڕێویاریەو
سەیمەرەو سیروان، وە زۆڵف شۆڕەو
شنەێ باڵیان تێ لە مەودای دیورە
بەڕەزا لە تاش وەو زۆڵف شۆڕێ
کام کەێدن ئەڕاێ، لیرگت داچۆڕێ
چیمەن وەو ڕۆخسار پانو شیرینەو
وە هاتن نەورۆز هەڵسێدن لە خەو
گەزیزەو شەوبو لە وەرمای مانشت
مۆژدەێ وەهار دەن وە قەومەیل پشت
سروە وە چەوەیل ئەرخەوانیەو
شەماڵ وە مشکی و ئالیخانیەو
وەنەوشەو نەرگس، لەی وەرو بنە
تیەنە پێشوازمان  وە زەردە خەنە
هەڵاڵەو شەوبو وەگەرد هەڵمەڵێ
گۆڵوارانمان کەن، هەر سەرێ چلێ
گەزیزەو سوسەن، وەلارەو لەنجە
چۆپی گەردنن وە توک پەنجە
نەرگس وە لەنجە لەرنێدەو لەشێ
کانی وە خۆڕە داواکەێ بەشێ

**گشتیان وەیەکوە بەزمیان گەرمە**
**لە هۆرەو شمشاڵ لە هەزار بەزمە**
**نەورۆزە، جەژنە لە ئی میلکانە**
**وەهاریش میوان کوردەماڵانە**

**سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٠**



سەرچاوە
Serchawe

## کێیە خەڵکی ڕۆمادییە؟

**وەک چۆن کۆمەڵە هەرگیز پۆلپوتی نەبوون و ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕش هەرگیز لادەر نەبوون، خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە نیشتەجێ ئوردوگای ڕۆمادی بوون، هەرگیز خەڵکی ڕۆمادی نیین. ئەوان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن بەگشت کەموکۆڕیەکەوە کە هەیانبووە.**

### پێشەکی:

ڕۆمادی شارێک و ناوچەیەکی وڵاتی ئێراقە کە بە پارێزگای (ئەلئەنبار) ناسراوە. دانیشتوانەکەی عەرەبن و لە باری ئایینیشەوە زۆربەیان موسوڵمانی سوننەن. خەڵکی ئەو پاریزگایە یەکێک بووە لە کۆڵەکە بنەڕەتیەکان و پشتیوانانی دەوڵەتی روخاوی (بعث). پاش روخانی ئەم ڕێژیمە، بەربەرەکانی خەڵکی ئەو ناوچەیە بە دژی هێزەکانی ئەمریکا، هۆگری ئەوانی بە ڕێژیمی لەناوچووی سەدام سەلماند. لەکەس شاراوە نییە کە لە ڕێگای ماسمیدیاوە خەڵکی ئەو ناوچەیە بۆدونیا ناسراون.

### کەمپ یان ئوردوگای ڕۆمادی!

مێژووی ئوردوگای ڕۆمادی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨١ی زایینی. ئەودەم ناوچە سنوریەکانی ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان ببوونە بەرەی شەری دوو دەوڵەتی داگیرکەری ئێران - ئێراق و ئاگری ئەو شەڕە ببوو بەهۆی ئاوارەبوونی خەڵکی بێدەرەتانی ڕۆژهەڵات بۆ بەشی باشور. بێجگە لەوەش بەهۆی سیاسەتی دوژمنکارانە و بناوەژۆانەی کۆماری ئیسلامییەوە، ژیانی خەڵکێکی زۆر کە ناوچەکانیان لەبەرەی شەڕیش دا نەبوو، کەوتبووە مەترسیەوە. سەرەڕای ئەوانەش گرفتی ئابووری و دواکەوتویی کۆمەڵایەتی لەلایەک و هاندانی گۆپاڵەکانی ڕێژیمی پاشایەتیش لەلایەتی دیکەوە ببوونە هۆی ئاوارەبوونی بەشێکی دیکەی خەڵکی ناوچە. ئەو خەڵکەی کە بەچەندین هۆی جۆراوجۆر پەریوەی بەشی باشور و بندەستی عێراقی ئەودەم بوون، لە چەندین جێگا سوکنایان گرتبوو. لەوانە: قوروتۆ، سەنگەر، دەورە، زەڕایین،

ئەربەت، هەڵەبجە و تادوایی. پێشبینی ئەودەمی دوکتۆرینی شەڕی ریژیمی (بعث) و گۆپاڵەکانی ڕێژیمی پاشایەتی ئەوە بوو کە زۆری پێناچێ کۆماری تازە دامەزراوی ئیسلامی ئیران دەروخێ و ئەو خەڵکە ئاوارەیەش دەگەڕێنەوە سەر جێ ورێی خۆیان. بەڵام بەتێپەرینی کاتەکان، تیئۆری و خۆشباوەڕی سەبارەت بە داهاتوی ئەوشەڕە جێگای خۆی دا بە پاشەکشەی



سەرچاوە Serchawe

هیزەکانی عێراق لەو ناوچانە کە داگیری کردبوون. بێجگە لەوەش خەباتی چەکدرای هێزەکانی باشوری کوردستان بەدژی دەسەلاتی (بعث) گڕوتینیکی بەهێزی گرتبوو. پەرەگرتنی ئەم رەوتەش بۆسەر دەسەلاتی سەدام بە مەترسیدار لێکدرابۆوە. بەمجۆرە دوو هۆکاری سەرەکی کە یەکەمیان دوورخستنەوەی ئەو خەڵکە لەو ناوچانەی کە چۆل(محرمە) کرابوون و دابرانـدی خەڵک لەشۆڕشی باشور لەلایەک و ناکام مانی ئەرتەشی عێراق لە گەیشتن بە ئامانجەکانی تاکتیکی و ستراتیژی شەڕ، بوون بە پیکهینەری ئوردوگای رۆمادی.

## بارودۆخی سیاسی ئوردوگا:

بەدروستبوونی ئوردوگای رۆمادی بە هەزاران بنەماڵەی کوردی رۆژهەلات گوازرانەوە بۆ ئەوێ و ئەگەرچی ئەو خەڵکە لە زێد و نیشتمانی خۆیان دوورخرانەوە، بەلام هەرگیز پێوەندی نێوان خەڵک و شۆڕش دانەبڕا. ئەو ئوردوگایە بو بە بنکەیەک بۆ کاری سیاسی ریکخراوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان و ئیرانیش، وەک: حدکای ئەودەم، کۆمەڵە و خەبات، موجاهیدینی رەجەوەی، لقەکانی جۆراوجۆری چریکەخۆبەخشەکان!، سەڵتەنەتخۆازەکان و هتد. لەم پێوەندیەش دا بە سەدان کەس خەباتکاریان لێ هەڵکەوتوە و بەدەیان کەسیش گیانیان بەختی نیشتمان کردووە. لەهەمانکات ئەگەر خەڵکی ئەو ئوردوگایە لەباری سیاسیەوە باش بارنەهاتبن، گوناهی ئەوان نییە و رێکخراوەکانی کوردستانی لێی بەرپرسن. وەک وینە: لە دابڕانی یەکەمی حدکای جاران دا، ئەوە ئەو حیزبە بوو کە بە هاندانی دەستەیەک بەدژی دەستەیەکی دیکە لە ولاتپاریزان (لادەران)!؟ دەمارگرژی پەروەردە دەکرد. هەرئەو جۆرە پەروەردەیە بوو کە لە دوایین دابرانیش دا ناکۆکیەکانی بەڕیوەبەرانی حیزبی گواستەوە بۆ نێو جەرگەی خەڵک، بە ئوردوگانشینەکانی جاران و ئورۆپانشینەکانی ئێستاشەوە. ئیتر پروپاگەندەی دژی کۆمەڵەش کە نازناوی (پۆلپوتیان)!؟ لەسەر دانرابوو با بەو بانەوە بمینێ.

## بارودۆخی کۆمەلایەتی:

شک لەوە دا نییە کە مێژووی ئوردوگانشینی تایبەت بە کوردان نییە و ئەم رەوتە لە مێژە بەردەوامە. ئەوەی تاکوو ئێستا خوێندراوە یان بیستراوە، زیاتر باسی لایەنی (نەرینی) نیگاتیڤی ئوردوگایە و بەدەگمەن هەڵکەوتوە کە لایەنی ئەرینی (پۆسەتیڤ)ی باس کرابێ. هەربۆیەشە زۆر جار و لە کۆمەڵێک بواردا، ئوردوگا نشینەکان دەکەونە بەر هێرش و سەرەڕای ئەوەی بێڕێزیان پیدەکرێ، لۆمەش دەکرێن و تەنانەت وەک تانەوتەشەر بەدواکەوتوش پێناسە دەکرێن. ئەوە لەحاڵێکدایە کە بە دەگمەن هەڵکەوتوە کە خەڵکانیک لەسەر داوای خۆیان ئوردوگانشینیان هەڵبژاردبێ. بەتایبەت لە کوردستان دا کە ئوردوگاکان بەتێکڕا زۆرەملی بووە و داگیرکەران لەدروستکردنیان دا ئامانجیان بووە. ئەگەر بۆمێژووش بووە با دۆست و نەیار بزانن کە دانیشتوانی ئوردوگای زۆرەملی رۆمادی لەنێو جەرگەی عەرەبان دا، سەرەڕای ئەوەی کە خەڵکیکی هەژار،

بێدەرەتان و لێقەوماو بوونە لە هەمانکات دا لەباری ئیخلاقیەوە خۆشناو بوونە و ژیانیکی سەربەرزانەیان بووە و کەسایەتی خۆیان بەشێوەیەکی بەرچاو پاراستوە. ئەگەر بکرێ وێنەیەک لە میژووی باشی ئیخلاقی ئوردوگانشینی سەدەی رابردوو دەستنیشان بکەین، بێشک ئوردوگای رۆمادی لەوبارەوە سەرچڵە. لەوانەش بگەڕێتەوە، دانیشتوانی ئوردوگای رۆمادی تەنیا خەڵکی ناوچەکانی سەرپێڵی زەهاو، باوەجانی و قەڵخانی. جوانڕۆ و قەسری شیرین نەبوونە و خەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش لەوی ژیاون. ئینکاری ئەوە ناکرێ کە بەهۆی سیاسەتی لەپەراوێز هێشتنەوەی خەڵکی کوردستان لە لایان رێژیمەکانی داگیرکەرەوە، بە تایبەتی لەبواری پەروەردە و فێرکردنەوە، دانیشتوانی ئوردوگای رۆمادی کە زۆربەیان پێکهاتبوون لە خەڵکی ناوچەکانی سەلاس، داڵەهۆ، زەهاو... هێشتا بنەماکانی خێڵەکی بوون (عەشیرەیی) بەسەریاندا زاڵ بوو. بەڵام نابی لەبیرمان بچێ کە سیستمی بەڕێوەبەری لە وڵاتی عێراقیش کە بۆخۆی لەبنەڕەت دا خێڵەکی بوو، یارمەتی کرد بە بوژاندنەوەی خێڵایەتی.

## ئاکام:

پاش دابڕانی حدکای جاران، رەوتێکی ناسەردەمیانە و نالەبار بەدژی ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی ئەم حیزبە پەرەی سەند. رەوتی لیکترازان بوو بەهۆی پچڕاندنی بەشێک لە پێوەندیە ئاتیفی، تایبەتی و بنەماڵەییەکان. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ناکارئامە و شکستخواردوی بایکوت کردن. ئەم هەڵویستە ناکارئامە و ناسەردەمیانە کە دەبا خێڵێک بەدژی خێڵیکی دیکە لەبەریگرتبا، بوو بە سیاسەتی ناسراوی حیزبێکی سیاسی. دەبێ ئاسایی بێ کە ئەمجۆرە هەڵویستە شوینەواری خراپ لەسەر خەڵک دادەنێ و هەڵبەستنی لیتکە و پیتکەش چاوەڕوانکراو دەبێ. بەڵام خراپتر لەهەمووی ئەوانەش ئەوەیە کە ببێتە هەڵگری ناوێک کە هەرگیز نەبووی. وەک چۆن کۆمەڵە هەرگیز پۆلپوتی نەبوون و ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕش هەرگیز لادەر نەبوون، خەڵکی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش کە نیشتەجێ ئوردوگای رۆمادی بوون، هەرگیز خەڵکی رۆمادی نیین. ئەوان خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانن بەگشت کەموکۆڕیەکەوە کە هەیانبووە. کەوابێ بۆ هیچ حیزبێک و کەسێکیش نییە ئەوخەڵکە بکاتە قەڵخان بۆ داپۆشینی ناکارئامەیەکانی خۆی. بەوهیوایە کە ئەم وتارە توانیبێتی چمکێکی لەو هەموو نەهامەتیەی کە بەسەر ئەو خەڵکە دا هاتووە دەرخستبێت. لەهەمانکاتیش دا چاوەڕوانی لەو کەسانەی کە خۆیان بە پێشکەوتوو دەزانن زیاترە کە خۆ لەوجۆرە ناودێرکردنانەی هاووڵاتیانیان بپارێزن.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠١٠



سەرچاوە
Serchawe

# ئاوڕدانەوە لە مێژوویێکی تاڵی پارێزگای کرماشان

## بەشی یەکەم

بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی ناوەکی و دەرەکی و ڕێکخراوی سیاسی کوردستانی. بۆ تیشک خستنە سەر و ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکانی پاش شۆڕشی ١٣٥٧ و داهاتوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوو وتار لە دوو بەشدا پێشکەشی خوێنەران دەکرێ.

**بەشی یەکەم: "شورای یاوری تهیدستان" (شیت)،حجتیه مهدوی و میثم تمار چۆن دروست بوون، لە کێ پیکهاتبوون و ئەرکەکانیان چ بوون؟.**

**ئەلف:** "شیت" کورتکراوەی ڕێکخراوی" شورای یاوری تهیدستان"ە، کە یەکیک لە دامەزراوەکانی سەربە بنکەی مهدی مەوعۆد بوو. ئەم تاقمە لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٦ و بە ڕێبەری سەید موحەمەد سعید جەعفەری لە شاری کرماشان دامەزرا. جەعفەری لە ساڵی ١٣٣١ لە شاری قەسری شیرین لە دایک بووە. باوکی مۆچەخوەری گومرک لە شارۆچکەی خەسرەوی بوو. هەروەک بە ناوەکەیەوە دیارە ئەو موسوڵمانی شیعەیە و هەموو گرۆپەکەشی شیعە بوون. جەعفەری دیپلۆمی ڕیازی هەبو و کتێبخانەیەکی لە شاری کرماشان هەبوو. ئەگەر چی ئەو زۆر مەکتەبی و موسوڵمانیکی دەمارگرژ بوو، بەڵام بە هۆی کتێبخانەکەیەوە هاوڕێ و هاوگەپی چەپەکان، بەتایبەت چریکە فیدایەکان و تودەیەکان بوو. بەڵام لە هەمان کاتدا دوژمنی سوێند خواردوی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵە بوو. گرۆپی شیت بەپشتیوانی بێ ئەملاوئەولای بازاریان، دەوڵەمەندەکان و مەلاکان لە تاران، تەورێز و کرماشان دروست ببوو. ئەو کات ئاخۆند جەلیلی ئیمام جۆمعەو بەرپرسی حەوزەی علمیەی کرماشان بوو. بەڵام چوونکە دەنگوی ئەوەی لەسەر بوو کە هاوکاری ساواکە، زۆر پرسی پێ نەدەکرا.

**ب:** "حجتیه مهدوی"، ئەم گرۆپە پێوەندیەکی قووڵی لە گەڵ "شیت" لەشاری کرماشان هەبوو. ئەم حۆجەتیەیە لە لایان هەموو مەلاکانی ئێرانەوە پشتیوانی دەکرا. بەرپرسی گرۆپی "حجتیه مهدوی" لە کرماشان دەبیریک بو بە ناوی "صامت" کە بە سامتە شەل ناوبانگی دەرکردبوو. گرۆپەکانی شیت و حۆجەتیەی مهدوی پیکەوە هاوبیروباوەڕ و هاوتەدبیر بوون و هەموو هەڵسوکەوتەکانیان بە هاوئاهەنگی لە گەڵ یەکتر ڕێک دەخست.

**ت:** "میثم تمار"، بێجگە لە شیت و حۆجەتیەی مهدوی لە شاری کرماشان، تاقمێکی دیکەی هاوتەرتیبی ئەم گرۆپە بە ناوی "میثم تمار" لە شاری قسری شیرین پێک هاتبوو. حەسەن جەهانگیری بەرپرسی ئەم تاقمە بوو کە لە شاری سرەپێڵی

زەهاویش ئەندامیان هەبوو و دەستیان باش دەڕۆیشت. نێوان ئەم سێ گرۆپە هێندە کۆک بوو کە بە هاستەم لێک جوێ دەکرانەوە. لە ڕاستی دا گرۆپەکانی" شیت، حجتیەی مهدوی و میثم تمار" ، بە سەرکردایەتی سەعید جەعفەری، سامتە شەل و حەسەن جیهانگیری، هەم ڕێکخەر و هەم تێکدەری تەواوی میتینگەکانی شارەکانی پارێزگای کرماشان بوون. ڕێکخەر بوون بۆ داردەست و قوڵەچۆماخەکانی خۆیان، تێکدەر بوون بۆ ماباقی هێزەکانی دیکەی گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵایەتی ئەودەم. تێڕوانین و بیرکردنەوەی ئەم سێ تاقمە،" شیت، حجتیە مهدوی و میثم تمار"، لە سەر هێزەکانی چەپ و ڕاست وەک یەک بوو. بەڵام دژایەتیان لەگەڵ دیموکرات و کۆمەڵە زۆر زیاتر لەو هێزەکانی دیکە بوو.

**مۆرە سەرەکیەکانی گرۆپەکانی" شیت، حۆجەتیەی مهدوی و میثم تمار"، پێکهاتبوون لەم کەسانە:**

**سعید جعفری، اشک تلخ، سیدزادە، حسن دێزڵ، نوریان، ڕستم خانی، سادق کرم، عزتولا، صامت شەل، کەرمعلی، بهروز همتی، خەلیل کەرەم، حاجیزادە، مالکیان، حەسەن جیهانگیری، مصطفی، علی و مهدی پاکنژاد، ئازەربون، علیمیر کەرەمی، کازم احمدیپۆڕ، مورتضی پۆڕاحمدی، خیرالله اسکندەری، رضا مالکی، محمد کلبعەلی، مصی عەبدی، ئەمینی، یدلا پەڵاش، برایم کچل، داریوش ریزەوەندی،...**

سەرەتای دەستپێکردنی کاری ئەم تاقمانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٥٦، کە بە کوشتن و لەنێوبردنی بەهایەکان، یەهودیەکان و ئاڵکۆهوڵ فروشیەکان دەستی پیکرد. ئاگردانی سینماکان و ئەو جێگایانەی کە ئەوان بە بنکەی فەساد ناویان دەبرد، هێرشکردنەسەر ئافرەتانی بێ سەرپوش، تێکدانی کۆڕ و کۆبوونەوەی هێزەکانی چەپ و دێموکرات ئەرکی پێش شۆڕشی ئەم تاقمانە بوو. ئەم گرۆپانە بە گشتی سەر بە ڕێڕەوانی مهدی مەوعۆد بوون. لە یەکەم ڕۆژەکانی شۆڕشدا، تاقمی شیت بوون بە یەکەم باسکی دامەزرێنەری بنەمای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێستای ئێران لە پارێزگای کرماشان. هاندەر و پشتیوانی سەرەکی ئەمانە حوجەتیەی تاران بوو کە بە پشتیوانی پارەی ئاوهاوردوی بازاڕیە دەوڵەمەندەکانی تاران و تەورێز، پوشتەو پەرداخ دەکران. زۆری پێ نەچوو کە ئەم گرۆپە بوون بە خاوەنی چەندین باڵی لەشکری، سیاسی و فەرهەنگی. باڵی لەشکری شیت گەورەترین نەخشی هەبوو لە خەڵتان بە خوین کردنی خەڵکی شاری پاوەدا. هەر لە گەرمەی شەری پاوەدا بوو کە گرۆپی شیت بارەدۆخیان بە دەرفەت زانی و هۆرمزی گورجی بەیانی مامۆستای بەناوبانگی شاری کرماشانیان لە گەڵ دە کەسی دیکە لەو شارە دەستگیر کرد. بە هاتنی "ئاخۆندی حوجەتیەیی" سادقی خەڵخاڵی بۆ کوردستان، لە ڕۆژی ٢٨ ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ دا گورجی بەیانی و دە کەسی دیکە بوون بە یەکەم قوربانی سیاسەتی شیعیسم و شیتیسم. تاوانێک کە ئەوکات درایە پاڵ گورجی بەیانی و هاواڵەکانی، یارمەتی گەیاندن و هاوکاری لە گەڵ دژەشۆڕش لە کوردستان و بەتایبەتی شاری پاوە بوو. پاش سەرکوتکردنی خەڵکی پاوە و لە ڕێگای گەڕانەوەدا بەرەو کرماشان، ماشینیکیان کە پر بوو لە شیتەکان لە هەورازێک دەکەوێتە خوارەوە کە هەموویان دەکوژرێن. دەنگوی ئەوش هەبوو کە ئەو ماشینە بە ئەنقەست لە لایان سەعید جەعفەریەوە هەڵدێراوە. هۆکارەکەشی دەبێ ناکۆکی نێوان دوو جۆر



سەرچاوە Serchawe

بیرکردنەوە لە سەر کوشتاری خەڵکی پاوە بۆبێ. بە گەڕانەوەی جەعفەری بۆ کرماشان، گەلاڵەی دانانی شەوی دۆعا خوێندن دەستپێ دەکا و هەر ئەودەم یەکەم دەستەکانی گەڕۆکی بە ناو "امربە معروف و نهی از منکر" دادەمەزرێ. بەمجۆرە و بە شێوەیەکی سازماندراو ژمارەیەکی زۆر لە گەنجەکانیان بە پڕوپاگەندەی بەرەو بەهەشتی بەرین، لە دەوری خۆیان کۆ دەکردەوە. لەو سەردەمەدا ئەشرەفی ئیسفەهانیش بە حوکمی خومەینی ببوە ئیمام جومعەی کرماشان و ئاخوند جەلیلیش نێردرایە شاری نەجەف.

جێگای باسە کە جەلیلی پێشتر تۆمەتی ئەوەی لەسەر بوو کە هاوکاری ساواکی کردوە، هەربۆیە ڕەوانەی شاری نەجەف کرا. شەڕی کوردستان هەڵگیرسابوو و شیت پەیتا پەیتا گەنجەکانی شیعەی کۆ دەکردنەوە و سەرەڕای ئەوەی سازمانی دەدان، پۆشتە و پەرداختی دەکردن بۆ شەڕ. لە نێو شاریش بەدەیان کەس لە شۆڕشگێڕانی کورد لە کرماشان لە لایان ئەم تاقمەوە گیران و لە نێو براردان. گیانبەخت کردو کەماڵی دەباغی ئەندامی چالاک و بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کرماشان، یەک لەو شۆڕشگێڕانە بوو کە لە ساڵی ١٥٥٩ - ١٩٨٠ لە لایان ئەم تاقمانەوە گیرا و هەر ئەو ساڵەش لە سێدارە درا. بێجگە لەوەش مەلاکانی تاران چەندین کەس لە هەرە دەمارگرژترین کەسەکانی خۆیان لە مێزەربەسەر و بێ مێزەرە، ناردە کوردستان، بەتایبەت کرماشان. هەرە گرینگترینیان بریتی بوون لە: ئەبوو شەریف پلاندانەری شەڕ. چەمران فەرماندی شەڕ. مەجید حەداد عادل برای غلامعەلی حەداد عادل سەرۆکی ئێستای مەجلسی ئێران، حاجی تاماسبی،حاجی بابایی، مۆحبی قۆمی، نمازی و زۆر کەسی دیکە. شەڕ بە چەندین شیوە بەردەوام بوو. خەڵخاڵی لەو سەفەرەی کە لە کرماشانەوە بەرەو قەسری شێرین کردی، ژمارەیەکی زۆری لە خەڵکی ناوچە لە سێدارە دان. بە هاتنی حاجی تاماسبی وەک فەرماندەی ناوچەکانی کرندی خۆرئاوا، سەرپێڵی زەهاو، گێلانی خۆرئاوا، قەسری شیرین، سەلاسی باوەجانی، داڵەهۆ و گۆران، کوشتاریکی عەلی ئاسای وەڕێ خست. بەشێک لەو گوندانەی کە هێرشیان کرایە سەر و دانیشتوانەکەی قەلاچۆ کران بریتین لە: کفراوڕ و سەگان لە ناوچەی سرەپێڵی زەهاو و گێەلانی خۆرئاوا، تەپانی و پشتماڵە لە پشتەنگی زەهاو، قۆچیباشی لە بێوەنیژ، قەلاباڕی و دنگی لە باندالاهۆ، خوایار مەڵک لە دالاهۆ و زەردە لە بانزەردە و زۆر شوێنی دیکە. ئاخۆند مۆحبی قۆمی ئیمان جومعەی سەرپیڵی زەهاو و ئاخۆند نمازیش ببوو بە پەرپرسی داداگاکانی شۆڕش. مەجید حەداد عادل برای غلامعلی حەداد عادل کرابووە ڕاویژکاری ئەمنیەتی پارێزگای کرماشان. ناوچەکە بە گشتی ببوو بە قەسابخانەیەکی بێ دەرووچ بۆ ڕمبازێنەکانی حوجەتیەکان و مهدی مەوعۆدیەکان. لە پەیوەندی لە گەڵ شەڕی داسەپاو لە کوردستان دا، هەر لە سەرەتای فۆناخی شەڕەوە بۆ فەرماندەکانی شەڕ دەرکەوتبوو کە بۆ خۆیان شەڕی کوردستانیان پێ ناکرێ. شیت بە سەرکردایەتی جەعفەری و بە یاوەری چەمران کاتیک زانیان کە ئەحمەدی مۆفتی زادە دژی خودموختاری و هێزەکانی کوردیە، لە دانیشتنیکی نێوان فەرماندەکانی ئەودەمی شەڕدا، بابەتی پەیوەندی گرتن بە مۆفتی زادەوە تاوتوێ دەکەن. هەر ئەودەم پەیوەندی بە مۆفتی زادەوە دەکەن و دەرئەنجامی دەبێتە دروستبونی پێشمەرگەی موسۆڵمان!. پەیرەوانی مۆفتیزادە بە هاوکاری خانەکانی ناوچەی دیواندەرە و سەقز گۆڕەپانی چالاکیەکانیان بەربڵاو دەکەنەوە و خەلیل مەلکی


سەرچاوە Serchawe

دەبێتە هەڵسوڕێنەری ئەو ئەرکە لەو ناوچانە. لەوسەروبەندە دا سوپای هەوتی ڕۆژئاوای وڵات کە بەشی زۆریان هاندراوەکانی ڕێگای بەهەشت بوون دادەمەزرێ و بە حوکمی موحەممەدی بروجردی لە تارانەوە، سەعید جەعفەری بەرپرسی هەموو شیتەکان دەبێتە یەکەم فەرماندەی ئەو سوپایە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. نابێ لە بیرمان بچێ کە تاقمی شیت لە گەمارودانی پادگانی سنەدا دەوری بەرچاویان گێڕاوە. بە دەرچوونی فەرمانی خەزا بە دژی خەڵکی کوردستان لە لایان خومەینیەوە، خەزا گێڕانی گەنجی شیعە بە جلوبەرگی تایبەتی لەشکری و ناوچاوانی داپێچراو بە پارچەی ڕەش و سەوز، کە ڕێبوارانی مهدی و حوسەینیان پێوە نووسرابوو، بە بەربڵاوی دەست پێ داکا. بێجگە لەوەش بە پێشنیاری شیتەکان، یەکەم تاقمی خۆشکانی زەینەب( خواهران زینب) پیکهاتو لە کچانی شیعە لە کرماشان دادەمەزرێ کە بەشێکیان دەبنە سەربازانی وناوی مهدی و ئەرکی سیخوری بۆ شیت و سوپا وەئەستۆ دەگرن و لە تیمارکردنی برینداەرەکانی شەڕی کوردستانیش دا بەشدار دەبن. لە سەرەتای ئەم قۆناخەدا پێشمەرگەی موسوڵمانی مۆفتی زادە بە پشتیوانی ڕێژیم و هاوکاری تاقمەکانی لەشکری و فەرهەنگی سیاسی شیت، شەڕی براکوژیان لە کوردستان گەیاندە لوتکە. بێجگە لەوانەش گرۆپیک لە باڵی لەشکری شیت بە هاوکاری مۆفتیزادە نێردرایە شاری مەهاباد.

کاری ئەم گرۆپە ناسینەوەی بەرهەڵستکاران بەتایبەت دێموکرات، دانانی دووبەرەکی، ئامادە کردنی کاتی لەبار بۆ سەرکوتی بە پلان، نانەوەی ڕایەڵکەی سیخوڕی و دروستکردنی گرۆپەکانی چەکدار بە هاوکاری سەرۆک عەشیرەکان و ئاغاکان، .. . شیت کە پارەی بە لێژاویان لە لایان حوجەتیە و بازاڕیە دەوڵەمەندەکان و ئیمام جۆمعەکانەوە پێ دەگەیی، لە بوارەکانی سیاسی، لەشکری و فەرهەنگیەوە زۆر گەشەی کرد. سەرکەوتنی گەورەی شیت لە شەڕی کوردستان دا کاتێک دەستەبەر بوو کە پێشمەرگەکانی موسوڵمانی مۆفتیزادە ببوونە چاوساغ و قەڵخانی گیانی جەعفەری و لەشکرەکەی، واتە سوپای هەوتەمی ڕۆژئاوای وڵات. بەرلەوەی شەڕی ئێران- عێراق دەست پێ بکا، شیت ئیتر وەک گرۆپ نەمابوو و هەموو دەسەڵاتەکانی بەتایبەت لە پارێزگای کرماشان بۆ خۆی دەستەبەر کردبوو. بێجگە لەوەش شیت پەلوپۆی هاویشتبوو بۆ پارێزگاکانی ورمێ، ئیلام و سنە. لە ساڵی ١٣٦٠ و کاتێک کە دەرگای زانستگەکان داخرنا، گۆڕەپانی ڕمبازێنی بەشی سیاسی فەرهەنگی شیت بەرتەسک بوەوە و هەر ئەم هۆکارەش بو بە هۆی ئەوە کە شیت بە هەموو پیکهاتەکانیەوە خۆی بخزێنێتە نێو کۆمیتەکان، دادگاکانی شۆڕش و سوپای پاسداران و،...

بەندیخانەی کرماشان بڕابووە بەر نوریان و حەسەن دێزڵ و ڕۆستەمی و ئەم کەسانە ببوونە ئەشکەنجەکەرەکانی ئەم بەدیخانەیە. هەربۆیەشە هەرچی ڕۆڵەی دیموکرات و کۆمەڵە سەری لە زیندانی دێزڵ ئاوای کرماشانەوە دەردێنا، ڕزگار بوونی ئاسان نەبوو. چوونکە هەروەک لەسەرەوە ئاماژەی پێ دراوە، دوژمنی سەرەکی ئەوان ئەم دوو حیزبە بوو. کۆمیەکان و سوپا بەدەست ئەشک تەڵخ، حەسەن جەهانگیری، سامت، کەرەمعەلی، سەیدزادە، سادق کەرەم، عزەتوڵا، مالکی و حاجیزادەکانەوە بوو. بەڵام مەلاکانی تاران چاوی دیتنی ئەو تەرکیب و سازماندەهیەیان نەبوو زۆربەی پۆستە

گرینگەکانیان گێڕاوە بۆ هەناردەکانی تاران کە بەشێکیان پێکهاتبوون لە: ئەشرەفی ئیسفەهانی، مەجیدی حەدادی عادڵ، ئەبوشەریف، چەمران، موحبی قۆمی، نمازی، حاجی تاماسبی، حاجی بابایی و دەیان حاجی و مەلای دیکە. لەم قۆناخە دا جۆرێک لە بەربەرەکانێ لە نیوان خۆماڵیەکان و نێردراوەکانەوە دەستی پیکردبوو. بە دەستپێکردنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق و داگیرکرانی شاری قەسرێ شیرین لە لایان لەشکری عێراقەوە، گرۆپی "میثم تمار" بە سەرکردایەتی حەسەن جیهانگیری چوونە کرماشان و لە گەڵ شیت و حوجەتیە بە ڕێبەری جەعفەری و سامت، بەرەیەکی ناڕەسمیان پێک هێنا، کە مەبەستی سەرەکیان شەڕ دژی هێزەکانی نەیار، بەتایبەت دیموکرات و کۆمەڵە بوو. لێرەش شەڕ خێریکی دیکەی بۆ مەلاکانی تاران بەدواوە بوو. ئەوان زۆر ژیرانە بەشی هەرەزۆری شیتەکانیان خەریک کرد بە شەڕی کوردستان و عێراقەوە و بۆ خۆیان بوون بە خاوەنماڵ. مەجیدی حەدادی عادل برای غۆلامعەلی حەداد عادڵ، کە ڕاوێژکاری (مشاور) ئەمنیەتی پارێزگا بوو، لە هێنانی مۆرەکانی هاوردە لە تارانەوە و پشتیوانی کردنیان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. ، سەیدزادە کرابووە بەرپرسی گشتی پەروەردەو فێرکردنی کرماشان کە پاشان بو بە نوێنەری مەجلیس و لە ڕاستیدا لە دەسەڵاتی ناوچە دوور خرایەوە و دوایش کوژرا. سامتە شەل کرا بە پارێزگاری زەنجان و دواتر کرا بە ڕەئیسی دۆخانیاتی تاران کە بە دزیەکی چەند میلیونیەوە گیرا. بەڵام هەرچوون بو لە کرماشان دوریان خستەوە. لەم قۆناخەدا شیت پەلوپۆی هاویشتە پارێزگای ئیلام و لەوێش ڕەشەکوژی و کوشت و بڕ چووە قۆناخێکی نویەوە. هەرئەودەم لە ساڵی ١٣٦٠، کەسێک بە ناوی داریوشی ڕیزەوەندی کە یەکەێک لە مۆرە هەرە بەرچاوەکانی مۆجاهدینی خەڵک بوو و لە لایان ئەم گرۆپانەوە دەستبەسەر کرا. ناوبراو تۆبەی کرد و دواتر لە بەندیخانە ئازاد کرا و بو بە فەرماندەری گرۆپی شکار و ڕاودۆنان لە پارێزگاکانی کرماشان، سنە و ئیلام. بەسەرنجدان بەوەی کە بەشێکی بەرچاو لە بەرهەڵەستکارانی بەچەپ و ڕاست و دیموکرات و کۆمەڵەوە دەناسی، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە قەلەمەلارکردنی ئەوان دا گێڕا. بە دوای ئەوەدا بنکەی ئەنجومەنی لاوانی موسوڵمانی مۆجاهیدینی خەڵک لە شاری ئیلام کرا بە ناوەندی فەرهەنگی سۆپای پاسداران، کە نەخشێکی داپلۆسێنەری لە بە مەکتەبی کردنی گەنجانی شاردا هەبوو. بێجگە لەوەش بنکەی دادگای شۆڕشی ئیسلامی شاری ئیلام کرا بە ناوەندی کۆکردنەوەی شیتەکانی حجەتیەیی بە سەرپەرستی" ڕەوشەن، عەلی ئازاد و تەعمیرکار. بەمجۆرە" شیت، حۆجەتیەی مهدوی و میثم تمار"،بە پشتیوانی مەلاکانی تاران، بازاریەکان و ئیمام جومعەکان، ڕۆڵی سەرەکیان گێڕا لە سەرکوتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەوجۆرەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ دراوە، بە هاتنی مۆرە ناردراوەکان لە تارانەوە و بە دەستپێکردنی شەڕی نێوانی دوو وڵاتی ئێران و عێراق، پاکانەحیسابی ئەم تاقمانە لەگەڵ یەکتر دەستی پیکرد، کە لە ڕاستی دا لە تارانەوە ڕێبەری دەکرا. جوانم لە بیر نیە چ ڕۆژێک، بەڵام سەعید جەعفەری کە بە حوکمێکی موحەمەدی بروجردی ببوە فەرماندەی سۆپای هەوتم لە کوردستان، بە حوکمیکی مهدی هاشمی، ئەو پۆستەی لێ ئەستێندراوە. کە دواتر هەر ئەو پاکانە حیسابانە بۆ بە هۆی ئەوەی کە سۆپا گەڵاڵەی تاوانیکی بۆ مهدی هاشمی یار و نیزیکی خۆمەینی دارڕژاند و ئەوەش بوو کە لە ساڵی ١٣٦٥ لە زیندانی ئووین لە سێدارە درا. لەم پاکانە حیسابانەدا و لە ساڵی ١٣٦٢ کە هێشتا وەزارەتی ئیتلاعات بە فەرمی دانەمزرابوو، سەعید جەعفەری، مەجید حەداد عادل ، سەیدزادە، نمازی، ڕیزەوەندی و زۆری دیکەیان کە گرینگترین مۆرەی ئەم تاقمانە بوون،



سەرچاوە
Serchawe

لەێرە و لەوێ کوژران. سەیریش لەوەدا بوو کە هەر هەموویان بە ڕواڵەت لە پیکداداني ماشیندا لەنێو چوون. لە حاڵێکدا ڕای خەڵک لەسەر ئەوانە بە جۆرێکی دیکە بوو. بە دروست بوونی وەزارەتی ئیتلاعات لە ساڵی ١٣٦٢ دا، ژمارەیەک لە شیتەکان، حوجەتیەیەکان و میثم تماریەکان کە پشتیوانی بێئەملاوئەولای بەشێک لە سۆپای پاسدارانیان لە پشت بوو، بوونە ئەندام و مۆچەخۆری ئەو وەزاتە و کوشتوبڕیان بە شێوەیەکی نوێ دەستپێ کردەوە. تاقمەکانی شیت، میثم تمار و حوجەتیەی مەهدەوی کە هەموویان لە ژێر چەتری ئایدیولۆژی ئایینی ئیسلامی شیعی و مهدی مەوعۆد دا چالاکیان دەنواند، توانیان بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی ئایینی خەڵک، بە زەبری چەقۆ، شمشێر، قەمە و پاشانیش چەک، ببنە ئەکتەرەکانی سەرەکی گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵایەتی و لەشکری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا. ئایدیولۆژی و تیۆری ئەوان کە تیکەڵێک بو لە شیئیسم و شیتیسم ئایینی، لە ڕاستی دا پلانیک بو کە لە تارانەوە و لە لایان مەلاکانەوە دارڕژابوو. ئەرکی ئەم تاقمانە بە گشتی بریتی بوون لە: دامرکاندن و سەرکوت کردنی بزوتنەوەی خەڵکی کوردستان لە بەشی ڕۆژهەڵات، تەفروتونا کردنی هێزەکانی دیکەی بەرهەڵستکار لە کوردستان، دابەزاندنی یاساکانی ئیسلامی شیعی و تیئوریزە و پراکتیزە کردنی بە کردوەی. ئایدیلۆژی ئەمانەش هەروەک هی خودی سیستمی کۆماری ئیسلامی، شیئیسمی فاشیستی تیکەڵ بە شیتیسمی پاوانخۆازی بوو کە دژی هەرچەشنە بیروباوەڕێکی ئازادیخۆازانە بوو.

لەم بەشەدا تا ڕادەیەک ڕوونمان کردوە کە ئەم تاقمانە بە یاوەری و هاوکاری مۆفتیزادە و پێشمەرگەی موسۆڵمانەوە هەرکام بە ئایدیولۆژیای تایبەتی خۆیانەوە، چ ڕۆڵێکیان لە قەلاچۆ کردنی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان گێڕاوە. ڕووداوێکی خویناوی کە دەبێ کوردی ڕوژهەڵات بە گشتی و ڕێکخراوەکانی سیاسی بەتایبەتی، ئەزموونی لێ وەربگرێ.

## ئاوڕدانەوە لە مێژوویێکی تاڵی پارێزگای کرماشان

### بەشی دووهەم:

بەشی یەکەمی ئەم وتارە ئاماژەیەک بو بە مێژووی" شورای یاوری تهیدستان"،(شیت)، حجتیە مهدوی و میثم تمار" و ڕۆڵی ئەو تاقمانە لە کوشت و بڕ و تۆقاندن، لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و پارێزگای کرماشان بەتایبەتی.

لەم بەشەدا هۆکارەکانی خۆڵقانی ئەو گۆڕەپانە بەرینە بۆ تۆندئاژۆی ئایینی و پاوانخوازی، پیکهاتە ئایینیەکانی دانیشتوانی پارێزگای کرماشان و ناکۆکی و جیاوازیەکانیان، پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی و رۆڵی دوو بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی، ئاماژە دان بە خاڵێکی هاوبەش و بەهێز بۆ پوچەڵکردنەوەی پیلانەکانی داگیرکەران، لە گەڵ تێڕوانینێکی کورت دەخرێنە بەر دیدەی خوێنەران.

بەسەرنجدان بە پێگە و جێگەی شاری کرماشان، بەتایبەتی لە باری مێژووییەوە، کە کۆنترین شوێنەوارەکان و ئاسەوارەکانی بە درۆ ناسراوی( تحریف شده) پارتەکانی (پارسەکان) لێ هەڵکەوتۆە، ئەم پارێزگایە لە لایان پانئێرانیستەکانەوە سەرمایەیەکی زۆری بۆ تەرخان کراوە تاکوو هەستی نەتەوەیی تێدا لاواز بکرێ. لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەت-نەتەوە و یەکدەستکردنی گشت پیکهاتە نەتەوییەکان لە ژێر ناوی ئێران و ئێرانی لە لایان ڕەزاشاوە و کوڕەکەیەوە، بە سەدان کتێب لە لایان مەزنیخۆازەکانەوە لە بۆ ناساندنی ئەم سەرزەویە وەک سەرزەوی پارس کە هەمان فارس بێ، چاپ و بڵاو کراونەتەوە. ئەمە بە نۆرەی خۆی تاڕادەیەک شوینەوارێکی نەرینی لەسەر خەڵکی ئەم بەشە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانابوو و هێشتاش بە شیوەی پچڕپچڕ تاڕادەیەک بەردەوامە. پاش شۆڕشی ٥٧ و بەدەسەڵات گەیشتنی مەلاکان، دوو دیاردەی فرە ئاڵۆز و مەترسی دار یەکیانگرت و بارودۆخێکیان خۆڵقاند کە گۆڕەپانی ڕمبازێنی توندئاژۆی گەیاندە خۆهەڵقورتاندن لە ژیانی ڕۆژانەی تاک و کۆمەڵ. کاتێک پانئێرانیسمی مەزنیخۆاز بە هەموو پێکهاتە و توێژەکانیەوە تێکەڵ بە شیعیسمی دەمارگرژ بوو، خرابترین ڕۆڵی لەسەر پیکهاتە یان دانیشتوانی پارێزگای کرماشان و ئیلام گێڕا. لە کەس شاراوە نییە کە پارێزگای کرماشان ئاڵۆزترین ناوچەی ئەم چوارچیوە جوغرافیەیە کە بە (ئێران) دەناسرێ. یەکەم ئەوەی کە سنووریکی دوورو درێژ و دەستکردی لە گەڵ وڵاتی عێراق هەیە و بە دایم لەو سنوورانە شەڕ بەردەوام بووە. ئەمە بۆ خۆی باردۆخێکی خۆڵقاندبوو کە گەورەترین دامەزراوەکانی سەرکوت، وەک پادگانەکان و هێزی لەشکری، دەسگا هەواڵدەری و سیخۆڕیەکان، هێزەکانی ژاندارمە و سۆپای پاسداران، هەم لە کاتی دەسەڵاتی هەمەڕەزا و پاشانیش کۆماری ئیسلامی لەم پارێزگایە جێگیر بکرێن. دیارە ئەمە بۆ خۆی لیکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێ و جێگای لەم وتارەدا نابێتەوە. دووهەم خاوەن چەندین کانگای ژێر زەوی و سرووشتییە کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ئابووری وڵات هەیە و یەکێک لە ڕێگا گرینگەکانی نێودەوڵەتی لەوێەوە تێپەڕ دەبێ. سێهەم لە هەموو ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی دا قورسایی تایبەتی خۆی هەبووە و لە زۆربەک لە ئاڵوگۆڕەکانی هەریمی و گشتیش دا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە. وەک سردەمی مەشرۆتە خۆازی، سەرەتای شۆڕشی 57 و ڕۆڵی گرۆپە فاشیستی یەکان و ئێستاس بابەتی ڕیفورمخوازی. بێجگە لەوانەش کە هەرکامیان گرینگی تایبەتی خۆیان هەبووە، کوردستانی بوونی ئەم مەڵبەندە هێندەی دیکەش بارگرانی خستۆەتە سەر و لێرەش هەم بۆ کورد وەک گەورەترین شار و دەوڵەمەندترین ناوچەی کوردستان بایخی هەبووە و هەیە، هەم وەک بەشێک لە لاشەیەکی گەورەتر بەناوی (ئێران) قورسایی خۆی هەیە. کەوابی لە خۆڕا نییە کە نەتەوەی باڵادەست ئەو هەموو سەرمایەیەی بۆ تێکدان و تێک هەڵپێژراندنی تەرخان کردوە. ڕۆڵی ئایین و ئایینزاکان لەم کۆمەڵگایە:

جێگای یەکە بە دوو کردن نییە کە ئایین و مەزهەبەکانیش یەکێک لە کیشە هەرە ئاڵۆزەکانی ئەم بەشە لە کوردستانە کە ڕۆڵی نەرینی خۆی هەبووە و بەمزوانەش کۆتایی پێ نایە. ئەگەر وایە کە جێگای شک نییە، دەبێ پێناسەیەکی ئەوانیش بکەین. لەم مەڵبەندەدا چەندین پێکهاتەی ئایینی و کولتۆری هەن کە بەدایم لە دۆخێکی ئاڵۆز وناکۆکی دا ژیاون. لە گەردەنەی ئەسەدئاوا وە کە ئێستا بەشێکە لە پارێزگای هەمەدان، تاکوو شارۆچکە خوسرەوی و سنووری دەستکرد کە



سەرچاوە
Serchawe

مەوداکەی نیزیک بە ٤٠٠ کیلومیترە، بەشێکی بەرچاوی دانیشتوانەکەی پێکهاتوە لە کوردە یارسانیەکان. دانیشتوانی شارو شارۆچکەکانی هەرسین و ئەسەدئاوا، کەنگەوەر و چەمچەماڵ، سەحەنە و جوینئاوا، بێستون و کرماشان، کۆزەران و هارونئاوا و کرند، گاوارە و گوران، قەڵخانی و سەرپێڵی زەهاو، قەسریشیرین و سنجاوی، خوسرەوی و نەوتشار، لە گەڵ دەیان شارۆچکە و سەدان گوندی دیکەی ئەم مەڵبەندە یان تیکەڵاون،

یان بە گشتی یارسانین. هەمووانیش دەزانن کە یارسانیەکان موسوڵمان نین و لە گەڵ فەلسەفەی بوونی کۆماری ئیسلامیدا لە ناتەبایەکی یەکجار قووڵدان. لە کرماشانەوە بەرەو قازانچی و ڕوانسەر، پاڵنگان وجوانڕۆ، باینگان و پاوە و نەوسۆد، تازەئاوا و سەلاسی باوەجانی، سەرپیڵ و دەشتی زەهاو، قەسریشیرین لەگەڵ دەیان شارۆچکە و سەدان گوندی ئەم مەڵبەندە دیسان یان بە گشتی، یان تیکەڵاویکی پچڕ پچڕ، پیکهاتون لە کوردەکانی بە ئایین موسوڵمانی سونە. ئەمانیش لە باری ئایینیەوە نە لە گەڵ فەلسەفەی شیعیسم تەبان، نەش لە گەڵ یارسانیەکان. لە نەوتشارەوە بەرەوە گێلانی خۆرئاوا، قەسریشیرین و سەرپیڵی زەهاو، دەشتی بشیوە و قەلاشاین، سیەسیە و دەشتی هارونئاوا، دەشتی مایەشت و کرماشان، بێستون و سۆنقری کولیایی، هەرسین و تویسرکان، کەنگەوەر و ئەسەدئاوا لە گەڵ دەیان شار و شارۆچکە و هەزاران گوند، دانیشتوانەکی پیکهاتوون لە کوردەکانی بە ئایین موسوڵمانی شیعە و لە زۆر جێگاش تێکەڵن. لێرەش فەلسەفەی وجودی شیعیسم نە لە گەڵ یارسانیەکانی ناموسوڵمان و نەش لەگەڵ موسوڵمانەکانی سونە، چ نێوانیکیان نیە و بەدایمیش لە ئاڵوزی و مشتومڕدا بوونە. ئیتر باسی زەردەشتیەکان، مەسیحیەکان، یەهودیەکان، بەهایەکان، کەلیمیەکان و ئایین و ئایینزاکانی دیکە بەو بانەوە بمینێ. لە تاریف دەربچێ مێژووی ئەم پارێزگایە پڕە لە پیکدادانی نێوان ئەم پێکهاتە ئایینیانە. شەڕ و دووبەرەکی و بەدەیان ڕووداوی تاڵ متمانەی لە پیکهاتە ئایینیەکان سەندوەتەوە. ئەو ڕووداو و هۆکارانە هەرکامە و بە نۆرەی خۆیان شوێنەواری نەرینیان لەسەر ئەم پیکهاتانە داناوە و تاڕادەیەکیش هەستی تۆڵە ئەستاندنەوە لە ئارادا بووە. بە هەستپیکردنی بەو هۆکارە مەترسیدارانە کە پێشبینی کردنیان هێندەش هاستەم نین، دەگەینە ئەو ئاکامە کە هەم باوکی تاجدار و هەم باوکی مێزەرە، بیانوی دەرەکی و نێوخۆیان بۆ لاوازکردن و شوردنەوەی هەست و بیری نەتەوەیی دانیشتوانی ئەم بەشە لە وڵاتەکەمان هەبووە.

## پیلانەکانی ئێستای ڕێژیم:

کۆماری ئیسلامی بە هاندان و یارمەتی کردنی گرۆپەکانی بناوەژۆی ئایینی لە بەشیکی بەرچاوی ڕۆژهەلاتی کوردستان و بەتایبەتی لە پارێزگای کرماشان کە زیاتر موسوڵمانانی سونە دەگرێتەوە، تەواوی تواناکانی خۆی خستوەتە گەڕ بۆ چەندین ئامانج. یەکەم مەبەستی ڕێژیم لەم پێوەندیە دا کە ستراتیژیک دێتە بەرچاو، بەرەوڕووبوونەوە لە گەڵ هزر و بیری نەتەوەییە کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە گشتی و پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام بەتایبەتی، ڕووی لە گەشە

سەندندایە. مەبەستی دووهەمیان ڕووبەڕوکردنەوەی ئەو گرۆپە بناوەژۆانە لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردیە کە ڕزگاری نەتەوەیی- نیشتمانی، لە گەڵ دێموکراسی و سکولاریسمیان وەک بنەماکانی ژیانێکی ئارزۆمەندانە هەڵبژاردوە. کە ئەمە دەکرێ وەک تاکتیک حیسابیان لەسەر بکرێ. مەبەستی سێهەمیان پەرەپێدانی ناکۆکی و لەبەرانبەر یەک ڕاگرتنی کوردەکانی شیعە و سونی و یارسانیە، تاکوو پێشگیری بکەن لە نیزیک بوونەوە و هاوکاری نێوان ئەم پێکهاتانە کە هەموویان لە پانتاییەکی بەرین دا یەک دەگرنەوە، کە ئەویش پانتایی نەتەوەییە. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێجگە لەو مەبەستانەش کە لەسەرەوە باس کران، ئامانجی دیکەشی لە بەهێزکردنی بناوژۆی ئایینی لە کوردستان هەیە کە دەبێ ئاوڕی لێ بدرێتەوە.

## دوو بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی و دروستکردنی ڕێکخراوی ئایینی:

ئێمە دەزانین کە سەدان ساڵە شەڕی دەسەڵات و ململانێ لە نێوان دوو بیرۆکەی لێکجیاوازی موسوڵمانان دا لە ئارا دا بووە. ئەم بیرۆکانە ئێستا ڕواڵەتی ئایدولۆژی کۆنی گۆڕیوە و وەک ئیسلامی سیاسی بۆتە ئەکتەرێکی ناسراوی گۆڕەپانی سیاسی، کە لە ململانێ یەکی خەست و خۆڵدان. ئەم بیرۆکانە کە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان پێیان ناوەتە قۆناخیکی نویەوە کە ناسینەوەیان گەلێک سانایە و لەم پێوەندیەش دا دەتوانین بە بەڕاشکاوی بڵێین کە ئێستا شەڕێکی ڕانەگیاندراوی گشتگیر لە نێوان ئەم بیرۆکانەدا لە پەرەسەند دایە. واتە شیعیسم بەڕێبەرایەتی مەلاکانی شیعە لە ئێران و سونە بە ڕێبەرایەتی دەوڵەت و بناوەژۆەکانی سعودی. هەربۆیەش بەشی یەکەمی ئەم وتارە بە ناساندنی گرۆپەکانی فاسیستی ئایینی و ڕۆڵی ئەوان لەم کۆمەڵگایە دا دەستپێیکرد. چوونکە مەبەستی سەرەکی ئەم وتارانە تەنیا بۆ ناساندنی گرۆپە توندئاژۆەکان و دەستنیشانکردنی هۆکاری لاوازیەکان،جیاوازیەکان و ناتەبایەکانی کۆمەڵی خۆمان و ڕۆڵی دەسەڵاتی فاشیستی ئایینی و شۆڤێونیستی مەزنیخۆاز نییە. لەڕاستی دا ئامانجی سەرەکی ئەم وتارانە چوونە نێو قووڵایی ئەو دیاردە ترسناکەیە کە هەر لە ئێستاوە دەبی بە دور لە هەموو چەشنە دەمارگرژیەکی ئایدولۆژی، ئایینی یان سیاسی و ڕیکخراوەیی، چارەسەرێکی ژیرانەی بۆ بدۆزرێتەوە. بەسەرنج دان بە پیلانگێڕی داگیرکەران و ئەو بۆشاییانەی نێو کۆمەڵگای خۆمان کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێ دراوە، دەبێ بێینە سەر ئەو برِوایە کە هەر هەڵەیەک هەرچەند چۆکەش بێ، دەتوانێ بە نرخێکی گران لە سەرمان تەواو بێ. ئیمە لەو ڕاستیە بە ئاگاین کە هیچ هێزێک نیە بتوانێ یەکگرتوی ئایینی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک بێنێ. چوونکە فەلسەفەی ئەو ئایین و مەزهەبانە نە دەتوانن یەکتری قبووڵ بکەن، نەش دەتوانن لە ژێر چەتری ڕێکخراوێکی هاوبەش دا کۆ ببنەوە کە چاوەڕوانی فتوایان لێ بکرێ. لێرەش مەبەست نە درۆشم دانە، نە توند ئاژۆی سیاسیە، نەش لە ڕێشەدانی ئایینە. بەڵکوو ئەوە دانپێدانان بە مێژوویەکی ڕاستەقینەیە کە یەکگرتوی ئایینی یەکێک لە نەکراوەکانە کە خەونیشی پێوە نابینرێ. ئیمە وەک کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر نەتوانین ئەزموون لەو مێژووە خوێناویەی ئەو گرۆپە فاشیستی و ئایینیانەی پارێزگای کرماشان وەرگرین، خۆ بە لانی کەمەوە دەتوانین دەرسێک لە

ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی وڵاتی عێراق و باشوری کوردستان وەربگرین. چوونکە بەو پێناسەوە کە لەسەرەوە کردمان، بۆمان دەردەکەوێ کە پارێزگای کرماشان بۆ خۆی هیندوستانێکە لە ئایین و ئایینزا. ئێستا کە ئاماژەمان بە بەشێکی بەرچاو لەکێشەکانی کۆمەڵگای خۆمان داوە و ئەوەشمان ڕوونکردۆتەوە کە بۆشایی بۆ دەست تێ وەردانی ناوەکی و دەرەکی لە ئارادایە، بۆچی و بە چ مەبەستێک، بەتاقی کراوەکان جاریکی دیکە تاقی کەینەوە؟. لە کۆمەڵگایەک دا کە ناکۆکی و جیاوزیە ئایینیەکان گەورەترین زەبری مێژووی لە جەستەی داوە و ئاسەوارەکانیشی هەموو برینی وەناسۆر کەوتۆن، دروستکردن و دامەزراندنی ڕێکخراوی ئایینی چ مانایەک دەبەخشێ و بۆ چ مەبەستێکە؟. ئەوش بە بیانوی ئەوە کە زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان موسوڵمانن!. جارێ بەر لە هەموو شتێک ئەو زۆربەیە وەک یەک بیر ناکەنەوە و جیاوازیەکانیان کەمتر لە جیاوازی نێوان مەسیحیەکان و یەهۆدیەکان نییە. بێجگە لەوەش ئەو زۆربایەتیە ناچێتە یانەی هەڵسەنگاندن و پەیمانە کردنەوە، کە وەک بنەما بخرێتە ستراتیژی ڕێکخراوی سیاسیەوە. کەوابێ دروستکردن و پاڵپشتی کردن لە دامەزراوەیەکی ئایینی ئەویش بۆ توێژیکی تایبەتی و لە ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستان دا، نەگ هیچ قازانجێکی بۆ ئەم کۆمەڵگا ڕەنگاوڕەنگە نییە، بەڵکوو وەبیر هێنەرەوەی" شیت، حجتیەی مهدوی و میثم تمار"ە، بەڵام لەژێر ناویکی دیکە و لە کاتوساتیکی دیکەدا. لەم پێوەندیە دا و لە هەمان کاتدا، مافی بێ ئەملاو ئەولای ماملۆستایانی ئایینیە بە شیعە و سونە ،یارسانی و بەهایی، یەهودی و زەردشتی، کەلیمی و مەسیحیەوە کە دڵخۆازانە سەندیکای تایبەت بەخۆیان هەبێ و داکۆکی لە مافەکانی توێژی خۆیان بکەن. هەروەک ئافرەتان، کرێکاران، خوێندکاران پارێزەران، بازاریەکان، تاکسیداران، و هتد. مکانیسم بۆ جەماوری کردنی خەبات، بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگا، پەرەپێدانی دیموکراسی و چالاککردی خەڵک لە ژیانی ڕۆژانەیان دا، لە گرەوی بوونی بنکە و بنیادی مەدنی و ئین ج ئۆەکانی سەربەخۆ و دێموکراتیک دایە، نەگ دامەزراندی ڕێکخراوی ئایینی. لە وڵاتیکدا کە لە سیر تا پیازی کراوەتە ئیسلامی و بنەما بۆ هەموو هەڵسوکەوتێکی ڕۆژانەی کۆمەلاگای ئیمە یاسای ئیسلامیە، ئیتر نهینیکاری ڕێکخراوی ئایینی و بە سیاسی کردنی بۆ چ مەبەستێکە؟. ئەویش بەو تێڕوانیە ساکار و کلاسیکەوە کە لە ناتەبایدایە لە گەڵ ڕەوتی ڕوداوەکان و گەشەی هزر و بیری نەتەوەیی- نیشتمانی.

## خاڵی بەهێزی هەنووکە:

سەرەڕای بوونی ئەو کۆمەڵە خاڵە نەرینی و لاوازانە کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، خاڵێکی زۆر گرینگی هاوبەش و هیوابەخش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت لە هەردووک پارێزگای ئیلام و کرماشان کە گۆڕەپانی بۆ چالاکی سیاسی-کۆمەڵایەتی هەموار کردوە، بۆژانەوەی هزری نەتەوەییە. سەرەڕای دنە و داڵدەدانی کۆماری ئیسلامی و خەرج کردنی بودجەیەکی زۆر بە مەبەستی دابڕاندنی هەرچی زیاتری خەڵکی کوردستان لە یەکتر، ئەو هەلپەرستیانەی ڕێژیم ئامانجی خۆی نەپێکاوە و پیلانی گەلاڵەدانەران و تیئوریسیونەکانیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو کز بوون و لاوازی زیاتر چووە.

سەرەڕای تەرخان کرانی ئەو هەموو ئیمکاناتە پڕوپاگەندەیی و داراییە بۆ پەرەپێدان بە بەرزکردنەوە و داسەپاندنی زۆرەملی شیعیسمی تێکەڵ بە پانئێرانیست،خەڵکی پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام ڕێبازێکی دیکەیان هەڵبژاردوە کە بە پێچەوانەی فەلسەفەی ولایەتی فەقیهی کۆماری ئیسلامیە. کە ئەویش خۆناسینەوەیە لە چەمکی هزر و بیری نەتەویی و ئەو پانتایە بەرینەیە کە هەموو پێکهاتەکان بە کەمینە و زۆرینەوە خۆیانی تی دا دەبیننەوە و زۆریش بە سانایی یەکتر دەخوێننەوە. ئەوە ڕەوتێکە دەستی پیکردوە و دیاردە یان بابەتێک نیە کە کۆماری ئیسلامی لێ خافڵ بێ. هەربۆیەشە کە کاربەدەستانی ڕێژیم بێکار دانەنیشتوون و پیلانی نوییان بۆ لاوازکردی ئەم هزروبیرە داڕشتوە.

## تێڕوانینێک:

بۆ بەرەنگار بوونەوە و پۆچەڵکردنەوەی پیلانەکانی مێژەربەسەرانی تاران و نەیارانی دەرەکی، ئەرکی نیشتمانی هەموو شۆڕشگێڕانە بە تاک و بە کۆمەڵەوە کە سەرەڕای یارمەتی و ڕێنوێنی کردنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دامەزراندنی بنکە و بنیادی سەربەخۆ و دێموکراتیک، خۆیان لەو پانتاییە نەتەوەیی یەدا ببیننیەوە و لە هەمان پانتایش دا خۆیان پێناسە بکەن. لە هەمان کات دا دیسان ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەییانە کە بە دژی هەمو چەشنە لاکیشکردن و داردەست دروستکردنیک دا بچنەوە کە بە بیانوی زۆرایەتی و کەمایەتی ئایینیەوە، جیاوازیەکانی نێو کۆمەڵگا بە هێند ناگرن.

لە یەک ڕەستە دا، ئەگەر بمانەوێ جارێکی دیکە" شیت، ججتیەی مهدوی، میثم تمار و پێشمەرگەی موسوڵمانمان بۆ نەبنە ئەکتەرەکانی گۆڕەپانی سیاست و ڕمبازێن، دەبێ لەو پانتاییە بەرینەی نەتەوەیی و نیشتمانی یەدا دا خۆمان ڕێک خەین کە گەلێک جیاوازە لە کولتۆری سیاسی و سیاسەتی لاسایی کردنەوەی کۆن و پوترکاو.



سەرچاوە
Serchawe

## بەڕێوەچوونی سمیناری چۆن گرینگی پێدانی زیاتر بە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان لەلایەن کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبەوە

کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە بنکەی ناوەندیی حیزب لەبارەی باس کردن لە سەر رۆڵی دوو پارێزگای ئیلام و کرماشان لە داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان دا کۆبوونەوەیەک بۆ کاک ئێقباڵ سەفەری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب پێک هات.

بەرێز سەفەری لە سەرەتای قسەکانی دا باسی لە راسپاردەکانی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندیی لە گەڵ گرینگیدان بە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

بەرێزیان بە ئاماژەدان بۆ گوتاری نەتەوەیی حیزبی دێموکرات لە بەرنامەی کاری خۆی دا، گرینگی دان بە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشانی بە بەشێک لە خوێندنەوەی نەتەوەیی حیزب دانا.

ئێقباڵ سەفەری وەک تێکۆشەرێکی ناوچەکانی ئیلام و کرماشان کە سێ دەیەیە لە ریزەکانی حیزب دا چالاکی سیاسیی هەیە، بە ئەرێنی باسی لە خوێندنەوەی حیزبەکەی لە پێوەندی لە گەڵ ئەم دوو پارێزگایەی رۆژهەڵاتی کوردستان دا کردو وتی: سەرکەوتنی پرۆژەی گرینگیدان بە ناوچەکانی خوارووی رۆژهەڵاتی کوردستان چ لە رووی نەتەوەییەوەو چ لە رووی حیزبییەوە لە سەر داهاتووی کێشەی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەریی موسبەت دادەنێ.

لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا بەرێز ئێقباڵ سەفەری باسی لە تایبەتمەندییە جوگرافیایی، سیاسی، ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان کرد.

لەم بەشە لە قسەکانی دا بەرێزیان باسی لە دەوڵەمەندیی ئەم دوو پاریزگایە لە رووی کانگای ژێر ژێرزەمینی و سروشتی پڕ پیت و بەرەکەت و بە گشتیی دەوڵەمەندیی ئەم پارێزگایانە لە رووی ئابوورییەوە کرد.

هەر لە پێوەندی لە گەڵ ئەم دوو پاریزگایەدا بەرێز سەفەری باسی لە جۆراوجۆریی ئایینی و زاراوە دەوڵەمەندەکانی ئەم دوو پارێزگایانە کردو وتی: خەڵکی هەردوو پارێزگای ئیلام کرماشان ئایینی جۆراوجۆریان هەیەو خاوەنی زاراوەی فرە

چەشنن، بەڵام سەرەڕای پیلانی ڕێژیمەکانی دوژمنی یەکپارچەیی کورد، ئەوەی بەلای خەڵکی ئەم دوو پارێزگایەوە گرینگە کورد بوونە.

کاک ئێقبالّ سەفەری لە درێژەی قسەکانی دا باسی لە ڕۆڵی ئەم دوو پارێزگایە لە بزووتنەوەی نەتەوەکەیاندا کردو بە ئاماژەدان بە بەشداریی کەسانێک لە خەڵکی کرماشان لە کۆماری کوردستان و بوونی هەزاران کادرو پێشمەرگەی ئەم ناوچانە لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا وتی: خەڵکی ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هیچ قۆناغێک دا لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی نەتەوەکەیان غافڵ نەبوون.

لە کۆتایی قسەکانی دا کاک ئێقبالّ سەفەری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وێڕای رەخنەگرتن لە عەمەلکەردی حیزبە کوردییەکان لە ناوچەکانی ئیلام و کرماشان، گرینگی دان بە ئەم دوو پارێزگایەی بە ئەرکێکی سەر شانی هەموو هێزە سیاسییەکان زانی و لەم پیوەندییەدا بۆ جارێکی دیکەش پرۆژەی کاریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ کار کردن لەم دوو پارێزگایە بەرز نرخاند.

**سەرچاوە: ماڵپەری حدک میدیا**

## کۆنفرانس یەکیەتی سەراسەری وەرازەکان دونیا. (میتافۆریک)

ڕۆژ هەفت شەمە، مانگ ١٤، ساڵ ١٢٤٠٠٠، یەکیەتی (اتحادیە) سەراسەری وەرازەکان دونیا یەکم کۆنفرانس خۆەیان لە وڵات مسر بەستن. لەی کۆبوونەوەیَ گەورا چەند باوەت بوینە جیَ پرسیار و پێشنیار کریا کە داوا لە میرزا چەمەر بکریَ لەی کۆبوونەوە بەشداری بکەیت. ڕەییس کۆبوونەوە کە وەراز وەساڵە چییک بی، وە قەڵوەکانیَ دا لەبان مێزەکە و وەت: وڵاتتان کاول بوت و ریَ ڕاس نەکەفێتە وەرتان!، ئەڕا وەیجۆرە ئاخرتان شەڕ بویە!، مەگەر ئویوە نازانین ئەو لە خەفتن شەوانیچتان ئاگادارە؟. ئەڕا نامەیَ دەرکەل وەپێتان گردگە و خەریکە لێڵاویتان داباێ! لەشون قسەکان ڕەییس کۆبوونەوە، وەرازگەل ڕازی بین و هاتنە سەر ئی باوەڕە کە وە بیَ میرزا چەمەر درێژە وە کۆبوونەوەکەیان بێەن. ڕەییس ئی چوار خاڵ پێشنیاریە خستە وەردەم نوینەرەێل ئەڕا باسخۆاس کردن.

١- ئەڕا چە و وەپشت بەستن وەکام مادەیَ قانونی وەرازەکان لە مسر کەفتنەسە وەر پاکتاو نژادی و قەتڵ ئام کریانە.

٢- وە پشت بەستن وەکام ئەسڵ قانون خواردن گوشتێان هەرام کریاس و کەفتنەسە لیست سپڵۆتەکان.

٣- ئەڕا لەی هەمکەیَ ناوە ئی ناو بێفەڕە لەسەریان دانریاس.

٤- ئەڕا بایس ژیان لە ناو قوڕ و زق و زەلە بوەنە سەر؟. کۆبوونەوە دەس وەپیَ کرد و چەن وەرازێک دەسیان هەڵبڕانن کە قسە بکەن. ڕەییس کۆبوونەوە ناوەکانێان نویسا. یەکم وەراز کە یە قەڵوەیَ شکیاوی وەت: پێرارەکە پەتایَ گا هات بەڵام لە مسر یە گلە گا نەکوشیا. پارەکە پەتایَ مامر هات، بەڵام لە مسر یە مامر سەرنەوریا. وەلی ئیمساڵ پەتایَ وەراز هاتگە کە ئیمە پاکتاو نژادی کریایمن. وەشون قسەکان قەڵوە شکیاگە، وەرازێک کە یە چەویَ نوقسان بی هەڵسا و چییە پشت میکرۆفۆنەکە. ئەو وەدەنگ بەرز وەت: ئییە هەفت رۆژە لە ناو زەل و زویل ناتیمنەسە دەر و ڕشک و سپیَ خوین لە گیانمانە نەیشتنە. میرزا چەمەر بایس لەێرە بیاتا و جواو ئیمە بیاتاوە کە داخو تاکەی دانیشێت و زەنگیانەیَ چەرمگ ئەڕا ملوەنک ئیمە دروس کەیت؟. لە شون قسەکان ئەو، وەرازێک کە دەسێ لە تەراونجە گیر کردوی و قرتیاوی، هەڵسا سەرپاو وەت: ئاخر بی ئنسافیچ یە مەرزێک دێریَ!، کی ئی حەقە داسە پییان کە ئی ناوە لەسەرمان دانەن؟. ئیمە دوو چەو دێرم جۆر ئەوان، دوو دەس دێریم، دوو پا دێریم، دوو گوش دێریم، دڵ و سپڵ، سەر و زک، دەم و دگان و زوان و...،

هەر جۆر ئی قەومگەل دووپامانە. لە شون قسەکان دەس برِیاگ، یەکیترەک کە ناویَ نەنویسیاوی، پەریە ناو قسەکان ئەووەکەیَ ترەک و وەت: براێلەگەم!، گرفت ناوەکە نییە، خۆ ناو خەر لە هن ئیمەیچ خراوترەکە، وەلی سواریَ بن، بار وەپیَ تێرن، ئاڵفیَ کەن، دانی دەن، جل کەنە وەریَ و فرەیچ حورمەتیَ گرن. ئیمە چەمان لە بزن کەمترە بێجگە لە شاخیَ؟. چەمان لە ڕیوی کەمترە بێجگە لە دم درێژیَ؟. چەمان لە خەر کەمترە بێجگە لە گوش درێژیَ؟. سەرومالێان خەور

بوت ئەڕا هەتکێک وەپێمان کەن. بزنێک لە ساڵەوە هەزار نق و جڕ تا یە گیسک تێرێ. خەرێک وە هەزار بەدبەختی و دادبێدا تا کوڕیک تێرێ، ماین تا کوڕیک تێرێ ئاسار و ئەبیرێ دەرتێ. ئیمە کە خەێرمان هەزار بەرابەر شەڕمانە، ئەڕا وەی جۆرە کەفتیمەسە وەر ناڵەت. وە یەزک هەشت و بازێ وەختیش دە وەچکە تێریم، هێمرای لەلێمان نارِازین. وەچکە وەرازێک کە تازە لەدایک بوی چیە بان شان باوکێ و هاوار کرد، منیچ قسە دێرم. ڕەییس جەلەسە وەت بیلا ئەو بڕبازەڵە قسەێ خۆەێ بکەێ. وەچکە وەراز کە تازە زوان گردیو، وەت: من نە شکایەت لە دەس ناو دێرم، نە نارِەحەتم کە گوشتم هەرام کریاس، نە لە دەس ڕشک و سپێ بێزارم، نەیچ لە پاکتاو نژادی ترسیەم. ئاخر لە من ناپرسین ئەڕا ئقەرە مەیل و مناێ ئی براگەل دووپامانە کەین و تاوان پاکتاو نژادی خۆەمان بڕینە ملێان؟. ئەوان یەێ هەڵەێ گەورا کردنە کە ناو خۆەێان ناگنە ئنسان؟. ئەوانیچ جۆر ئیمە گوشتێان هەرامە، جۆر ئیمە خوێنێان تاڵە. خوەن و ڕیەن جۆر ئیمە. ڕشک و سپێ کەوڵێان گرێتوە هەر جۆر ئیمە. لەوانیچە دەرچووت، خۆ ئەوان پاکتاو نژادی خۆێانچ کەن، هەر ئەو جۆرەێ کە وەسەر ئیمەیە هاوردنە. دزی کەن، قەتڵ کەن، زۆرگیر کەن،.. . جیاوازی ئیمە و ئەوان ئیەسە کە ئەوان گشت ئی کارەێل قەشەنگ قەشەنگە کەن، بەڵام ئیمە لەدەسمان ناتێ و لەلێمان ناوەشیەتوە. وە شنەفتن قسەکان ئی وەچکە وەراز کە هێمرا دوو مانگ لە عومرێ چیوی، ڕەییس کۆبوونەوە وەت: وەخت وچان دان هاتگە و 20 خولەک وەخت دێریم ئەڕا خواردنەوە و خۆاردن. ئەڕا خۆاردنیچ وەی خواردەمەنیگەلە مێواندارێتان کریەت. قنگەر، پیشۆک. گیلیاخە، دگان تێژکەرە، کوێزەڵە، بێڵەهەڕ، سەرک قاز و پیاز و شواڵەکەنە، بەڕوی مازگار و بڵچ قرمز و چەرمگ. ئەڕا خواردنەوەیچ چای موحەمەد پاکستانی و عەرەق حەریر هەس کە لە هەنگویر کرند دروس کریاگە. هەڵبەت خورمای عەرەوسانیچ هەس، بەڵام وەپەتی نییە و بایس خۆەتان وەپۆیل بسێنین. لە وەخت وچان دانە بڕێک لە وەرازەکان کە لە ئومرێان خورما نەخواردوین چینە لاێ مێواندارەکان ( گارسون) و هەرکەسەو ١٧ گلە خورما سەندن. وەختێ گردنەێ دەسێانوە چ نەرمە و قەشەنگ، بێ خۆف نانەێ دەم و نەزانستن کە چنجەێ ڕەق و سەختێک ها ناویە. تا بویشی یەک و دووێ، دگان 12 گلەێان وردوخاش بی و کاکیلەێ 5 گلەیچیان شکیا. وەخت وچان تەمام بی و کۆبوونەوە وە قسەکان وەرازێک دەسە پێ کرد، کە نمایندەگی وەرازەکان کوردستان لەی کۆنفرانس سەراسەریە کردیا. ئەو وەت: م ماڵم ها بێ زەل. بێزەل زەل دونیا دێرێ، وەلی ناوێ بێ زەلە. نە خۆەم و نە قەوم و ئەرخەواکەم ناتوانیم وەڕۆژ بایمنە دەر. ئیە چەندمین جارە وە خاو خێزانوە ئەنفال کریایمە و کەسیس خەوەر لەلێمان نەێرێت. تاکوتۆکمان کە وەزنگ دەرچیمنە مین شەل و کورمان کردگە. لەو وەختوە م هاتمەسە دونیا ٧٢ ڕۆڵەێ عەزیز خۆەم لە وەرچەوم لەناو ئاگر و دویکەڵە بینەسە بریانی. م هاتمە شکایەت بکەم. ئی شکایەتە بوەمە دەر کەل کی؟. سەرم نەزر داود بوت، تا دەر ماڵ وە میرزاچەمەر نەگرم، هەنگاوم وەدویاوە ناچوو. ئەو پەڕەکەێ بلیت تەیارەکەم لە کیسم چوت!. ئیمرۆ لەی کۆنفرانسە شنەفتمە کە ماڵ میرزا لەێروە نیزیکە. سەرمە سەرووەخڕ ئەو کەسە بود کە ماڵەکەێ نیشانم دەێ. لەی وەختە وەرازێک کە چەندین جار زامدار بوی و لە دەس نەچیرەوان دەرچیوی و ئەزموون فرەێک داشت، چیە پشت میکرۆفونەکە و وەت: ئیمەیچ جۆر فرە لە گیاندارەکان ترەک مەترسی پاکتاو نژادی هابانمان و با ئیە لەجێ خۆەێ بمینێ. وەلی م توام لە ئیوە بپرسم ئەڕا چە هەرچی پەێخەمەر و ئیمام و ئەولیا و ماڵ

خوێا هەس، گشتێان لە ناوبەین دوئاوانی نیل و فورات هاتنەسە دونیا؟. ئاخر نەکریا پەێخەمەریکیچ لە سەرزەوی گەورایٚ جۆر چین، ڕوسیە، ئەمریکا، ئوستراليا، ژاپون لە داڵک بیاتا؟. موسا هەر لەێرە لە دایک بی یە، عیسا هەر لەێرە، محەمەیٚ هەر لەێرە. ماڵ خوێا هەر لەێرە. ئاخر چیو قوڕ دونیا نەکەمە سەرمە!، ئەڕا لە خوەتان ناپرسین، ئەیٚ وەرازگەل گوشت هەرام کریاگ و سپلۆت!؟. ئاخر ئەڕا ناپرسین کە ئی شارە، ئی شونە کە ئیسە ماڵ میرزاس وەرجە ئیسەیچ ماڵ میرزاکان لە دار و خەرگ دروس کریاگ بیە؟. ئاخر من تاکەی ئەڕاتان مینیەم و خەرگ و خوڵ ئیوە پەێمانە بکەم؟. هەڵسن بچنە شون سەرکە قاز و پیاز خوەردن خوەتانە. دی کەم باس پاکتاو نژادی خوەتان بکەن. ئەوە نی‌یە توان وەپشت و پەنایٚ میرزا چەمەر بەم شیمیایی دروس بکەن و نەگ وەرازەکان، بەڵکەم خەرەکان، ئەسپەکان، سەگەکان، چەغەڵەکان، بزنەکان، سویچەڕەکان و گشت ئەوەکان ترەکیچ بارنە سەما. دی چەتان نەکریاس!. ماڵم نەزر بوو ئی وا بایت و ئی دارە بشەکنیٚ، ئیمەیچ ڕەسیمنە مراد خوەمان. لەی خوەشیە، لە شەوەکی تا ئێوارە چۆپی کیشیم و گوڵوەنەوشە باخانم خوەنیم. وەختێک ڕەییس کۆبوونەوە قسەکان ئی وەراز پیر و وەئەزموونە شنەفت، مویەکان گیانیٚ سیخ بین و چەویٚ تیقفاق کەفت. وەختی تواست قسە بکەیٚ میکرۆفونەکەیٚ وەر دەمیٚ لەکار کەفتوی. دوو میکرۆفون ترەک کە لە ناو ساڵونەکە بی هاوردن لەوەر دەمی دانان. هەرچی قسە کرد کەس دەنگی نەشنەفت. وەیجۆرە دیار بی وە ئرادە و قودرەت میرزا چەمەر، گشت میکرۆفونەکان لەکار کەفتوین. وەرازەکان هاوارێان هاتە بان و ڕەییس کۆبوونەوە بیٚ دەنگ بی. لەی وەختە هۆریەک(فریشتە) کە جل چەرمگ لەوەری بی و گشت گیانیٚ جۆر بلور لە ژێر جلەکانێوە دیار بی، لە یەکیک لە کوناواجەکان ساڵونەکەوە هاتە ناو. یەخڕ وەبان سەر وەرازەکان خوارد و چیە پشت میکرۆفونەکە. میکرۆفون کە تا ئەو وەختە لەکار کەفتوی، نیشتە پۆقە. هۆری وەت: ئیبە ڕاسە کە ئیمە لەی دونیا بەزەیمان وەپێتانە ناتیٚ، ئیبەیچە ڕاسە کە حەق و حقوقتان نریاسە ژێر لەقە، وەلی لە هویرتان نەچوو کە لەو دونیا پاداشتان دەیموە. من خوەم یەکی لەوانەمە کە لەو دونیا تەڕ و وشکتان کەم، ئاڵفتان دەم، گرمەتانە پەروار و ئەوەرە پڕە لە گەزۆ، شیر، کافۆر، شەراو، هەسەڵ. وەر لەوەیٚ هۆری قسەکانیٚ تەمام بکەیٚ، وەرازێک کە سەرکە قازێک وەدەمێوە بی و خەریک خواردنیٚ بی، لە لی هاتە جواو و وەت: خوێا بکەیتەمە سەیەقەیٚ ئی بەژنو بالایٚ جۆر دار شمشاڵتە!، ئەگەر وەیجۆرەسە کە ئیوە لەلیٚ زانین، ئەڕا تا زنگیم لەی هەمکە خەێرە بێبەشمان کەین؟. هۆری هاتە جواو وەتە پێیان: ئەوە هیمرایٚ نیمەیٚ ئەو چشتگەلەسە کە لەو دونیا دەیمەیٚ پێتان. فرە چشت ترەکیچ هەس کە جیٚ وەتنێان ئێرە نییە. دەرێک( وەراز مایە) هەڵسا سەر پاو چییە وەردەم هۆری دانیشت. لەلیٚ پرسی، ئیوە تا ئیسە گشت ئی وادە و قوڵگەلە داینەسە نێرەکان. ئەیٚ ئیمە کە دەریم برێکیچمان ئازەویم و هێمرایٚ چەقاڵە نەتەقانیمە چە ئەڕامان بود؟. هۆری سەرێک هەڵتەکان و لە جواویە وەت: هەرکامەتان جۆر من بینە هۆری و باینە ئەورە، خزمەت شەوانەیٚ خوەتان کەین. خەم ئەوە مەخوەن و بلاڵیەنەوە وەخت سەرخورانن و جل و پاپۆش لەوەر کردن خوەتان داشتوین. لە ناکاوە هۆری نوقم بی و کۆبوونەوەیچ وە هویچ ئاکامێک نەڕەسی. بەڵام بڕیار دریا کۆبوونەوەیٚ داهاتگ لە شەرمول شێخ بگرن و نمایندەیٚ یەکیەتی وڵاتەیل عەرەبیش دەعوەت بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی: ٢٨ی مای ٢٠٠٩



سەرچاوە
Serchawe

## شەڕەکانی نێوخۆی کورد و ڕێکخراوەکانی سیاسی لە پانتاییەکی بەرینتر و مێژووییەوە!

### بەشی یەکەم

**لە چەند هەوتوی ڕابردو دا بەڕێز د- هێمن سەیدی زنجیرە وتارێکی لە پێنج بەشدا لە ژێر ناوی لەبیرکراوەکان نووسیوە کە زیاتر پەیوەندیان بە شەڕی نێوان حدکا و کۆمەڵەوە هەبووە. جێگای خۆیەتی دەستخۆشی لە کاک هیمن بکەین و هیوا بخوازین کەسانی دیکەش بێنە گۆڕەپان و لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لەسەر ناکۆکیەکان و تێکەڵچوونەکانی نێوان ڕێکخراوە کوردیەکان و رۆڵی نەرینی ئەو تیکەڵچوونانە سەبارەت بە دۆزی نەتەوەی کورد لێکۆڵینەوە بکەن و بابەت بنووسن.**

### پێشەکی:

ئەگەر سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی هەکاری، دەرسیم، ئارارات، سولەیمانی، بارازان...،بۆ ئێمەی کورد جێگای شانازین، ئەگەر دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە، پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە بەشی ڕۆژهەڵات، پیکهێنانی یەکەم پارڵمانی کوردی لە باشوور جێگای فەخری نەتەوەی کورد بن، بێشک شەڕەکانی نێوان ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردیش لە هەموو پارچەکانی کوردستان جیگای ڕەخنە و بێزارین. کاتێک ئامادەین شانازی بە ڕۆڵی ڕێکخراوێکی سیاسی لە بزافی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمانەوە بکەین، دەبی لیهاتوی ئەوەشمان هەبێ کە ڕەخنە و بێزاری خۆمان لە بەرانبەر کردەوە نەرینیەکانیش دا دەربڕین. تاکوو ئێمە نەتوانین بە کردەوە ڕەخنە لە هەڵسوکەوت و بریارە هەڵەکانی خۆمان بگرین، ئاشکرایە کە پەنابردنە بەر پاساودان و خۆدەربازکردن لە کەموکوڕی و نۆشستەکان دەبێتە ئەرکێکی پیرۆز و سیستماتیک. هەڵبەت نابێ لەبیرمان بچێ کە شەڕی نێوخۆی ڕیشەی لە کەلتۆر و کەلەپۆری ئێمە دا هەیە و دوو دیاردەی لەگەڵ خۆی پەروەردە کردۆە کە لەگەڵ شوناسێک کە نەتەوەی کورد لەخۆی دەکا گەلیک ناتەبایە. ئەو دیاردانە واتە نەبوونی تۆلرانس و باوەڕ بەخۆنەبوون کە بەرهەمی چەند هۆکاریکی مێژوویی، سیاسی، جۆغرافی، کولتۆری و کەلەپۆرییە، چ وەک تاکتیک و چ وەک ستراتیژی، مێشک و بیری سیاسەتوانانی کوردی بە بارمتە گرتۆە و لە ڕێگای ئەوانیشەوە جەستەی کۆمەڵگای تەنیوەتەوە. لەم پەیوەندیە دا پێویستە هێندیک بە لاپەڕەکانی مێژوو دا بچینەوە تاکوو بە بەڵگە بسەلمێندرێ کە بەشی زۆری شەڕ و تیکەڵچوونەکانی نێوان ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردی ڕیشەی مێژوویان هەیە و لە ڕاستی دا بیر و هزری ئێمەش گیرودە، یان بارمتەی نەریتێکن کە وەک میرات بۆمان بە جێ ماوە.

## مێژوویی دەسەڵاتداریەتی کورد و ڕۆڵیان لە ناوچە دا:

مێژووی دەسەلاتداری کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی دووهەمی کۆچی. بەڵام پێش ئەوەش لە ساڵی ٦٦ ی هیجری و ئەوکات یەکەم شەڕی نێوان کورد و عەرەبی موسوڵمان لە شاری ئێستای جەلەولا لە باشووری کوردستان دەست پێ دەکا ناوچەکە بەرەوڕووی دۆخێکی تایبەتی دەبێتەوە. پاشان بە کوژرانی حۆسەین کوڕی عەلی کوڕی ئەبوتاڵب، کورد رۆڵێکی بەرچاوی دەبی لە ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست دا و شەڕ و هێرشی ئایدیولۆژی بۆ داگیرکردنی زێدی کوردان پێ دەنێتە قۆناخێکی نوێ یەوە. لەو کاتەوە تاکوو شەڕی یەکەمی گەردونی کۆمەڵێکی زۆر شەڕ لە ناوچە و زێدی کوردان هاتونەتە ئاراوە کە بەشی کورد تێ دا گەلیک بەرچاو بووە. ئەو بەرچاو بوونە بۆ ئیمەی کورد لەو ڕوانگەیەوە جێگای سەرنجە کە زۆربەی هەرە زۆری فەرمانڕەواکانی کورد بە دەستی کەسوکاری خۆیان و بە فیت و پشتیوانی عۆمەویەکان، عەباسیەکان، مەغولەکان، سەلجوقیەکان، عۆسمانیەکان، سەفەویەکان و .... ،کوژراون و لە نێو براون. هەربۆیەشە دەتوانین بە جورئەتەوە بڵێین کە مێژووی شەڕی براکوژی لە نێوان کوردان دا بۆتە میراتێکی کەلتۆری- کەلەپۆری و جێ کەوتۆە.

## ڕزگاری نەتەوەیی یان چەقبەستوی لە قۆرخ کردنی دەسەڵات و ئایدولۆژی دا:

بە چاو خشاندنێک بە سەر ئەم کورتە مێژووە دا بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێکخراوەکانی سیاسی کوردی وەک هەڵقوڵاوی نێو کۆمەڵگا، قوربانی سێ هۆکاری سەرەکین.

یەکەمیان جی کەوتنی کولتۆری بیگانەیە کە جەستەی هەموو کۆمەڵگای کوردی پێوە دەناڵێنێ و جێی باسی ئێستای ئیمە نییە.

دووهەم خۆویستی و نەبوونی تۆلرانسە کە پیرزۆایەتی بە خۆی بەخشیوە،

سێهەم باوەڕ بە خۆنەبوون. خۆویستی بەو مانایە کە بیروڕای جیاواز لامان بایخی پێ نەدراوە و لە سەردەمی نوێی زانستی سیاسیش دا حیزبەکانی کوردی مۆرکی ئایینی و خێڵەکی پێوە دیار بووە بە ئێستاشەوە. چوونکە بە کردەوە دەرکەوتوە کەحیزبەکانی ئیمە بەرلەوەی هەولیان بۆ ڕزگاری گەل و وڵات دابێ، تێکۆشاون بۆ قۆرخ کردنی دەسەلات و پیرۆزی دان بە حیزب و ڕێکخراوە. وێنە بۆ ڕاست و دروست بوونی ئەم بۆچوونەش ئەوەیە کە پاش سی ساڵ خەباتی ئاشکرای چەندین ڕێکخراو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێشتا نەتوانراوە لانی کەم گوتارێکی هاوبەش کە ڕووی لە خەڵکی کوردستان دا بێ لە نێوانیان دا بێتە ئاراوە.

هەربۆیەشە بە پێشهاتنی هەر ناکۆکیەک و دابڕانێک لە نێو ڕێکخراوەکانی کوردی دا، دەستەیەک وەک ئاوی زەمزەم پاک و

بێگەرد دەبن و دەستەیێکیش دبنە لۆمەی وڵات و ناو نیتکەی سەیر و سەمەرەیان لەسەر دادەنرێ. هەر لەسەر بنەمای ئەو جۆرە بیرکردنەوەشە کە حیزبی کوردی هیندە پیرۆزایەتی پێ دراوە کە ڕەخنەلێگرتن وەک ناسزا حیسابی بۆ بکرێ. ئەگەر لە ڕووی کارناسیەوە و بێ لایێنانە چاو لە چۆنیەتی هەڵگیرسانی شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی نێوان یەکیەتی و پارتی، شەڕی نێوان حدکا و پارتی کە ئەودەم بە شەڕی قیادەی موقەت دەناسرا، شەڕی حدکا و کۆمەڵە، شەڕی حدکا و ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، شەڕی کۆمەڵە و سۆپای ڕزگاری، شەڕی پێشمەرگەی موسۆڵمانی موفتیزادە،شەڕی ئەنساری ئیسلام و باقی بزۆتنەوە ئیسلامیەکان لە گەڵ یەکیەتی، شەڕی هاوبەشی یەکیەتی و پارتی لە لایەک و پ ک ک لە لایەکی دیکەوە بکەین، زۆر بە سانایی بۆمان دەردەکەوێ کە تەنیا میتۆدەکانی شەڕن کە لە باری زەمانی و تاکتیکیەوە گۆڕاون. بەڵام ئامانجی بەشی زۆری شەڕەکان لە باری ستراتیژیەوە هەمانن کە لە چەندین سەدە لەمەوبەرەوە بەردەوام لە ئارادا بووە.
لە باری باوەڕ بەخۆ نەبوونەوە هەرئەوەندەی کە چاوەڕێین لە تاران، بەخدا، ئانکارا و دەمیشقەوە ئامرانە و براگەورانە فەرشی سوری خود موختاری و فیدرالیسممان بۆ ڕاخەن و ئێمەش بە گارد و ژستی ڕایەتی و ملکەجیەوە ڕێژە و سانی بۆ بگرین، نیشانەی ئەوەیە کە بە لانی کەمەوە پێشە و کێشەمان بۆ چەندین جیلی داهاتۆش دەستەبەر کردوە. ئیتر با باسی درۆشمەکانی یان کوردستان یان نەمان و قوربانی بوونی بە هەزاران ڕۆڵەی ئەم وڵاتە بۆ ئەوین و خۆشەویستی ئەم درۆشمە نەکەین کە جێی خۆی داوەتە خەونی ئاریفانە.

لێرە و بە ئاوڕدانەوەیەک لە چۆنیەتی هەڵگیرسانی شەڕەکانی نێوان ڕێکخراوەکانی سیاسی کوردی دا و وردبوونەوە لە قووڵایی ئەو شەڕانە دا بۆمان دەردەکەوێ کە هەروەک سەردەمی عەباسیەکان، سەلجوقیەکان، عۆسمانیەکان و سەفەویەکان.. ، دەستی دەوڵەتانی داگیرکەر و نەتەوەی باڵادەست لە ٩٥ % لەسەدی ئەو شەڕانەدا بە ئاشکرا دیارە.

ئەو دیاردانە کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێ دراوە بوونەتە هۆکارگەلیکی سەرەکی و ترسناک کە هەم بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی ئێمەی تووشی نوشست کردوە، هەمیش ڕۆحی نێشتمانی و هزری نەتەوەیی لاواز کردۆە. بە تیکەڵ بوونی کاروانی چەپ و یەکیەتیخوازی لە ژێر کارتیکەری و هەژموونی سۆسیالیستی - کۆمونیستیەوە، ڕۆحی نیشتمانی و هزری نەتەوەیی هێندە لاواز بوو کە شۆناسی شۆڕشگێری کوردی چ وەک تاک و چ وەک کۆمەڵ تا ڕادەی شانازی کردن بە ئێرانی و عێراقی و...، بوونەوە دابەزاند. جێگای داخ ئەوەیە کە ئەو کولتۆرە زاڵە باردۆخێکی خوڵقاندۆە کە داگیرکەران لەسەر بنەمای ناسینەوەی سایکولۆژی و تایبەتمەندیەکانی دەرونی ئیمە کە خۆی لە لاواز بوونی گۆتاری سیاسی - نەتەویی ئیمە دا دەبینێتەوە، ڕەفتاری سیاسی - دیپلۆماسی و لەشکری خۆیان دژ بە ئێمە ڕێک دەخەن. ئەوە لە هاڵێکدایە کە بەشی هەرە زۆری ڕێکخراوەکانی ئێمە بە هەمان پێوەری کۆن هەڵسوکەوتیان کردوە و هەڵویستیان گرتوە بە ئێستاشەوە. دیلەمای کەرکۆک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی باشووری کوردستان وینەیەکی بەرچاوی ئەم ڕاستیەیە.

## تراژدیای شەڕی حیزب و ڕێکخراوەکان:

ئەگەر بمانهەوێ لەم پانتاییەوە کە لەسەرەوە باس کران بڕوانینە ڕووداوەکانە و بچینە نێو قووڵایی هزریەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ترادژیای شەڕی حیزب و ڕێکخراوەکان کەمتر لە ترادژیای شەڕەکانی خانخانی و خێڵەکی و دەرەبەگایەتی سەردەمی عەباسیەکان، سەلجۆقیەکان، عۆسمانیەکان و سەفەویەکان نییە. واتە خەساریک کە حیزب و حیزبایەتی بە چەپ و ڕاست، بە ئایدولۆژی و بی ئایدولۆژیەوە لە باری هزری و نیشتمانیەوە لە کۆمەڵگای کوردی وەشاندوە، ئەگەر لەوانەی کۆن زۆرتر نەبێ، کەمتریش نین. ئەگەر حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی توانیویانە لە بوارەکانی ڕۆژنامەوانی، بوژاندنەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی، دیپلۆماسی و ناساندنی دۆزی کورد بە کۆڕوکۆمەڵی بێانی، ڕێکخستنی کاری تەشکیلاتی، ڕیکخستنی خەباتی چەکداری و بەرگری لە بەشێکی بەرچاو لە مافەکانی نەتەوەکەمان بکەن، شانازیەکی گەورەیە و جێی پێ زانینە. بەڵام نابێ ئەو خاڵە باش و بەهێزانە وامان لێ بکا کە پاشەکشە هزری و ستراتژیەکانی حیزب و ڕێکخراوەکانمان لە بیر بکەین و ئەو نوشستانە چ لە پەیوەندی لەگەڵ شەڕەکانی نێوخۆی و چ لە پەیوەندی لە گەڵ لاواز کردنی هزر و بیری نەتەوەیی- نیشتمانی دا لەبەر چاو نەگرین. بە چاو خشاندنیک بەسەر مێژووی دەسەڵاتداری میرەکان، پاشاکان، بەگەکان، والیەکانی کورددا بۆمان دەردەکەوێ کە بەشێکی بەرچاویان شەڕی سەربەخۆیان کردوە و بگرە بەشکیشیان سکە(پارەی) تایبەت بە خۆیان دروست کردوە. بۆیە دەکری بڵێین کە ئەگەر حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردی سەردەم دەستکەوتێکی سیاسی تەشکیلاتی و مێژووین بۆ گەلی کورد، بەڵام لە هەمانکات دا نەبوونی تۆلرانس باوەڕبەخۆنەبوون لە لایەک و هەوڵ دان بۆ قۆرخ کردنی دەسەلات بەو هزرە بە بارمتە گیراوانەوە کە لەسەرەوە باسیان کرا، هۆکارگەلیکی سەرەکی خۆلقاندنی کارەساتی شەڕەکانی نێوخۆین. هەربۆیەشە چوار پێناسەی بە تەواوی لیک جیاواز دەبێتە ناسنامەی تەنیا گەل و وڵاتێک.

## پێشنیارێکی بەرین بە دوو ئاڵتیرناتیڤەوە:

بەسەرنجدان بەوەی کە کەمتر نەتەوە هەیە کە بە قەدەر نەتەوەی کورد قەدری لی کرابێ و کارەساتی بەسەر دا هاتبێ، پێک هێنانی ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی نەتەوەیی و خەسار ناسی پێویسیەکی هەنوکەییە. لەم پەیوەندیە دا چەندین دیاردە، ڕووداو و کارەسات هەن کە پێویستیان بە لیکۆڵینەوەی ئاکادمی و کارناسانە هەیە.

**ئاڵترناتیڤی یەکەم:** ئێستا کە بەشێک لە کوردستانی باشوور ڕزگارە! و نیمچە دەسەڵاتیکی کوردیمان هەیە، ئەم بنیات یان ناوەندە دەکرێ لە لایان وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دابمەزرێ و بەشێک بێ لە زانستگاکانی باشووری کوردستان و چەندین پسپۆری بواری لێکۆڵینەوە لە باری سایکولۆژی، دەروونناسی، خەسار ناسی، کۆمەڵناسی، ژینگە ناسی و.. . کاری لەسەر

بکەن. هاوکاری هەموو زانستگەکانی پارچەکانی کوردستان و بگرە ڕۆژئاواشی لەگەڵ دا بێ، سەربەخۆ بێت و دەوڵەت هیچ کاریگەریکی لەسەر نەبێ. ئەو بنیاتە لە ئاکامەکانی ڕووداوە نەتەوەییەکان بکۆڵێتەوە و خەسارەکانی نەتەوەیی، مرۆڤی، نیشتمانی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و دەرونی نەتەوەی کورد هەڵسەنگێنێ و لە گۆڤارێکی تایبەتی دا و بە مەبەستی هۆشیار کردنەوەی خەڵک بڵاوی کاتەوە.

ئاڵتیرناتیڤی دووهەم: بە سەرنج دان بەوەی کە پیکهێنانی ئاوا پروژە یان بنیاتێک لە باشووری کوردستان دەبی لە سونگەی حیزبەکانەوە تێپەڕێ و دەرفەتی پێکهینانی بنکەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەم مەبەستە پیک نەهینرێ، ئەم بنیاتە لە دەرەوە و لە ژێر چەتری فیدراسیونی کۆمەڵە کوردیەکان و بە هاوکاری وڵاتپارێزانی کورد لە هەموو چینو توێژکانی کۆمەڵایەتی- سیاسی...، هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێ.

### ئەو دیاردە، ڕووداو و کارەساتانەی کە زیانەکانی نەتەوەییان بەرچاون بریتیم لە:

شەڕی نێوان ڕێکخراوەکانی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستان و ڕۆڵی دەوڵەتانی داگیرکەر لە هەڵگیرساندنی ئەم شەڕانەدا و کاریگەریان لەسەر ڕۆحی نەتەوەیی. دیاردەی تۆندئاژووی ئایینی و تیرۆر و تۆقاندن. وشکە ساڵی و ڕۆڵی داگیرکەران لە سەر کەم بوونەوە ئاوی ڕووبارەکان و ئاکامە چاوەڕوان نەکراوەکانی ئابووری و ژینگەیی. مینرێژکرانی ڕوبەرێکی بەرچاوی ناوچەکانی کوردستان و شوێنەوارە نالەبارەکانی سایکولۆژی، مرۆڤی و دەرونی. کاریگەریەکانی نەرینی فرەژنی، ئافرەت کوشتن، خۆسۆتاندن و خۆکوشتنی ئافرەتان. گیرۆدە بوونی گەنجان و لاوان بە مادە سڕکەر و هۆشبەرەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو. بیکاری و کۆچی گەنجان و لاوان بۆ هەندەران. لە کۆتایش دا لیکۆڵینەوە و داڕشتنی پلان و گەڵاڵەیەکی بەرگری نەتەوەیی بۆ پاشەڕۆژ و بە مەبەستی بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ هەڕەشەکانی سەر گەل و زێدی کوردان.

### شەڕەکانی نێوخۆی کورد و ڕێکخراوەکانی سیاسی لە پانتایەکی بەرینتر و مێژوویەوە!

### بەشی دووهەم

بەشی دووهەم: لە بەشی یەکەم دا ئامارژە بە چەندین لایەنی نەرینی شەڕەکانی نێوخۆیی کورد و حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان کراوە. لەو بەشە دا لەسەر خاڵێک پاداگری کراوە و گوتراوە کە شەڕی نێوخۆی و براکوژی بووتە کولتۆر و داسەپاوە. بۆ ئەوەی ڕاستی ئەو داوایە بسەلمێنین ئاوڕێک بە مێژوو دا دەدەینەوە تاکوو بە بەڵگەش نیشان بدرێ کە نووسراوەکە مەبەستی خۆی پێکاوە. ئەم بە مێژوو دا چوونەوەی خۆارەوە کە گەلیک دورودرێژە و کوژرانی ١٦٨ حوکمڕانی

کورد لە خۆی دەگرێ، ٩٠% لە سەدیان بە دەستی براکان و خزمەکانی خۆیان کوژراون کە خوێناویترینیان هی سەردەمی دەسەڵاتی ئەردەڵانەکان و سانەکانی هەورامان و لوڕی چۆکەیە. ئەمەش کارێک نییە کە کوردان بۆخۆیان کردبێتیان، بەڵکوو هاندان و پشتیوانی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتە گەورەکانی لەگەڵ بووە. جێ وەبیر هێنانەوەیە کە ئەم لیستەیە تەنیا هی ئەو دەسەڵاتدارە کوردانەیە کە بە دەستی خودی کورد کوژراون و تاک و تۆکیان کە لە لایەن دەسەڵاتە گەورەکانەوە لە سێدارە دراون، لە لایان براکانی خۆیانەوە بە یەخسیر گیراون و ڕادەستی مەرگ کراونەتەوە .

**سەرچاوە:** مێژووی کورد و کوردستان د- سدیق سەفیزادە(بورەکەیی) لاپەڕەی ٣٨٢ تاکوو ٧٤٢.

* مێژووی حوکمڕانی کورد، بە ناو و ناوبانگ، بە دەسەڵاتی ناوچەیی و بە مێژووی کوژران:
* حوکمڕانی ئەرمی(ورمێ) لە ١٠٩ - ٢١٣: لە ساڵی ٢١٣ میر سەدەقەی دووهەم کوژراوە (خەڵکی موسڵ).
* حوکمڕانی جەستانی لە ١٨٩ تاکو ٣١٥: جەستانی دووهەم لە ساڵی ٢٩٠ لە لایان عەلی برایەوە کوژرا. عەلی جەستانی لە ساڵی ٣٠٧ بە دەست موحەمەدی ئامۆزای کوژرا. خەسرەو فیرۆزی جەستانی لە ساڵی ٣٠٨ لە لایان موحەمەددەوە کوژرا .
* حوکمڕانی حەسنەویەکان لە ٣٣٠ - ٤٠٧: لە ساڵی ٤٠٥ بەدر کوری حەسنەویە ، لە ساڵی ٤٠٦ میر حەلالی حەسنەوی بەرزیکانی، لە ساڵی ٤٠٧ میرتاهری برزیکانی.
* حوکمڕانی سالاری لە ٣٣٠ - ٣٧٤: لە ساڵی ٣٥٠ جەستان سالاری لە گەڵ دایکی و براکەی.
* حوکمڕانی شەدادی لە ٣٤٠ - ٤٨١: لە ساڵی ٣٧٥ مەرزبان شەدادی بە دەستی فەزلونی برای و بە بۆنەی نێچیرەوە .
* حوکمڕانی دەنبەڵی لە ٣٦٦ - ١٠٢٦: میر پەهلو دەنبەلی لە ساڵی ٨٨٣، ئەحمەد بەگی دەنبەلی لە گەڵ کەسوکارەکەی لە ساڵی ٩٦٥، حاجی بەگی دەنبەلی لە ساڵی ١٠١٠، نەزەر بەگ لە ساڵی ١٠١٣.
* حوکمڕانی مەروانی لە ٣٨٠ - ٤٨٩: عەلی حەسەن کوری مەروان لە ساڵی ٣٨٧، مەڵک ئەبو سەعید لە ساڵی ٤٠٢، ئەمیر مەنسور مەروانی لە ساڵی ٤٧٨ لە لایان جەهیز وەزیر و خزمی خۆیەوە لە شەڕدا یەخسیر کرا و دوایش لە ساڵی ٤٧٩ لە نێویان برد.
* حوکمڕانی سانەکانی هەورامان لە ٣٩٢ - ١٣٦٣: بارام میرزابەگ لە ساڵی ٩٩٥، قاسم خان لە ساڵی ١١٦٠ بە دەسیسەی موحەمەد خانی ئەردەڵان.
* لە ساڵی ١١٦٠ خەسرەوبەگی هەورامی لە میوانی دا و بە خەنجەر لە لایان حوسەین سۆڵتانی هەورامیەوە، لە ساڵی ١١٦٠ بە هاندانی سۆلتان وێردی خانی ئەردەڵان و سەلیمشای بابان، هەمان ساڵ بارام سولتان و حوسەین سولتان، لە ساڵی ١١٧٠ خالید سولتان لە میوانی دا و لە لایان موحەمەد بەگەوە.
* لە ساڵی ١٢٢٣ و لە شەوی جێژنی ڕەمەزان دا موحەمەد یوسف سولتان بە وەشانی ١٨ خەنجەر لە لایان خزمەکانی

خۆیەوە کوژرا. لە ساڵی ١٣٢٤ ئیبراهم بەگ بە دەستی عۆمەر بەگ وخانە بەگ کوژرا. لە ساڵی ١٢٢٥ ئەسکەندەر سولتان خانە بەگ و عۆمەر بەگ دەکوژێ و هەمان ساڵ مەنوچر بەگیش دەکوژن. لە ساڵی ١٢٢٦ ئەسکەندەر بەگ بە دەستی ئامانوڵاخانی ئەردەڵان دەکوژرێ. لە ساڵی ١٢٣٩ بە دەسیسەی ئەمانوڵاخان، عۆسمان سولتان بە دەستی خەسرەو بەگی کوڕی مەنوچر بەگ کوژرا. لە ساڵی ١٢٤١ حەیدەر سولتان لە لایان موحەمەد پاشای جافەوە گیراو لە دار درا. لە ساڵی ١٢٨٤ حەسەن سولتان بە دەسیسە و لە لایان فەرهاد میرزاوە کوژرا.

لە ساڵی ١٢٩٢ مستەفا سولتان لە گەڵ هەردوک براکەی بە بیانوی چاوپێکەوتن لە لایان بەگزادەکانی لهونەوە کوژران. لە ساڵی ١٣٠٩ روستەم سولتان لە لایان کەسوکارەکانی خۆیەوە لە نێو جێگەدا کوژرا. لە ساڵی ١٣١٢ موحەمەد ساڵەح سولتان مامۆی خۆی کە حاکمی لهون بو کوشت و بۆ خۆیشی لە ساڵی ١٣١٣ بە دەستی مەحمود بەگ و عۆسمان بەگ لە میوانیەک دا کوژرا.

* حوکمڕانی بەنی کاکویە لە ٣٩٨ - ٥٣٦: لە ساڵی ٥٣٦ ئەبوکالیجار بە دەسیسەی سوڵتان سەنجەر لە لایان خزمەکانی خۆیەوە کوژرا.

* حوکمڕانی شوانکارە لە ٢٢٤ - ٧٥٦: لە ساڵی ٤٥٩ میر فەزلەویە، لە ساڵی ٦١٠ مەڵک موزەفەر، لە ساڵی ٦٥٨ مەڵک موزەفەری دووهەم، لە ساڵی ٦٥٩ قوتب ئەلدین، لە ساڵی ٦٢٢ نزام ئەلدین، لە ساڵی ٦٨١ جەلال ئەلدین هەموویان بەدەستی خزم و کەسەکانی خۆیان و بە دەسیسەی سەلجوقیەکان و مەغولەکان کوژراون.

* حوکمڕانی مرداسیەکان لە ٤٥١ - ٥٧٨: لە ساڵی ٤٥٩ پیر بەدر دیاربەکری بە دەستی نیزیکانی خۆی و بە دەسیسەی سەلجوقیەکان کوژرا.

* حوکمڕانی ئلیان ڕەوادی لە ٥٠١ - ٦٢٤: لە ساڵی ٥١٠ ئەمیر ئەحمەدیل، لە ساڵی ٥٢٧ ئاقسنقر بە دسیسەی سولتان مەحمود و سولتان توقرۆڵ کوژراون.

* حوکمڕانی یەزیدیەکان لە ٥٠٣ - ٦٤٤: لە ساڵی ٦٤٤ شێخ حەسەن حەکاری بە دەسیسەی بەدردین لۆ لۆ هێنرایە مۆسڵ و لەوێ لە سێدارە درا .

* حوکمڕانی لوری گەورە(ئەتابەگیەکان) لە ٥٤٣ - ٨٢٨ : لە ساڵی ٦٥٦ ئەتابەگ تەکەڵە، لە ساڵی ٦٨٥ یوسف ئەتابەگ، لە ساڵی ٦٩٥ ئەفراسیاب ئەتابەگ، لە ساڵی ٨٢٧ حوسەین فەزلەوی ئەتابەگ، بە دسیسەی مەغولەکان و لە لایان خزمانی خۆیانەوە کوژراون .

* حوکمڕانی ئەیوبیەکان ٥٦٤ تاکو ٦٦١: لە ساڵی ٦٤٨ مەڵک توران ئەیوبی، لە ساڵی ٦٦١ مەڵک حۆمەر ئەیوبی بە دەستی خودی ئەیوبیەکان کوژراون.

* حوکمڕانی ئەردەڵانەکان لە ٥٦٤ - ١٣١٨: لە ساڵی ٩٨٦ تەیمورخان،ساڵی ١٠٥٢ سورخاوخان، لە ساڵی ١٠٩١ ئەحمەدخان، لە ساڵی ١٠٩٣ خەسرەوخان، لە ساڵی ١١٨٥ مستەفا خان، لە ساڵی ١٢٠٤ خەسرەو بەگ، لە ساڵی ١٢٦٤ ئامانلا بەگ، بە گشتی بەدەست خۆیان کوژراون .

* حوکمڕانی بدلیسیەکان لە ٥٧٨ - ١٠٠٥: لە ساڵی ٨٢٣ میر شمسئەلدین، لە ساڵی ٨٨٣ میرزا یاقوبەگ، لە ساڵی ٩٤٠ میر شەرەف بە دەستی خۆیان کوژراون .

* حوکمڕانی لوڕی چۆکە لە ٥٨٠ تاکو ٩٨٧: لە ساڵی ٦٢١ بەدرئەلدین، لە ساڵی ٦٢٦ سەیفئەلدین،لە ساڵی ٦٢٨ ئەمیر عەلی، لە ساڵی ٦٣٨ عزدین گەرشاسف، لە ساڵی ٦٤٠ حسامئەلدین، لە ساڵی ٦٥٨ بەدرئەلدین، لە ساڵی ٦٧٧ تاجئەلدین و فەلەکە دین، لە ساڵی ٦٩٣ جەمال ئەلدین، لە ساڵی ٦٩٥ حسام ئەلدین بن عۆمەر، لە ٧٥٠ شوجا ئەلدین، لە ٨٠٤ مەڵک عزدین، لە ساڵی ٨٧٣ شاوسەین عەباسی، لە ٩٣٠ شا ڕوستەم، شا جیهانگیر لە ساڵی ٩٤٩، هەمویان بە دەستی کەسوکاری خۆیان کوژراون.

* حوکمڕانی ئالی کرت لە ٦٤٣ - ٧٩١ : لە ساڵی ٦٨٠ مەڵک موحەمەد، لە ساڵی ٧٩١ مەڵک پیرالی .

* حوکمڕانی جەزیرییەکان لە ٦٦٣ - ١٠١٢ : لە ساڵی ٨٩٨ کاکە موحەمەد بەختی لە گەڵ هەردوو براکەی بێ سەروشوێن کران، لە ساڵی ٩٨٦ میر موحەمەدی بەختی .

* حوکمڕانی جاندارەکان لە ٨٤٣ - ٨٣٠ : لە ساڵی ٧٨٥ سولەیمان بەگ براکەی خۆی کوشت، پاشان لە ساڵی ٧٩٥ خۆیشی کوژرا .

* حوکمڕانی مەلکان لە ٨٢٩ - ١٠٠٣ : لە ٨٩٢ مەڵک خەڵەف و لە ٩٢٦ مەڵک حوسەین لە میوانی دا کوژران .

* حوکمڕانی چاو کزک( دەرسیم) لە ساڵی ٧٧٨ - ١٠٠٥: لە ساڵی ٧٨٠ مەڵکشا، لە ساڵی ٨٣٤ مەڵک موحەمەد، لە ساڵی ٩٢٠ ڕوستەم شا کوژراون.

* حوکمڕانی بادینان لە ساڵی ٧٧٨- ١٢٥٩: لە ساڵی ٩٨٤ قوباد بەگ کوژرا.

* حوکمڕانی هەکاری لە ساڵی ٧٨٩ - ١٠٠٥: لە ساڵی ٩٧٤ مەڵک بەگ، لە ساڵی ٩٨٣ موەحەمەد بەگ، لە ساڵی ٩٩٣ زەینەڵ بەگ کوژراون.

* حوکمڕانی مەحمودی (وان) لە ساڵی ٧٩٨ تاکو ١٠٠٥: لە ساڵی ٨٥٥ میر حوسەین، لە ساڵی ٩٤٣ میرەبەگ.

* حوکمڕانی سوران لە ساڵی ٨٠٢ - ١٣٠١: لە ساڵی ٨٥٨ میر عیسا، ساڵی ٩٤١ میر عزەدین، ساڵی ٩٦٦ میر سەیفدین، ساڵی ٩٩٨ میر سولەیمان، لە ساڵی ١٢٢٥ میرە کوێر،بە کوشتنی ماموەکانی خۆی، تەیمور بەگ و یەحیا بەگ، حوکمڕانی دەست پێکرد، خۆی لە ساڵی ١٢٥٣ لە لایان ژۆمارەیەکەوە لە سێواس کوژرا، لە ساڵی ١٢٩٦ میر ئەحمەدی دووهەم لە لایان ئاموزاکانیەوە کوژرا.

* حوکمڕانی سویدیەکان (دیاربەکر) لە ٨٠٣ - ١٠٠٥: لە ساڵی ٨٨٢ میر موحەمەد، لە ساڵی ٩٣٢ میر سوبحان میر ئەحمەدی برای خۆی کوست و ئەحمەد و خۆیشی هەمان ساڵ، ٩٣٢ کوژرا.

* حوکمڕانی موکریان لە ٨٥٥ - ١١٠١: شێخ حەیدەر لە ساڵی ١٠١٥ ، میر قوباد لە ساڵی ١١١٩ کوژران.

* حوکمڕانی ساسۆن( مووش) لە ٨٧١ - ١٠٠٥: لە ساڵی ١٠٠٥ ئەحمەد بەگی ساسۆنی کوژرا.

* حوکمڕانی خێزان (دیاربەکر) لە ٨٨٨ - ١٠٠٥ هیجری: لە ساڵی ٩٩٢ میرخان مەحمود.



سەرچاوە
Serchawe

❊ **حوکمڕانی ئیسپایردی لە ٩٢٥ - ١٠٠٥: سولتان ئیبراهیم لە ساڵی ٩٨٤ کوژرا.**

❊ **حوکمڕانی شیروان لە ٩٠١ - ١٠٠٧: ساڵی ٩٥٧ میر موحەمەد، ساڵی ٩٧٥ میر ئەبداڵ، ٩٨٧ میر مەحمود.**

❊ **حوکمڕانی زەڕقی لە ٩٠٥- ١٠٠٥ : ساڵی ٩٤٩ شاقولی بەگ، ساڵی ٩٨٦ شا یاقوب.**

❊ **حوکمڕانی گردکان لە ٩٤٢ - ١٠٠٥: میر ناس لە ٩٨٥، میر موحەمەد لە ٩٩١، میر ناسر لە ١٠٠٥.**

❊ **حوکمڕانی عەتاقی لە ٩٢٠ - ١٠٠٥ هیجری: لە ساڵی ٩٤٢ شاهیم بەگ کوژرا.**

❊ **حوکمڕانی ترجیل لە ٨٥٥ - ١٠٠٥: لە ساڵی ٩١٣ ئەحمەد بەگ، لە ساڵ ٩٧٣ حەیدەر بەگ.**

❊ **حوکمڕانی پەڵنگان لە ٩٠٥ - ٩٨٥: میر ئەسکەندەر لە ساڵی ٩٨٥.**

❊ **حوکمڕانی سۆمای لە ٩٠٨ - ١٠٠٥: لە ساڵی ٩٨٥ حەسەن بەگ.**

❊ **حوکمڕانی قەڵپ (باتمان) لە ٩٤٥ - ١٠٠٥: لە ساڵی ٩٩٣ سولتان حوسەین قەڵپی.**

❊ **حوکمڕانی میافارقین( دیاربەکر) لە ٩٧٥ - ١٠١٢: لە ساڵی ٩٨٢ ئەمیرخان.**

❊ **حوکمڕانی بانە لە ٩١٢ - ١٢٨٩: لە ساڵی ١٠٢١ ئەسکەندر سولتان، لە ساڵی ١٢١٤ ئەحمەد سولتان، لە ساڵی ١٣٢٤ فەتالی سولتان.**

❊ **حوکمڕانی مەهیدەشت لە ٩١٢ - ١٠٠٥: ئیبراهیم خان لە ساڵی ٩٣٤، زوڵفەقار خان لە ساڵی ٩٤٠ .**

❊ **حوکمڕانی کلیس (حەلەب) لە ٩١٤ - ١٢٥٢: لە ساڵی ٩١٥ حەبیب بەگ، لە ساڵی ٩١٩ قاسم بەگ، لە ساڵی ٩٧٦ جەعفەر بەگ، لە ساڵی ١٠٠٥ حوسەین پاشا.**

❊ **حوکمڕانی گورگیل لە ٩١٥ - ١٠١٧: لە ساڵی ٩٧٠ میر برایم، لە ساڵی ١٠٠٠ میر ئەحمەد.**

❊ **حوکمڕانی داسنی (دیاربەکر) لە ٩١٦ -٩٤٧: لە ساڵی ٩٤٧ حوسەین بەگ.**

❊ **حوکمڕانی پازۆکی (موش) لە ٩٢٠ - ٩٨٧: لە ساڵی ٩٣١ خالید بەگ، لە ساڵی ٩٣٤ وەیس بەگ، لە ساڵی ٩٨٧ وەیسبەگی دووهەم.**

❊ **حوکمڕانی برادۆست لە ٩٢٥ - ١٠١٩: لە ساڵی ٩٤٨ زەینەدین بەگ، لە ساڵی١٠١٩ ئەمیر خانی یەکدەست.**

❊ **حوکمڕانی سیامەنسور لە ٩٦٠ - ٩٩٩: لە ساڵی ٩٩٨ دەوڵەتیار.**

❊ **حوکمڕانی زەنگنە لە ٩٧١ - ١٠٣٧: لە ساڵی ١٠٣٧ موحەمد بەگی زەنگنە.**

❊ **حوکمڕانی قوچان لە ٩٩٨ - ١٣٣٧ : لە ساڵی ١١٦١ موحەمەد قولیخان زافەران.**

❊ **حوکمڕانی بەختیاری لە ١٠٠٤ - ١٢٥٤: لە ساڵی ١٠٤٢ خەلیل خان، لە ساڵی ١١٦٥ عەلیموراد خان، لە ساڵی ١١٩٩ هاشم خان، لە ساڵی ١٢٥٤ هەمەتەقی خان.**

❊ **حوکمڕانی کرماشان لە ١٠٤٨ - ١٢٢١: لە ١١٦٠ حوسەین خان زەنگنە، لە ١٢١٢ موحەمەدعەلی خان شامبیاتی.**

❊ **حوکمڕانی ڕاس نحاش( بدلیس) لە ١٠٥٧ - ١٢٣٦: لە ساڵی ١٢٣٦ میر سەحاب نحاش.**

❊ **حوکمڕانی بابان لە ١٠٥٩ - ١٢٦٧: لە ساڵی ١١٢٩ بەکر بەگ، لە ساڵی ١١٧٨ سولەیمان پاشا، لە ساڵی ١١٩٨**



سەرچاوە
Serchawe

مەحمود پاشا، لە ساڵی ١٢١٩ موحەمەد پاشا.

* حوکمڕانی جاف لە ١١١٤ - ١٣٣٩: لە ساڵی ١١٥٥ زاهر بەگ، لە ساڵی ١٠٣٨ موحەمەد پاشا.

* حوکمڕانی براخۆی لە ١١٦٠ - ١٣١٠: لە ساڵی ١٢٥٦ مهراب خان.

* حوکمڕانی زەند لە ١١٦٢ - ١٢٠٩: لە ١١٩٥سادقخان زەند، لە ١٢٠٣ جافر خان، لە ١٢٠٩ لفتالی خان.

* حوکمڕانی ملێ (ملاتیە) و ماردین ١٢٠١ - ١٢٤٩ : لە ساڵی ١٢٤٨ میر ئەیوب، لە ساڵی ١٢٩٤ برایم پاشا.

* حوکمڕانی شکاک لە ١٢٠٩ - ١٣٥٠: لە ساڵی ١٢١١ میر سادق، لە ساڵی ١٢٥٠ میرعەلی خان، لە ساڵی ١٣٢٣ جەعفەر ئاقا، لە ساڵی ١٣٥٠ سمایل ئاقا.

سەرچاوە: مێژووی کورد و کوردستان د- سدیق سەفیزادە(بورەکەیی) لاپەڕەی ٣٨٢ تاکوو ٧٤٢.

سەرچاوە: ماڵپەری پارسان - ڕێکەوتی: ١٨ی مای ٢٠٠٩

---



سەرچاوە
Serchawe

## هەڵبەستێک وەبوونەێ گیانبەخت کردن ١١ پێشمەرگەی لە خوێن گەوزیاگ کوردستانی

که زانستم وه ڕەچەڵەک کوردم،
زانیم!
که تاوسانم رەنگ زوسان دێ،
پاییزم شەڵاڵ خوێنه و
وەهاریچم گەڵاڕێزانه!
که زانستم له هەور سیه خوێن وارێت و
له ئاسمانگ سا کوچک!
که زانستم وائ شەماڵم زریانه و
قۆڵەێ وەرینیچم له قوڕ!
زانستم!
که له نەسڵ کوردم
کوردستانەکەم دابەش کریاس
مللەتەکەم له یەک دابڕیاس
سامانەکەێ وه تاڵان بریاس و
زوانەکەێ ئاسیموله کریاس!
وه تاسەوه له خوەم پرسیم،
له خوەم پرسیم:
ئێمه که له نەسڵ ماد بویم،
له باوش مهر پەروەرده کریابویم،
گافارەمان کویەکان کوردستان بوت،
ئەهورا لاێ لاێ خەو ئەڕامان کردوت،
زەردشت وه شیر خوەێ مێژمان کردوت،
کوردیمن و کوردی ئایین!
که زانستم ملەتێکم و وڵات نەیرم!
له خوەم پرسیم،
له خوەم پرسیم:
هەر پێرەکه بی،
ئی پێرەکەێ وەرنگه

ئیمامەکەیٚ جەماران
وە حوکم خەزا
هاتە پێشوازمان !
لە سەگان و سۆڵە
لە قاڕنێ و قەڵاتان
لە سنە و کامیاران و
لە گشت کوردستان
خەم و پەژارە بینە میوانمان!
هەر ئەو وەختە بی!

هەر ئەو وەختە بی!
رێم کەفتە بان چەم و کویەکان،
سیمەرە و سیروان
بێستیون و مانشت،
چەوم دی و دڵم باوەڕ نەکرد!
چەوم دی و دڵم باوەڕ نەکرد!
سیروان زوڵفی داڕنیا
سەیمەرە یەقەی دادڕیا
بێسیون کەفن دابڕیا
مانشت وەدەنگ بەرز،
هەر سەرمور چڕیا!
وە چەو دیم و وەدڵ باوەڕ نەکردم!
لە کرچەیکە،
لە کرچەیکە،
لە چریکەی دەنگ مانشت،
هاتمە برسم،
هاتمە برسم و
لە پرچ داڕنیاگ سیروان،
لە یەقەی دادڕیاگ سەیمەرە،
لە کەفن دابریاگ بێستیون،
دارێک لە تەڵمویت هەڵوەسام!
ئای لەو رۆژە!

وەفکرم تێ،
وەفکرم تێ:
لە پەت دارەکەی پێشەوا،
وە چۆخەکەی وەر فۆئاد،
لە کڵاو دەسماڵەکەی سەر قاسملوو،
وە قەڵەمەکەی گیرفان کەمانگەر،
کوتەڵ و ئاڵایی دروس کردم و
شاییەک وە چەمەری گەردانم!
لەی وەختە بی!
لەی وەختە بی:
دڵ مانشت هاتیوە ڕپە،

چەو سیروان ئاو وەلێ نەهات،
سینەی سەیمەرە لەت لەت کریایو،
باڵاێ بێستیون خەم داێ چەمانیو،
ئەو وەختە بوی!
ئەو وەختە بوی!
دڵم بڕوا کرد و چڕیم،
ئەرێ هەی وڵاتەکەی داگیر کریاگم،
ئەرێ وڵاتەکەی داگیر کریاگم!
لە جێ ڕشیان خوێن پێشمەرگەکانم،
لە جێ تەرم ڕەفیقە لە خوێن گەوزیاگەکانم،
لە شونە قەور خوەیشکە زنگەوچاڵ کریاگەکانم،
لە بان مەزار خوەیشک و برا ئێعدام کریاگەکانم،
بێجگە لە گوڵ،
هیچ سەوز نەکەی!
گوڵ بوت، گوڵ!
گوڵ بوت،
وەبەرزی باڵای،
یانزە رۆڵەی لە خوێن گەوزیاگ کوردستانیم
وەبەرزی باڵای دوانزە سوارەێ مەریوان
وەبەرزی ئاوات گشت گیانبەخت کردگەکان

ئەو وختە بی!
ئەو وەختە بی!
مانشت لێم هاتە جواو و
وەت:
پەیمان بوت، پەیمان،
پەیمان بوت، م داومەێ
لە جێ چەقیان ئی کوتەڵ و ئاڵایی یە
ئاڵای کوردستان
لە بەرەزاێ شاهۆ
لە وەفر قەندیل
لە خوێن گیانبەخت کردگەکان و
لە زەردەی خۆر،
دروس کەم

بەڵێن بوت، بەڵێن،
لەی مەیدان چەمەری گەردیانە،
هەڵی کەم و
بکەمەێ شوون سەماێ سەربەستی!
بەڵێن بوت، بەڵێن،
بەڵێن بوت، م داومەێ و
قەسەم بوت م خواردومەێ،
وەی یەقەی دادڕیاگ سەیمەرە!
وەی قەڵافەت داچەمیاگ بێستیونە!
وەی قژ داڕنیاگ سیروانە!
لەجێ سۆز و سەرمور،
هۆرە و حەیران و لاوک،
هەڵوەسم!
هورە و حەیران و لاوک،
هەڵوەسم!

سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی: ٩ی سێپتەمبەری ٢٠٠٩

## بەشێک لە ژیاننامەێ کەڵە پیاگ پشتکویەی والی "وەلیموحەمەد ئومێدی" شاعیری کوردی وێژ لە ئوستان ئیلام.

وەلی موحەمەد کوڕ ئەزیم، ساڵ ١٣٠١ لە ئاوایی کارزان سەروە شارستان شیروانچەرداوڵ، هاتیەسە دونیا. ئەو جور فرە کەسەیل ترەک وە فرە دەلیل نەتوانست بچوتە مەدرەسەو وەگەرد بنەماڵەکەێ خەریک کشتوکاڵو ئاژەڵداری بوی. بێجگە لەویچە ئەوان وەگشتی دوو بنەیی بینو ئێڵاخو گەرمەسێر کردیان.

ئەو لە ساڵ ١٣٢٨ وەگەرد دیوتە ئامۆزاکەی بوونە هاوژیان و دوو کوڕو یەێ دیوەت بودە سەرمایەی ژیانێیان. لە ساڵ ١٣٣٩ کۆچ کەێدە گێڵان ڕۆژئاواو لە ئاوای خانئاوا داگێرسێدو خەریک بودە کشتوکاڵەو. وەلی موحەمەد وەخاتر توانایی فرەێ کە داشتگە، لە گێڵانیچ جۆر شیروانچەرداوڵ، لە گشت مەراسمو جەشنەکانە بەشدار بوودو و شێعرەکان خۆێ مەراسمەکان ڕازنێدەو. لە ساڵ ١٣٥٣ ڕیو کەێدە شار تەهران و لە کارخانەێ کارتۆن دروستکردنە دامەزرێ.
ئەو لە شون هەژدە ساڵ کار لە ساڵ ١٣٧١ خانە نشین بودو کۆچ کەێدەو ئەڕاێ شار کرماشانو لەورە نێشتەجێ بوود. وەلی موحەمەد تەمام شێعرەکانی وە زاراوەی کوردی جنوبی خوەندیەسو کە ئەدەبیات کوردی قەدیم گۆرانو هەورامی وەپێەو دیارە. ئەو ئەگەرچە هەرگز نەچویە مەدرەسە، وەلی قورسیو کیش شێعرەکانێ خەێدەێ ڕەدیف کەڵە شاعێررێل ترەک شێعر کوردی لە بەشەکانترەک کوردستان. ئەگەرچە خوەێ لە تەهران بی، وەلی رۆحو گیانی هەمیشە لە ئیلام، لەوڵاتە ڕەنگینەگەێ بویو ئەڕا تەنیا ساتێگیچ بود، نە شێعر کوردی لە هوێرێ چویو نەیچ ئیلامو مەردمەگەێ. تا لە ڕۆژ ١١ - ١٠ - ١٣٨٦ ئەڕا هەمویشە چەوەکانێ لەبانیەک داناو ئەڕا هەتاهەتاس ماڵئاوایی لە خەڵکو وڵاتەگەێ کرد. ڕاسە وەلی موحەمەد ئەڕای هەمویشە کۆچ کردگە، وەلی شێعرەکانێ هەرگز نامرنو هەر ئەو شێعرە یلیچە، یاد ئەو لە دڵ گشت کورد هونەردوسو وڵاتپارێزە وە زنگ هێلێدەو. تەرم وەلی موحەمەد شاعێر هەر ئەو ڕۆژە وەبەشداری مەردم شار ئیلام لە قەورسان بەهەشت ڕەزا وە ڕێوڕەسم کوردیو وەگەرد چەمەری گەردانن، لە بەش هونەرمەندەیل کۆچ کردگ، وەخاک سپاریەد. یادێ زنگ بمینێدو ڕەوانێ شاد بوود. ئی دوو بەیتە لە شێعرەکان وەلی موحەمەدە کە نیشان لە عشق ئەو ئەڕای ئیلامو کوردەیل پشتکویەس، پێشکەش بوودە گشت دوسدارەیل شێعرو ئەدەبیات کوردی لە هەر کورەێگ هەن.

ئەر خۆسرەو بووم دەس وە جامەوە
ئەروام گل مەخۆەێ وە ئیلامەوە
گەرتم بێەن وە دەس بایێ شەماڵەوە
تا بەێگەێ وە زێد کوردە ماڵەوە

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٩ی جانێویری ٢٠٠٨



سەرچاوە
Serchawe

## لە پەراوێز مانەوەی خەباتی نیشتمانی بە قازانجی کێیە؟

لە مێژساڵە خەباتکارانی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ئالای ڕزگاری نەتەوەییان هەڵگرتوە و لەم پێناوەشدا گەلەکەمان ڕووبەڕووی بە دەیان کارەساتی ماڵوێرانکەر بوونەتەوە.

سەرومالیان لە پێناو ڕزگاری گەل دا بەخشیوە و باشترین ڕۆڵەکانیان پێشکەش بە بارەگای نەتەوەکەیان کردوە. بە سەدان و بگرە هەزاران کوێرەوەریان لە پیناودا کیشاوە کە مێژوو لە دڵی خۆیدا تۆماری کردوون. ئەم بەشە لە خەبات بە هەموو کەم-وکوریەکانیەوە توانیویەتی تا ڕادەیەکی بەرچاو ناسنامەی نەتەوایەتی گەلی ئێمە بپارێزێ و پێش بە شالاوی سیاسەتی ئاسیمیلاسیون و قەلاچووی کۆنەپارێز یەک لە دوای یەکە-کانی حاکم بە دژی گەلی ئیمە بگرێ.

ئەوەی لەم وتارە دا جێگای تێڕامانە و دەبێ هەڵویستەی لە سەر بکرێ بەشی لە بیرکراوی خەباتی نیشتمانی یە، کە تا ڕۆژی ئەوڕۆش جێگای لای بەشێک لە خەباتکاران بە بەتاڵ ماوەتەوە. لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و یەک لەوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دوو تەوەری سەرەکی خەباتی کردبووە ئامانج بۆ تێکوشان. تەوەری یەکەم خەباتی نەتەوایەتی لە چوارچیوەیەکی سنوردار دا بووە کە زیاتر لایانی کولتۆری، فەرهەنگی،ئەدەبی و دابەشکردنی دەسەلاتی سیاسی گرتۆتەوە. تەوەری دیکەش چارەسەری کیشە ئابوری و کۆمەلایەتیەکانە کە بە هێنانە گوڕی سوسیالیزمی زانستی پێی وابووە ئەم کێشەیە بنەبر دەکا.

بە سەرنج دان بە ڕەوتی ئاڵوگۆڕ و ڕووداوەکان لە پاش کۆتای هاتن بە شەڕی ساردی نێوان دوو جەمسەری خۆرهەلات و خۆرئاوا دا، کاتی ئەوە هاتبوو کە بابەتی نیشتمانی خەباتی گرو تینێکی تایبەتی پێ بدرێ. بەلام مخابن ئەم پرسە لە پەراوێزدا مایەوە و بگرە خانەخۆیانە شکلێکی کۆلونیشی پێ دراوە. بە سەرنج دان بە هاوکیش بوونی دوو لایەنی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی کە یەکەمیان بۆ سەرووەری نەتەوەییە و دووهەمیان بۆ ڕ ڕزگاری نیشتمانە، ناتوانین یەکیان بە گرینگ بگرین و ئەوی دیکەش بخەینە پەراوێزەوە. خەباتی نەتەوایەتی تەنیا سوچێکی خەباتە و بە بێ خەباتی نیشتمانی کەمایەسیەکی بەرچاوی پێوە دیارە. ئەگەر ڕاستبینانە بەرەورووی تێکۆشانی سێ دەیەی ڕابردومان ببینەوە و بە لێکدانەوەیەکی بەرپرسانەوە لە چمکەکانی خەباتی سیاسی نەتەوەییمان بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێ کە خەباتی نەتەوەیی هەرگیزاو هەرگیز نە توانیویەتی و نەش دەتوانێ جێگای خەباتی نیشتمانی بگرێتەوە. ئەگەر لە سێ دەیەی ڕابردودا خەباتکارانی ئێمە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان توانیویانە زیندو مانەوەی گەلەکەمان بپارێزن، بە هەمان ڕادەش تەوەری

نیشتمانیمان هەروا بە کزی هێشتوەتەوە و بگرە لاوازتریشمیان کردوە. خەباتی نەتەوەیی بۆ ڕزگاری نەتەوەیەک، گرێدراوە بە خەبات بۆ رزگاری نیشتمانەوە.

### چۆن دەکرێ گەلێک بۆ خۆی ڕزگار بێ، بەڵام نیشتمانەکەی داگیر کرابێ؟

.بەستنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی بە چوارچێوەیەکی داتاشراوەوە ئەگەر تاکوو ئێستا بەرژەوەندی تیدا بەدی کرابێ کە جێی گۆمانە، لەمەولا هیچ پاساوێک هاڵناگرێ و تیئوریە داتاشراوەکانی ئەو پرۆسەیەش تانوپۆیان پێکەوە نەماوە. کەوابێ ناکرێ چاوەڕوان بین نەتەوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕزگار بێ، بەڵام نیشتمانەکەی داگیر کرابێ، یان لە ملکیەتی تایبەتی وڵاتیکی دیکە دا وەک شیوە کۆلونیەک بمینێتەوە. ئەگەر باوەڕمان بەوە بێ کە سەردەمی کۆلونیالیستمان تێپەڕاندوە و ئەو چەشنە دەسەڵاتە سیاسی و ئابووریە بۆ هەتا هەتایە گۆڕ کراوە، ئیتر بە جیا هێشتنەوەی خەباتی نەتەوەیی لە خەباتی نیشتمانی، ئەویش لەو چوارچیوە داتاشراوەدا هیچ مانایەک نابەخشێ بێجگە لە ناڕاستبینی سیاسی. هەر تاکێکی نیو کۆمەڵگای کوردستان، هەر حیزب یان ڕێکخراوێکی کوردی، هەرکۆر یان کۆمەڵێکی، کولتۆری، سینفی، مەدەنی، حقوقی .. ، باوەڕیان ئەوە بێ کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستانیش یەک وڵاتە، لەو حاڵەتەدا دەبێ بە لەخۆبردوویەوە و بە ئاشکرا بڵێن کە کوردستان موڵکی تایبەتی و بە قەواڵەکراوی هیچ وڵات و نەتەوەیەکی دیکە نییە. یەکێک لەو گرفتە چارەسەرنەکراوانەی کە تاکوو ئێستاش بە سەر دەستی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ماوەتەوە و لە سەری بووتە ماڵ، کیشانی یەدەکێکە وەک پاشکۆ کە خەباتی نیشتمانی ئێمەی خەوشدار کردوە و خزاندویەتە پەراوێزەوە. گەلێک ئاساییە تاکوو ئێمە نەبینە خاوەن گوتارێکی نەتەوەیی و نیشتمانی، دروست کردنی هزر و بیری نەتەوەییش هەر لەو بازنە بەرتەسکەدا دەمینێتەوە کە تاکوو ئێستا تێیدا سوڕاوتەوە.

کە وابێ ئەگەر هزر و بیری نەتەوەیی نیشتمانی نەیتوانیوە وەک پرۆسە بەشدار بێ لە بزاڤی ڕزگاری خوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، هۆکارە سەرەکیەکەی بۆ خۆمانین، نەک داگیرکار. حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردی لە ڕاگەیە-ندنەکانی خۆیاندا ڕادەگەیەنین کە پارێزگاکانی ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام بەشێکن لە کوردستان. هەر بەو پێناسەیەش دانیشتوانەکەی دەبنە خەڵکی کوردستان و ئامانجی سەرەکیش دەکەینە ڕزگاری ئەو خەڵکە. بەڵام لە هەمان کاتدا خۆمان بەستۆتەوە بە هیندێک بەرژەوەندی کورت خایەنەوە کە ئەسڵی ستراتیژی کە خەباتی بۆ دەکرێ دەچێتە ژێر پرسیارەوە. لێردایە کە پرسی نیشتمانی لەبیر دەکرێ و پرسی نەتەوەییش دەبەسرێتەوە بە چوارچێوەیەکی داتاشراوی بیری حیزبیی و ڕێکخراوەییەوە کە ئیتر وەک گەمەی سیاسیش نایەنە ناساندن، چ بگاتە مانۆڕی سیاسی. بە بڕوای من پێداگرتن لە سەر ئەو پرۆسە و پێناسە کۆنەی خەبات، واتە بە جیا ڕاگرتنی خەباتی نەتەوەیی لە خەباتی نیشتمانی کە تاکوو ئێستا بەردەوام بووە، نیشانەی پەند وەرنەگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوویە. مەبەست ئەوەیە کە ئەگەر تاکوو دوێنێ تاکتیکەکان بە چەندین هۆ

لە خزمەت ستراتیژیدا بوون، ئەوڕۆ بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوتی ڕووداوەکان، پێچەوانەی ئەو تیئوریانەی سە-لماندووە کە بنەمای ڕزگاری نەتەوەییان لە سەر دارێژابوو.

کەوابێ دوو لایەنی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی هیچکامیان بە تەنیایی تەواو نین، بەڵکوو هەردووکیان تەواوکەری یەکترن. واتە ناکرێ نەتەوە ڕزگار بێ بەڵام نیشتمان داگیرکراو بمینیتە-وە. هەروەک ناکرێ نیشتمان ڕزگار بێ، بەڵام هەموو مافەکانی نەتەوەیی زەوت کرابێ. کە وای لێهات: ئەگەر تا ئەوڕۆ هەلومەرج بۆ پێکەوە گرێدانی دوو لایەنی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی نەڕەخساو یان نەگونجاو هاتوەتە بەرچاو، ئێستا ئەو هەلومەرجە بە پێچەوانەیە و هزر و بیری نیشتمانی لە کومەڵگای کوردستان ڕەوتێکی دیکە و پێناسەیەکی دیکە لە بەرخۆدان بۆ ڕزگاری دەخوازێ. ئەگەر بمانەوێ کرماشان نەبێتە کەرکوکی دواڕۆژ و ئیلامیش بە مۆسڵی ئەمرۆ لە باشووری کوردستان، دەبێ پرۆسەی بە نیشتمانی و نەتەوەیی کردنی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەینە هەوینی چالاکیەکانمان و نیشان بدەین ئەوەی کە داوای دەکەین و خەباتی بۆ دەکەین، هەر ئەوەیە کە بڕوامان پێیە. لەم پێوەندیە دا ئاماژە دان بە بەخۆداچوونەوەی بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێویست دەزانم و، ئەگەرچی هێشتا ئەوەش بەس نیە و دەبێ ئاڵوگوڕی دیکەش بکرێ. بەشێک لە بەرهەڵستکاران و یەک لەوان حدک لەم دواییانەدا بە لە خۆبردوویەوە توانیان ترسی دێوەزمەیەک لە کۆڵی خۆیان بکەنەوە کە هەتا دوێنێ تابۆی خەیانەت بە ئێرانی لە سەر مۆر کرابوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی چواردەی خۆیدا ئیسپاتی کرد کە هەرکات ئیرادە هەبێ، شکاندنی تەڵەسم و خۆ دەربازکردن لە بازنەی خەیاڵاوی و ترس، بە کەمترین نرخ ئیمکانی هەیە. کاتێک دەکوترێ کورد نەتەوەیەکە و کوردستانیش وڵاتێکە کە دابەش کراوە، ئاماژەی ڕاشکاوانە بەو ڕاستیەیە کە کوردستان وڵاتی کوردانە و ئەمەش ساتوسەودا هەڵناگرێ. ئەو هەنگاوە سەرەتاییە لە لایان حیزبی دێموکراتەوە، واتە گرێدانی دوو چە-مکی سەرەکی خەباتیی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی و نیشتمانی، دەبێ وەک دەسکەوتێکی مەزن پێشوازی لێ بکرێ. کاتێک لە پرۆگرامی حدک دەخوێنینەوە کە وشەی جیایخوازی نەک هەر بە تاوان نازانرێ، بەڵکوو بە دەستەواژەیەک لە پێناو درێژەی داگیرکاری شۆڤێونیستی باڵادەست پێناسە دەکرێ. کاتێک ئەو هەڵویستە بەرزانەی نەتەوەیی و نیشمانی دەبێتە ئامانجی حدک، نابێ گومان بۆ کەس بمینێ کە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بە سەر چۆنیەتی لێکدانەوەکانیدا سەبارەت بە گەل و نیشتمانی کوردان پێک هاتوە. بێشک ئەم هەنگاوە پیرۆزە هێشتا لە سەرەتای ژیاندایە و پێویستی بە پشتگیری و خەباتی هەمە لایە-نە هەیە. بە دڵنیایەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم ڕەوتە لە هیچ بارودۆخێکدا گەڕانەوەی بۆ نیە و بەردەوام دەچێتە پێش. چۆنکە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکە لە قووڵایی ویستی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتووە و بەرژەوەندیەکانی بەرزی نەتەوەیی و نیشتمانی لا مەبەستە، نەک بەرژەوەندی بەرتەسکی حیزبی و ڕێکخراوەیی. کەوابێ پرۆسەی سەقەتی بیجم گرتنی "دەوڵەت - نەتەوە" لە ئێران کە لە کۆتایی دە-سە-لاتی قاجارەکاندا دەستی پیکرد، لە بەر ئەوەی بە سەقەتی لە دایک بووە، هەتا مابێ بە سەقەتیش دەمینێتەوە. کورد دەبێ بەو ئاکامە بگا کە لە پرۆسەی سەقەتی "دەوڵەت- نەتەوە" دا ئەوە تەنیا پرۆسەکە نییە کە سەقەتە. بەڵکوو شیوەی بیرکردنەوە و

هەڵوێست گرتنی کۆمەڵگاکەش لە بەرژەوەندی ئەو سەقەت بوونەدا پەروەردە کراوە. لانی کەم نەتەوەی باڵادەست بە دەسە-ڵاتدار و بێ دەسەڵاتەوە ئەو سەقەت بوونەیان بە ڕاشکاوی پێوە دیارە. لە بەر ئەوەشە ئێستا لە ئەدەبیاتی ئێمەماناندا وشەکانی شۆڤینیست، پان ئێرانیست، پاوانخواز، باڵادەست و داگیرکار لە هەموو وتار و کۆڕەکاندا وەبەر چاو و گوێ دەکەون. بە بڕوای من ئەوەندەی بیرو هزری کورد سەبارەت بە تەوەرەکانی ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی لەو ساڵانەی دواییدا گەشەی کردوە، بەو ڕادە و بگرە زیاتریش هەست و بیری شۆڤینیستی نەتەوەی باڵادەستیش چووەتە سەرێ. هەر بۆیەشە تاراوگە نشینەکانی ئێرانی لەو پەڕی بێ دەسەڵاتیشدا و لە پەنا ئەو دێموکراسیە پێشکەوتوەش کە لە وڵاتانی خانە خوێ دا پێشکەشیان کراوە، زۆر دەمارگرژانەتر لە ئەحمەدی نژاد بە گژ داخوازەکانی گەلی ئێمەدا دەچنەوە. کەوابێ چاوەڕوانی کردن لە پرۆسەیەک کە بە سەقەتی لە دایک بووە و بە سەدان میلیار سەرمایەی بۆ خەرج کراوە و بە دەیان ساڵ تیئۆری بۆ داتاشراوە و کاری بۆ کراوە، چ مانایەک نابەخشێ، بێجگە لە درێژکردنەوەی تەمەنی ئەو ڕەوتە سەقەتە. لێرەدایە کە ئەو بەشە لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هێشتا پرسی سەروەری نەتەوەیی و ڕزگاری نیشتمانی دەبەسنەوە بەو بە سەقەت لە دایک بووەوە، بۆ خۆیان دەبنە هۆیەک بۆ درێژ کردنەوەی تەمەنی ئەو" دەوڵەت - نەتەوە" سەقەتە کە هەنووکەش جیا لە نەتەوەی باڵادەست، بیر و هزری بەشێک لە کۆمەڵگای کوردی بە بارمتە گرتووە. بە سەرنج دان بەو ڕاستیانە کە بەرەوڕوومانن و بوونەتە گوتاری ڕۆژ، جێی خۆیەتی چی دیکە خەبات بۆ ڕزگاری نیشتمان نەخرێتە پەراوێزی خەباتی نەتەوە-ییەوە و نەبەسرێتەوە بەو چوارچیوە داتاشراوەوە کە لە مێژە خۆی تاقی کردوەتەوە و هیچ بەرهەمێکیشی بە دواوە نەبووە.

کەوابوو: هێشتنەوەی خەباتی نیشتمانی و بەستنەوەی بەو چوارچیوە بە سەقەت لە دایک بووەوە، لە بەرژەوەندی گەلی کورددا نیەو خەباتی نەتەوەییش بۆ خۆی لەو بازنە بەرتەسکەدا دەمینێتەوە کە تاکوو ئێستا تێیدا خولاوەتەوە.

### پیلانی هاوبەشی داگیرکەران بە دژی کورد و گەمەی سیاسی ئەمریکا لە ناوچە

سەردان و هاتوچووەکانی ئەمدوایانەی بەرپرسانی بەرزی وڵاتانی ئێران، تورکیا، سوریا و بەشێک لە بەرپرسانی عێراقی لە پێتەختەکانی ئەو وڵاتانە، ئاماژە بە ڕاستیەک دەکەن کە نیشانەی هاودەنگیەکی تەواوی ئەو وڵاتانەدا بە دژی کوردە . شاردراوە نییە کە داگیرکەران بە تاکولۆر نەیانتوانیوە بە مەبەستەکانیان واتە داپاچینی لق و پۆپەکانی داری نۆبەرو ئەزموونی باشووری کوردستانە بگەن. تورکیا زۆر هەوڵی دا لە ڕێگای هەڕەشەی لەشکری و بە بیانوی بوونی پ ک ک، لەو بەشەی کوردستان، بە گژ ئەزموونی باشوردا بچێتەوە. تێکۆشا بە ئاژاوەنانەوە لە ڕێگای جبهەی تورکمانیەوە بارودۆخی ئاسایشی ناوچەکە تێک بدا و هەلومەرجی دەستێوەردانی لەشکری لە کەرکوک و مۆسڵ بۆ خۆی دەستەبەر بکا. بەڵام هەموو ئەو ئاژاوەگێڕیانە بە وشیاری حکومەتی هەریم کرانە بلقی سەر ئاو. ئەو بەشەش کە پێوەندی بە دەوڵەتی ئێرانەوە هەبێ



سەرچاوە
Serchawe

هەمووان شارەزانو لەوانەیە پێویست بە ئاماژە پێکردن نەبێ. بەڵام وەک وەبیرهێنانەوە دەستنیشانکردنی بەشێک لە تاکتیکەکانی ئەم ڕێژیمە بە پێویست دەزانم. ئەم ڕێژیمە ئەگەر چی توانیویەتی کۆمەڵێک گیروگرفت و هاستەم بخاتە سەر ڕێی حکۆمەتی هەریم، بەڵام سەرکەوتنێکی بەرچاوی وەدەست نەهێناوە. درۆستکردنی تاقم و دەستوپەیوەندەکانی وەک ئەنسارالئیسلام، جۆندۆڵا. ...،دامەزراندنی ئیمارەتی ئیسلامی عێراق لە حەڵەبجە و دەوروبەری، داخستنی سنوورەکان و گۆشاری ئابوری، تەیارکردنی تیرۆریستان بە شیوەی جۆراوجۆر و ناردنەوەیان بۆ کوردستان، دانانی دەیان ڕایەڵکەی سیخۆڕی و ناردنی مادە سڕکەرەکان بە مەبەستی دارۆخاندنی سەرچاوەی ئابووری و هێزی لاو، لە وێنە بەرچاوەکانی دەستێوەردانی مەلاکانن. لە ڕادەی سەرەوەتریش دا بەهێزکردنی خۆی لە ناوەدنی دەسەلات لە بەخدا وەک: بەکرێگرتنی پارلەمانتاران بۆ گۆشار خستنە سەر دەوڵەتو لاوازکردنی کۆتلەی کوردی، بەهێزکردنی سەدر و لەشکری مەهدی و دەیان دەستە و تاقمی دیکە کە هەرکامە بە جۆرێک و لە کۆدا بۆ دژایەتی لە گەڵ دەوڵەتی فیدراڵ و ئەزموونی باشوری کوردستانن. بەڵام دەوڵەتی ئێرانیش وەک دەوڵەتی تۆرکیا سەری وەبەرد کەوتوەو و سەرەڕای خەرجێکی زۆر، نەگەیشتە ئامانجە دیاریکراوەکانی. لە پێوەندی لە گەڵ دەوڵەتی سوریا و تێکەلاویەکانی لە کوردستان دا دەبێ ئاماژە بە هاندانی ئەرەبەکانی سونەی نێو دوو پارێزگای مۆسڵ و کەرکوک بکەین کە تەیار دەکرێن و بە گژی کورد دا دەدرێنەوە. ئەمانیش ئەگەر چی گرفتی گەورەیان لەو دوو پارێزگایە دروست کردوە، بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بە دەست نەهیناوە. بە دوای ئەو هەموو دەستێوەردانو خرابکاریانەی کە ئەم وڵاتانە لە باشوری کوردستان و لە عێراق کردیان و سەرەڕای خەرجێکی زۆر نەیانتوانی بە ئامانجەکانیان بگەن، ئەوجار تاکتیکەکانیان گۆری و بە چەکێکی نویەوە هاتونەتە گورەپان بە دژی کورد.

## لە بەخداوە:

ئەوان بۆ بەچۆکدا هێنانی کورد لە ناوخۆی عێراقەوە دەستبەکار بوونەو لە پێشدا ڕێگای بەخدا و پارلەمانیان هەڵبژارد بۆ کۆسپ خستنە بەردەم پرۆسەیاسای پەسندکراوی عێراق. بەڵام کاتێک کورد بە یەکدەنگ و یەک هەڵویستەوە بەرەوڕووی ئەو کردار و بڕیارە شۆڤیونیستیەی زۆرینەی پارلەمانتارانی عێراقی بوونەوە، سەرکردەکانی ئانکارا و تارانو دەمشق دیسان خەم دایگرتن. هەربۆیەشە بێکار دانەنیشتن و لە ڕێگای دەستوپێوەندەکانیانەوە کە پێکهاتەی هەمان بیر و کردەوەی شۆڤینیستانەن لە جلو بەرگێکی دیکەدا، هێرشی لەشکریان دیسان لە بەخداوە وەک دوایین تاکتیکی ئێستایان ناوەتە ئەزموون. لەم پێوەندیەشدا هێرش بۆ سەر ناوچە دابڕاوەکانی خانەقین، جەلەولا، قزرەوات، بەلەدرۆز، مەندەلی هەڵکەوتو لە پارێزگای زۆرەملی دیالا خستە بواری جێ بەجێ کردنەوە. لەوەشدا شک نەماوە کە هەڕەشەکانی بەخدا و لەشکری ئەو وڵاتە بۆ سەر کەرکوک و مۆسڵ، تەنیا هەڕەشەی خاڵی نییە و هەر ئەوەی کە بەربرسانی لەشکری لە باشووری کوردستان وڵامی ئەو هەڕەشانە دەدەنەوە نیشانەی بوونی ڕاستیەکی هاشا هەڵنەگرە.

## گەمەی سیاسی ئەمریکاو نیزیک بوونەوەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری.

بە دور لە دەمارگرژی سیاسی دەتوانین بڵێین کە بێجگە لەو هەڕەشە و دژایەتیانە کە لە پێوەندی لە گەڵ ستاتۆی کورد لە لایان داگیرکەرانەوە بەردەوام بووە و دەشمینێ، گەمەی سیاسی و کۆمەڵێک تاکتیکی کاتی دەوڵەتی بۆشیش هۆکاریکن کە بارودۆخێکی وای خوڵقاندوە، کە ڕەنگە دوکەڵەکەی بچێتە چاوی کوردان. وەک دەزانین لە چەند مانگی داهاتودا هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەڕێوە دەچێ. دەوڵەتی بۆش بە هۆی دانی چەند مانۆڕێکی سیاسی لە پێوەندی لە گەڵ دوو وڵاتی ئێران و عێراقدا، تا ڕادەیەک ڕاوبۆچوونی خەڵکی ئەمریکای بۆ لای کۆماریخۆازەکان ڕاکیشاوە. واتە بە نیزیک بوونەوەی کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری، بۆش و وەزارەتی دەرەوە دوسیەی بەرنامە ناوەکیەکەی ئێران و گەماروکانی سەر ئەو وڵاتەی خستوەتە پەراوێزەوە. هەروەها پرسی تیرۆریستیش لە پێوەندی لە گەڵ ئێران جارێ سپێردراوەتە دەست بایگانی. ئەوەش پێوەندی بە عێراقەوە هەبێ، هەر لە هەوتوی ڕابردودا لە لایەکەوە دەسەلاتی پارێزگا نائەمنەکانی ئەو وڵاتەی گێڕاوەتەوە بۆ عێراقیەکان. لە لایەکی دیکەشەوە هێندە خۆیان وەر نەداوە لە ئاڵۆزیەکانی نێوان خۆیان و دەوڵەتی عێراق سەبارەت بە پەیمان نامەی درێژ خایەن و ستراتیژی بۆ مانەوەی هێزەکانیان لە عێراق دا. ئەم گەمە سیاسیانە لە لایەکەوە شوێنی بێ ئەملاو ئەولایان لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچە داناوە و لە لایەکی دیکەشەوە بیروڕای خەڵکی ئەمریکای گۆڕیوە. ئەو ئاڵوگۆڕە لە نێوخۆی ئەمریکا هێند بەرچاوە، کە جیاوازیەکانی نێوان کۆماری خۆازەکان و دێموکراتەکانی گەیاندوەتە لانی کەمی خۆی. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە ڕاپرسیەکانی مانگی ڕابردودا جیاوازی نێوان سناتۆر ئۆبامای دێموکرات و سناتۆر مەککینی کۆماریخۆاز بەرچاو بوو. بەمجۆرە دەتوانین بڵێین کە دەبێ چاوەڕوانی لە هەموو ئەگەرێک بکرێ کە پێوەندی بە پرسی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە هەبێ. جا ئەو ئەگەر و ئاڵوگۆڕانە ئەرینی بن یان نەرینی.

## بەلاّم بەڵگە چیە کە دوکەڵی ئەم ئەگەرانە دەچێتە چاوی کوردان؟.

بە بڕوای من ئەو سەرکەوتنانەی کۆماریخۆازەکان لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێوخۆی ئەو وڵاتە دا و هێور بوونەوەی باری ئەمنی لە عێراق، ترسی ئەوەی لە دڵی کاربەدەستانی وڵاتانی داگیرکاردا دروست کردوە کە نەک هەر پێی نیگەرانن، بەڵکوو بۆیان بووەتە مەترسی. ئەویش ئەوەیە ڕەنگە بۆشێکی دیکە لە کۆماریخۆازەکان پۆستی سەرۆک کۆماری ئەمریکا بگرێتە دەست. هەر بۆیەشە پاوانخۆازان لە ڕادەی یەکەم دا بە هۆی دەسگا هەواڵگری و دەستە و تاقمەکانیانەوە کە لە عێراق هەیانە، ئەو پەڕی هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ شکست هێنان بە تاکتیکە کاتیەکانی بۆش. واتە لە ڕاستیەوە دور نییە ئەگەر بڵێین چاوەڕوانی شەڕێک و ئاژاوەیەک بە دژی کورد کە داگیرکەران هەڵی خزێنن، ئێکجار زۆرە. لە ڕاستیدا

داگیرکاران بە یەک تیر دوو نیشان دەشکێنن. دەتوانین بڵێین کە لە چاوپێکەوتنەکانی ئەم هەوتۆیەی سەرۆک کۆماری سوریا و سەرۆکوەزیرانی تۆرکیا پاش دانیشتنەکانیان لە گەڵ سارخۆزی سەرۆک کۆماری فەرانسە، پرسی باشووری کوردستان و کەرکۆک بابەتی سەرەکی دانیستنەکەیان بووە. هەر بۆیەشە پاش تەواو بوونی کۆبوونەوەکەیان بە دوو قۆڵی ڕا دەگەێنن کە: کەرکۆک بۆمبی کاتژمێریە و فیدرالیش ماکەی نائەمنی و پارچە پارچە بوون. کەوابێ ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران هاودەنگ و هاو ڕا لە گەڵ ئەو لێدوانانەی دەوڵەتانی سوریا و تۆرکیادا نەبووە، پێشتر کاری خۆی لە بەخدا کردووەو جێگای سەرسوڕمان نییە کە بڵێین: تاران لە پێشدا ئاگادار کراوەتەوە و لەو کۆڕە بە جێ نەماوە. ئیتر هەڕەشە لەوەش ئاشکراتر کە ئەسەد و ئەردوگان بە دوو قۆڵی ڕایانگەیاند؟. کەوابێ گەلێک ئاساییە کە پیلانێکی هاوبەش لە ئارادایە هەموانیش ئەوە دەزانن کە ئەوە لەشکری شەق و شڕی عێراق نییە ئەو جەسارەتانە دەکا. ئەوە گەلاڵەیەکی سێ لایەنو نیویە کە بە دژی کورد لە باشوور داڕژاوە و داگیرکەران لەم پێوەندیەدا هاوڕاو هاو هەڵویستن. دەوڵەتانی داگیرکار لە سەر ئەو بڕوایەن کە سەرکەوتنی کۆماریخۆازەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا دا، لە لایەکەوە بە مانای مانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو یارمەتی بە پرۆسەی دێموکراسی و سەقامگیربوونی سیاسی لەو وڵاتەیە، لە لایەکی دیکەشەوە پەرە سەندنی دەسەڵاتی کوردە هەم لە بەخدا و هەمیش لە کوردستان. بە ڕۆژی ڕۆناکیش دیارە چوونە پێشی هەر هەنگاوێک بەرەو نیزیک بوونەوە لە ویستە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی گەلی کورد لە بەشی باشور، بە مانای پاشەکشە بە سەرەڕۆی و پاوانخۆازی داگیرکەرانە. هەربۆیەشە کەرکۆک بە بۆمبی کاتژمێری پێناسەی دەکرێ و فیدرالیش بە ماکەی شەڕ و ئاژاوە. کورد دەبێ بزانێ کە مێژوو دووپات بوتەوە. ئەوە کات و جۆری دووپاتبوونەوەکەیە کە جیاوازیان هەیە. لەوانەیە چاڵدڕانێکی دیکەی وەک خۆی نەیەتە ئاراوە، بەڵام لە بیرمان نەچێ کە بیرۆکەی سۆڵتان سەلیمی عۆسمانی و شێخ سمایلی سەفەوی بە هەمان ئیدیولۆژیەوە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە.

سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠٠٨

## وە یاد ٢٠ ساڵەیٚ بەمواران شیمیایی ئاوایی زەردە لە ناوچەیٚ داڵەهۆ

سەر لە شەوەکی ڕۆژ ٣١ی مانگی پویشپەڕ" تیرماە" ساڵ ١٣٦٧، ١٩٨٨ میلادی و شەش ڕۆژ لە شوون تەمام بیین شەڕ ناوبەین ڕەژیمەکان ئسلامی ئێران و بەعس عەراق، ئاوایی زەردەیچ جۆر فرە لە شار و شارۆچکەکان ترەک کوردستان کەفتنەوەر پەلامار چەک شیمیایی داگیرکەرەیل وڵاتەکەمان. لە یەکم پەلامارە ٢٧٥ کەس لە مەردم بیٚ دەرەتان گیانێان لە دەس دان و ١١٤٦ کەسیچ زامدار بین. ئیە ڕاسە کە تا ئیسە وە ئاشکەرا دەرنەکەفتگە کە کی تاوانبار یەکم ئی جنایەتەسە، وەلی شک زیاتر ها بان ڕەژیمە وەقەور نریاگەکەیٚ بەعس.

لەویچ دەربچوو هێمرایٚ بیٚ تاوانی دەوڵەت ئسلامی ئێرانیچ لەی باوەتە پشتڕاس نەکریاسەو. هۆکارەیل فرە هەس کە وە جۆرێک لە جۆرەیل دەوڵەت ئسلامی ئێران نەتویەنستگە جاوێک ئەڕایٚ داشتوت و خۆەیٚ لەی جنایەتە دویرەو بخەیٚ. ئەڕا زیاتر ئاشکرا بین گۆمانەکان لە سەر ئەو جنایەتە، دەس نەیمنە بان بەشێک لەو کردەوەگەلە کە گۆمانەکان لە سەر ڕەژیم کردنەسە ماڵ.

**یەکم**: بەمواران شیمیایی زەردە وەختێک ڕووی داس کە شەش ڕۆژ وەرلە ڕویداگەکە ئاگرووەس لە بەین ئێران و عەراق ڕەسمیەت پەیا کردگە. دوویەم: هاوزەمان بین پەلامار فروق جاویدان مۆجاهد ئەڕا سەر کرماشان و ترس مەلاکان لەی باوەتە. سێەم: جمهۆری ئسلامی ئی ڕاسیە  لە مەردم شاردوە و هیچ ئەڕایان مەسەڵە نەوی کە چە وەسەر مەردم هاتگە. چوارم: ئەڕا یەکەم جار لە شوون هەڤدەساڵ ئجازە دا هەواڵ نێر بچوتە ئەو ناوچە و هەواڵ لە سەر ئەو کارەساتە بنێریٚ، ئەویچ وەختێگ بی کە سەدام حۆسەین وەدەس سەربازەیل ئەمریکایی وەدیل گیریاوی. وەدرێژی ١٧ ساڵ ئی دەوڵەتە وە هاوار ئی مەردم لەلیٚ قومێاگەوە ناهاتن و نەگ هەر  ڕویداگەکە لە مەردمیچ شاردیانەو،بگر هێمرایچ جۆر باوەتێک ئەمنیەتی تماشایٚ کردیا.

فرە باوەت ترەکیچ هەس کە ئیمە هیمرایٚ نازانیم ئەڕا چە بایەد ئی ڕوویداگە لەورە ڕووی بێتا؟. بێجگە لەیانە کە باسێان کریا، ئاوایی زەردە وە دەلیل هەڵکەفتن جۆغرافیک کە دێریٚ لە بار ستراتژیو سیاسیوە جیٚ و ڕیٚ خاس خۆەیٚ دێریٚ. تویەنیم بویشیم کە لە درێژایی هەزارگەل ساڵە هیچکام لە داگیرکەرەیل کوردستان نەتویەنستنە مەردم ئی مەڵبەندە بارنە ژێر ڕکیف خۆێان. لە بار سیاسیوە وە یەکیک لە ناوچە خاون بڕیارەکان سەردەم خۆەیٚ ناسیاگە و ئێسەیچ کە ئێسەس، ئەو قورسایی خۆیە لە دەس نەیاس. لە بار کولتۆری و کەلەپۆریەوە شوین خاس خۆەیٚ لە کوردستان دێریٚ. لە بات

لەشکەریوە یەکیک لە شوونە فرە پڕ شەڕوشۆڕەکان کوردستانە وە دایم پست و پەنایٚ وڵاتپەرێزەێل کورد لە وەرانوەر داگیرکەرەێل جۆرواجۆر  وڵات کوردەێل. وجود مەرقەوەکان داود کەوسوار، شا ئیبراهیم، باوەیادگار، مستەفا دەودان، پیربنیامین، بالیول دانا لە کرند و بانزەردەو داڵەهۆ، شایەتی فرە لە ڕویوەڕیو بینەوە نەتەوەیٚ ئێمە وەگەرد دۆژمنەێل کورد و کوردستان دەن. هەر ئەوەیٚ کە مەردم ئی مەڵبەندە نەچینەسە ژێر بار فەرهەنگ داسەپیاگ ئەرەبەکان، ئۆسمانیەکان  و سەفەویەکان و وەگەرد گشت سەختیەکانی دەسوپەنجە نەرم کردنە، شایەتی فرە چشت دەن، کە وە شانازیەکان ملەت کورد تیەنە حساو. یەکیک لەو باوەتەێلە کە ناکریٚ لەێرە باسیٚ نەکەیم، ئەوەسە کە مەردم ئی مەڵبەندە کە وە کورد یارسانی ناسیانە، هەر هانە سەر ئەو ڕیٚ و ڕچەیٚ باوکە وەرینگەلێانە، کە کورد هاتنەسە دونیا و وە کوردیچ مرن.

جیٚ شک نییە کە یەکێک لە بەێبەختیەکان ئی مەردمە کە کەس وە هاوارێان نەڕەسی، ئەو جیاوازیەلەسە کە وەگەرد سیستم فکری و ئیدیولۆژی دەوڵەت حاکمە دێرنەیٚ. مەردمێک کە  ئاینەکەیٚ کوردی بود، دواو لالەکانیٚ وەگەرد خۆدایٚ خۆەیٚ وە کوردی بود و قۆڵەکەیٚ هەر کوردستان بود، بایەد بکەفێتە وەر پاکتاو نژادی و ئاسیمۆڵە بکریٚ. چوینکە ئیە ڕێوازێکە کە جمهۆری ئسلامی هەڵێوژاردگە و لازمیچ ناکەیٚ ئیمە لەێرە بچیمە سەر گشت باوەتەکانیٚ. ئەوەیٚ لێرە فرەتر لە باوەتەکان ترەک رووشن و ئاشکراس، ئەوەسە کە تا ڕۆژ ئیمڕۆژیچ نیشانێک لە کاربرد نزامی ئی جنایەتە دەرنەکەفتگە. چوینکە هەر ئەو جۆرەیٚ کە لە بانەو ئشارە وەپیٚ کردیم، هەم شەڕ مابەین دەوڵەتەێل عەراق ئێران تەمام بوی، هەمیچ هێرش فروق جاویدان مۆجاهدین ئەڕا بان کرماشان ڕیوەڕوی شکست بویەوە.

خۆ ئەگەر ئی جنایەتە ڕەژیمە وە قەورنریاگەکەیٚ بەعث کردویوتەیٚ، ئەو وەختە بایەد بویشیم کە ئاوایی زەردەێچ جۆر سومار، سەردەشت، گێڵان خۆەرئاوا، نسار و نودشە و دێرە لە خۆەرهەڵات کوردستان. ئیانێچ جۆر ئاوایەکان گەرمیان و هەڵەبجە و پشتدەر. بالیسان و بادینان و فرە شونەێل ترەک لە جنوب کوردستان. شوون کەم مەننە لە جنوب کوردستان کە جیٚ دەس سەردارەکەیٚ قادسیە وەپێوە دیار نەودن. شک لە بان ئیە نەماگە کە ئەگەر قادسیەکان وەرین بەڕبەڕیەت نەتوانستن وە قەمەو شمشێر نەتەوەیٚ ئیمە لە ناو بوەن، گومانیچ وەبان ئیە نییە کە هەڵگرەێل هەر ئەو جۆر فکر و ئیدئولۆژیە نییەتویەنن وە گاز و ئەنفالیچ لەناو بوەنەمان. دیارە پرسیار فرەس و قسەیچ بان ئی باوەتە فرەس. بیلا گشت ئی پرسیار و قسەێلمانە بمینیٚ ئەڕا ئەو وەختە کە کورد خۆەیٚ بانیان کار بکەیٚ و ئەنجام دەرەێل ئی جنایەتگەلە بناسننە دونیا. با داگێرکەرەێل وڵاتەکەمان ئیە بزانن کە نەتەوەێک کە خوەیٚ ئرادە کردگە و لە ژێر ڕووشنایی پێشکەفتنەکان دونیایٚ ئێسە و ئەو ئاڵوگۆڕەێلە کە بینەسە ڕاسی ڕۆژگار ئێمڕۆژ، دێر یا زوی حەق خوەی وەدەس تیەڕێد. حەق چشتێک نیە وە فکر هەزار ساڵ وەر لە ئیسە شەڕ وەگەردیٚ بکریٚ، یا لە ناو بوریٚ.  ئیە ڕاسیکە کە هاشا هەڵ نیەگریٚ، با ئەڕا دەسەلاتدارەێل و داگێرکەرەێلێچ تاڵ بود.

**یاد قوروانیەکان شیمیایی واران زەردەو گشت قوروانیەکان دەس زۆرداری زنگ بود.**

**مل شۆڕی و سەرداخستن ئەڕای داگێرکەرەێل و جنایەتکارەێل.**

**سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠٠٨**

## وڵامێک بۆ بێ حورمەتیەکانی حیزبی مەشروتەی ئێران بە نەتەوەی کورد.

لە هەوتوەکانی ڕابردودا شاندێکی ئەم حیزبە سەردانی باشوری کوردستانیان کرد و بوونە میوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

پاش گەڕانەوەی ئەو شاندە، یەکێ دەمڕاستەکانی ئەو حیزبە بە ناوی ڕەحیمی، پرۆگرامی حدکا"ی لە کۆنوونەوەیەکدا داوەتە بەر لێکدانەوە و بەو جۆرەی بۆ خۆی ویستویەتی تەونێکی شێخ سەفیەدینی لێ هەڵخستوە کە بە ئارزۆی خۆی کەڵکێتەکەی دەکوتێ. ئەو بەشەی دانیشتنی شاندی حیزبی مەشرۆتەی ئێران لە گەڵ میواندارەکەیان و ئاڵوگۆڕی بیروڕاکانیان لە بۆ چ مەبەستێک بووە یان لە سەر چ کۆدەنگی و هاودەنگیەک، جێگای باسی ئەم وتارە نییە و پێوەندی بەو دوو لایانەوە هەیە. بەڵام تێ دەکۆشم وڵامی حیزبی مەشرۆتەی ئێران لە سەر لێکدانەوە و ڕۆانگە شۆڤینیستیەکانی سەبارەت بە گەل و نیشتمانی کورد بدەمەوە. ئەگەر چی ڕوانگەو بیروبۆچۆنی حیزبی مەشرۆتەی ئێران بۆ ئێمە نەناسراو نییە، بەڵام وڵام دانەوە بەو بێ حورمەتیانەی شۆڤێونەستەکانی مەزنی خۆاز بە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و لە هامان کاتدا بە تیئوریک دەزانم. چۆنکە حیزبی مەشرۆتە نەگ هەر ئینکاری وڵات و نەتەوەی کورد دەکا، بەڵکوو هەر لە ئێستاوە جیهادێکی پان ئێرانیستیشی بە دژی ڕاگەیاندوە. یەکەم: حیزبی مەشرۆتەی ئێران دیاردەیەک بە ناوی کوردستان ناناسێ تاکوو لە شەڕی چاڵدڕاندا دابەش کرابێتە سەر دوو ئیمپراتۆری ئۆسمانی و ئێراندا. ح م ئ، مێژۆوی کوردستان دەگێڕێتەوە بۆ بەر لە ٣٠٠٠ ساڵ و هەر بەو پێوانەش دەبێتە نوێنەری دەیان ئیمپاتۆری ناوچەکە و کوردستانیش بە مۆڵکی بێ ئەملاوئەولای میللەتی گەورەی ئێران دەزانێ و قەواڵەی ٣٠٠٠ ساڵ لەمەو بەریشیان لە باخەڵدایە!؟. بەڵام مەشرۆتوڵلاکان هێندە هەستی شۆڤینیستیەکەیان گۆڵی کردوە، کە ناتوانن تەکانێک بڕۆنە دواوە هەر ئەو مێژۆوە دەستکردە کە بۆ خۆیان باوەڕیان پێیە بگرنە شاهید و سەرێک لە کۆتایەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی هەڵهێنن، تاکوو هۆکاری دابەش بوونی وڵاتی کوردان بۆ چوار بەش بدوزنەوە. ح م ئ کە جیاوازی نێوان ئیمپراتۆری و دەوڵەت دانانێ، یان باشتر بڵێین خۆی لێ گێل دەکا، بەڕاستی ئافەرینی شاسوڵتان حۆسەینی دەبێ بۆ بنێری. لانی کەم ئەوە نازانێ کە ئیمپراتۆریەکان ئێش و کاریان داگیر کاری و گەورە کردنەوەی چوارچیوەی دەسەڵاتی ژێر دەستیان بووە. بەو حاڵەش دەم لە سیاسەت دەدەن و دەبنە نوێنەری سێ هەزار ساڵ لەمەو بەری ئیمپراتۆریەکان و بە هەمان با شەن دەکەن کە ئەو دەم هەڵیکردبوو. دووهەم: ح م ئ شێخ عۆبەیدوڵلای نهرۆ وەک تاقمێکی سەر بە فیرقەی نەقشبەندی و بە قاتڵ و سەربڕی ٢٠٠٠٠ هەزار ئازربایجانی لە شاری مەراغە لە ساڵی ١٨٨٠ی زایینی دەناسێنێ. مەشرۆتۆڵلە لە سەر شێخ عۆبەیدوڵلای نهرۆش نیەتەکەی بە جوانی دەرخستوە و بە ئاڵەمی ئاشکرا نانەوەی ئاژاوەی زیاتر لە نێوان دوو نەتەوەی کورد و ئازەری و موسوڵمانانی شیعە و

سۆنەیە. لێرەش گەرچی بەرگی شۆڕی مەلایەتی و دەورەی حوجرەکانی قۆمیان تێنەپەڕاندوە، بەڵام بۆ خۆیان ئایەتۆڵلە دەسیور فوتوای پان ئێرانیستی بە دژی گەلێک دەردەکەن کە لای ئەوان بوونی نییە. هەر لە بەر ئەوەشە کە نەهرۆ دەبێتە قاتڵ و سەربڕی خەڵکی مەراغە، بەڵام جنایەتە سامناکەکانی عۆسمانیەکان و پاشان مستەفا کەماڵ بە دژی دوو گەلی ئەرمەنی و کورد لای حیزبی مەشرۆتەی ئێران واژۆی پاراستنی تەواوەتی عەرزی تۆرکیایە. سێهەم: مەشرۆتۆڵاکان کۆماری کوردستان بە دەستکردی بێگانە پێناسە دەکەن و لەم پێوەندەش دا وتەکانی باوکی تاجداریان دووپات دەکەنەوە. لەم پێوەندیەدا ئەوەندە بەس بوو کە وەسیەتنامەکەی پێشەوای نەمری کوردیان خوێندباوە و هێندە زامەتیان بە خۆیان دابا و بە بێ بەڵگەو ئاگاداری نەچووبانە نێو بابەتێکەوە کە قەد باوەڕیان پێ نەبووە قەدیش نابێ. باشتر بوو ح م ئ هێندێک بە سەرنجەوە باسیان لە کۆماری کوردستان کردبا، چۆنکە لەم پێوەندیەدا هێندە بەڵگەی زەق و هاشا هەڵنەگر هەیە کە لمبۆزی ئەوانی پێ بماڵێتە خۆڵدا. بێ شەرمیش دەبا سنورێکی هەبایا. شاندی حیزبی مەشرۆتەی ئێران کە سەردانی باشوری کوردستانیان کرد و بە قەولی خۆیان میوانداریەکی باشیان لێکرا، دەبا پاش گەڕانەوەیان هێندێک زانیاریان لە سەر ئەو دورگە نەناسراوەی کە میوانداریيان لێ دەکرا بدەنەوە بە سەرکردەکانیان. یان لانی کەم دەکرا لە میواندارەکانیان پرسیبا تاکوو پێیان کوتبان کە سەرۆکی ئەو بەشە لە کوردستان کە ئەوان تێدا دەهۆانەوە، لە پایتەختی ئەو کۆمارە و لە ژێر شەکانەوەی ئەو ئالایە هاتوەتە دونیاوە کە ئەوان بە دەستکردی بێگانەی دەناسێنن. چوارەم: ئالاو سرودی نەتەوەیی کورد بۆ حیزبی مەشرۆتە خوازانی ئێران پڕ مانایە، هەڵبەت وەک هێماکانی جیایخۆازی و یاخیگەری. هەر بۆیەشە ئێران بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بۆ وان یەک میلەت و یەک وڵاتە و لە گەڵ هەر جیایخۆازیکدا تاکوو سەرحەدی مەرگ ڕادەوستن و پارێزگاری لە تەواوەتی عەرزی ئێران دەکەن بە هەر قیمەتێک کە تەواو بێ. واتە بە جیهادی پانئێرانیستی و بە گەلەکۆمە لە گەڵ دەوڵەتی تۆرک. چۆنکە لەم پێوەندیەدا بێجگە لە جیهادێک کە بۆ خۆیان بە دژی گەلی کورد دەری دەکەن، هەڕەشەی دەوڵەتی تۆرکیشمان لێ دەکەن. لێرەدا و بە سەرنج دان بەو هەموو بێ حۆرمەتی و هەڕەشانە کە لە گەل و نیشتمانی کوردان دەکرێ، ئیتر ڕەستە نامێنێ مرۆڤ پەنای بۆ نەبا و لەو عەرزەش وەڕەز نەبێ کە بە سەری دا دەڕوا. ئاخر مەشرۆتۆڵلە، خۆ میر پەنجی باوات هەر ئەوەی ئەنجام دا کە ئێوە دەیجونەوە. خۆ والاحەزرەتی پشتوێن ئیمامرەزا لە پشتی هۆمایونی، هەمانی جێبەجێ کرد کە بەڕێزتان کاویژی دەکەنەوە. خۆ ئەگەر ئەوانەش هێندێک دوور کەوتبنەوە و بیری کورتی ئێوەش نەگاتە ئەو مێژووە خوێناویانە، ئیدی کی باشتر لە کۆماری ئیسلامی ئێران، هەڵبەت بە بوونی تیئۆریسیونی وەک ئێوە، ئەو تەواوەتی عەرزیەی ئێرانی پاراستوە؟. لە کۆتایی دا حیزبی مەشرۆتەی ئێران دیسان خۆیان لە گرینگترین بابەت گێل دەکەن و دەڵێن: حیزبێک سرودی نەتەوەییو ئالای خۆی هەبێ و پارێزگاریش بە چەک بە دەستی پێشمەرگەوە بێ، ترسناکترین بەڵایە و زەنگی مەترسیە بۆ سەر تەواوەتی عەرزی و نەتەوەی ئێران. با لێرەو لەم پێوەندیە دا دوایین قسەکانمان لە گەڵ حیزبی مەشرۆتە خۆازانی ئێران بکەین و لەو خۆڵکە کوردانەیە بێینە دەرەو پێیان بڵێین: مەشرۆتۆڵای بەڕێز! ئەوەی کە ئێوە بە حیزبێک ناوی دەبەن و سرود و ئالاکەی بە مەترسی دەزانن، حیزبیکە کە لە کوردستان خەبات دەکا. کوردستانیش مۆڵکی پاوانکراوی کەس نیە بێجگە لە نەتەوی کورد کە لە سەری دەژی. ئەوەش کە

ئێوە چاوی دیتنیتان نییە و بە دیتنیشی بڕواتان پێ نییە، ئەوەیە کە لە کوردستان نەگ حیزبێک، بەڵکوو بە دەیان حیزبی دیکەشی هەیە کە ئێران بۆیان واحیدیکی جۆغرافیە و بەس. نەگ وڵاتێک و میللەتێک، ئەویش فارس و ئێرانی بێ. ئێوە دەبا لە مێژە ئەوەتان زانیبا کە کورد وەک نەتەوەیەک مافی خۆیەتی سرود و ئاڵای نەتەوەیی خۆی هەبێ. من ناچارم وەک کوردێک وشەی مەرحۆم بۆ حیزبەکەی ئێوە بەو جۆرە بۆچوونەوە کە هەیەتی بەکار بێنم و پێتان بڵێم: مریشک کە برسی بوو، خەۆن بە داڕیوجانەوە دەبینێ. ئێوە هێشتا جیاوازی نێوان حیزبێک و نەتەوەیەک نازانن، هەر بۆیەشە چل ملیون کورد بە حیزبێک دەزانن و سرود و ئاڵاکەشی بە مەترسی بۆ سەر خۆتان. بەڕاستی و بە دوور لە دەمارگرژی ئەم وتەیە ڕێک بە بەژن و باڵای ئێوە و هاوبیرەکانی دیکەتان دا هەڵدووراوە کە خەۆن بە داڕیوجانەوە دەبینن. دڵنیا بن کە گەلی کورد بۆ وەدەست هێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی خۆیان پێویستیان بە سواڵ کردن لە کەس نییە. کورد مافی خۆیان وەردەگرن بە بێ ئەوەی کە پرسیار لە بەڕێزتان بکەن. ئەو چوار چێوە جۆغرافیە کە لای ئێوە موقەدەسە، بۆ ئێمە هێمای بە دەیان کارەسات و وەیشۆمەیە. ئێوە کە خۆتان بە خوێندەوار و عەقڵی تەواو دەزانن و تۆزقاڵێکیش لەو دێمۆکراسیەی هەندەران و لە ژیانی تاراوگەیدا فێر نەبوونە، لانی کەم ئەوەتان دەبێ خوێندبێ کە: لە یاسای زانستی بیولۆژیدا هیچ شتێک موقەدەس نییە. ئێستا ئەگەر ئەوەتان قبووڵ بێ کە ئیمەش وەک گیانلەبەرێک کە لە دەرەوەی ئەو زانستە ناژین، لەو حاڵەتە دا نە ئێران موقەدەسە و نەش ئێرانی بوون. جیا لەوەش مەگەر ئەوەی کە ئێوە لە جۆر یان دەستەی ئەو بوونەوەرانەدا بن کە بۆ ئەنجامی کار پێویستیان بە کەڵک وەر گرتن لە مێشکیان نەبێ. بێ شک لەو حاڵەتەدا نە ئێمە وەک کورد و نەش هیچکام لەو نەتەوانەی کە لەو چوارچیوە جوغرافیە دا دەژین، گلەییەکمان لێتان نییە. دیسان لەو کەشو هەوا جوانەش دا کە ئێوە تێدا پەروەردە بوونە هەموو ئەو تیئوریانەشتان بەو مێژۆوە سێ هەزار ساڵەکەیەوە ڕاستە و ئەوەش ئێوەی خۆڵقاندوە دەبێ قەد نەهێڵێ وشکە ساڵی ڕوو لەو وڵاتە بکا کە ئێوە تێدا دەژین. دوایین قسەشم ئەوەیە و دەڵێم: نابێ کورد لە بەرانبەر ئەو هەموو بێ حۆرمەتی، بێ ڕێزی و هەڕەشانەی پان ئێرانیستەکانی مەشرۆتەخۆاز بێ دەنگ دانیشن، چۆنکە ئەو بێ حۆرمەتیانە کە حیزبی مەشرۆتەی ئێران کردویەتی بە مەرامنامەی حیزبێک نیە و ڕێک هێرشە بۆ سەر نەتەوەی کورد بە گشتی.

سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی: ١١ی جوونی ٢٠٠٨



سەرچاوە
Serchawe

## گەڕانەوەی سیمورغی پانئێرانیست، یان عەرەباندنی کورد و زێدەکەی؟.

لای کەس شاراوە نیە کە ڕەزاشا و کوڕەکەی بە پیلان و گەڵاڵەی جۆراوجۆر ئەوپەڕی هەوڵی خویان دا تاکوو بنەماکانی هزر و بیری نەتەوەیی و نیشتمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بسڕنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش یەکەم کاریان کەڵکوەرگرتن لە نووسەران بوو.

لەم پەیوەندیەدا بودجەیەکی زۆریان تەرخان کرد و لە کورد، فارس، تورک، عەرەبەوە بگرە تاکوو فەرانسی، ئاڵمانی و ئینگلیسی ...، کیشایە نێو ئەو گەمەوە کە گەڵاڵەیان بۆ داڕشتبوو. لەم پەیوەندیەدا پێویستە سەرەتا ئاماژە بە کۆمەڵێک کتێب بکەین کە ئەگەرچی خاڵی باشی مێژووی و جوغرافیشیان تێدایە، بەڵام بە دوو مەبەستی سەرەکی نووسراون. مەبەستی یەکەم سڕینەوە ناوی کوردستان و زمانی کوردیە کە زۆر زۆڵانە بەڵام لێهاتوانە مەبەستەکانی خۆی پیکاوە. مەبەستی دووهەم پەرەپێ دانی هەستی شوڤینیستانە و پیروزی پێدان بە دیاردەی ئێرانچیەتیە کە بەداخەوە ئەویش ڕیشەی داکوتاوەتە نێو دڵی نوخبە سیاسەکانی کورد، چ بگاتە خەڵکی ئاسایی. بۆ ئەوەی ڕاستی و دروستی ئەم وتارە لەو دوو پەیوەندیە دا دەرکەوێ، ئاماژەدان بە کۆمەڵێک کتێب و نووسراوە پێویستە تاکوو بزانین کە درێژەکاریەکانی ڕەزاشا و کوڕەکەی هەروا بەردەوامە، بەڵام لە قاڵب و شکڵێکی دیکە دا و بۆ هەمان مەبەست.

ساڵی ١٣٧٩ نووسەرێک بە ناوی "غلامرضا انصافپور" سەد کتێب لە دوازدە بەش دا کۆ دەکاتەوە و دەیکاتە یەک، بە مەبەستی ناساندنی کوردەکان. نیوی ئەم کتێبە "تاریخ سیاسی و جغرافیایی مردم کرد"ە. لەوەش بەولاتر "اسرار از اعماق" و از شرقی ترین تا غەربی ترین"ی لە سەر نووسراوە. لەم پەوەندیە دا تا ئەو جێگایەی من لە مەبەستەکانی نووسەر "واتە از شرقی ترین تا غەربی ترین تێگەیشتبم، لەم کتێبەدا کورد بە خۆی و بە جوغرافیەکەیەوە هاتوەتە بەر باس و ئاماژەیە بە هەموو بەشەکانی کوردستان. ئەوەی کە لەم کتێبەدا سەرسۆڕ هینەرە ئەوەیە کە بەڕێز" انصافپور" لە سەرجەمی ئەو سەد کتێبەی کە بۆ خۆی ئاماژەیان پێ دەدا، ئەو بەشانە یان ئەو خاڵانەی هەڵبژاردون کە شاهنشاه هۆمایونی بودجەی بۆ تەرخان کردبوون. کاکڵی بنەڕەتی ئەم کتێبە و مەبەستیش لە کۆکردنەوەی سەد کتێب لە کتێبیک دا لە لایان ناوبراوەوە، لە ڕادەی یەکەم دا بۆ بەرزڕاگرتنی بنەما فکریەکانی نەتەوەی باڵادەست و بەهێز کردن و بە ئایدولۆژیاکردنی شوڤیونیسمی مەزنی خوازو ڕەگەزپەرستانەیە. لە لایەکی دیکەشەوە داگیر کردن و لاواز کردنی بیر و هزری کورد لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراو دا. بۆ زانیاری زیاتر لە نیەتە شاراوەکانی نووسەری ئەم کتێبە چەند وینەیەک لە هەڵبژاردەکانی بەڕێزیان دەخەینە بەر دیدەی خوێنەران.

لە لاپەڕەی ١٣٩ تاکوو ١٥٢ ئاماژە بە چەند پارچە شێعری کۆمەڵێک لە زانایان، شاعیران و مێژوو ناسانی کورد دەکا و بەو وێنە هێنانەوانە وانیشان دەدا کە شێعر و وتەکانی ئەو ناودارانە بە فارسی "دری" هۆنراونەتەوە. لەوانە جەلیل زەنگنە، ڕەشید یاسمی، سوڵتان کرماشانی، مەلا ئەحمەدی کلاشی، مەلا ئەبوبەکر شاهۆیی، سیری سنندجی، سلیم کردستانی، مەلا عەبدولا بێتوشی، عوام وەزیری، خالید نەقشبەندی، میرزا شەفیع پاوەیی، شێخ موحەمەد بەرزنجی، مەستۆرەی کوردستانی و کۆمەڵێکی دیکە دەگرێتر شاهید بۆ سەلماندنی بیر و بۆچوونەکانی خۆی. بەڕێز "انصافپور" ئەم بەشەی کتێبەکی بەم هۆنراوەی ئەبولقاسمی لاهوتی کۆتایی پێ دێنێ کە دەڵێ :

بشنو آواز مرا از  دور، ای جان من
ای گرامی تر ز چشمان، خوب تر از جان من
اولین الهام بخش و آخرین پیمان من
کشور پیر من، اما پیر عالی نشان من
"طبع من، تاریخ من، ایمان من، ایران من"
من جدا افتاده از پیش تو، فرزند توام
لیک روحآ پای بند مهر و پیوند توام
دایمآ گویا که در آغوش دلبند توام
و الله بگذشته بی مثل و مانند توام
"مخلص تو، عاشق تو،آرزومند توام "

ناوبراو لەم کتێبەی دا ئاماژەی بە بێلایەنی خۆی داوە و دەنووسێ: مەبەست لە کۆکردنەوە و نووسینی ئەم کتێبەی بۆ ئەوەیە کە مێژووی کورد نەفەوتێ، چۆنکە ڕووڵی کورد لە بیر کراوە و استعمار لێکی دابڕاندوە. ئەمەیان تا چەندە ڕاست بێ با بمێنێ بۆ داهاتوو. بەڵام ئەگەر چاپی ئەم کتێبە لە لایان پانئێرانیستەکان بە هەموو شکڵەکانیەوە بودجەی بۆ تەرخان نەکرابا، ئەودەم دەبوا شوێنەوارێکیش لە شێعرەکانی سەرهەنگ دەودان و پیرشالیار...، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ٧٠٠ ساڵ پێش لە دایک بوونی بەرێزیان تێدا بویا. یان دیسان بە هینانەوەی چەند پارچە هۆنراوەیەک لە شێعرەکانی،جگرخوێن، پیرەمێرد، هێمن، شێرکۆ بیکەس، عەبدوڵا پەشێو...، بێ لایەنی خۆی ئیسبات کردبا. ناوبراو لە چەشنی ئەم دڵسوزی لە بۆ کوردان!، هەر لەم چەشنەش ئاش کەشکێکی بە ناوی "تاریخ تبار و زبان مردم آذربایجان لە چاپ داوە کە لەوەدا دەڵێ: ئازەریەکان بە گشتی ئێرانین و زمانەکەشیان هەر فارسیە. لەوەش بەولاتر ئەوەیە کە ئەم زمانەی کە ئێستا ئازەریەکان قسەی پێ دەکەن کەمتر لە ٣٠٠ ساڵێکە شکڵی گرتوە و ئەویش بۆ خۆی مێژوویکی هەیە و جێگای باسی ئەم وراتەش نیە. بەڵام با ئاوڕێک لە بەشێکی دیکەی کتێبەکە بدەینەوە و بزانین لە بەشی هەشتەم دا لاپەڕەی ١٥٣ کە باس لە "مرزداران، همرزمان و مدافعان" دەکا چ دەستە گوڵێک بە ئاودا دەدا. لێرە و لەم بەشەدا لە بەر

درێژ نەبوونەوەی وتارەکە تێکوشم بە کورتی ئاماژە بە ناو و ڕای ئەو نووسەر و مێژوو نووسانە بکەم کە بەڕێز انصافپور کەڵکی لە سەرچاوەکانیان وەرگرتوە. "کلیم اڵلە توحدی اوغازی" لە کتیبی "حرکت تاریخی کرد بە خراسان" دەنووسێ: نام مقدس ایران بە معنی پرستشگاه است. کردها مرزداران،سەربازان،جانفدایان ایران بودند و هستند. تمام کردها در هر کجای دنیا کە باشند ایرانی زادەاند، در ایران مردەاند. آنان کە اتهام واهی تجزیە طلبی بە کردها نسبت میدهند سخت در اشتباهند. زیرا آنها در هەرکجای دنیا کە باشند ایرانی هستند و قلبشان بە خاطر ایران و ایرانی می تپد. پاشان ئەم دێڕە شێعرەدا دەنووسێ:

همە جای ایران سرای من است
چە، نیک و بدش از برای من است.

"حیدر بهتوی" لە کتیبی، کرد و پراکندگی او در گسترە ایران" دەنووسێ: کردها مرزبانان و حافظان یکپارچگی و استقلال ایرانند و هرگز خود را از ایران و ایرانی جدا نمیدانند". "رشید یاسمی لە کتێبی کرد و پیوستگی تاریخی او" دەنووسێ: کرد و ایران یەکی هستند و تفاوتی میان کرد در این قطعە از ایران و ایرانی وجود ندارد". "محمود عمر محشری" لە تفصیر کشاف" دا دەنووسێ: "پیغمبر مسلمانان در موردد زبان فارسی و مردان فارس میفرماید، "لوکان العلم منوطآ بلنثریا، لتناولە رجال من فارس" یعنی اگر دانش بر ستارە پروین آویختە باشد، مردان ایرانی آن را بدست خواهند آورد". ئەمە تا چەندە ڕاست بێ دیار نیە، بەڵام هەر ئەوەندەی بۆ جێ خستنی ئەو هەستە پاوانخوازیەش بێ، پانئێرانیستەکان پەێغەمبەری موسوڵمانانیش دەگرنە شاهیدی بۆ خۆیان لێهاتوی ئەوان نیشان دەدا. "دوکتۆر سیروس ایزدی" لە کتێبی وەرگێڕاوی کوردان گوران دا لە زمانی زانست زانانی ئاڵمانیەوە کە توانیویانە بە فارسی دری ئاخاڤتن بکەن،دەنووسێ: هنگام بعث در روزنامەها دربارە رواج دادن بە زبان" اسپرانتو" در مقالەای نووشتەاند با بودن زبان زیبا،غنی،شیرین و آسان فارسی، نیازی بە ساختن زبانی مصنوعی نیست و ما باید این زبان را بین المللی کنیم". ئەو هەروەها وینەیەک لە هەڵبەستێکی شەمسی تەورێزی دێنێتەوە کە وەک تانە ڕووی لەو کەسانە بووە کە لە دەمشق لە پاڵ دەستی دانیشتوون و بە ئەرەبی پێکەوە دواون و دنووسێ:

"زبان پارسی را چە شدە است؟ بدین لطیفی و خوبی
و آن معانی و لطایف کە در پارسی آمدە، در تازی نیامدە است
زهی قرآن ناطق پارسی، زهی وحی ناطق پاک

"علی اصغر شمیم" لە کتیبی کردستان، دەنووسێ: کرد هموارە پاسداران و پیشتازان ایران در جنگ و صلح بودند.اخلاق ملی و سجایای نژادی ایرانی کرد از همین پیشتازی شکل گرفت و ماندگار شد." عبدالحسین سعیدیان لە دایرةالمعارف سرزمین و

مردم ایران، دەنووسێ: "کردان بیش از دیگر اقوام برای حفظ شئون ایرنی و حمایت از قومیت ایرانی کوشیدند". "حمیدەضا جلالی پور لە کتێبی کردستان و تداوم بحران آن" دەنووسێ: شورشهای کردها همگی و هر بار تحریک شده از خارج و توطعەای از ناحیەی کشورهای قدرتمند جهان بوده. ئەو هەروەها دەنووسێ: سمکۆ قاتڵ و تاڵانچی بوو و سەبارەت بە پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانو کۆماری کوردستانیش، بە فیتی بێگانە بووە. بەڕێز "انصافپور" بەوەندەش ڕازی نابێ و دیسان وینەیەکی نوێتر لە کتێبی بەڕێز حمید رضا جەلالی پور دێنێتەوە کە جێگای گومان لە پانئێرانیست بوونی بەڕێزیان ناهێڵێتەوە. لەم پەیوەندیەدا لە لاپەڕەی ٥٩ ی کتێبەکەیدا ئاوا هاتوە: "بعد از انقلاب اسلامی ایران در ساڵ ١٣٥٩، تمام کسانی کە بە دنبال این حزب افتادن از ٢٥٠ نفر زیادتر نبودند. کە این بە خودی خود نشان از بێگانە بوون و وابستگی این حزب را میرساند. لێرە وادەردەکەوێ کە بەڕێز حەمید ڕەزا جەلالی پۆڕ ئەرکە ناتەواوەکەی بۆ بەڕێز انصافپور بەجێ هیشتوە. چۆنکە ئەگەر وا نەبوایا لانی کەم دەیان توانی ئەوەش بنووسن کە وتوێژی دەوڵەتی ئیسلامی پاش سۆڕش لە گەڵ کێ و بۆ چ مەبەستێک بوو؟. شەڕی سێ مانگە و ئاگر بەسی دەوڵەت لە گەڵ کێدا بوو؟. بوونی ١٠٠٠٠٠ موڵگە لە کوردستان بۆ ٢٥٠ کەس!؟. هەرچەند هێشتا کاتی ئەوە ناهاتوە شتی وا بنووسین، بەڵام لاموابێ باشترین کار ئەوەیە کە بەڕێز غلامرضا دواناوی خۆی(شهرت) واتە "انصاف پور" بگوڕێ بە شتێکی دیکە کە شایانی شیوەی بیرکردن و نووسینەکانی خۆی و هاوبیروباوەڕەکانی بێ. "دوکتۆر جواد صفی نژاد" لە کتێبی عشایر فارس، دەنووسێ: جغرافی نویسان دوران اسلامی ایرانی و عرب، در سال شانزدهم هجری و قرنهای سوم تا ششم هجری، اطلاعات با ارزشی از شناخت عشایر فارس بە دست میدهند. کە بە کرات اشارە بە فارس بودن و ایرانی بودن کردها دارد. دیارە وینەی دیکە زۆرن کە بەڕێزیان بە هەموو جۆرێک ئیسبات دەکا کە کورد فارسە و کوردستانیش ئێرانە، بەڵام لە بەر درێژ نەبوونەوەی وتارەکە لە هێنانە گۆری هەموویان خۆ دەپارێزین و دەچینە سەر قسە و وەرگێڕانی هێندێ بابەتی پێوەندی دار بە وتارەکەوە کە هەر لەم کتیبەدا وەرگێڕاونەتەوە سەر زمانی فارسی. (کردها مردمی ایرانی هستند و از اصیلترین تیرە آریا کە در ایران، ترکیە، عراق تا گردنەهای قفقاز زندگی می کنند و زبانی ایرانی دارند. "دایرةالمعارف اینترناشنال چاپ ١٩٧٣"). (همگی کردهای ساکن نواحی ایران و مناطق برونمرزی ایران از تبار و نژاد خالص و اصیل ایرانیند.

"الموسوعەالمیسرەالعرەبیە"). (کردستان ناحیەای کوهستانی در جنوب غربی اسیا و در جنوب کوهای آرارات در ایران و ترکیە و عراق و مردمش از نژاد ایرانی هستند. "دایرةالمعارف قرن بیستم(چاپ پنجم). (کردها از نژاد ایرانی هستند و بە گلەداری و قالی بافی اشتغال دارانـد و مردمی جنگاور و دلیرند. "دایرةالمعارف کلمبیاوایکینگ وسک(چاپ ١٩٦٦"). ( کرد از اصل ایرانیست و زبان کردی از اصل فارسی میباشد و تاریخی دراز و پیوستە با قیومیت ایران دارد. از اغاز تا قرن ١٦ میلادی همە ایرانی بودەاند وەلی از آن بە بعد قسمتهایی از آن میان ایران و عثمانی دست بە دست گردیدە است. ("المنجد چاپ ١٥"). (کردها مردمی مسلمان هستند کە در خاورمیانە بە سر میبرند و از نژاد خالص ایرانی اند" دایرةتالمعارف جهان چاپ ٢٤"). (کرد ایرانی است، ایرانیتر از همە ایرانیان، تمدن ایران را ساختە است، در ابتدای

تاریخ در ایران و به نام ایران و برای ایران زیسته و خود را جدا و منفک از ملت بزرگ ایران نمیداند. "ڕوزنامه نشاط شماره ۳۱ خرداد چاپ ۱۳۷۸ سال اول" له نووسینی جلال ملکشاهی کرد).(سرچشمه‌های نژاد کردی و پیوند ریشه‌های آنان با فارسها روشن است. کردان از فرزندان پاک سرشت ایران بزرگند و از روزگاران دور پاسدار فرو شکوه این سرزمین کهنسال آریایی و پرورانندە آیین و فرهنگ زبان ایرانی بوده و پیامبر پارسی زبان باستانی اشو زرتشت مینوی از آنان است. "مراداورنگ"، از کتاب کرد شناسی). (تنها زبان همگانی ایران و ایرانی که رۆزگاری دراز است در ایران زمین رواج دارد زبان آسان و توانا و شیرین فارسی است و بیش از هزار سال است که نه تنها زبان همگانی و رسمی و ادبی و فرهنگی ملت ایران است، بلکه در سده‌های پیشین به سرزمینهای همسایه و دوردست هم سایه افکنده است. "واژەنامه گویش بیرجند"، جلد ۱،لاپەڕەی ۱۳ و ۱٤، نووسراوەی دکتر جمال رضایی). ئێستا کە ئاوڕێکی کورتمان لە بەشێک لە سەرچاوەکانی کتێبی بەڕێز "انصافپور" داوەتەوە، با بزانین هەڵویستەکانی خۆی کە لە لاپەڕەی ۸۱ کتێبەکەی دا هاتوە، لە چ بوارێکدا ڕێک خراون. فەرموون بخوێنن و بزانن چ دڵسوزێکی بەنرخمان هەیە کە بە نووسینەکانی خۆی ناهێڵێ "استعمار و استکبار" بەرەو فەوتانمان ببن!. ایران پس از آوردن گواهان! نشانەها از فرهمندی بالنده ایران، در باره آینده زبان فارسی: بدون شک اینچنین مردم و ملتی در آینده نزدیک، زمانی که از قید اینجایی و انجایی برهند، بار دیگر سیمرغی دیگر تناسخ خواهد یافت و از البرز کوه پر خواهد کشید، اگر چه بدون زاڵ و رستم و...، مرغان از هر سوی جهان به عشق دیدارش شتافته و در طی طریق، همچنان انسانیت از سراسر جهان به شوق دیدار این سیمرغ روی به ایران خواهند آورد و حامل ودیعه زبان پارسی و بهشت سخن با سر زدن و خواندن سرود پارسی در محراب سرزمین عشق به نیایش خواهند ایستاد. و در آن زمان همه به زبان رودکی، فردوسی،ناصر خسرو،نظامی، سعدی،حافظ...، یعنی زبان اصلی و زبان مادر سخن خواهند گفت و باز سرایندگان و اهل قلم در هند به زبان فارسی خواهد نوشت و خواهند.

سرود، و از خوارزم و سعند و بنگال تا استانبول بار دیگر غزلیات زندگی بخش پارسی را باز خواهند خواند. پاشان بەم دێڕە شێعرە، خۆی دەگەیەنێتە وردە هەڵەتەکانی ماچین

"تا دل به مهرت دادەام، در بحر غم افتادەام
چون در نماز ایستادەام،گویی به محراب اندری"

ئەم چەند دێڕەی بەڕێز انصافپور کە بێ گومان لە بەشی" فرجامین جلد سوم دایرةالمعارف" جامعه شناسی تاریخی ایران دا بۆ خۆی نووسیویە و لێرەش دیسان دەیهەوێ خۆشخزمەتیەکانی بە دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵاتی شۆڤێونیسمی مەزنی خواز بناسێنێ، نیشان دەدا کە نەتەوەی باڵادەست چەند سەرمایەی لە سەر داناوە تاکوو کەسێکی وا دڵسوزی کوردان پەروەردە بکا. من بەش بە هاڵی خۆم نە گلەییەکم لە "انصافپور"ەکان هەیە و نەش لە حەمید ڕەزاو جەلالی پۆڕ و ڕەشید



سەرچاوە
Serchawe

یاسمیەکان. با ئەو بیرە پیروزەیان پێشکەش بە خویان بێ و نەگ کۆمارەکانی قەفقازیا و ئەفغانستان و هند و چێن، بگرە تیسفون و اسلامبول و ماچینیش بۆ ئەو سیمورغە بێ کە دەیهەوێ باڵ باوێ بۆ پانتایەکانی جاکارتا و قاهیرەو گشتیان بکا بە فارس و بە زمانی شێرینی فارسیش قسە بکەن. خۆ هیچ نەبێ ئێمەش فارسیەکی دەستوپاشکاو دەزانین و لەوانەشە گەشتێک بۆ ئەو وڵاتانە بکەین و پێویستمان بە وەرگێر نەبێ!. بەڵام ئەوەی لێرە گرێنگە کە "انصافپور"ەکان پێ بزانن و لێ تێ بگەن، ئاماژەیەکی کورتە بە دوو شت. یەکەمیان ڕوولی کوردە لە باڵ وەشاندنی سیمورغی تەناسوخی بەڕێز "انصافپور" دا، هەڵبەت لە دوو ڕوانگەی جیاوازدا. دووهەمیش چاو خشاندنێکە بە سەر هیندێ ناو دانان لە سەر شەقام و گوڕەپانەکانی شارێکی کوردستان، کە لەوانەیە بەڕێزیان زۆر سەرنجی نەدابێتێ تاکو بۆی دەرکەوێ کە لەو بواریشەوە ئاڵوگۆڕەکان ڕێک بە پێچەوانەی بیرکردنەوەکانی خۆی و هاوبیرانی دا دەچنە پێش.

یەکەم ڕوولی کورد: بە داخەوە لە ڕوانگەیەکەوە دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە بیرۆکەی بەڕێزیان شوێنی خۆی نەگ لە سەر خەڵکی ئاسایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکو لە سەر شۆڕشگێڕەکانی کوردیش بە خویان و ڕێکخراوەکانیانەوە داناوە. هەر ئەوەی کە بەشێکی بەرچاو لە حیزبە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵات وشەی "ئێران" وەک یەدەک بە دوای خۆیان دا ڕاکیش دەکەن و بە شانازیەوە لە ئێرانی بوونی خۆیان دەدوێن، لایەکی دەگەڕێتەوە بۆ پیروز کردنی ئەو ناوە لە لایان هاوبیرانی بەڕێزیانەوە کە شوێنیکی نەرینی لە سەر کورد و زێدەکەی داناوە. بەڵام بۆ وەبیرهێنانەوەی بەڕێز انصافپورەکانیش بووە دەبێ ئاماژە بە ڕاستیەک بکەین کە هەر چەند ڕەق بێ، بەڵام بە زەقی دیارە. بە پێچەوانەی ڕۆانگەکانی نووسەرانی هاندراو و پاڵپشتکراوی نەتەوەی حاکم، ئەمڕۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتوەتە ڕادەیەک لە گەشەی هزر و بیری نیشتمانی و نەتەوەیی خۆی، کە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردیان بە جێ هیشتوە. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەو بەشە لە ڕێکخراوە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتیش کە هێشتا ترسیان لە تانە و توانجی وشەی سواوی جیایخۆازی نەشکاوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پاشەکشەدان و بە دوای کاروانێک دا هەڵدێن کە لێی بە جێ ماون. مەبەست لێرە ئەوەیە کە ڕێکخراو یان حیزبێکی سیاسی کوردی چی دیکە ناتوانێ کایە بە چارەنووسی گەلێک و وڵاتێک بکا، کە نە دەنگی لێ وەرگرتون، نەش دیارە چەندە لاینگریان هەیە. بە واتایەکی دیکە خەڵکی ڕۆناکبیر و تێکوشەری کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر یەکیان گرتوە و لە چەندین ڕێگای جیا جیا دا بە گژ پاوانخوازی دا دەچنەوە و تێ دەکوشن بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی پێشلکراویان. کە واتە ئەم خەڵکە ئیتر خەڵکێک نیە کە لە دەرەوەی ئیرادەی خۆیانەوە بریاریان بۆ بدرێ یان خەت و نیشانیان بۆ بکیشرێ. لەم پەیوەندیە دایە کە ئەو سیمورغەی کە بەڕێز "انصافپور"ەکان چاوەڕوانین" تناسخ" بکا(دوون گۆڕان)، بە بێ قاچ و باڵ لە هیلکە دێتە دەر. لە ئاوا بارودۆخێکش دا نەگ هەر ناتوانێ پەلوپوو باوێ، بەڵکو ئەو پالوپۆەش کە هەیەتی، هەڵ دەوەرن.

بەڵام با بزانین لە ڕوانگەی دیکەوە ڕەوتەکە بە چ ئاقارێک دا دەچێتە پێش. لەم پەیوندیە دا ئاماژەیەکی کورت دەکەینە

ئەو ئەرکانەی کە مێژەربەسەرانی هاوبیروباوەڕی ئینسافپۆڕەکان جێ بەجێیان کردوە و ئاماژە بە کۆمەڵێک دیاردە دەکەین کە لە وەرچەرخانێکی ١٨٠ گرایی لە پێچەوانەی بیروباوەڕ و پێشبینیەکانی سیمورغەکەی زاڵ و ڕۆستەمی بەڕێزیان دایە. با ئەوەش بڵێین ئەگەر چی ئەم وەرچەرخانە پێچەوانەی بیرو بۆچوونەکانی نووسەرانی مەزنیخۆازە،

بەڵام ئامانجەکانیان یەکە، کە ئەویش لە لایەکەوە لاوازکردنی بیر و هزری نەتەوەکانی نێو ئەو چوارچێوە جوغرافیاییە. لە لایەکی دیکەشەوە سڕینەوەی ئاسەواری کولتۆری، کەلەپۆری، ئەدەبی، مێژووی نەتەوەکانە، بە تایبەتی هی نەتەوەی کورد. بەڵام بەر لەوەی بچینە سەر ئەسڵی دیاردەی جێگای باسی ڕۆانگەی دووهەم، با ئەم پرسیارەش بەرەوڕووی بەڕێز ئینسافپۆڕ و هەموو هاوبیرانی بکەینەوە کە ئایا چەندە لەم کتێبە پڕ نرخەی کە کۆی کردوەتەوە و کوردی پێ دەناسێنێ، بە زمانی پاراو و شیرینی فارسی نووسراوە کە بەڕێزیان بە شانازیەوە دەیهەوێ بیکاتە زمانی نیونەتەوەیی؟. شک لەوەدا نیە کە هەر کەس تۆزقاڵێک فارسی بزانێ و کتێبەکەی ئەوان بخوێنێتەوە، دەگاتە سەر ئەو بڕوایە کە ٥٠% لە سەد بۆ سەرەوەی بە هەمان زمانە کە ئەمڕۆ مێژەربەسەرەکانی پاڵپشتی لە سەر گۆڕەپان و شەقام و کۆڵانەکانی شارەکانی کوردستانی دایان ناوە. لەم پێوەندیەشدا شارێکی دێرینی کوردستان هەڵدەبژێرین کە زۆر لە تاران دورە و دەستی ئەرەباندن، نەگ فارساندن!، باڵی کیشاوەتە سەر گۆڕەپان و شەقامە شەق و شڕەکانیدا. با پیکەوە ببینین:

کاتێک لە جادەی شاری مهرانەوە یان ئەرکەوازی و دارا شارەوە دەگەیتە شاری ئیلام، یەکەم گۆڕەپان(میدان) کە پێ دەگەی، گۆڕەپانی" قرآن "ە. دووهەم گۆڕەپانی"امام حسین"ە. سێهەم گۆڕەپانی"محمدرسولاالله". لە جادەی کرماشانیشەوە کە دێیتە نیو شاری ئیلام: یەکم گۆڕەپانی"امام حسن"ە. دووهەم "مخابراته". سێهەم دفاع مقدس"ە. چارم" میلاد نور"ە. پێنجم "قدس"ە. شەشم" شهدا"یە.

بلوارەکان و شەقامە سەرەکیەکانیش کە جێگای هاتوچووی ڕۆژانەن و دەبێ هەموو ڕۆژێک خەڵک سوجدەیان بۆ ببا، بریتین لە: "بعثت، وەلی عصر، عدالت، صاحب زمان، محرم، حسن مجتبی، امیرالموئمنین، رسالت، حر، مهدیه، کوثر، سید الشهدا، عباعبدلا، کربلا ، نماز و،. ..

ئێستا لێرە پرسیارێک دێتە پێش کە ئایا بە ڕاستی سیمورغێک کە انصافپورەکان بە بێ زاڵ و ڕۆستەم!، چاوەڕوانی هاتنی دەکەن و زمانی فارسی نیونەتەوەیی دەکەنەوە و لە ژێر شەکانەوەی ئالای سێ ڕەنگی "شیر و خورشید" لە سەری ئێرانی گەورە دا، چەندەیان لە گەڵ هاتنەوەی مهدی زەمان فەرقە؟. بەڵێ بەڕێز ئینسافپۆڕ، مێژەربەسەران ئەو خەونەی ئێوەیان هێناوەتە دی و پێویست ناکا خۆتانی پێوە ماندو بکەن و کتێبەکەی بەڕێزتان باشترین وینەی ئەو داوایەیە. تەنیا جیاوازیەک کە هەیە ئەوەیە کە ئێوە دەتانهەوێ بیفارسێنن، بەڵام مێژەر بەسەران عەرەباندویانە.

تێ بینی: مەبەستی ئەم وتارە بەرلەوەی ڕووی لە نووسەری کتێبەکە بێ، لە ڕادەی یەکەم دا لەقاودانی بیرۆکەی پاوانخوازی و شوڤێونیستی مەزنیخۆازە بە هەموو ڕەنگەکانیەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١١ی مای ٢٠٠٨**

---

**بۆ خوێندنەوەی بێ حورمەتیەکانی ح م ئ سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن.**

**ئایا لە قوناخی خەباتی سیاسی نەتەوەیی، ڕوشنبیری و کۆمەڵایەتی، کولتۆری و جەماوەری ئەوڕۆژی کۆمەڵگای کوردستان دا، حیزبێک دەتوانێ خۆی وەک ڕێبەر و ڕێکخەری جوڵانەوەی میللی دێموکراتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێناسە بکا؟**

بۆ تاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندنی ئەم چەشنە خۆ پێناسە کردنە دەبێ لە پێش دا ئاوڕێک لە ڕابردو بدەینەوە و ئاماژە بە کۆمەڵێک فاکتۆری کۆنی حیزبایەتی کردن بکەین کە ئیتر مێژووی کەڵک لێ وەرگرتنیان بە سەر چووە، بەڵام چۆنکە بوونەتە کولتۆری سیاسی هێشتا کاریان پێ دەکرێ و ئایین ئاسا فتوای بەردەوام بوون لە داهاتوش بۆ خۆی دەدات. پاشان بە دەستنیشانکردنی کۆمەڵێک فاکتۆر و ئاڵوگۆڕی نوێش کە ڕاستەوخۆ شوێنی لە سەر پرسی نەتەوەیی ئێمە داناوە، وڵامێکی گونجاو بە پرسیارەکەمان بدەینەوە.

ئەگەر بمانەوێ زۆر دوور نەکەوینەوە و لە سەرەتای شۆڕشی ساڵی ۱۹۷۹ وە دەست پێ بکەین، دەبێ ئاماژە بە کار و چالاکی و شێوەی بیرکردنەوەی چەند حیزب و ڕێکخراوی ئەو سەردەمە بکەین کە دەیانویست دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتی ئێران بە دەستەوە بگرن و ڕێک بەو جۆرەش کە بۆ خۆیان بە مێشکیاندا دەهات.

**یەکەم** "حزبی توودە". ئەم حیزبە وەک حزبێکی خاوەن ئایدیولۆژی مارکسیست لینینیستی، قەوارە، ساختاری تەشکیلاتی و بەڕێوەبەریەکەشی تایبەتی کرابووەوە لە سانترالیستی دێمۆکراتدا، کە یەکیک لە دەستکەوتەکانی ستالین لە بۆ لەناوبردنی ڕەکەبەرانی خۆی بوو. واتە ئەو حیزبە وەک ئیدارە یان کارگەیەک بەڕێوە دەچوو کە چەندسەد کرێکار کاری تێدا کردبێ، نەگا وەک حزبێکی سیاسی کە پێکهاتبێ لە کۆمەڵێک ئەندامی بە بیروباوەڕ. تەواوی دەسەڵاتەکان لەم حیزبەدا لە دەستی سکرێتردا قورخ کرابوو کە لە ڕاستیدا بە فەرمان لە جێگایەکی دیکەوە هەڵدەسوڕێندرا. تاکوو وای لیهات کە کۆمارە ئیسلامی و دژە ئیمریالیستیەکەیان، بە شەوێک بناوەژۆی کردن.

**دووهەم**" چریکە خۆبەخشەکانی خەڵکی ئێران!". ئەم ڕێکخراوە بە پێچەوانەی حزبی توودە کە ڕێبەرایەتیەکەی لە کۆمەڵێک ئەندامی چالاک، بە تەمەن و بە ئەزموونی بورای ئایدیولۆژی پێک هاتبوو، ڕێکخراوێکی گەنج و کەم ئەزموون بوو. ئەوان سەرەڕای هەبوونی هێز و توانایەکی بەر چاو، بەڵام لە بەر خاوبوون و قاڵ نەبوون لە سیاسەت دا، کەوتنە ژێر هێژموونی حزبی توودە و لە ئاکامدا لە ژێر کاریگەری حزبی توودەدا تووشی لەتبوون هاتن.

بە دوای لەت بوونیشدا هەردووک لەتەکەی چ زۆرینە و چ کەمینە باوڕی قوڵیان بە شیوەی بەڕێوەبەری سانترالیستی حیزبی



سەرچاوە Serchawe

بە دیسیپلینێکی وشکەوە هەبوو. هەربۆیەش گەشە کردن لەو دوو بەشە دا هەر وەک حزبی تووده،لە جێی خۆی مایەوە و ئاکامەکەشی بووەتە دەیان ڕێکخراوی چەپ و تاڕادەیەکیش بێ ناو و نیشان.

سێهەم "ڕێکخراوی مۆجاهیدینی خەڵکی ئێران!". ئەو ڕێکخراوەش بە ئایدولۆژی تایبەتی خۆیەوە کە زیاتر لە تەکبیری دەچوو، دیسان بە شێوەی سانترالیستی ڕێبەری دەکرا کە هاوتای تەنیا خۆی بوو بەس. ڕادەی دەسەڵاتی ڕیبەری کاریزما و تاقانەی ئەم ڕێکخراوەش بە ڕادەیەک پەرەیسەند کە ئەو ڕێکخراوە بکەوێتە یانەی یەکێک لە ڕێکخراوە داخراوەکانی مێژوی هاوچەرخەوە. ئەم سێ حیزب و ڕێکخراوانە کە خۆیان بە سەرانسەری و ئێرانی دەزانی، بە چەپ و بە ڕاستەوە ئیدعای ڕێبەرایەتی خەڵکی ئێرانیان دەکرد!. خۆ ئەگەر ئاوڕێکیش لە ڕابردوی دور و نیزیکی سەڵتەنەت خوازەکان، کۆماریخوازەکان، پانئیرانیستەکان و ئیسلام لە حیجرەت دا بدەینەوە، دیسان جیاوازیەک لە نێوان ئەو وێنانەی کە لە سەرەوە باسیان کرا، لای ئەمانیش نابینرێ و هەر هەموویان تەنیا پارسەنگیکیان هەیە بۆ کیشانی هەموو قورسایەک، کە ئەویش تەنیا مەنە و بەس. تا ئێرە دەبینین کە ئەو ڕێکخراوانە سەرەڕای بوونی پێرەوپرۆگرام، دروشم، تاکتیک و ستراتیژی جیاواز، بەڵام هەم لە ڕێبەراتیکردن دا و هەم لە شێوەی بیرکردنەوە دا بۆ چارەسەری کیشەی سیاسی،کۆمەڵایەتی، ئابوری و دەسەڵات، هاو هەڵویست بوونە. لێرەدا دەر دەکەوێ کە نەبوونی کولتوری دێمۆکراسی خوازی و بوونی سانترالیزمێکی بەهێز تیکەڵ لە گەڵ پاوانخوازی و دوگماتیسمی ئایدیولۆژی، دەسەڵاتیکی وا بێ سنوری بەخشیوەتە ڕێبەر ی حیزب و ڕێکخراو کە خۆی لە سەرەوەی هەموانەوە ببینێ. دەسەڵاتی سانترالیزەکراوی ڕێبەر و ڕێبەرایەتی، مەحوەرگرایی لە گەڵ نەبوونی ئەزموونی دێمۆکراسی بارودۆخێکی وای لە ناو حیزب و ڕێکخراوەکاندا خوڵقاندبوو کە تاکەکەکان سەهلە، کەمینەکانی ڕەخنەگریش لە ژێر ناوی ڕویزیونیست، ئۆپورتونیست، کۆڵەکەی پینجم و دەیان ناو و نیتکەی دیکە دا دەخرانە پەراوێزەوە و بگرە لە نێویش دەبران. ئەم ڕێکخراوانە بۆ خۆ بە بەدیل ناساندن و بە دەسەڵات گەیشتن لە قافەوە بازیان دەبردە تاف، بە بی ئەوەی جیاوازیە فیکری، ئایدیولۆژی، نەتەوەیی، کولتۆری و چینایەتیەکان گەلان بایێخێکی بۆ دابنرێ. کە وابێ سرۆشتی دێتە بەر چاو کە ئەو کولتۆرە سیاسیە بە هۆی جۆراوجۆر کە هەموویان جێگای باسی ئێستای ئێمە نین، بەشێکی بەرچاوی وەک میرات وەبەر ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببڕدرێ. بۆیە دەڵێم بە میرات، چۆنکە لە لایەکەوە گۆتاری سیاسی، کۆمەڵایەتی سەردەم لە کوردستانیش لە ژێر تەوەژم و کارتیکەری هێزەکانی چەپی سونەتی و میحوەرگرا دا بوو. لە لایەکی دیکەشەوە بەشێک لە ڕێبەران و ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، پێشتر ئەندامی جەریاناتی چەپی سونەتی بوون و بگرە پێرەوپرۆگرامی حیزبیش لە ژێر کارتێکەری چەپی کلاسیک و سونەتیدا نووسرابووەوە کە سوسیالیزمی مەوجودی وەک ئامانجی دواڕۆژ هەڵبژاردبوو. کە وابێ سرۆشتی بوو کە حدکا وەک گەورەترین حیزبی کوردی لە ڕۆژهەڵات بە زۆر هۆ کە بەشێکیان لە سەرەوە هاتون لە ڕەچاو کردنی دەسەڵاتێکی بە هێزی سانترالیستی کە تایبەتی حیزبەکانی خاوەن ئایدیولۆژی بوو، بێ بەش نەبێ. ئەم دیاردانە بە تێکڕا دەستیان دابووە دەستی یەکترەوە و لە ئاکامدا حدکا کە حیزبێکی خاوەن ئایدیولۆژی تایبەتی نەبوو، کەوتبووە یانەی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی میحوەرگراوە کە خۆی بە تاقانە یان ڕێبەر و ڕێکخەری جوڵانەوەی میللی

دێمۆکراتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێناسە بکاو بانگەوازی بۆ بکا. جێی ئاماژەیە کە هەڵهاتنی هێزەکانی بەرهەڵەستکاری دیکەی ئێرانی بەرەو کوردستان بە هۆی هەڵمەتەکانی کوشت و بڕی کۆماری ئیسلامیەوە، دەرەتانی دیکەشی ڕەخساند کە حدکا لە بەر دەست و دڵبازی خەڵکی کوردستان و لە ئارادا بوونی خەباتێکی چەکداری بەهێز بە دژی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە، وەک خاوەن ماڵ هەستوکەوتیان لە گەڵدا بکا. کە ئەمەش بە نۆرەی خۆی ئاسەواری باشی نە لە سەر خەڵکی کوردستان هەبوو نەش لە سەر حدکاو بزوتنەوەی کورد. هەر لەم پێوەندیەدا بە داخەوە کاتێک ڕێکخراوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ لە کوردستان بە هۆی هەمان بڕیاری سانترالیستی ڕێبەرایەتی ئەودەمەوە، کرا بە بەشێک لە حیزبی کۆمۆنستی ئێران و ناسنامە کوردستانیەکەی لێ زەوت کرا، پارسەنگەکان بە تەواوی گۆڕانیان بەسەر دا هات و قۆناخێکی پڕ لە کارەساتیشی بەدوادا هات. کەوابێ بە سەرنج دان بەو کولتۆرە سیاسیە زاڵە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ درا، چاوەڕوانی تەحەمولی یەکرتیش لە هیچ لایەکەوە نەدەکرا، ئاسایی بوو کە حدکا خۆی بە ڕێبەر و ڕێکخەری جوڵانەوەی میللی دێمۆکراتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزانێ. لێرەدا دەکرێ بڵێین کە حدکا لە خۆڕا ئەو پێناسەی بە خۆی نەدابوو، بەڵکوو کۆمەڵێک فاکتۆر بوون کە دەستیان وێک دابوو کە ئەو بوچوونە ببێتە گۆتاری ڕۆژ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەڵبەت ئەگەر دواکەوتوی کۆمەڵایەتی، نەبوونی کولتۆر و ئەزموونی یمۆکراتی، کەم بوونی ڕێکخراوی دیکەی کوردی و خۆبەزلزانیشی پێ زیاد بکەین، لەوانەیە زۆرمان نەگوتبێ ئەگەر بڵێن پێناسە کردنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وەک ڕێکخەر و ڕێبەری جوڵانەوەی میللی دێمۆکراتی لە بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو کاتوساتەدا، هێندە لە ڕاستی دوور نەبووە. بەڵام با بزانین ئێستا و پاش ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسی نەتەوەیی، ئابوری کۆمەڵایەتی،ڕۆشنبیری ...، کە هاتونەتە ئاراوە و تاراوگە نشینی و کەمپ نشینیش بووتە بەشێکی جیانەکراوە لەو ئاڵوگۆڕانە، دەکرێ ئێستاش ئیدەعا بکرێ کە تاقە حیزبێک ڕێبەر و ڕێکخەری جوڵانەوەی میللی دێمۆکراتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە؟،

بەو جۆرەی کە حدکا لە ڕێکەوتی ٢٦ - ٤ - ٢٠٠٨ لە بانگەوازی بەرەوە کۆنگرەی داهاتوی دا خۆی پێ پیناسەی کردوە. با پیکەوە هێندێک لاپەڕە هەڵدەینەوە و ئەو فاکتۆرە نوێیانەش چاو لێ بکەین و ئەو جار دادوەریش بدەینەوە دەستی خوێنەران با ئەوان بۆ مێژۆوش بووە لە سەری بنووسن کە ئەو داوایە چەندە لە ڕاستیەوە نیزیکە.

**یەکەم:** "ئێران بە گشتی": لە نیوەی دووهەمی هەفتاکاندا ڕەوتی ڕووداوەکان باروودۆخێکی وای هێنایە کایەوە کە لە سەردەمی سەرۆک کۆماری خاتەمی دا فەزای سیاسی ناوخۆی ئەو وڵاتە کرانەوەیەک بە خۆیەوە ببینێ. ئەم ڕەوتە هەلومەرجێکی وای ڕەخساند کە کورد بۆ یەکەم جار لە مێژۆوی ئەو وڵاتەدا بتوانی فراکسیونی کورد لە پارلامانی ئێراندا پێک بێنێ و بەشێک لە پارلمانتارانی کورد وەک نوێنەرانی کورد قسە بکەن، نەگ ئێرانی.

**دووهەم:** گەڵانی نێو چوارچێوەی جۆگرافی ئێران ئاڵوگۆڕێکی قوڵی هزر و بیریان بەسەردا هاتووە و ئیتر شێعری خۆمەینی

ئەی ئیمام ناخوێننەوە، بەڵکوو هەرکامەو داوای مافی ڕەوای نەتەوەیی خۆیان دەکەن.

**سێهەم:** هیچکام لەو حزبو ڕێکخراوانەی کە ڕۆژگارێک خۆیان بە بەدیل دەزانی و حدکا،ش بەرەی لە گەڵ بەشێکیان پیک هێنا، هەرکامەو بە دەست نەخۆشینی لەت و پەت بوونەوە دەناڵینن و قورساییەکی ئەوتویشیان وەک حیزبێک لە سەر ئاڵوگۆڕەکان لە گورەپانی سیاسی ئەورۆژ دا نەماوە.

**چوارم:** زانیاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕوشنبیری، هزرو و بیری، تەتەویی، گەشەی باری ئابووری و کۆچکردن لە لادیەوە بەرەو شار و زۆر فاکتۆری دیکەش ئاڵوگۆری قوڵیان لە کۆمەڵگای ئیمەدا پیک هیناوە. بە پێچەوانەی جاران، چەندین حیزب و ڕێکخراوی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتونەتە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی،نەتەوەیی، فەرهەنگی، ڕوشنبیری و کولتۆریەوە، کە هەرکامەو نوێنەرایەتی بەشیک لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن. وەک وینە: بەرەی یەکگرتووی کوردی کە لە ڕاستیدا پارلمانتارەکانی کورد لە مەجلسی شەشمدا بە دامەزراندنی فراکسیونی پارلامانتارانی کورد دەستیان پیکرد و ئێستاش لە نێو ڕیفۆرمخوازەکان دا چالاکی بەرچاویان هەیە. پێکهاتنی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان، پژاک کە هەر ئێستا چالاکیەکانی بەرچاون.

لاموابێ لێدوان لە سەر ڕێکخراوەکانی نیشتەجێ لە باشوری کوردستان کە خۆیان لە هەوت تا هەشت لایەندا دەبیننەوە نەکەین باشترە و تەنیا ئاماژە بەو هەموو هاتوچوو و سەردانانەی نوێنەرانی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە لە بنکە و بارەگاکانی یەکتر بکەین کە لە ژێستیکی ناکارامەی پڕوپاگەندەیی سەر ماڵپەڕەکانیان نەبێ، تا ئێستا بەرهەمێکی دیکە نەداوەتەوە. کە وابێ زیاتر لە دە حیزب و ڕێکخراوی سەربە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە کە هەرکامەو خۆی بە نوێنەری کۆمەڵێک لە پیکهاتەی گشتی لەو بەشەی کوردستان دەزانێ. هەر ئەم ڕۆژانەش پێکهێنانی دوو حیزبی دیکەش بە ناوەکانی حیزبی سوسیال دێمۆکراتی کوردستان و حیزبی ڕێبوارانی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵات ڕگەیاندرا. لەوانەش دەربچێ کەمپ نشینی و تاراوگە نشینی و دابڕان لە خەڵکی کوردستانیش بۆ خۆی فاکتۆرێکی هاشا هەڵنەگرە کە بە نۆرەی خۆی شوێنەواری نەرینی خۆی لە چەند بوارەوە لە سەر ڕێبەر و ڕێکخەرەکان داناوە، کە هەرە گرینگەکەیان وەپاش کەوتن لە خەڵکە. پاش کەوتن بەو مانایە کە چۆن حیزبی ڕێبەر و ڕێکخەر نەیتوانی لە کاتی خۆیدا خوێندنەوەیەکی نوێ لە خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش بەو کۆمەڵگایە بکا. هەروەک چۆنیش نەیتوانی چۆکەترین شوێنەواری لە سەر ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٨٥ خەڵکی شاری مەهاباد دا هەبێ، کە بەشی زۆری شار وشارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتبووەوە. بێجگە لەو فاکتۆرە گشتیانە کە لە ئێران و کوردستان هاتنە ئاراوە، فاکتۆرە نێوخۆیەکانیش کە بوونە هۆی دووکەرت بوونی حدکا، دیسان ئاماژە بە ڕاستیەکی هاشا هەڵنەگرە کە بێشک ئیدعای ڕێبەری و ڕێکخەری کردن چەند هێندەی دیکەش دەخەنە ژێر پرسیارەوە. ئێستا کە دەستنیشانی هێندێک فاکتۆری دەرەکی و نێوخۆیمان کرد، با خۆمان بەرەوڕووی ئەم پرسیارە سەرەکیە

بکەینەوە و لە خۆمان بپرسین: ئەگەر حیزبێک ڕێبەر و ڕێکخەری بزۆتنەوەیی میللی دێمۆکراتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ئەی کۆمەڵە بە هەموو بەشەکانیەوە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، پارتی چارەسەری کوردستان، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان، ڕێکخراوی خەبات، ئەو هەموو سەربەخۆی خوازە، ئەو هەموو ڕێکخراوەی کە هەموو ڕۆژێک هاتوچووی بنکە و بارەگاکانی یەکتر دەکەن، ئیدی ئەوانە نوێنەرایەتی کێ دەکەن؟. بە دوای هەڵسەنگاندنی ئەو فاکتۆرانەی کە لە سەروە ئاماژەیان پێ درا، دێینە سەر ئەو باوەڕە کە ئەو جۆرە داوایە لە لایان هەر حیزب و ڕێکخراوێکەوە بێتە ئاراوە، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆکاری سەرەکی کە ئاماژەیان پێ دەکەین.

**یەکەم:** زاڵبوونی کەشو هەوای لەشکریو گوتاری سیاسی ٢٥ ساڵ پێش ئێستا بەسەر ئەو ڕێکخراوە دا کە هەموو پارسەنگەکان بە شێوە بیری مەحوەرگرایی و لە لولەی تفەنگەوە هەڵدەسەنگێندران، کە بەرهەمی خۆ لە جیات هەمووان بە حیساب هێنانە.

**دووهەم:** پەیرەوی کردنی سانترالیستی بەجێ کەوتوی ستالینی کە هەموو پێناسەکان لە تراویلکەی بەرتەسکی ڕێبەرایەتی نوخبەدا خۆی دەنوێنێ.

**سێهەم:** تەقەدۆس دان بە حیزب و ڕێبەر تا ئەو ڕادەیە کە چەق بەستووی بە حیماسە ئایین ئاساکانەوە ببێتە پێوەر بۆ چارەسەری هەموو کیشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان. کە ئەمەیان بە نۆرەی خۆی نیشانەی سیکولار نەبوونە. هاوپێوەندی و دەست وێک دانی ئەو سێ شوناسەی کە ئاماژەیان پێ درا بارودۆخێکی وا دەخوڵقێنێ کە حیزب و حیزبایەتی تەقەدۆس پەیدا دەکا و حیزب لە حاڵەتی کەرەستە بۆ بە ئامانج گەیشتن دێتە دەرەوە. هەربۆیەشە لە کاتی هاتنە ئارای هەر کێشەیەکی نێوخۆیەوە، ئەو تەقەدۆسە دابەش دەبێتە سەر ئەندامەکانی ڕیبەرەیەتی دا و بەشە هەرە زۆرەکەی وەبەر ڕێبەر و زۆرینەی ڕێبەرایەتی دا دەبرێ. گەر بێت و ڕاست بینانە لە گرفتەکان بکۆڵینەوە، بە سانایی بۆمان دەردەکەوێ کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی لەمپەری سەر ڕێگای دۆزینەوەی چوارچێوەیەک لە پێشدا بۆ هاوکاری و لە کۆتایشدا کۆدەنگیو یەکدەنگی لە بۆ پێکهێنانی پلاتفۆرمیکی سیاسی نەتەوەیی بۆ ڕزگاری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو خۆ بە میحوەر زانی و قۆدسیەت بە خۆ دانەیە. ئێستاش بە لەبەرچاو گرتنی ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان کە بوونەتە گوتاری ڕۆژی گۆڕەپانی سیاسی نەتەوایەتی و بە پێی ئەو فاکتۆر و هەڵسەنگاندنانە کە ئاماژەیان پێ درا، دەتوانین بڵێین کە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیە کە ڕێبەر و ڕێکخەری خەباتی میللی دێمۆکراتی لەو بەشەی کوردستان بێ. هەر ڕێکخراو یان حیزبێک بانگەواز یان ئیدعای ئەو پیناسەیە بکا، بێشک نە جیاوازیەکانی کۆمەڵگا بە چین و توێژ و ئایین و ئایینزا و ئایدیولۆژیەکانیەوە دەناسێ، نەش باوەڕی بەو ئاڵوگۆڕە سیاسی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و هزرو بیریانە هەیە کە ئێستا گوتاری ڕۆژی گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستان و بەشێک لە ناوچەیە. لەم پێوەندیە دا

ئاماژەدان بە چەند وینەیەک گەلێک بە پێویست دەزانم بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێ کە خۆ بە ڕێبەر و ڕێکخەر ناساندنی جۆلانەوەی گەلێک کە جیاوزیە فیکری و داوخۆازە سیاسیەکانی لە ئەژمار نەهاتوون، چەندە لە گەڵ ڕاستیەکان دا تەبان.

* حدکا فیدرالیزمی دەوێ لە چوارچیوەی ئێرانێکی یەکگرتو و فیدراڵ دا و بەشی زۆری سەرمایەی ماڵیشی لە بەشی ڕاگەیاندیی خۆیدا بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردوە. ئەوە لە حاڵێکدایە بەشێکی بەرچاوی خەڵکی کوردستان سەربەخۆیان دەوێ و چەندین حیزب و ڕێکخراوی کوردیش نوێنەرایەتیان دەکا.

* بەشێک فیدرالیزمیان دەوێ لە شێوەی کۆماری کوردستان دا و ناشیان هەوێ خۆیان بە هیچ سیستمێکی سیاسیەوە ببەستنەوە.

* بەشێک لە موسوڵمانانی سونی ڕۆژهەلاتی کوردستان ئێستا چالاکی بەرچاویان هەیە و کۆمەڵێکی زۆریان خراونەتە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیەوە، کە ئامانجیان گەڕانەوە بۆ بنەماکانی ئایینی ئیسلام بە ڕێبازی وەهابیدایە، کە بە ئیسلامی سیاسی ناسراوە.

* بەشێک بەوانەش ڕازی نین و خۆازیاری پێک هێنانی کوردستانی گەورە لە هەر چوار پارچەن. بەشێکی بەرچاو لە ڕۆناکبیران و هەڵسوڕاوانی کوردی پارسانی بەو جیاوازیە کولتۆریو کەلەپۆرەکانیانەوە کە هەیانە، مێژوی خەباتی کوردایەتی دەگێڕنەوە بۆ ٧٠٠ ساڵ لەمەو بەر و ئێستاش ڕێکخراوی سەربەخۆیان دامەزراندوەو خەباتی لە پێناو دا دەکەن. بێجگە لەوانەش ئیمە ئێستاش. بەشێک وا شانازی بە ئێرانی بوونی خۆیانەوە دەکەن کە دەڵی کوڕی شا عەباسن. بەشێک پێیان وایە تەنیا بە ڕزگار بوونی چینی کرێکارە کە کورد ئاسودەیی بە خۆیەوە دەبینێ. هەنۆکەش ئێمە نازانین کە هاولاتیانی کوردی بە ئایین موسوڵمانی شیعەمان کە بەشی زۆریان لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام دادەنیشن، ئەم ڕێبەر و ڕێکخەرەی جۆلانەوەی میللی دێمۆکراتیکی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردسان هەڵ دەبژێرن؟، یان ئەوانیش وەک ئەوانی دیکە حزبی تایبەت بە خۆیان دروست دەکەن کە لە چاوەڕوانی کەسماندا نەبێ. کە وابێ کۆمەڵێکی زیندو بەو هەموو جیاوازی و ڕەنگاوڕەنگیە سیاسی، ئایدولۆژی،کولتۆری، کەلەپۆری، ئایینیەوە کە هەیەتی، ئیدعای ڕێبەری و ڕێکخەری کردنی لە لایان حیزبیکەوە، دورە لە زانستی سیاسی و کۆمەلایەتی سەردمی ئێستا. چۆنکە ئەگەر خەڵکی کوردستان بڕوایان بەوە بێ کە حیزبێک ڕێبەر و ڕێکخەریان بێ، ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو کۆمەڵە دواهەناسەکانی سەرەمەرگ هەڵدەکیشێ، کە لەو هاڵەتە دا نە ڕێبەری پێویستە و نەش ڕێکخەر. بەلام بە خۆشیەوە ڕەوتی ڕوداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوی خەڵکی کوردستان ئاماژە بە گۆڕانکاریەک دەکەن کە بە پێچەوانەی داوای ڕێبەر و ڕێکخەرەکان دەچێتە پێش. بوونی کۆمەڵێکی زیندو لە گەڵ لە ئارادابوونی زیاتر لە دەیان ڕێکخراو و حیزبی سەر بە کوردستانی ڕۆژهەلات بۆ خۆی باشترین

بەڵگەی سەلماندنی ئەو ڕاستیەن. هەڵبەت بێجگە لەوەش کە هوشیاری نەتەوەیی خەڵکی کوردستانیش بە گشتی لە زیندوترین کاتی مێژۆوی سەردەمی وەدەست هینانی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیدایە.

کەوابێ وڵامی پرسیاری دەستپێکی ئەم وتارە گەلێک ئاشکرا و ڕۆنە و هیچ حیزب و ڕێکخراوێک نیە کە بە تەنیا ڕێبەر و ڕێکخەری جوڵانەوەی میللی دێمۆکراتی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کردستان بێ. جێگای شک نیە کە ئەو حیزب یا ڕێکخراوانەی کە خۆیان بە ڕێبەر و ڕێکخەری جوڵانەوەی میللی دێمۆکراتی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەم قۆناخە مێژۆویەدا پێناسە دەکەن، ناتوانن خەباتی سەردەم بە میتودو بیری کۆن و بە شێوەی کارو هەڵسوڕانی ڕوتینی بەرنە پێش. چۆنکە ئەو درۆشمە بە دەیان ساڵە کە هەڵگیرابوو و لە گۆڕەپانی خەباتیشدا خۆی بەتاقی کردوە. ئاکامەکەشی بە داخەوە تاکوو ئێستا بێجگە لە پرشو بڵاوی و دان نەنان بە جیاوازیەکاندا، هیچی دیکەی لێ هەڵنەهێنجراوە. کەوابێ با ڕاست بینانە لە گەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان مامەڵە بکەین و بەو جۆرەی کە هەن بیانبینین، نەگ ئەو جۆرەی کە بۆ خۆمان دەمانەوێ.

سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی: ١٩ی مای ٢٠٠٨

## سواڵ کردنی کۆماری ئیسلامی گەیشتۆتە ماڵی سواڵکەرەکانیش

**میتافۆریک: Metaphorical**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تاکتیکەکانی بۆ ڕووتاندنەوەی خەڵک دەگۆڕێ و سندووقەکانی "سەدەقە"، واتە پارە بەخشین بە دەوڵەت کە پێشتر لە جێگا گشتی یەکان، سەر پردە هەواییەکان، دۆکانەکان و... بووە، دەگوازێتەوە بۆ نێو ماڵی خەڵک بە گشتی.

بە بیستنی ئەم هەواڵە وە بیری چیرۆکی ڕۆبین هۆدی بریتانی کەوتمەوە. ڕۆبین هۆد چیرۆکیکی کۆنی ساڵی ١٢٠٠ی زاینیە و یەکەم جار لە لایان ویلیام لانگلاند،سەوە نووسراوە و پاشان لە لایان دوو نووسەری دیکەش لە ساڵەکانی ١٣٠٠ و ١٨٨٣ی زایینی نوێکراوەتەوە. ڕۆبین هۆد کابرایەک دەبێ کە ماڵی دەوڵەمەندەکان دەدزێ و دەیدا بە هەژارەکان .

لە ڕێکەوتی ٠٩ - ٠٥ - ٢٠٠٨ لێپرسراوانی کۆمیتەی فریاکەوتنی ئیمام بۆ کۆ کردنەوەی پارەی نێو سندووقی سەدەقە کە لە ماڵان دا دامەزراوە، دەچنە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری خاپۆرکراوی قەسری شێرین، هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە گوێرەی زانیارییەکان هەموو بنەماڵەیەک دەبێ مانگانە پارە بهاوێتە نێو سندوقەکانەوە و لە کۆتایی مانگ دا لێپرسراوانی کۆمیتەی فریا کەوتن! بە ماڵان دا دەگەڕێن و بە کلیلی تایبەتیی خۆیان سندوقەکان بکەنەوە و پارە خڕکراوەکە لە گەڵ خۆیان بەرنەوە. ئەوەش بووەتە باو کە هەرکەس پارە نەهاوێتە نێو سندووقەکانەوە، وەک ڕەزیل و بگرە دژە نیزامیش لە لایەن کاربەدەستانی کۆمیتەی فریاکەوتنەوە! سەیر دەکرێ.

ڕۆژێکیان یەکێک لە لێپرسراوەکانی کۆمیتەی فریاکەوتن ڕێگای دەکەوێتە ماڵی شەقوشڕی لێقەوماوێک لەم شارە کە بۆ خۆی بە سواڵکەری دەژی. سواڵکەری لێقەوماو کە هێشتا خۆی خڕ نەکردبووەوە تاکوو بۆ وەدەست هێنانی چوار قرووش وە شەقام کەوێ، لە کاتی بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ کاربەدەستی کۆمیتەی فریاکەوتن!،لێی تێکدەچێ و دەپرسێ: خەیرە بەم بەیانییە زووە؟ پیاوی کۆمیتەی فریاکەوتن دەست بەجێ دەڵێ: هاتووم بۆ کۆ کردنەوەی پارەی نێو سندووقەکانی سەدەقە. سواڵکەری هەژار کە دەبینێ خراو خافڵگیر کراوە، پێی دەڵێ: قوربان بەو قەبرەی ئیمامی تێدایە ئەوە دوو حەوتوویە لە جێگادا کەوتووم و نەمتوانیوە بڕۆمە دەرەوە تاکوو پارەم دەست کەوێ و بیهاوێمە نێو سندووقی سواڵکردنەکەی ئێوەوە.



سەرچاوە Serchawe

سوالکەر درەیژە دەدا و دەپرسێ: ئێستا کە کاراتن گەیشتۆەتە سوالکردن لە سوالکەران، بۆ پاکانە حیسابێک پیکەوە نەکەین؟

**کابرای کۆمیتە ئیمدادی لێی دەپرسێ: چ پاکانە حیسابێک؟**

سوالکەرەکە لە وەلامدا دەڵێ: ئێوە سوالکەرەکان ڕووت دەکەنەوە و دەیدەن بە حەماس و حیزبوڵلا، بە ئەنسار و جۆندوڵلا، بە ئەبوو سەیاف و موقتەدا. وەرن ڕۆحمی خۆداتان لە دڵدا بێ جارێکیش بیدەن بە سوالکەرانی ڕێی خۆدا.

کۆمیتە ئیمدادی شانێک هەڵدەتەکێنێ و لێی دەپرسێ: کێ ئەوەی گوتوە کە ئیمە پارەمان داوە بە ئەمانەی کە تۆ ناوت بردن؟

سوالکەر لە ولامدا پێی دەڵێ: بە سەدەقەت بم: ڕادیو ئەمریکا، ڕادیو ئیسرائیل، بی بی سی، ڕادیو ئازادی. ....

کۆمیتەیی ئیمدادی لێی دەپرسێتەوە: ئەی چۆنە کە باوەڕت بەو ڕادیویانەی بێگانە هەیە کە دژی نیزامی ئیسلامی ئیمەن، بەلام بڕوات بە ڕادیو و تەلەڤیزیونی خۆمان نیە کە هەموو ئەوانەی کە ئەوان دەڵێن وەدروو دەخەنەوە؟

لێقەوماوی سوالکەر لە ولامی دا دەڵێ: ئاخر ئەو هەوالانەی کە خۆمان لە ڕادیو و تەلەڤیزیون باسیان دەکەین خەڵکی دەرەوە گوێی لێ دەگرن و ئەوانەش ڕادیۆکانی بێگانە باسی دەکەن، ئێمە لە ولات گوێیان لێ دەگرین.

پاشان سوالکەر بە کابرای کۆمیتەیی دەڵێ: لە کاتێکی باشدا هاتووی، خۆدا بە خێرت بێنێ. زانیبووت کە ئەمە دوو حەوتوویە لە ماڵ نەچوومەتە دەر و کاکیلەم لە خوار و بان کردن کەوتۆە؟

دیسان کۆمیتەیی دەپرسێ: کاکیلەت بۆ لە خۆار و بانکردن کەوتۆە؟

لێقەوماو دەڵێ: لە بەر ئەوەی ئەوە دوو حەوتوویە دۆعای خێر و ڕەحمەتم بۆ کەس نەناردوە.

کۆمیتەیی دەپرسێتەوە: بۆ، مەگەر خێریش بە خەڵکی دەکەی و ڕەحمەتیشیان بۆ دەنێری؟

سواڵکەرەکە لە وڵام دا دەڵێ: بەڵێ بە دڵنیاییەوە، لەو کاتانەی کە جلەشڕەکەم لە پەنا شەقامەکان ڕادەخەم و چاوەڕوان دەمێنم کە خەڵک بە لام دا تێپەڕن و پارە بخەنە سەر جلە ڕاخراوەکەم، بەلام تێپەڕ دەبن و ئاوڕم لێ نادەنەوە، بە جارێک سەدان ڕەحمەتی خێریان بۆ دەنێرم. ئیتر ئەمە کارو کاسبیی نیوەی ڕۆژەکانمە و لەوانەیە ئێوەش بە دەیان جار بەلام دا تێپەڕیبن و بە هەزاران خێر و ڕەحمەتی گۆڵچنیشتان بەر کەوتبێ. ئەوەتا ئێستاش بۆ دوو هەوتوو دەچێ کە لەشم ناساخە و لە ماڵیش نەچوومەتە دەرێ تاکوو دۆعای خێریان بۆ بکەم. هەربۆیەشە کاکیلەم نەجۆڵاوە و ئەوەتە خەریکە لە خۆاروبانکردن بکەوێ. ئێستاش مادام ئێوە قەدەم ڕەنجانتان کردوە و هاتونەتە ئێرە، ئەگەر بە کەمی نازانی با قەرزی ئەو دوو حەوتووەت پێشکەش کەم بەڵکوو بەرلەوەی وەشەقام کەوم کاکیلەم هێندێک نەرم دابێ. هیوادارم کاتی پڕبەهاتم نەگرتبێ و بە کەمیشی نەزانی چوونکە ئێستا بە هۆی ئەم نەخۆشینیەوە تەنیا بەشی حەوت پشتتانم پێ یە.

کۆمیتەی ئیمدادی کە دەبینێ بارودۆخ بە لایدا ناشکێتەوە، بە بێ ماڵئاوایی ڕێگا بەرەو ماڵێکی دیکە دەگرێتە بەر. سواڵکەری هەژار لە دواوە بانگی دەکاو دەڵێ: لە بیترت نەچێ کە دۆعا و پاڕانەوە خێرەکانی ئەمن، جەماران نشینەکانیش دەگرێتەوە، چۆنکە ئەم خێرو بەرەکەتەی کە ئەمن باڵەمەلەی تێدا دەکەم، بەرهەمی گەورەیی و لێزانی بەڕێزیان بوو.

لێرە داستانی سندووقەکانی سەدەقە تەواو دەبێ، بەلام قسەی خۆمان بێ کاری "ڕۆبین هوود"ی نێو داستانەکان هەر جیاوازییەکی "بچکۆلە"ی لە گەڵ کردەوەکەی کۆماری ئیسلامی هەیە. ئەویش ئەوەندەیە کە ڕۆبین هۆد لە دەوڵەمەندەکانی دەستاند و دەی دا بە هەژارەکان. کۆماری ئیسلامیش هەژارەکان دەڕۆتێنێتەوە و دەیبەخشێتە تێرۆریستەکان.

سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی: ١٥ی مای ٢٠٠٨



سەرچاوە
Serchawe

## شۆڤێونیزمی فارس و چەکی نوێ بۆ درێژەدان بە پاوانخوازی!

لە رابردودا شۆڤێونیزمی پاوانخۆازی نەتەوەی بان دەست لە دوو بەرەدا، هەم لە کورسی دەسەڵاتەوە لە بەرەی بەربەرەکانی و هەم لە رێگای تریبونی ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتەوە بە چەکێک بەربەرەکانی ویست و داخۆازەکانی ئێمەی کوردیان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا کردوە.

ئەم چەکەش کە شۆڤێنیزمی پاوانخۆاز لە دوو بەرەی لێکجیاوازدا بۆ یەک مەبەست کەڵکی لێوەرگردتوە،چەکی تاوانبار کردنی گەلی ئێمە و خەباتەکەی بە جیایخوازی "تجزیەطلبی"بووە. ئێمە وەک بەشێک لە سیاسیکاران و روناکبیرانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ ئەوەی خوازیاری داوایەکی رەوای نەتەوەیی و سیاسی بۆ گەلەکەمان بووین، تا رادەیەک ئیرادەی بەرپەرچدانەوەی ئەو تانە و توانجانەی شۆڤێنیستەکانمان لە خۆ نیشان نەداوە و تەنانەت نەمانویستوە ئەو راستیەی کە لە بواری نەتەوەییدا برومان پێی بووە بە ئاشکرا لە گەڵ گەلەکەمان باسی بکەین. بە واتایەکی دیکە خۆمان لە بەرپەرچدانەوەی تاوانبار کردنی جیایخوازیبۆ کورد بواردوە. لە راستیدا ئەمە هەڵە بووە و لە خۆیدا هیچ پاساوێکی بۆ نییە. ئێستا ئەم چەکە لە بەر چوونە سەری رادەی خوێندەواری، گەشەی کۆمەڵایەتی، بەرزبوونەوەی هوشیاری سیاسی و نەتەوەیی، پەرەسەندنی راگەیەنە گشتیەکان و ئاڵوگۆڕەکان لە جیهان و لە ناوچەکەدا برەوی زۆری نەماوە.

بەڵام پێ بە پیی ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسی نەتەوەیی و ئابوری کۆمەڵایەتیەی کە هاتوونەتە ئاراوە و لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا، دەمراستانی شۆڤێونیستی نەتەوەی باڵادەست بێکار رانەوەستاون و هەوڵیان داوە لەم ئالوگۆرانانەدا بۆ بەرژەوەندی باڵادەستانەی خۆیان کەڵک وەرگرن.

شۆڤێونیزمی خاوەن دەسەڵات لە بەرەی دەسەڵاتەوە لە رێگای بە جیهانیکردنی ئایینی ئیسلامەوە دەیهەوێ هەموو موسوڵمانان لە ژێر ئاڵایەکدا کۆ بکاتەوە و بەمجۆرە رێگا بە ئیرادەی نەتەوەیی گەلی ئێمەی بگرێ و لاوازی بکا، بۆ ئەوەی ئەم گەلە دەست لە ماف و داوخۆازیەکانی نەتەوەیی هەڵبگرێ. لەو بەرەکەی دیکەشدا بە ناو بەرهەڵستکارانی "ئۆپوزوسیون" هەڵگری هەمان بیری پاوانخۆازی بە کەڵک وەرگرتن لە باسی گلوبالیزم، دژایەتی لە گەڵ رەوتی رزگاریخوازی و داوخۆازیە نەتەوەیەکانی ئێمەی کورد دەکا. تیئۆریسینەکانی ئەم بیرۆکەیە بە هێنانە گۆڕی رەوتی بەجیهانی بوون"گلوبالیزم"،هەوڵی لاوازکردن و بە لارێدا بردنی بیری سەروەری نەتەوەیی گەلی کورد لەو واحیدە جۆگرافیە کە ناوی

لێنراوە" ئێران" دەدا. ئێستا کە ئەو مافخۆازیە لە لایەن گەلانی دیکەی وەک: بەلۆچ، عەرەب، ئازەری و تۆرکمانیشەوە بانگەوازی بۆ دەکرێ، شوڤێونیزمی بەرهەڵەستکار چەکەکەی گۆڕیوە لە مکانیکیەوە بۆ تیشکی" لیزر"!. ئێمە بە ڕۆژانە شاهیدین کە لە شاشەی تەلەڤیزیونەکانی فارسی و بەشێک لە کاناڵە کوردیەکانیش بانگەوازی سیستمی فیدرالی بۆ داهاتوی ئیدارەی "ئێران" دەکرێ، کە لە دوو بەش پێکهاتون: بەشی یەکەمیان فیدرالیزمی پارێزگایی "ئوستانی" و بەشی دووهەمیش کەلتۆری و جۆگرافی. بێجگە لەوەش لایەنگران یان پاڵپشتانی فیدرالیزمی کەلتۆری و جۆگرافی، بە داتاشینی تیئوری بێبنەما ئەو شێوە فیدرالیزمەیان لە دابەشکردنی دەسەڵاتدا چۆکە کردوەتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە کێشەی کورد نە لە ڕابردو و نە ئێستاو نە لە داهاتووش دا پرسی دابەشکردنی دەسەڵات نەبووە و نیە. حیزب و ڕێکخراوەکانی لایەنگرو پاڵپشتی ئەم بیرۆکەیە بە چەواشە کردنەوەی ڕەوتی گلوبالیزم بە تیرێک چەندین نیشانە دەپێکن. ئەوان ڕەوتی گلوبالیزم کە گویا دۆنیا لە سێوەری زانست و هاوپێوەندیەکاندا لە گەرمەی یەکبوون و یەکگرتنەوەدان و گەردون خەریکە وەک گۆندێکی لێ دێ، ئەو بۆچوونە دەکەنە بنەمای تیئوریەکەیان و دەڵێن: ئەدی چۆنە ئێمەی کە مێژۆیەکی دوورو درێژی پێکەوە ژیانمان لە ئێرانی ئازیزدا هەیە و خاوەنی باوک داریوش و باوکە کورۆشین، دەبێ ڕێگای لێک دورکەوتنەوە بگرینە بەر؟. خوێنەری بەڕێز! بێشک مەبەستی ئەم وتارە خۆ دانان لە جیاتی کەسی دیکە نیەو وەک تاکێکی کورد هەست بەوە دەکەم کە جارێکی دیکەش لە ژێر ناو و ناوەڕۆکی چەواشەدا، دەیانهەوێ ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان ئاواژۆ نیشان بدەن. بێجگە لەوەش لام وایە ئەم چەکە گەلێک ژەنگاویترە لە چەکەکەی پێشو، واتە بە تاوان زانینی جیبایخۆازی. هەر بۆیە ڕاو بۆچوونی خۆم لەم پێوەندیەدا دەخەمە بەر دیدی خوێنەران و دادوەریش دەمێنەتەوە بۆ خۆیان.

ئەمن لەو بڕوایەدام کە ئەو گلوبالیزمەی پاوانخۆازان پێناسەی بۆ دەکەن و بانگەوازی پێکەوەژیانی بۆ دەکەن، بەو جۆرە نیە کە ئەوان لێکی دەدەنەوە. بە سەرنجدان بە ڕەوتی ڕوداوەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای هەزارەی سێهەم، ئەو گلوبالیزمەی کە ئەوان مەبەستیانە بە دوو ئاقاری بە پێچەوانەی یەکتردا دەچێتە پێش. لە لایەکەوە یەکیەتیەکان، یان وڵاتانی فرە نەتەوە کە لە سەرەتاوە لە سەر بنەمای نا دادپەروەرانەی بە زۆرەملی پێکهاتوون بەریەک هەڵدەوەشێنەوەو هەر نەتەوەیەک دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی پێک دەهێنێ. لە لایەکی دیکەوە یەکیەتیەکانی گەورە لە کۆی وڵاتەکان و نەتەوەکان پێک دێ کە بە مەبەستی بەرژەوەندی ئابوری، ئاسایشی نەتەوەیی و ژیانی باشترە. لە لایەکی دیکەوە لە مێژوی نوێی پاش شەڕی جیهانی دوهەمەوە هیچ کات کولتۆر و کەلەپورەکان وەک ئێستا نێوانیان گرژ و ئاڵۆز نەبووە. لەم پێوەندیەدا ئامارژە بە چەند وێنەیەک بە پێویست دەزانم. سویس وڵاتێکی خاوەن ئەزموونی دێمۆکرسی و پێشکەوتوی سیاسی و ئابوریە، بەڵام مرۆڤە موسوڵمانەکان مافی ئەوەیان نیە ببنە هاووڵاتی سویسی. دانیمارک وڵاتێکە کە بە شێوەی دێمۆکراسی مودیڕن بەڕێوە دەچێ، بەڵام بۆ پەنا بەران نیە ئەگەر کار یان مۆچەیان نەبێ، ژیانی هاوبەش لە گەڵ کەسێکی دیکە و لە وڵاتێکی دیکە پێک بێنن. ئەم یاسایە لە زۆر وڵاتی دیکەی ئوروپایی کاری پێ دەکرێ دەوڵەتی موديڕنی سویدیش لە داهاتوێکی نیزیکدا ئەم پرسە دەخاتە بەردەم پارلمانی وڵاتەکەی. پارلمانەکانی ئوروپا شاهیدی بەشداری



سەرچاوە
Serchawe

زیاتری لایەنگرانی نژادپەرستانەن کە بە ئاشکەرا بانگەوازی دژە پەنابەری و قبۆڵنەکردنی کەلەپۆر و کەلتۆری بێگانان، بەتایبەتی موسوڵمانەکان دەکەن. دەوڵەتی تۆرک کە خۆی بە بەشێک لە ئوروپا و خاوەن سیستمی دیموکراتیک دەزانێ، نەک گەلی کورد وەک نەتەوەیەک ناناسێ، بەڵکوو ڕێگا نادا فڕۆکەی هەڵگری کوردیش بە سەر ئاسمانی ئەو وڵاتەدا بفڕێ بۆ باشوری کوردستان.

کێشەی پێکەوە ژیانی هاوبەشی جیاوازیە کلتوری و ئاینیەکان لەو گلوبالیزمەی شۆڤینیستەکانی فارس بانگەشەی بۆ دەکەن لە دەرەوەی ئورپاش فرەتر بووەو ئەمەش ئینکاری لە سەر ناکرێ. کاتێک کاریکاتۆرێکی پێغەمبەری موسوڵمانان لە وڵاتێکی ئوروپایی دەکێشرێتەوە، کە دەبێ زۆریش ئاسایی بێ، باڵۆێزخانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە دەرەوەی ئوروپا ئاوریان تێ بەر دەدرێ. کەڵێنی نێوان موسوڵمانی سونەو شیعە هیچ کات بە قەد ئێستا لێکدوور نەبوون و ڕۆژ نیە بنکەو بنیاتێکی سەر بە یەک لەو لایانانە نەتەقێندرێتەوە. وڵاتانی خاوەن ئیمکانی گەشتیاری و بە ئایین موسوڵمان بونەتە گۆڕستان بۆ گەشتیارانی بێگانە و کولتۆر جیاواز. لە بالی و بانکۆکەوە بگرە تاکوو شەرمولشێخو دەشتەکانی بەرەهۆت، گشت پڕن لە تەرمی لەتوپەتکراوی گەشتیاران. شوێنە گەشتیاریەکان بووتە بەرەی شەڕی نێوان کفرو ڕەحمەت.

ڕەنگبێ هەر ئەو نمونانەی سەرەوە بەس بێ بۆ ئەوەی کە بە پاوانخۆازان بسەلمێندرێ کە ئەو بانگەوازەی کە ئەوان بۆ گلوبالیزمی دەکەن، بە تایبەت لەو بوارەدا کە ئەم نووسراوە مەبەستیەتی،ڕێک بە پێچەوانەی تیئوریە داتاشراوەکەی ئەوان دەچێتە پێش. کەوابێ بانگەوازی باڵادەستانەی شویونیزم لە بۆ پێکەو ژیان لە گەڵ نەتەوەکانی دیکەدا، بۆ درێژ کردنەوەی تەمەنی داگیرکاریو پاراستنی گەلی ئێران! و وڵاتی ئێرانە!!. تاکوو دوێنێ بە تاوانی جیایخۆازی و خەیانەت بە ئێرانی مەزن! بە شێوەی جۆر بە جۆر قەڵاچویان دەکردین. ئێستاش بە چەواشەکاری و بە ژستی گلوبالیزاسیونەوە دەیانهەوێ هەمان ئاغاکەی جاران بن. بەڵێ بۆ ئەو بەشە لە گلوبالیزم کە زیاتر لە بورای بازرگانی، ئابوری، بازاڕی کرێوفرۆشتن، نەمانی سنور لەبەردەم ڕاگەیەنەریە گشتیەکان، تاڕادەیەک کۆدەنگی لە بەرانبەر هێندێک کێشەی ناودەوڵەتی، کە لە خۆیادا جێگای تێڕامانن. بەڵام وەک ئێمە هەستمان پێکردبێ، نیەتی پاوانخۆازان بەو تیئوریەوە بۆ پێکەوە ژیان لە گەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئەو چوارچێوە جۆگرافیەیە کە ناوی" ئێران"ی لە سەرە، بۆ مەبەستی سەر لە نوێ زاڵ بوون لە دەسەڵاتی ئێرانێکی نوێیە لە بەرژەوەندی مەزنیخۆازیدا. واتە مەبەست لەو پێکەوە ژیانە بۆ بەلاڕێدا بردن و لاوازکردنی ئەو هرزوبیرە نەتەوەییە کە ئێستا لە نێو گەلانی بندەست لەو پێکهاتە جۆگرافیەدا گەشەی سەندووە. ڕەنگبێ هیچ کەس لەوەدا گومانی نەبێ کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ کات لە دژی پێکەوە ژیان نەبووە و قەتیش نابێ. بەڵام ئەو پێکەوە ژیانە دەبێ دڵخۆاز و ئارزومەندانە بێت و گەلی کورد بۆ خۆی بڕیاری لە سەر بدا، نەک لە ناوەندەوە یان لە سەرەوە باڵادەستانەیی ئەمری بە سەر دا بکەن. بێشک ئەوەش کاتێک مسۆگەر دەبێ کە کوردو نەتەوەکانی دیکەش کە لەو چوارچێوە جۆگرافیەدا دەژین، بە سەروەری نەتەوەیی خۆیان بگەن و لە ڕۆفراندۆمێکی ئازاد دا بۆ خۆیان بڕیاری ئەو

پێکەوە ژیانە بدەن. هەموان بە چاوی خۆیان دیتتان کە چۆن وڵاتەکانی فرە نەتەوەیی سۆڤیەتی جاران و یوگۆسلاوی لە باڵکان توشی لیکترازان هاتن. ئەوشمان دیت و ئەزموونیشمانکرد کە چارەی کێشەی دوای لێکترازان تەنیا بە سەربەخۆ بوونی نەتەوە بندەستەکانی نێو سۆڤیەت و یوگوسلاوی پیشو کۆتای پێ هات. بەشێک لەم وڵاتانە ئێستا بە شێوەیەکی سەردەمیانەو لە ڕێگای ڕفراندۆمەوە هەوڵی چوونە نێو یەکیەتی ئوروپا دەدەن و بەشێکیشیان بونەتە ئەندامی ئەو یەکیەتیە. هەر لەم رۆژانەدا شاهیدی سەربەخۆی وڵاتی کوسوڤۆ بووین، بە بێ ڕەزایەتی دەوڵەتی بلگرادو براگەورەو پشتیوانە هەمیشەیەکەشی لە موسکۆڤا. ئێستاش بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ئەزموونانەوەو ڕەوتێکیش کە بووتە وتاری رۆژی گەلانی ناو چوارچێوەی جۆگرافی"ئێران"، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە گەلۆ: ئێوە کە گەرەکتانە بە ژێستی ئینتەرناسیونال و گلوبالیزاسیون خۆاز، بەڵام بە بیرو کردەوە شویونیزم و مەزنی خۆاز، وەک ئەوانە لە سۆڤیەتی جاران و لە باڵکان هەڵویست بگرن و ڕەوتی پێکەوەژیان بگرنە پێش؟. ئەگەر وایە، پیویستە بەر لە هەموو شتێک دان بەوەدا بنێن کە وشەی ئێران بێچگە لە واحیدێکی جۆگرافی هیچ پێناسەیەکی دیکەی نیە و شتێکیش بە ناوی گەلی ئێران بەو جۆرەی کە ئێوە پێناسەی بۆ دەکەن، بوونی نەبووە و نییە. ئێستا ئەگەر باوەڕتان بەو جۆرە پێکەوە ژیانە هەیە کە لە یەکیتی ئوروپادا بەڕێوە دەچێ، بە قەولی خۆتان وتەنی: این گوی و این میدان. بە واتایەکی دیکە: تۆپەکە لە دەرکی دەروازی ئێوەدایەو فەرموون مانۆڕ بدەن. لەوەش دەربچێ، نە ئەو فیدرالیزمەی کە پاوانخۆازان بانگەوازی بۆ دەکەن و نە ئەو گلوبالیزمەش کە ئەتنیکی بووە. بونی گۆڕی باوە یادگار، داود کەوسوار، شا ئیبراهیم، مستەفای دەودان و زۆر کەسایەتی سیاسی و ئایینی دیکە لەو ناوچە شاهیدی بۆ خۆڕاگری باب و باپیرانی کوردەکانی یارسانی لەو دەڤەرە دەدەن. خەڵکی ئەو دەڤەرە خاوەنی کەلتۆر و کەلەپۆرێ دێرینی کوردو کوردەواری بوونەو هەن. ئەوان بۆ بەرگری لەو داب ونەریتە ڕەسەن و کوردیەی خۆیان، تووشی زەرەرو زیانی زۆر هاتون، بەڵام هەرگیز بە چۆکدا نەهاتون و پشتیان نەکردوەتە ڕەسەنایەتی خۆیان.

جێگای شک نیە کە خەڵکێک خۆداکەی کورد بێ(سۆلتان سەحاک)، قیبلەکەی کوردستان بێ، کتیبە ئایینیەکەی بە کوردی و ئایینەکەشی هەر کوردی بێ، ڕازو نیازەکەشی لە گەڵ خۆداکەی خۆی بە زمانی کوردی بێ، ناتوانێ لە زەبری تۆڵە کردنەوەی میراتگرانی شاسمایلی سەفەوی بە دور بمێنێ.

خەڵکی ئەو ناوچەیە لە باری ئایینیەوە سەربە ئایینی کوردی یارین، کە چ لە باری ئیدولۆژیەوەو چ وەک بیروباوەڕ، جیاوازیکی بەرچاوی لە گەڵ جۆری دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی لە ئێراندا هەیە. ئەوان هەر لەسەرەتای بەسەرکارهاتنی کۆماری ئیسلامیەوە کەوتنە بەر هێرشی مەلاکان و بە سەدان کەسیان بە تاوانی دژی دەسەڵاتی مەلاکان لە سێدارە درانو بە هەزاران کەسیشان لە سەرکار لابران، کە نەوەد لەسەدی تاوانی نامۆسۆڵمان بوونیان پێوە لکێندراوە، کە ئێستاشی لە گەڵ بێ لە دامەزراوەکانی دەوڵەتیدا وەریان ناگرن. ئەوان کاتێک وەک مووچە خۆر وەردەگیرێن کە ببنە مۆسۆڵمان، یان نوێژ بخوێنن.

بەسەرنج دان بەو جیاوازیانەی کە لە سەروە باس کران، سروشتیە کە مەلاکانی دەسەڵاتدار بۆ بە چۆکدا هێنانی ئەو خەڵکەی کە بۆ خۆیان کوردنو ئاینەکەشیان کوردیەو لە گەڵ یاسا داتاشراوەکانی کۆماری ئیسلامیدا هیچ خاڵێکی هاوبەشو بگرە هیچ هاوپێوەندیکیشان نیە بێجگە لە گەورە بوونەوەی عەلی کوڕی ئەبوو تالب، پیلانی پاکتاوی ڕەگەزی و ئایینیان بۆ دابرێژن. هەر وەک چۆن بۆ لە ناو بردنی کەلتۆرو کەلەپۆرو ئەدەبیاتی نەتەوەییو مێژوویی سەرجەم گەلی کورد گەلاڵەو پلانیان هەبووە. هەر بۆیەشە کە کۆماری ئیسلامی بە بیانوی ئاسایشی (ئەمنیەتی)، نەگ هەر بۆخۆی ئاوڕێکی لەو لێقەوماوانە نەداوە، نەشی هێڵا کەسی دیکە بچێتە هانایانەوە تاکوو لانی کەم خەلکانی دیکە بە مەینەتەکانیان بزانن.
لەو ڕۆژەدا کە بە سەدان کەس لەو خەڵکە کەوتبوونە بەر هێرشی شیمیایی و خەڵتانی خوین کرابوون، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەگ هەر ئاوڕیان لێ نەدانەوە، بگرە ڕۆژی دوایش تەنیا گرۆپیکی پێنج کەسیان بە جلوبەرگی تایبەت بە گازی کۆشندەوە نارده ئەو گۆندە. ئەویش تەنیا بۆ ئەوەی پارچەکانی بە جێماوی ئەو بۆمبایانەی کۆ بکەنەوە کە بە کار برابوون. بێجگە لەوەش دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەیان هێشت تەنیا هەواڵنێرێک، چ بێگانەو چ نێوخۆی بچێتە ئەو گۆندە بۆ ئەوەی هەواڵ یان ڕاپۆرتێک لە مەڕ بارودۆخی ئەو خەلکە لێقەوماوە بنوسسرێ یان بڵاو بکرێتەوە.

لەم پێوەندیەدا تەنیا هەواڵنێرێک کە توانی هەواڵ لە سەر ئەو کردوە دژی مرۆڤایەتیەی ڕێژیمی (بعث) بڵاو بکاتەوە، خانمی فرانسین هریسون هەواڵنێری بی بی سی بوو لە ساڵی ١٣٨٥، واتە هەژدە ساڵ پاش ئەو کارەساتە. ئەوەش لە بەر ئەوە بوو کە سەدام حۆسەین کەوتبوە دەست هێزەکانی ئەمریکی و ڕاپێچی دادگا دەکرایەوەو بازرگانە هۆلەندیەکەش دادگای دەکرا. ڕێژیمی ئێرانیش ئەوەی بە هەل زانی تاکوو داوای قەرامەتو قەرەبوکردنەوی ماڵی لە دەوڵەتی نوێی ئێراقو کۆمپانیاکانی بێیانی بکا. بێجگە لەوانەش لە سەرجەمی تەواوی بریندارەکان کە ئەو دەم ١١٤٦ کەس بوون، ژمارەیکی زۆرکەمیان وەک برینداری شیمیایی حیسابیان بۆ کرا.

ئێستاو پاش تێپەڕبوونی نوزدە ساڵ بە سەر ئەو کارەساتەدا، ئەویش لە ژێر گۆشاری خەڵک و ڕادەی تۆش بوونی خەڵکی ئەو گۆندە بە دەیان نەخوەشینی جۆراوجۆر، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کەوتونەتە خۆیانو هەر چەندمانگ جارێ، دەستەیک لێکۆڵێنەری بێگانەو نێوخۆی دەبەنە ئەو گۆندە، کە زیاتر جنایەتی سەدامیان پێ نیشان دەدەن، تاکوو پێڕاگەیشتن بە داواکاری خەلکەکە. ئەوان قەدیش لە خۆیان ناپرسن: خۆ ئەگەر سەدام ڕق و کینەی ڕەگەزپەرەستی و لەخۆ بایبوونی پێدا ڕژاندن، ئەی بەڕێوەبەرانی هەمان ئیدولۆژیو هەمان فەرهەنگی نیوەدورگەی ئەرەبستان، بۆ ئەرکە ناتەواوەکانی سەدام دەگەیێننە ئەنجام؟. ئەگەر (بعث)یەکان دوێنێ بە شیمیا بارانکردنی مەڵبەنی مێژوویو خۆڕاگری کوردەکانی پارسانی بەتایبەتیو کورد بەگشتی لە خوێندا دەگەوزاند، ئەوە کۆماری ئیسلامیە کە ئێستاش هەر ساڵەو چەندین جار ئەوان لە چاوەڕوانی پێڕاگەیشتن و چارەسەری نەخۆشینیەکانیاندا دەباتە لێواری گۆڕو سەرەڕای بارگرانی ئەو نەخۆشیە کۆشندانە، نەخۆشی دەرونیشی پێ زیاد کردون.

ئەگەر سەدام لە ژێر دروشمی شەڕەکانی (قادسیە) و ئومەتی ئەرەبیدا سیاسەتی قەلاچۆ کردن و پاکتاوی ڕەگەزی گەلی کوردی بەڕێوە دەبرد، ئەوە کۆماری ئیسلامیش هەر هەمان ئەرەباندن بە شکلێکی دیکەو لە ژێر دروشمی هەمان ڕەسەنایەتیدا جێ بە جێ داکا. هەر دوو هەوتوو لەمەوبەر بوو کە دەستەیێکی چل کەسی لە پسپۆرانی ژاپونی سەردانی گۆندی زەردەیان کرد کە هەوالنێری پازدە بنکەی هەوالدەری نێوخۆیو بێگانەیان لە گەلدا بوو. ئێستا دیسان ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ پاش تێپەر بوونی نوزدە ساڵ تۆژێنەرو لێکۆلێنەر دەباتە ئەو گۆندە؟. ئەویش پاش ئەوەی کە ژۆمارەی مەرگومیر بە شێوەیێکی چاوەڕوان نەکراو لەو گۆندە چووەتە سەر. ڕادەی لەبارچوونی مندالان لە سەرەوەی سی لە سەد بە ئیسبات گەیشتوە، هەفتا کەس تووشی نەخۆشینی شێرپەنجەی (سرطان) جۆراوجۆرهاتوون. شوێنەواری خراب لە سەر ژینگە و هەلنەدانی مندالان بە شێوەیێکی بەرچاو لە ڕاپۆرتو لێکۆلێنەوەکاندا پشتڕاست کراونەتەوە. بەلام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە جیاتی یارمەتی کردنیان، لێیانی دەوێ کە ببنە مۆسولمان تاکوو بکەونە بەر لێبوردنو گەوری خۆدا!. خەلکێک کە پێویستیان بە دەرمان و چارەسەری نەخۆشینی و کەم بوونەوەی ئازارەکانیان هەیە، بەلام لە بەر ئەو جیاوازیانەی کە لە سەرەوە باس کران غەیرە خودینو لایان لێ ناکرێتەوە. بێشک بەلگە لە سەر کردەوە دژی مروڤانەکانی ڕێژیمی گۆڕکراوی (بعث) زۆرن کە شیمای بارانی گۆندی زەردەش تەنیا یەک لەوانە.

هەر لە گەرمیانەوە تا دەگاتە حەلەبجەو بالیسان لە باشوری ولات، لە سەردەشتەوە تا دەگاتە گێلانی خۆرئاواو سۆمار، نسارو دێرەو زۆر شارو شاروچکەی دیکەی ڕۆژهەلات، گشتیان شوێنە دەستی جنایەتەکانی سەرداری قادسیەیان پێوە دیارە. بێگۆمان مێژۆوی ئەو سەردارەی قادسیەیەش هەر وەک سەردارەکانی قادسیەکانی ڕابردو نابێتە ئەزموون بۆ بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیش. چۆنکە نە سەرداری گۆڕکراو ئامادە بوو دان بە ولات و گەلی ئیمەدا بنێ، نەش نوێنەرانی بێروکەی سالە سەرەتاییەکانی نیوەدورگەی ئەرەبستان ئامادەن ئەو ڕاستیە قبوڵ بکا. با کۆماری ئیسلامیش ئەو جۆرە بیانوانە بکاتە پاساو بۆ ئاوڕ نەدانەوەو پێڕانەگەیشتن لەو خەلکە. بەلام مێژۆوی خۆڕاگری گەلی ئێمەش پارویێک نیە بە ئاسانی قوت بدرێ. هەروەک چۆن گەلی ئیمە بە شاکانی سەفەوەی، بە سۆلتانەکانی عوسمانی بە باوکی تۆرکانیشەوە، بە سەدام حۆسەین و چەکی کومەلکۆژیەوە لە نێو نەچوو،

بە دلنیایەوە بە مێزەربەسەرانی کۆماری ئیسلامیش لە نێو ناچێت و داهاتوش ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێ .

با بەرزو بەڕێز بێ یادی قوربانیانی شیمیابارانی گۆندی زەردەو هەموو قوربانیانی دیکەی دەستی زۆرداری و ملهۆڕی.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی : ١٩ی جوولای ٢٠٠٧



سەرچاوە
Serchawe

## خواوەندەکانی خۆڵقێەرو غەیب کەر!

مانگی ڕابردو عەلی خامنەیی" خوای غەیبکەر" سەردانی شاری یەزدی کرد. ئەو هەروەک پێشوو دەستیکرد بە پێهەڵاگووتن بە شانوباڵی حکومەتی ڕاستەقینەی" اڵلە" دا. سەرەتا بە ئاموژگاری و ڕاسپاردەکانی باسەکەی دامەزراند و دواتر بە ڕێنوێنی و بەخشندەیی و دڵفراوانیەوە کۆتایی بە ئاخاوتنەکەی هێنا.

خوێنەری بەڕێز! ئەم بابەتە هیچ پێوەندیەکی بە وتار یان کۆبوونەوەکەی خامنەئییەوە لە شاری یەزد نیەو زیاتر هەڵسەنگاندنی ناکارامەییو گەندەڵی حکومەتی "اڵڵە" مێژەربەسەرانە کە بە بەرزکردنەوەی منارەی مزگەوتەکان، بەرزیو بەزەیی خۆیان نیشان دەدەن. بەڵام لە بەرانبەر بارینی بەفرێکدا، ڕەخنەی جیای بیرێکدا، پانتۆڵی تەنگی ئافرەتێکدا، داماوانە پاساوی هەموو زەبرو زنگو گەندەڵیەکانیان دەدەنە پاڵ هێزێکی دیکەدا کە گوایا لەوان بەتواناترە.

بە بڕوای خوای غەیب کەر، خوای پێشوو هەر لە ئەوەڵ ڕۆژەوە تووشی گەلێک هەڵەی ستراتێژیک هاتووە کە لە بەر سەرقاڵبوون بۆی نەلواوە لە کاتی پێویستدا ڕاستیان بکاتەوە. بەم بوونەوە و بە لەبەرچاو گرتنی هەستیاری هەڵەکان، بە پەلە بڕیاری ناردنی ٢٤٠٠٠ پێغەمبەری بۆ سەر گۆی زەوی دا،

بەڵکوو ئەو گیانلەبەرە دوو پێیانەی کە ناویان مرۆڤە، ڕام بکەنەوەوە و خۆارو خێچی و تێچرماوی لەشی بەشێکیان مەرەمەت بکەن. بەڵام لەشکری ٢٤٠٠٠ کەسی نێردراو پاش هەوڵێکی زۆر بۆیان دەرکەوت کە ئەو هەڵانە بەوان ڕاست ناکرێنەوە. چۆنکە لە بنەڕەتەوە خۆارو خێچ دروست کراون. لە کاتی گەڕانەوەی لەشکری ٢٤٠٠٠ کەسی بۆ لای خوای پێشوو، ڕاپۆرتێک کە لە نیوە لاپەڕیەکدا نووسرابوو، پێشکێش بە بارەگای بەڕێزیان کرا. لەو ڕاپۆرتەدا هاتبوو کە دەبێ خوایەکی دیکە کەلێن و قەڵشتەکانی شوێن دەستی ئەو ڕاستبکاتەوە و ئەمە کاری هەموو نێردراوێک نیە. ئەم پێشنیارە کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتبوو کەوتە بایەگانییەوە و هەزاران ساڵ درێژەی کیشا تاکوو خوای پێشوو توانی کۆپییەک لە خۆی دروست بکاو بینێرێتە سەر گۆی زەوی. خوای غەیبکەر شانسی هێناو لە کاتی هاتنەخوارەوەدا کەوتە سەر خاکی " اڵلە ". ئەو بە چاوپێکەوتنی ئەو بارودۆخەی کە خوای پێشوو خوڵقاندبووی، دەستبەجێ خۆی شوشت و غوسڵی دەرکرد. ئەو خوایە بە مەبەستی پێداچوونەوە و پێڕاگەیشتن بە هەڵەکانی ستراتێژیکی خوای پێشوودا، حکومەتی"اڵلە"ی دامەزراند. ئێستێ خوای کۆپی بە سرنجدان بە شێوەی خوڵقانی، خۆی لە جیات گشت خواکانیتر دادەنێ و زەحمەتە بڕوای بە خوایەکی دیکەی غەیری خۆی هەبێ. هەر لە بەر ئەوەشە کە لە هەموو کەسێک بەگۆمانە و نەک هەر هەمووان بە دوژمنی خۆی دەزانێ،

بەڵکوو پێیوایە کە هەرچەشنە جموجۆڵێک، بۆ لە نێوبردنی ئەوە. بەباوەڕی حکومەتی" اڵله" و خوای غەیبکەر،خوڵقاندنی ئافرەت یەکەمین هەڵەی ستراتێژیکی خوای پێشووی بوو. خوای کۆپی پێیوابوو کە پێویستی نەدەکرد لەشی ئافرەت ئەو هەموو بەرزی و نزمی و چاڵەوچووڵەی هەبایە. چوونکە دروست کردنی ئەو بارە فیزیکیەی ئافرەت لە لایەن خوای پێشووەوە بەو هەموو قۆپکە و بەرز و نزمی‌یەوە کە هەیەتی، گرفت خوڵقێنەرە و ئەمە بۆ خۆی گوناهێکە کە مرۆڤ لە گەیشتن بە خێراتی بەهەشت بێبەش دەکا!. حکومەتی" اڵله" پێیوایە کە دەبا لەشی ئافرەت وەک کورسی بۆ لە سەر دانیشتن دروست کرابا و ئەوسا پێویستی بە تۆبرە، مەقنەعە، مانتۆ، چارشێو، یان شتێک بە ناوی حیجابی نەدەکرد. لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕاسپاردە و ڕێنوێنیانەی حکومەتی "اڵله" کە لە غەیبرا بەڕێ‌دەکرێن، ئەگەرچی نەیانتوانیوە دوو پێیەک بخۆڵقێنن، بەڵام لە غەیب کردنی دوو پێیەکاندا، وڵاتی یەک میلیاردی کافرانیش! نەیتوانیوە تۆزیان بشکێنێ. بە واتایەکی دیکە: هێزی گیان لێئەستاندن و غەیبکردنی خوای کۆپی بەچەشنێک گەیشتۆتە بەرهەم هێنان، کە لە ساڵی ڕابردودا دوو میداڵیای نێونەتەوەیی وەبەر حکومەتی "اڵله" کەوت. خوای کۆپی هیوادارە کە بە پەرەسەندنی زانستی پێشکەوتوی کۆپی کردنی مرۆڤەکان، بتوانێ ئەو بەرزی و نزمی و چاڵەوچوڵانەش کە بە لەشی ئافرەتەوە دیارن لابەرێت و لە چوارچێوە و قەوارەیەکی نوێدا دایانرێژێتەوە، تاکوو لەمەوبەدوا بە چاوپێکەوتنیان پێویست بە غوسڵدەرکردن نەبێ. یەکێکی دیکە لەو گرفتانەی کە حکومەتی" اڵله"و خوای کۆپی لە گەڵ خوای پێشوو هەیەتی، پێشبینی نەکردنی ڕووداوە لە ناکاوەکانی وەک بورکان، با و بوران و سێڵاوە، کە لە وڵاتی"اڵله"دا پتر لە وڵاتی کافران ڕوو دەدەن! ئا لێرەدایە کە بڕواکان تەنگ بە خۆیان هەڵدەچنن و شتێک بۆ گۆتن نامێنێتەوە. ئەوتا بە بارینی بەفرێک لە وڵاتی"اڵله"، نەک هەر بەسەدان کەس بە هۆی سەرماوە بۆ هەتا هەتایە غەیب دەبن، بگرە سوتەمەنی و خواردەمەنیش بەبێ ماڵئاوایی کۆچ دەکەن و چارەنووسیان دەبێتە چارەنووسی غەیبییەکانی دیکە. خوای غەیبکەر لای وایە کە خوای پێشوو نەدەبا هەڵەی وا گەورەی کردبا. چونکە ئەو خەرجانەی کە بۆ چاککردنەوەی ئەو هەموو وێرانیە کە بە هۆی هەڵە ستراتیژیەکانی ئەوەوە دەکرێ، دەبا سەرفی بەهێزکردنی ئەو پێغەمبەرانە کرابا کە بە سەربازانی گومناوی حکومەتی"اڵله" ناسراون. چوونکە ئەوان بە شەو و ڕۆژ و بە نهێنی خەریکی چالاکی غەیب کردنن، کە ئاخرینیان هەر ئەم ڕۆژانە غەیبکردنی برایم لوتفوڵلاهی لە شاری سنە بوو. خوای غیبکەر لای وایە کە خوای پێشوو بە ناردنی لەشکری ٢٤٠٠٠ کەسی پێغەمبەران بە ئاشکرا و بۆ ڕامکردنی مرۆڤەکان، هەڵە ستراتێژیکەکانی گەیاندۆتە لوتکە. هەر بۆیەشە خوای کۆپی لە ژێر سێبەری حکومەتی"اڵله"دا، ٧٢٠٠٠ پێغەمبەری بێ ناو و نیشانی بۆ ڕام کردنی مرۆڤەکان تەرخان کردوە کە بەم جۆرە سازمان دراون: پێغەمبەرانی غەیبکەر، ئەسید پڕژێنەر و قەمچیوەشێن، ئیعدامکەر و سەنگسارکەر، دەستوقاچ بڕ و ئەشکەنجەگەر، بێسەروشوێنکەرو زۆرلێکەر، تێرۆریست و زیندەبەچاڵکەر، درۆزنو تاڵانچی. بەم جۆرە خوای کۆپی سروشتێکی نوێی داوە بە ئازادی لە حکومەتی "اڵله"دا، کە خوای پێشوو بە خۆی و لەشکرە ٢٤٠٠٠ کەسیەکەیەوە، نەیانتوانیبوو کاتی خۆی دەستەبەری بکەن.

گرفتێکی دیکەش کە خوای غەیبکەر نایهەوێ لێی تێبگا و لە بەرانبەریدا داماوە، سروشتی خوڵقانی ئەم گیانلەبەرانەیە کە

ناوی مرۆڤیان لە سەرە. ئەویش ئەوەیە کە هەرچی حکومەتی"اللە"و ۷۲۰۰۰ پێغەمبەرە گومناوەکەی بەشێوەی جینایەت و تۆقاندن بە سەریاندا دەسەپێنن، ئەوان ترسیان ڕێنانیشێ. لانی کەم لەوەش تێناگەن کە ئەگەر خوای پێشوو بە 24000 پێغەمبەرەوە نەیتوانیبێ چاڵەوچوڵەو نارێکیەکانمان چاک بکاتەوە، بە دڵنیاییەوە خوای غەیبکەرو حکومەتی "اللە"یش ئەم ئەرکەی پێ جێبەجێ ناکرێ. ماوەتەوە بڵێین کە تەنیا هیوایەک کە حکومەتی "اللە" بە ڕێبەری خوای کۆپی خەونی پێوە دەبینێ،

ئەوەیە کە ئەگەر دەستی پێمان ڕابگا، دەستەکانمان ببڕێتەوە و چاوەکانیشمان دەرێنێ. بۆ ئەوەی نە بتوانین قەڵەمێک بۆ نووسینی دێڕەکان هەڵگرین و نە چاوێکیشمان بۆ دیتنی خۆشەویستەکان هەبێ، کە پێویستی بە غوسڵ درەکردن بێ. با بەهەشتی وادەدراویش بۆ خوای غەیبکەر و ۷۲۰۰۰ پێغەمبەرەکانی گومناوی بێ. بێشک ئێمەش بە دۆزەخی خۆمانەوە بۆ وەدەست هێنانی مافە سرۆشتیەکانمان، ناهێڵین بە شیروکافۆری خۆڕایەوە شەوگارەکان تێپەڕێنن.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ۲۷ی جانێوێری ۲۰۰۸

## داپڵۆساندنی لێرەوارەکانی کوردستان بێ پسانەوە بەردەوامە

هەر ئەم دوێنێیە لە نێو خۆی وڵاتەوە ئاگادار کرامەوە کە پارێزگای ئیلام بوەتە کورەی ئاگر و نیزیک بە تەواوی شاخ و بەندەن و لێرەوارەکانی ئەم پارێزگایە بوەتە خەڵۆز.

بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی کە لەو پارێزگاوە گەیشتوون، زۆربەی شاخەکان بە شەوانە وەک بورکانی ئاگرن (آتشفشان) و توافچییەکانی ئێرانی کە لە قۆم و تارانەوە سەفەر دەکەن بۆ وڵاتی ئێراق، لە ڕێگادا دادەبەزن پێیان سەیرە کە، لاو ناوچەیە بورکان هەیەو ئەوان لێی بێخەبەرن. بێخەبەر لەوەی کە ئەوە سرۆشتی کوردستانە کە دەبێتە قاقناقو هەموو گۆمانەکانیش سەبارەت بەو ئاگر کەوتنانەوەدا ڕوویان لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیە، کە خەرجی سەفەری ئەوان بۆ کەربەلاو نەجەف دابین دەکەن. بە گوێرەی ئەو هەواڵانە کە گەیشتون، گەورەیی ئەو بێبەزەیە هێندە زۆرە کە کاربەدەستانی ناوچەش ناتوانن بیشارنەوە و لە چەند دانیشتنیکدا باسیان لە سەر کردوە، بەڵام هیچ هەنگاوێکی کارا بۆ پێشگیری کردنی هەڵنەگیراوە. پارێزگاری ئیلام، عەلی محەممەد ئازاد لە مەڕ ئەو کارەساتانەدا، بە هەواڵدەری خوێندکارانی ئێران (ایسنا) دەڵێ کە بودجەیکی یەک بیلیون و پانسەد هەزار قەرانیان بۆ بەرەوڕوو بوونەوەی ئەو ڕووداوانە پێ دراوە، کە هیوادارە بتوانێ بەرەنگاری ئەو نەهامەتیە سرۆشتیانە بێتەوە. پارێزگار قەت لە خۆی ناپرسێ کە چۆنە بۆ ڕاوەدۆنانی تەنیا خەباتکاریک، چوار هەزار هێزی پۆشتەو پەرداخی لەشکری دەنێرێتە شاخەکان، بەڵام بۆ کوژاندنەوەی ئاگر نە هێزی هەیەو نەش بودجە.

خوێنەرانی بەڕێز: پارێزگای ئیلام ٤٠٠ کیلومیتر سنوری هاوبەشی لە گەڵ باشۆری کوردستان و وڵاتی عێراق هەیەو بەشی زۆری پارێزگای ئیلام شاخاوی و لێرەوارە. لەو ماوەی چەند هاوتوی ڕابردودا زیاتر لە ٦٣ جار ئاگر کەوتەوەتەوە و کە بەم ٦٣ جارەوە، ژمارەی ئاگرکەوتەوەکان لە شەش مانگی ڕابردودا، گەیشتوەتە ٩١ جار. ئەمە بۆ خۆی ئاسەوارێکی وای لە خۆی بە جێ هێشتوە کە خەڵکی ناوچە وەکو کۆسێکی گەورە ناوی لێ دەبەن. بە جۆریک کە بەر هەر کوێکدا دەچی لەگەڵ بوبوسۆ، خۆڵەمێش، خەڵۆزو ئاگر بەرەوڕوو دەبیتەوە. بێجگە لەوەش زیانی وا گەوەرە بە خەڵکی ئەو پارێزگایە کەوتوە کە قەرەبوکردنەوەی بۆ نیە. چۆنکە زۆربەی خەڵکی پارێزگای ئیلام بە جۆتیارو ئاژەڵداریەوە خەریکن. ئەوان قشلاخ و کوێستان دەکەنو پێویستیان بە لەوەڕگەکان هەیە تاکوو بتوانن ئاژەڵەکانیان بەخێو کەنو خۆیانیش بژین. بەسەرنجدان بەو شێوە ژیانو بژیویە کە خەڵکی ئەو پارێزگایەی کوردستان هەیانە، ئەو ڕووداوانە نەگ هەر کۆسە، بەڵکوو کۆسەڵکۆسیشە.

ئەگەر چی ئەو خەسارەتانە لە باری ئابوورییەوە بەو خەڵکە کەوتوە ئێگجار زۆرن، بەڵام هیچ لەوە ناشارێتەوە کە سرۆشتی ڕەنگینی پارێزگای ئیلامو سەروەتو سامانی نەتەوەیی گەلەکەشمان زەبریکی کاریگەری وێ کەوتوە کە دەیان ساڵی دەوێ تاکوو خۆی بگرێتەوە. چۆنکە کاتی دەوێ تاکوو دار بەروەکان و مازۆەکان و گوێژەکان و کەیکفەکان، زەیتونەکانو....، جاریکی دیکە بنیشنە بەرو لە سێبەریان دانیشێ. شاخی مانشت کە یەکیک لە شاخە بە هەیبەتەکانی کوردستانەو لە زۆر جاریش وەک جوانیو پشتو پەنای خەباتکارانی قۆناخەکانی ڕابردوو، ناوی لە شێعرەکان، هەڵبەست، گورانیو فوڵکلوری کوردیەکاندا هاتوە بەرەو وەک دەواری ڕەشی لێ هاتوە.

هەر لە شاخی مانشتەوە تاکوو مەیمک، لە کۆڵکەوە تاکوو هەنجێرک، لە کودەشتەوە تا شیروان و چەرداوڵ، لە دەڕەشارەوە تاکوو ئاودانان، لە ئەیوانەوە تاکوو دێلۆڕان و مهران، لە گەنگێرونکۆڵەوە تا ملە سیەو چەنگۆڵە، هەتاکوو دەگاتەوە شاخ و بنارەکانی بەلاڵە، کانی نزام، قەلاجە و لۆتکەی بەناو بانگی کەچەڵ، کە پارێزگای کرماشان و ئیلام لیک جیا دەکاتەوە، ڕەشایی و دۆکەڵ و ئاگر دەبینی. ئەو دیمەنانە مروڤ وەبیری ڕەشپوشی و ئازیەتی و کەسەری ئازیز مردوان دەخاتەوە. منیش هەواڵەکە بە دوو دێڕ شێعر بە زاراوەی کوردی کەڵهوڕی، لە خەمی سوتانی لێرەوارەکانی پارێزگاکانی کرماشانو ئیلام کۆتایی پێ دێنم و دەڵێم: تاکوو سیبەری ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە سەر وڵاتی ئیمە بمێنێ، بەشمان تەنیا مەینەتەو بەس.

مانشتو مەیمک، ئەیوانو گەنگێر.
بەرگ سیە پوشان ئەڕا کوڕهەنجیر.
بێستونو پەڕاو وەگەرد هەمرۆڵە.
چەمەری گەردنن ئەڕا چەنگۆڵە.

تێبینی: مانشت، مەیمک، ئێوان و چەنگۆڵە چوار شاخو شاری بەناوبانگی پارێزگای ئیلامن. هەروەک هەمرۆڵە، پەڕاو، بێستون و کوڕهەنجیر، چوار شاخی بە ناوبانگی پارێزگای کرماشانن.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧

## دڵنیا بن کە نوکتە(جۆک) نیە!

**کۆماری ئیسلامی لە کێبەرکێ ئینسان کوشتن لە جیهاندا دوو میدالیای زێڕ و بورۆنزی ساڵی ڕابردوی بۆ خۆی دەستەبەر کرد.!**

**ڕۆژی ٢٧ - ٠٦ - ٢٠٠٧ ڕێکخراوی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ، ڕاپۆرتێکی دورودرێژی لە سەر ژمارەی لەسێدارە دراوەکانی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٦ دا بڵاو کردەوە. کورتەی ئەو ڕاپۆرتە بە شێوەی خوارەوەیە. وەر گیراو لە ڕۆژنامەکانی وڵاتی سوید.**

**"ساڵی ٢٠٠٦ سەرجەم ٣٨٦١ کەس لە ٥٥ وڵاتی دۆنیا لە سێدارە دراون. ١٥٩١ کەسیان لە ٢٥ وڵات و ماباقیەکەی لە ٣٠ وڵاتی دیکەدا ئەو سزایەیان بەسەردا براوە. لە ١٢٨ وڵات سزای لەسێدارەدان بە تەواوی هەڵگیراوەو لە ٦٩ وڵاتیش ئەو جۆرە سزایە هەر ماوەتەوە. نەوەد لە سەدی سزای لە سێدارە دران لە شەش وڵات بەڕێوە چووە، کە بریتین لە:**

**وڵاتی چین بە پلەی یەکەم. ئێران بە پلەی دووهەم. ئێراق بە پلەی سێهەم. سودان بە پلەی چوارەم. پاکستان بە پلەی پێنجەم و ئەمریکاش پلەی شەشمی هێناوەتەوە.**

**بێجگە لەوانەش ئێران لە لە سێدارەدانی مێرمنداڵ، واتە ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە ژێرەوەی ١٨ساڵە، پلەی یەکەمی هێناوەتەوە. بەم جۆرە کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەڕێوەبردن و داسەپاندنی سزای مەرگ بە سەر ١١ مێرمنداڵاندا کە ٢٤ لەسەدی هەموو مێرمنداڵە لە سێدارە دراوەکانە، پلەی یەکەمی وەدەست هێناوە. ئەم ڕێژیمە دیسان لە کۆی گشتیشداو بە دوای وڵاتی چین، پلەی دووهەمی بۆ خۆی دەستەبەر کردوە. واتە کۆماری ئیسلامی لەم دوو بوارەدا بۆتە خاوەنی دوو میدالیا!، کە یەکەمیان تەڵاو ئەوی دیکەش برۆنزە".!!**

**بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیەکە ماموەستایانی کوشتوبڕ، ڕەدی دەکەنەوە کە ئێران ئەو کارەی کردبێ. هەروەک دیتمان ئێوارەی هەمان ڕۆژ کە ڕاپۆرتەکە بڵاو کرایەوە، دەوڵەتی ئێران وەدرۆی خستەوە کە ئەو ڕێژیمە پلەی یەکەمی لە سەپاندنی سزای مەرگ بە سەر مێرمنداڵاندا هێنابێتەوەو لە ڕاپۆرتی ئەمنستی ئینترناسیونالیش گەلێک توڕەن. لەم پێوەندیەدا، مرۆڤ ئەو پرسیارەی بۆ دێتە پێش و لە خۆی دەپرسێ: تۆ بڵێی ئەمەشیان پیتاندنی ئورانیوم یان پشتیوانی ماڵی و لۆجستیکی لە تاقمە دەمارگرژ و تیرۆریستەکان بێ، کە بە دزیەوە بیکەن و وەدرۆی خەنەوە؟. خۆ هەر هیچ نەبێ**



سەرچاوە Serchawe

ئەم مرۆڤانە یان بە جەریسەقیل لە گۆڕپانە گشتیەکانداو لە بەر چاوی هەزاران بینەر، هەڵقاوێز کراون. یان هەر لەو گۆڕەپانانە بەرد باران و زیندە بە چاڵ کراون. نەکا ماموەستایانی پسپۆری بواری درۆودەلەسە، بەر لەسێدارە دانی ئەو مرۆڤانە، دۆعای کۆمەیل و ئایەتەلکورسیان بەسەرداخوێندبن، بۆ ئەوەی بینەران ئەو کارەساتەیان وەک شانۆ کانی دهەی فەجر بێتە بەرچاو؟. لام وانیە وابێ، چۆنکە هیچ نەبێ ئەوە دەزانین کە ئەو ئاکارەی کۆماری ئیسلامی بۆ چاوترسین کردنی خەڵکیش بێ، دوورە لە شانۆگەری، بۆ پێکەنین و ڕابواردن. کەوابێ با ئەم کردەوانەی کۆماری ئیسلامی بسپێرینە دەستی مێژوو کە ئەومیدالیانە ئێستا وەرنەگرن تا ئەو کاتەی میژوو بۆ خۆی بەئەستۆیانەوە هەڵداوەسێە،و ئەوانیش لە بەهەشتی بەریندا پیاسەی پێوە بکەن.

بەڵام خراپ نیە ئاوڕێکیش لە ئەمنستی ئیننتترناسیوناڵ بدەینەوەو بەروڕووی چەند پرسیارێکیان بکەینەوە، کە ڕەنگە بێ کەڵک نەبن.

ئەگەر ئەو ڕاپۆرتە ڕاستەو پاش یەک ساڵ بەدۆاداچوون و لێکۆڵینەوە دەرچووە،کە بێ شک ڕاستە، ئەی بۆ چی هەر چەند مانگێک لەمەو بەر کۆماری ئیسلامی ئێران لە لیستەو ڕیزی پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ هێنرایە دەرێ؟. نەکا کوردەکان، بەلوچەکان، عەرەبەکان، ئازەریەکان... کە لەو وڵاتە لە سەر مافی خۆیان و بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوەیی و ئینسانی خۆیان گیانیان لێ دەستندرێ، نەکەونە ڕیزی مرۆڤەکانەوە؟. خۆ ناشۆکری نەبێ ئەمنستی ئینتەرناسیوناڵ ڕێکخراویکی ناسیاسی و ناحکومیەو نە کۆماری ئیسلامی و نەش هیچ کەسێکی تر ناتۆانێ تاوانی تێوەگلانی ئەمریکاو شەیتانی گەورەی پێوەبلکێنێ. بێجگە لەوەش ڕاپۆرتەکانی ئێوە لە لایەن تاقەکەسێکەوە دەرناچێ تاکوو مێزەربەسەرێک سزایەکی وەکوو سزای نوسەری ئایە شەیتانێکانتان بۆ دەرکا، ( سەڵمان ڕۆشدی). ئێوە وەک ڕێکخراوێک کە ئەرکی پاراستنی مافی مرۆڤتان لە ئەستۆیەو هیچ قازانجێکی ئابوری و ڕامیاریتان لەم پێوەندیەدا نیە، تاکوو ساتوسەودای پێوە بکەن. هیچ نەبێ لە ڕاپۆرتەکانی داهاتوتاندا ڕیزی ئەو لە سێدارە دراوانە لێک جوێ کەنەوە. بۆ وێنە: ئامریکا کە لە بەڕێوە بردنی سزای لەسێدارە دانی مرۆڤەکاندا پلەی شەشمی وەدەست هێناوە ، وادەر نەکەوتوە کە لەو وڵاتە کەسێک لەسەر بیروباوەڕی جیاواز لە سێدارە درابێ. بەڵام لە وڵاتی ئێران و لە سێبەری ئایەتوڵاکاندا، دوو لە سێی ئەو مرۆڤانە کە بەند دەکرێن، یان سزای مەرگیان بەسەردا دەسەپێ، بە تاوانی ئازادیخۆازی و جیابیری گیانیان لێ دەستێندرێ. ئیمە ئەوەش دەزانین کە لە یاسای ئێوەدا کوشتن هەر کوشتنە، جا هۆی سیاسی بی یان هەر هۆیەکی دیکە. بەڵام با لانیکەم مافی ئەو مرۆڤانەش بپارێزدرێ کە بوونەتە قوربانی بۆ ڕزگاری لە ژێردەستی و کۆیلەتی. کەی ڕەوایە بەلوچێک لە بەلوچستان، عەرەبێک لە عەرەبستان، کوردێک لە کوردستان و ئازەرێک لە ئازربایجان، لە سەر داوایەکی ڕەوا، ئینسانی و نەتەوەیی، لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە گیانی لێ بستێندرێ، بکەوێتە ڕیزی قاتڵان و بکوژانێک لە ئەمریکا، یان ڕوسیاو ئێراق، کە گیانی بە دەیان مرۆڤی بێگوناهیان لە شەقام و قۆتابخانەکاندا، چ بە کوشتن یان تەقاندنەوە لێ ئەستێندراوە. سەرەڕای ئەوانەش



سەرچاوە
Serchawe

ئەرکی سەرشانی ئەمنستی ئینترەناسیونالە کە پێشێلکاریەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەر حەق بەو گەلانەی کە لەو وڵاتەدا دەژین، بەو جۆرەی کە هەیە لەقاو بدا. ئەوە چاوەڕوانیەکی بە حەقە کە گەلانی بندەست لەو ڕێکخراوە مرۆڤیە هەیانە.

**سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠٠٧**

---

## کۆنگرەی چاردەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و پرسێکی مێژۆیی

بێ گومان ئەو کەسانەی کە لە ڕەوتی ڕووداوەکانی پاش دابڕان لە حیزبی دیموکرات دا ئاگادارن دەزانن کە بەدوای ئەو دابڕانەدا نووسراوەیەک لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دەرچوو کە بە ناوی" هێڵە گشتیەکانی ڕێبازی ئێمە" ناسراوە. لەو نووسراوەیەدا، تیشک خراوەتە سەر کۆمەڵێک بۆچوون کە پێوەندیان بە داهاتوی خەباتی گەلی کوردەوە هەیە. ئەو بۆچوونانە لە باری پرسی سیاسییەوە تەئکید لە سەر بە هێزکردنی باری نەتەوەیی ستراتیژی حیزب و چارەنوسی بزوتنەوەی گەلی کورد لە ڕوانگەی حیزبەوە دەکەن. لە هێڵە گشتیەکاندا هەروەها باس لە ساختارو قەوارەی تەشکیلاتیش کراوە وەک، بەخۆداچوونەوە، ئاڵوگۆڕ لە شێوازی بەرێوەبەری حیزب، دیسانترالیزا کردنی دەسەڵات و دۆزینەوەی مکانیزمی گونجاو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان و هتد. بەشی دووهەمی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بە پێی هێله گشتیەکان بەڵێنی جی بە جێکردنیان دراوە پەیوەندی بە تەشکیلات و چۆنیەتی گەڵاڵە کردن یان دارشتنەوەی ساختارو قەواری حیزبەوە هەیە. لەم نووسراوەدا هەوڵدەدەم بە هێنانەوەی هێندێک بەڵگەی مێژۆویو زیندو کە لە گۆرەپانی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوونەتە ئەزموون، ئاورێک لە بەشی یەکەم واتە ئاڵوگۆڕ لە بواری نەتەوەیی و پێویستی ئاڵوگۆر لە بواری ڕوانگەی حیزب، سەبارەت بە چارەسەری گرفتی نەتەوەیی بدەمەوە.

### * ئەزموونی یەکەم:

لای کەس شاراوە نیە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە پەنای برد بۆ خەباتی ئاشتیانەو لە ڕێگای دێمۆکراسیەوە بەرەو پیری چارەسەری گیروگرفتە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکانی گەلی کوردەوە چوو. بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بردە دیالۆگ و داکۆکی کردن لە چارەسەریەکی ئاشتیانەو خۆ پاراستن لە شەر و تەنانەت ئاگربەست لە پاش شەری ناسراو بە شەری سێ مانگە. بەڵام دیتمان چۆن کاتێک کۆمارە تازە بە دەسەڵات گەیشتوەکەی ئیسلامی لە پاش قایمکردنی بنەماکانی دەسەڵاتی خۆی بە دەرکردنی حوکمی خەزا، وڵامی ئەو داواکاری و دڵپاکیەی گەلی ئێمەی بە هیرش بۆ سەر کوردستان دایەوە.

### * ئەزموونی دووهەم:

ئازمونێکی دیکە کە نیەتی لایەنی دەرەوەی کوردمان نیسبەت بە چارەسەری مەسەلەی کوردی دەردەخست، بەشداری حیزبی

دیموکرات لە شورای بەرگری نەتەوەیی لە گەڵ مۆجاهیدین و بەنیسەدرو چەند کەسایەتی و ڕێکخراوی دیکەی پچوک بوو. ئەگەرچی بە هۆی ئەم ڕێککەوتنە لایەنەکانی دیکەش وشەی خودمۆختاریان لە سەر کاغەز ئیمزا کرد، بەڵام هەر کە حیزبی دێمۆکرات ڕێگای وتووێژی سەبارەت بە خودموختاری لە گەل کۆماری ئیسلامیدا گرتە بەر، تەنیا بە ڕاگەیاندراوێک لەو شۆرایەدا وەدەرخرا. گرفتەکە بۆ موجاهیدین تەنیا وتوێژەکە نەبو بەلکو هەروەک ئەزمونی هەڵوێستەکانی رابودوشیان نیشانی دا لەوەدا بوو کە حیزبی دێمۆکرات وەک حیزبێکی نەتەوەیی و رزگاریخواز مافی سەربەخۆی سیاسی و تەشکیلاتی بۆ بڕیار دان نەبوو. روانگەکەش لە مەزنخوازی براگەورەی نەتەوەی باڵا دەستەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەرکی برا چوکە لە پێشدا دیاری کرابوو ئەویش گوێ رایەلی لە برا گەورە بوو.

### * ئەزمورونی سێهەم:

وتووێژی دووهەمی حیزبی دێمۆکرات لە گەڵ کۆماری ئیسلامی یە، کە بێجگە لە تیروری نەمر دوکتور قاسملو و هاوڕێیانی، مەبەست تەریک خستنەوەی حیزبیش بوو .

### * ئەزموونی چوارم:

دانیشتن و دیالۆگ لە گەڵ هێندێک ڕێکخراوی بە ناو ئێرانی بوو بۆ دۆزینەوەی پلاتفورمێکی هاوبەش بۆ ڕزگاری ئێران لە چنگی مەلاکان! کە ئەویش بەداخەوە تیروری سکرتێری حیزب د- شەرەفکەندی و هاورێیانی و تێکۆشەرانی لێهاتووی گەلەکەمان بوو بە بەرهەمی.

### * ئەزموونی پینجەم:

ئاماژەیە بە پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، دیسان ئەویش هەر بە مەبەستی نجاتی گەلانی ئێران لە چنگ ستەم و بێدادی دەسەڵاتی حاکم. ئەزمونی ئەم پشتبەستنە بە گەلانی دیکە لەم ئەزمونەشدا هەر دوور نەرۆین لە چەند هەوتوی ڕابردوو دا نیشانی دا کە چەندە نەتەوەکانی دیکەی بەشدار لەو گۆنگرەیەدا بە خەمی بەرژەوەندی کوردەوەن. ئەو کەسانەی نامەکەی بەڕێز نەزمی ئەفشار، دەمڕاستی ئەو پلاتفورمە ڕزگاری دەری! نەتەوەکانی بندەستی ئێرانییان خوێند بێتەوە، دەتوانن دادوەری لە سەر ئەو بیروبۆچۆنەی ناوبراو هاو بیرانی بکەن، کە چۆن ئەم فدراڵیخوازە مەزنە لە گەڵ بێحورمەتی بە بەشدارانی کۆنگرەی نەتەوەکان! پشتیوانی لە هەڕەشەو هێرشی باوەپیاڕە پانتۆرکەکانی، لە دژی کوردستانی باشۆر دەکا.

هەمووی ئەو ئەزموونانە کە ئاماژەیان پێدرا، هەوڵێک بووە بۆ ئەوەی کە کورد بە پشت بەستن بە نەتەوەکانی دیکە چارەسەری کێشەی کورد لە مەرکەزەوە بکا. بۆ ئەم مەبەستەش دامەزراندنی دێمۆکراسی بۆ ئێران کراوەتە ڕێگا چارەی پرسی نەتەوەیی لە ئێران دا. کەوابێ تاکوو ئێرە بە جوانی ڕوونە کە چوار لەو هەولانە، کە دوویان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی و دووەکەی دیکەشیان لە گەڵ بەناو ئۆپوزسیونی ئێرانی، چۆن بە سەقەت لەدایک بوون، وا بە سەقەتیش کۆتاییان پێ هات. تاقیکردنەوەی ئەزموونی پێنجەمیش هەر لە ئێستاوە دیارە کە چ دوارۆژێکی بە دواوە دەبێ. چۆنکە بیرکردنەوەی بەشێک لە پێکهێنەرانی ئەو کۆنگرەیە، بە پێچەوانەی ویستو داوخوازەکانی بەشەکەی دیکەیانەو ئەوەش بۆخۆی نیشان دەدا کە هەڵقوڵاوی چ دیلەمایکە کە دەمڕاستی بەناو کۆنگرەیێک پشتیوانی لە هێرشو هەڕەشەی پانتۆرکی براگەورەی بۆ سەر سەروەری بەشێک لە گەلی کورد دەکاو ئەندامە بەناوبانگە کوردەکەش چۆکەترین هەڵویست لە خۆی نیشان نادا.

گوتاری هەتا ئێستای ئێمەی کورد لە پێوەندی لە گەڵ چارەسەری کێشە نەتەوەییەکان خۆ بەستنەوە بە ناوەندەوە بووە. هۆی ئەم خۆ بەستنەوەش گشت کاتێک مەسەلەی هەلومەرجی ناوچەیی و نیونەتەوەیی و نیوخۆیی بووە. یەک لەو چەمکانەی کە وەک نوسخەی چارەسەری کەڵکی لیوەرگیراوە مەسەلەی دێموکراسی بووە.

لە راستیدا چەمکی دێمۆکراسی نۆسخەی هەڵپێچراو بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی لە ولاتیکی وەک ئێراندا نەبووە و نیە. چۆنکە دێمۆکراسی پروسەیێکە کە بە دایم لە حەڵی ئاڵوگۆڕدایەو ئەو خوێندنەوە کلاسیکەش کە لە دێمۆکراسی بۆ ئێران یان هەر سیستمێکی دیکە کراوە، بۆ خۆی ڕێگرە لە بەردەم کێشەی کەمایەتیە نەتەوەییەکان لەو جۆرە ولاتانەدا. دێمۆکراسیەک کە یەکیەتیخوازن مەبەستیانە ئەوەیە کە زۆرینە هەرشتێکی پەسەند کرد، ئەوە بنەمای کار دەبێ بۆ هەر چەشنە ڕیک کەوتنێک. هەر بۆیەشە ئەوان هەموو هەوڵێکی ڕێک کەوتن بەو مەرجەوە دەبەستنەوە، کە ئێران ولاتێکەو هەموو دانیشتوانەکەشی ئێرانین. نەتەوەی پاوانخواز، تەواویخواز، ئێران وەک میللەت پێناسە دەکەن، لە حالێکدا ئێران بێجگە لە واحیدیکی جۆگرافی هیچ پێناسەیێکی دیکەی نیە. چونکە ئیران لە سەر بنەمای دلخوازی نەتەوەکانی بەشدار دانەندراوە بەلکو لە سەر زۆرەملی لە لایەن نەتەوەی بالا دەستەوە داندراوە. نەتەوەی بالادەست لە بنەڕەتدا باوەڕی بە شتێک وەک نەتەوەکانی دیکە لەو چوارچێوە جۆگرافیەدا نیەو نەتەوەکانی دیکە بە قەوم دەزانێ. ئەوان هەرچەشنە بیرکردنەوەیێکی دیکە کە دژایەتی لە گەڵ ئەو بیروبۆچۆنەی ئەواندا هەبێ، بە بێ یەکودوو، وەک خۆفروش، جیایخواز، خەیانەت بە ئێرانو ئێرانی پێناسە دەکەن. لەم پێوەندیەدا دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵاتیان پلانی هەیە بۆ سڕینەوەو ئینکارکردنی نەتەوەی کورد. جا ئەمە سەڵتەنەتخواز، کۆماری خۆاز، لیبراڵ، نوێ لیبراڵ و تەنانەت هێزەچەپەکانیش دەگرێتەوە.

بەڕێز عەلیڕەزا نووریزادە کە خۆی وەک دۆستی کورد و نەتەوەکانی دیکە نیشان دەدا، ئەویش گەلانی بندەست بە قەوم دەزانێو گۆیا بەڵگەی زۆریشی بۆ ئەم پێناسەکردنە پێیە. کە وابێ ئەو کەسانەی پێیان وایە کێشەی نەتەوەیی دەبێ لە

تارانەوەو لە ڕێگای دێمۆکراسیەوە چارەسەر بکرێ، بێجگە لە بە فیرۆدانی کاتو درێژکردنەوەی دەسەڵاتی پاوانخوازان، هیچ بەرهەمێکی دیکەی بۆ کورد بە دواوە نییە. چۆنکە ئیرادەی ئەوان قەتیس بووەتەوە لە پاوانخوازایو تەواویخوازیدا. ئەو کەس، یان لایەنانەش کە پێیان وایە بەهەشتێک لە فیدرالیزمی هاوشێوەی کاناداو سویسرا لە ئێران دروست دەبێ، بێجگە لە نەناسینی جیاوازیەکانی ئەو کولتۆرانە لە گەڵ کولتۆری پاوانخوازای لە ئێراندا، بە دوای شتێکەوە وێڵن کە ناتوانێ نوسخەیەکی باش بێ بۆ وڵاتانی هاوشێوە وەک ئێران. پاوانخوازان ئاڵتیرتاتیڤێکەیان ئەوەیە کە با کۆماری ئیسلامی بڕۆخێ، ئەوکات جۆری سیستمی داهاتوو دەخەنە ڕیفراندومەوە. بێشک ئێرانی گەورەو یەکپارچە تەنیا ئاڵتیرناتیڤی دوای ڕۆخانی کۆماری ئیسلامی ئەوان دەبێ، هەڵبەت بە کۆمارەکانی قەفقازیشەوە. لەم پێوەندیەدا هەر ئەوەندە بەسە کە لە دەرفەت کەڵک وەربگرینو لە هەوتۆدا، چارەکە کاتژمێرێک سەردانی ماڵپەڕەکانی ئەو لایەن، گروپ و کەسایەتیانە بکەین کە خۆیان بە ئێرانیو ئۆپوزوسیونی کۆماری ئیسلامی دەزانن. هەڵبەت لە بیرتان نەچێ سەردانی حیزبی نەتەوەی ئازربایجانی ڕۆژئاواش بکەن، کە پێشتر بەڕێز نەزمی ئەفشار دەمڕاستی بووە. ئەودەم بۆمان دەردەکەوێ ئەو ڕیسپێتە هەڵپێچراوەیە( نۆسخە)، چ دەرمانێکی تێدایە بۆ چارەسەری گرفتی نەتەوەیی لەو وڵاتەدا. کە وابێ مەحاڵە لە ڕێگای دێمۆکراسیەوەو لە ناوەندەوە چارەسەری کیشەی نەتەوەیی بکرێ. پاوانخوازی تەواویخوازی وەک بیر و هرز بە درێژایی سەدان ساڵ لە مێشکی ئەواندا پەروەردە کراوە. مرۆڤ بە داخ دەبێ کاتێک ئەو بابەتە دەنووسێ، بەڵام بە ملیون ئێرانی هەن کە نە لە ئێران لە دایک بوونو نەش لە ژێر دەستی کۆماری ئیسلامیدا ونەش لەو سیستمە دیکتاتۆریەدا بار هاتون بەڵام ئێرانی گەورەو تەواویخوازی بۆ ئەوان یەک لە موقەدەساتەو دۆڕدۆنگیشی لە سەر ناکەن. واتە تەواویخوازان وا لە دونیای خەیاڵی خۆیاندا لە باڵەمەلەدان کە ئەو هەموو بێبەزییانەی دەرحەق بە گەلەکەمان لە لایەن پاوانخوازانەوە کراوە و دەکرێ، دەدەنە پاڵ تاوانی جیاییخوازی.

تەوەرێکی دیکە کە دەمەوێ ئاماژەی پی بکەم مەسەلەی نەتەوەکانی بندەست، بەتایبەت وشیاری نەتەوەییو ئاڵوگۆڕەکانی نێونەتەوەییە. بە پێچەوانەی خوێندنەوەی هەڵەی شۆڤێنیستەکان لە ناوچەو لە پێشی هەموان، شۆڤینیستی ئێرانی، ڕەوتی گۆڕانکاریەکان لە کۆمەڵگای سیاسی جیهانیش، بەر لە هەموو شتێک لە خزمەت وەدیهاتنی سەروەری نەتەوەکانی تا ئێستا بێ دەوڵەتدا چووتە پێش. شۆڤێستی پاوانخواز لە ئاڵوگۆڕەکانی گەورەی جیهانیش بە بە پیچەوانەوە دەبینێ. جگە لەمەش لە بواری نێوخۆییدا هەمووان شاهیدی بنچاڵکردن، ئەشکەنجەو لە سێدارەدرانی دەیان و سەدان کەس لە ڕۆڵەکانی گەلی بەلوچ، عەرەب و کوردین، کە لە سەر داوای ڕەوای خۆیان، لە شەقامەکاندا سەریان دەچێتە سەر دارو گیانی خۆیان دەکەنە پردبازی ڕێگای ڕزگاری گەلو نیشتمانەکەیان. وشیاری نەتەوەیی قۆناخ بە قۆناخ لە گەڵ ئاڵوگۆڕە گەورەکانی جیهانیدا وا چووەتە پێش، کە نە بە پاوانخوازی پێشی پێ دەگیرێتو نەش بە تەواوی خوازی. لە لایکەوە پاوانخوازان بێجگە لە ئینکار کردنی نەتەوەکانی دیکەو قەتیس بوونەوە لە دروشمی "ئەگەر ئیران نەبێ، من ژیانم ناوێ"، دەرەتانی بۆ پێکەوە ژیانیان نەهێشتوەتەوە. کە وابێ ئەزموونەکانی لانی کەم، سێ دەیەی ڕابردو، بێ ئاکام بوونی هەوڵەکانی یەک لە دوا یەکەکانی



سەرچاوە
Serchawe

کورد بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی لە مەرکەزەوە سەلماندوە. لە لایێکی دیکەوە خوێندنەوەی سەقەت و بە سەقەت لێکدانەوەی ئەو دێمۆکراسیە کلاسیکەی کە پێمان وابووە ڕێگاچارەی کێشە سیاسی و نەتەوەییەکانی ئێمەن، بێجگە لە ژستی دێمۆکراسی خۆازی، ئاکامیکی دیکەیان نەبووە.

ئەوەش دەزانین کە دروشم، تاکتیکو ستیراتیژیەکانی ئێمە بۆ دامەزراندنی دێمۆکراسی بۆ ئێران و هەر سیستمێکی دیکە بۆ کوردستان، بێجگە خۆشباوەڕیکی خۆپەسەنانە، هیچی دیکەی لێ هەڵناهێنجرێ. چۆنکە لە لایێکەوە تەواویخۆازی تیکەڵ بە شۆڤینیستی هزری، خەتێکی ڕەشی بەسەر ئەو جۆرە ڕێگاچارانەدا کێشاوە. لە لایێکی دیکەشەوە گەلانی بندەست ئالایێکی دیکەیان هەڵگرتوە کە لەگەڵ تەواویخۆازاندا بە دوو قۆلی بە تەواوی لێک جیاوازدا دەچنە پێش. ئەگەر لە ڕابردودا پاوانخۆازانو تەواویخۆازان بڕیاردەرو سەری مامەڵە بوون، هەنوکە ئەو پارسەنگە تێکشکاوەو کەوتوە بە لایێکی دیکەدا. ئەمەش بۆ خۆی ئەوەمان پێ دەسەلمێنێ کە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان بە تەواوی بە قازانجی گەلانی بندەستدا شکاوەتەوە، کە دەبێ لەو کاتە هەنوکەییدا ئەو پەڕی کەڵکی لێ وەربگیرێ. ئێستاش ماوەتەوە کە لە خۆمان بپرسین، چۆن ئێمە لەم دەرفەتە کەڵک وەردەگرین.

لام وابێ کە کۆنگرەی چواردەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەبێ ئەو ئەزموونو شکستانە لە لایێکو، ئەو ئاڵوگۆڕە هزری و نەتەوەییەی کە بە ڕۆخساری گەلو وڵاتی ئێمەوە دیارەو بوونەتە گۆتاری ڕۆژ، بیانکاتە بنەما بۆ ئەو گۆڕانکاریەی کە دیهەوێ لە بواری روانگەی نەتەوەییدا ئەنجامی بدا. ئەمانەو ئاڵوگۆڕە نێودەوڵەتیو نێونەتەوەییەکانیش مۆژدەی ڕەوتێکی دیکە لە گەیشتن بە سەروەری نەتەوەیی و دابینکردنی مافی چارەی خۆ نووسین بە گەلانی بن دەست دەدەن. یان بە واتاتایێکی دیکە، چارەسەری کێشەی نەتەوەیی لە مەرکەزو دێمۆکراسی بۆ ئێران و، یان فیدرالیزم بۆ سیستمی داهاتوو لەو وڵاتەدا، باروبنەی خۆی بەرەو شەمیرانات هەڵپێچاوە.

کۆنگرەی چاردەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پیویستە ئەو ڕاستیانەی سەرەوە و ئەزموونەکانی رابردومان و ئەو ئاڵوگۆڕە قۆڵەی نەتەوەیی و نێونەتەوەییانەی کە هاتوونە ئاراوە بکاتە بنەما بۆ ئاڵوگۆڕەکانی خۆی بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرکی کۆنگرەکە هەم مێژویی نەتەوەیی و هەمیش چارەساز بێ. چۆنکە بۆ دروستکردنی سەروەری نەتەوەیی، بیر و هزری نەتەوەیی خوازی لە نێو کۆمەلانی خەڵکدا گەرەکە. ئەمەش بە بێ بوونی گەلاڵەی لە پێشدا داڕێژدراو و بە هەڵگرتنی ئالای سەروەری دروست نابێ. لەم پێوەندیەدا باوڕم وایە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، نابێ خۆی بەربەست بکاتەوە لە چوارچیوەیێکی دیاریکراودا. بەڵکوو دەبێ دەرەتانی ئەوە بۆ خۆی بهێڵێتەوە کە لە هەڵبژاردنی هەر چەشنە مانۆڕدانیکیی سیاسیدا دەستی ئاواڵە بێ. کەوای لێهات، لە سەر ئەوەی کە کورد گەڵێکەو مافی خۆیەتی وڵاتی خۆی هەبێ، نابێ دۆڕدۆنگی لێبکرێ. جیای خۆازی کە تاکوو ئێستا وەک گەورەترین تاوان بە ڕووی ئێمەدا دراوەتەوە، ئیتر نەگ هەر تاوان

نەبێ، بەڵکوو دەبێ وەک ماف پێناسە بکرێتو چی دیکە پاساوی بۆ نەدۆزرێتەوە. بە بڕوای من نێوەڕۆکی پێرەو و پیروگرامی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ ڕەنگدانەوەی ئاستی بەرزی وشیاری مێژوویی، نەتەوەییو دێمۆکراتیکی خەڵکی کوردستان بێ. بە قەولی خۆمان وەتەنی، با گرێ دەست نەخەینە ددان. من لاموابێ ناکرێ چی دیکە ئەرکی سەرشانی خۆمان بێڵینەوەبۆ جیلەکانی داهاتوو.

دۆکتۆر قاسملوی نەمر لە بوونەیێکدا دەڵێ: ئەگەر جیلەکانی ڕابردو ئەرکەکانی خۆیان بە جوانی بەجێ گەیاندبا، ڕەنگبا جیلی ئێمە ئێستا شەهیدی نەبوایە. دەبا ئەم جیلەش بەرپرسایەتی ئەو ئەرکە مێژوویی، نەتەوەییەی کە لە سەرشانیەتی، نەخاتە ئەستوی جیلەکانی داهاتویکی نادیار.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧

---

## ئاوڕدانەوێک لە سیتمی تۆتالیتاری ولایەتی فەقی لە ئێران و تاکتیک و ستراتژی کورتو درێژخایەنی ئەم سیستمە.

سەردەمێک بوو باس لە سەر ئەوە دەکرا کە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران خاوەنی ئیدیولۆژی نییە و ئەم ڕێژیمە تەسبیت نەبووە. بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونانە ئەوە بوو کە ئەم ڕێژیمە لە لایەن حیزب یان ڕێکخراوێکی سیاسیەوە بەڕێوە ناچێولە باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەو ئاسایش و نێونەتەوەیشەوە نەیتوانیوە خۆی پێناسە بکا. ئەم بۆچوونە هێشتا لایەنگری زۆرە و جاروباریش لێرەو لەوێ گوێمان لەو جورە ڕادەربڕینانە دەبێ.

لەم بابەتە دا سەرەڕای ئەوەی کە پێناسەێکی بنەما فیکری و تاکتیک و ستراتژیەکانی سیستمی تۆتالیتاری ئیسلامی ئێران دەکەین، تێدەکۆشین کورتەیک لە سەر سێ سیستمی تۆتالیتاریستی سەدەی بیستمش وەک دەستپێکی نوسراوەکە ئیشارە پێبکەین. کە بریتین لە: کەماڵیسم یان پانتۆرکیسم لە تورکیا، نازیسمی ئادۆلف هیتلر لە ئاڵمان و جوزوف ستالین لە یەکیەتی سۆڤیەتی جاران.

ڕووی ئەم بابەتە لە شکلی توتالیتاری لە سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە ونمونە هێنانەوەکان تەنیا لەبەر وەبیر هێنانەوەی شکڵەکانیتری تۆتالیتاریستە وهەڵسەنگاندنی هەرکامەیان بۆ سەردەمی خۆیان. بیجگە لەوانەش پێویستە ئەوەش بڵێن کە دیکتاتۆری موتڵەق، لە ژێر ناوی هەر ئیدیولۆژێکدا، بە پیی کات و شۆینی هەڵکەوتنیان، دەتوانن لە بۆ گەیشتن بە ئامانج، هەر هەموویان پەیامێکیان هەبێ، کە ئەویش زەوت کردنی ماف و ئازادی مرۆڤەکان بۆ قۆرخ کردن، یان پاوانکردنی دەسەلات.

**یەکەم:** توتالیتاریسمی پانتۆرکیستی و دە مارگرژ لە تورکیا بە ڕێبەرایێتی ئاتاتۆرک کە ئەرکە ناتەواوەکانی عۆسمانیەکانی بە ئەنجام گەیاند. واتە ژێنۆسایدی ئەرمەنیەکان و ئاسۆریەکان و سەرئەنجام قەلاچۆکردن وئینکاری نەتەوەی کورد. ئەم سیستمە توتالیتاریستیە کە لە سەرتادا بێ ئیدیولۆژی دەهاتە بەر چاو، ناوبانگی دەرکرد بە کەمالیسم، کە ئەگەر لە خۆمان نەگۆڕین ئێستاش بەردەوامە. دەبێ لە بیریشمان بێ کە کەماڵ ئاتاتۆرک هۆگەری مۆسۆلینی بووە و ئێستاش ڕێگاکەی لە ژێر ناوی باوکی تۆرکانە، نەگ هەربۆ قەلاچۆ کردنی گەلانی پێکهینەری ئەو وڵاتە، بەڵکوو لە دەرەوەی سنورەکانیش بەردەوامە. نمونەش بۆڵگاریا، یوگوسلاوی جاران، چێچین، عێراقو کوردستان. جێی داخ ئەوەیە کە ماسمێدیای(ڕاگەێنریەگشتیەکانی) وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتەکانی ڕۆژئاوایش، سیستمی بەڕێوەبەری ئەم وڵاتە بە



سەرچاوە
Serchawe

لائیک یان سکولار ناو دەبەن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە کەماڵیسم بۆ خۆی ئاینێکەو مستەفا کەماڵیش پێغەمبەرەکەیەتی!. هەربۆیەشە ئامادە نین وجودی زیاتر لە بیست ملیون کورد لەو وڵاتە قبوڵ بکەن. ئەوکەسانەی گوێیان گرتبێتە هەواڵەکانی چەند هەوتوی ڕابردو لە سەر ئەو وڵاتە، بۆیاندەرکەوتوە کە کەماڵیستەکان لە سەرەتای کودەتایکی دیکەدان، بۆ ئەوەی خۆدای تۆتالیتەریان بپارێزن.

**دووهەم:** تۆتالیتاریسمی نازیستی ئاڵمان بە ڕێبەرایێتی ئادۆلف هیتلر، لە ژێر ناوی ڕیچەڵەکی ژەرمەنەکان خاوێنترین ریچڵەکە، تەواوی هێزی خۆی خستە گەڕ بۆ ئەوەی دنیا بخاتە ژێر رکیف. بۆ گەیشتەن بەم ئامانجەش، درندەترین شێوازی نا مرۆڤانەی ڕە چاو کردوە لەم پێوەندیەدا بەڵگە هێنانەوەش پیویست نییە. هەر چەند ئەم سیستمە بەزەیی بە کەسدا نەدەهات، بەڵام ئەوە یەهۆدیکان بوون کە زیاتر بوونە قوربانی نازیسم و ڕاسیسمی هیتلیری. ئێستا پرسیار ئەوەیە، ئەگەر ئایدولۆژیای نازیستەکان تەنیا نژادپەرستی بووە، ئیتر بە زیندوی سۆتاندنی گەنج و لاو و پیاو و ژنی یهۆدیەکان، ئەگەر ڕاست ڕقی ئایینی بە تایبەت ئایینی مەسیحی نەبووە، چ ناوێکی دیکەی لە سەر دادەنرێ؟. یان لەبەرچی یەهۆدیەکان مافی ئەوەیان نەبوو کە ببنە خاوەن ملک و ماڵ لە بەشک لە وڵاتانی رۆژئاوایی. ئەمانە بۆ خۆیان بەڵگەن کە ڕق و کینەی هیتلر لە یەهۆدیەکان، ڕێکاو ڕێک هۆی ئایینی بووەو دژایەتی ئەو لە گەڵ کۆمۆنیسمیش هەر لەم ڕوانگەوە سەرچاوەی گرتووە. کەوابێ ئەگەر کاماڵ ئاتا تۆرک درێژەدەری سیاسەتی ناسراوی عۆسمانیەکان بوو،هیتلریش درێژەدەری ڕێگای قەشە وکاردیناڵەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بوو، بە هێندێک جیاوازیەوە. هەمووانیش ئەوە دەزانن کە پاپی گەورەی واتیکانی وەختیش پشتیوانی لە هیتلر کردوە. جا ئەو مەجبور کرابێ، یان خود بە هەڵبژاردنی خۆی بوبێ.

**سێهەم:** توتالیتاریسمی ستالینیستی لە یەکیەتی سۆڤیەتی جاران، کە بە داخەوە بە ناوی سۆسیالیسمەوە تۆمارکرا،هەر بەوەندەوە ڕا نەوستاو داوێنی زۆر وڵاتی دیکەشی گرتەوە. سیستمێکی سۆسیالیستی کە رزگاری هەژاران و کرێکارانی مەبەست بوو، کەوتە ژێر تەوەژمی تۆڵە ئستاندنەوەی ئستالین لە نەیارانی، بۆ کیشی شەخسییەتی خۆی و لقوپۆ بڵاو کردنەوە بۆ داسەپاندنی دیکتاتۆری مۆتڵەق بە ناوی سۆسیالیزمەوە. هەڵبەت نابێ لەبیرمان بچێ کە سۆسیالیزم لە گەڵ ستانیلیسم دوو شتی لێک جیاوازن و نابێ تێکەڵی یەکتر بکرێن.

تا ئێرە بە کورتی باسمان لە سێ سیستمی تۆتالیتاریستی کرد. کە کەمالیسم خاونی ئایدیولۆژیکی تایبەت بوو کە لە عۆسمانیەکان وەک میرات پێگەیێشت،بەڵام ڕەگەز پەرەستی بە شێوەی مودرنیشی پێزیاد بوو. نازیسم تێکەڵاوێک بو لە فاشیسمی ئایینیو ڕەگەز پەرەستی نەتەوەیی، لەهاڵێکدا تیوریو باوەڕی سۆسیالیزم بۆ ڕزگاری چەوساوەکان بوو. بەڵام هەرسێک سیستمەکە پەیامەکانیان یەک بوو. هەربۆیەشە پێکەوە کەوتونەتە کەفەی تەرازۆیکی بێ پارسەنگەوە.

ئێستا با بزانین کۆماری ئیسلامی ئێران کام جورلە جورەکانی توتالیتاریسمە و تاکتیک و ستراتژیک و ئیدیولۆژی ئەم سیستمە بۆ درێژەدان بە ڕێبازەکەی کامانەن.

توتالیتاریسمی ئیسلامی ئێران بە دانانی بەرنامە و پلان، دەیهەوێ مرۆڤەکان سەر لە نۆی ولە چۆارچیوەێک دا کە بۆ خۆی دەیهەوێ دروست بکاتەوە. چونکە مامۆستاکانی تۆتالیتاریسم بە هەبوونی مرۆڤەکان وەک مرۆڤ، رازی نین. ئەوان دەبێ کەسایەتی ئینسانەکان بە تاک و بە کۆمەڵ وا بسڕنەوە، تاکوو مرۆڤ خۆی بە گیانلە بەریکی بێ ئیرادە بزانێ. بۆ ئەم مەبەستەش لە ئایینی تەهارەتەوە دەگەنە ئایینی نماز. لەویەوە دەپەڕنەوە بۆ ئایینی وەحی. لە وەحییەوە بۆ تەوحید و سەرئەنجام بە بنبارێک لە تەقوا و ئیخلاقی ئیسلامیەوە، دەیان گێە ننە لوتکەی تاک پەرەستی. لەم قۆتابخانەیەدا سیستم دەبێتە موقەدەس ومرۆڤەکانیش دەبنە کەرەستە بۆ بە ئامانج گەیاندنی خەونەکانی دەسڕبەسەرانی خۆداناسو وانەکانیش بۆ فێرکردەن دەبنە نەخۆشینی دەرۆنی و لە دەست دانی بیرەوەریەکانیان. ئەوکات ئەرکەکانی سەرشانی کۆمەڵ دبنە مەرزییە خۆیندەن، فریودان، ریاکاری، چاپلۆسی، خۆهەڵکیشان،و کتمان کردەن. بەم جورە ئینسانەکان دەگەنە ڕادەیک لە تاک پەرەستی، کە دۆێنێ و ئەمرۆژ و بەیانیش لە ئاوێنەی ئیدیولۆژی مێژۆوی و خەزای دینی دا دەبینن(جەهاد دینی). کە وای لێ هات: جیهادی ئایینی دەبێتە ئارمانج و یاساش دەبێتە کەرەستە بۆ جێبە جی کردنی ئەو ئارمانجانە. ئەم تاکتیکانەی کە تا ئێرە باس کران، پێوەندیان بە وەبارهێنانی کۆمەلی نیۆخۆیەوە هەبوو. وجودی هەزاران بنکەی ئایینی بۆ فێربۆنی قۆرئان، ئەمە بێجگە لە حەوزەکانی علمییە و قۆتابخانەکانی دەوڵەتی کە خۆیندنی قۆرئان ئێجبارییە. ئەمانە تەنیا مشتیکە لە خەرواری سەرمایەگۆزاری بۆ پەروەردەکردنی کادر لە بۆ پەرە پێ دانی سیاسەتی فەردپەرستی و توتالیتاریستی. نمۆنە ئێگجار زۆرن: هەرلە حۆسەینییەکانەوە بگرە هەتا بنیادی ئیمام و دەزگاکانی سیاسی ئەقیدەتی پشکنینی بیروباوەڕ و تەکیەکان و دەیان بنکە و بنیادی دیکە. لەم فێرگانەدا قۆتابیان وا فێرەرکرێن، کە کورت درێژ دەنۆێنێ، ناهەز جوانە، سەرەرۆی تەربییەتی لەبارە، خۆبەزلزانین و کیشی کەسایەتی، گەورەییولە خۆ بردوییە، دەستدرێژی و خۆهەڵقۆرتاندن لە ژیانی تایبەتی تاک و کۆمەداڵیش، ئازادیە!. لە تاکتیکەکانی دیکە کە بۆ دەرەو و درێژخایەنن، خۆڵقاندنی قەیران، ناشتنی تووی دووبەرەکیی، نانەوی ئاژاوەی ناوچەیی و نیۆنەتەوە یی، پشتیۆانی مالی و مەعنەوی و لۆجستی لە زۆربەی ڕێکخراوە ئیسلامی و دەمارگرژەکان لە چوار گۆشەی دۆنیا. هاوپێوندی تاکتیکەکان و پلانەکانی نیوخۆیو دەرەوە، هەمو پیکەوە تەواوکەری یەکترن. ئەگەر سەرنج بدەینە بەشی یەکەم کە پیۆەندی بە کۆمەڵی نیۆخۆیەوە هەبوو، بۆمان دەر دەکەوی کە کۆمەڵ ئێترکۆمەڵیکی زیندو نییە تا بتوانی پێشی سەررۆی دەسەڵاتی توتالیتاریستی مەلاکان بگرێ. چۆنکە ئەو کۆمەڵە کەسایەتی لێ ئەستێندراوە تەوە، یان لانیکەم قۆرسایەکی وای نییە تا کوو بتوانێ بەشداری ئاڵوگۆڕ بێ. کە وا بێ گۆڕەپانی ڕمبازێن بۆ حەزرەتی تۆتالیتەرلە پێشدا گۆڕەپان ئامادە کراون بۆ بردنە پێشی تاکتیکەکانی بەشی دووهەم .



سەرچاوە
Serchawe

ئێمە باسمان لەوە کرد کە لەم سیستمەدا یاسا کەرستەیە بۆ تۆڵە کردنەوە و داسەپاندنی دەسەڵاتی تۆتالیتاریستی. ئەوە بێ ئەملاوئەولا ڕاستە. بۆ وێنە دەتوانین ئیشارە بەم بنیاد و دامەزراوانە بکەین کە کاریان تەنیا پێڕاگەیشتن بە کاروباری دادوەرییە. وەزارەتی داد، دادگاکانی شۆڕش، دادگاکانی هێزە چەکدارەکان، دادگای تەنزیراتی دەوڵەتی، دادگاکانی تایبەت بە ڕۆحانییەت، دادگاکانی چێگر لە شارداریەکان، دادگا نەهێنیەکانی سەربە وەزارەتی ئیتلائات. بەوحاڵەش هیچی ئەوانە ناتوانن پێش بە حیزبۆلا و ئەلاکەرەم بگرن، چ بگاتە ڕێبەری مۆسۆڵمانانی جیهان!. ئێستا کە هێندێک لە تاکتیکەکانی ڕێژیممان بە خوێنەران ناساند، دەبێ ئەوەش ڕونکەینەوە و بزانین هەوینی سەرکەوتنی تۆتالیتاری ئیسلامی ئێران لەم بوارە دا کامانەن. واتە دەکرێ بە بێ بۆنی ئیدیولۆژی، مێزەربەسەران بتوانن بەو ئامانجانە بگەن. دەبی ئەوەش بڵێین کە زۆرکەس بەشی دووهەمی تاکتیکەکان بە ستراتژی کۆماری ئیسلامی دەزانن، بەڵام لام وابێ ئەم بەشە لە تاکتیکەکانن کە کۆماری ئیسلامی ئێرانی تەسبیت کردوە. چۆنکە خۆڵقاندنی قەیران بە تایبەتی دوژمنایەتی لە گەڵ وڵاتان و نەتەوەکانیتری ئازاد و دێموکرات، کات دەرەخسێنی بۆ سەرکوت کردنی نارەزایتی نێوخۆی، لە ژێر ناوی ئەو ئیدعایە کە هەر داوایکی ڕەوا لە لایان خەڵکەوە، وەک تاوانی هاوکاری لەگەڵ دوژمن بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی تۆتالیتاری دەژمێردرێ. کەوابێ تۆتالیتاریسمی ئیسلامی ئێرانی خاوەنی ئیدیولۆژیە و ئەم ئیدیولۆژیەش لای کۆمەڵناسانو، فەیلەسۆفانو، گەلێک لە سیاسەتوانانی سەردەمەوە، بە ئیسلامی سیاسی ناوبانگی دەرکردوە. ئەم ئیدیولۆژییە خاوەنی پەیرەوپرۆگرامە (قۆرئان) کە بە موقەدەس بوون و نەگۆڕی خۆی، ڕێگا بە مەلاکان دەدا تاکووچۆنییپێخۆشبێ، دەستوەرداتە نێو ژییانی تایبەتی خەڵک. بە دەیان ئایەو سۆرە هەن کە هیچ نرخێک بۆ مرۆڤ دانانێن و ئینسانەکان بە چەند دەستە دابەش دەکن. هەر لەم پیرەو وپرۆگرامەدا ژنەکان و کچەکان وەک کاڵا ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرێ. ئەم بیروباوڕە هێندە وشکو بێ تاقەتە کە ئێستاشی لە گەڵ، ناکرێ هیچ چەشنە ڕەخنەیکی لێ بگری. ڕەخنە گرتن لەو ئوسۆڵانە دەبێتە دژایەتی لە گەڵ خۆداو سزاکەشی لە پێشدا دیاری کراون. هەر لەم پیرە و و پرۆگرامەدا، سەربڕین، زیندە بەچاڵکردەن، بەردە باران، دەست ولاق بڕین شەرئیین. پێوانە بۆژیانی مرۆڤەکان لە پێشدا لە قاڵەب دراوە و دەرچوون لەو چوارچیوەیەدا، بێجگە لە سزای سەربڕین و قاچودەست برین، سۆتانی ئاگری جەهەندمیشی لە گەڵە. بە پێچەوانەش توتالیتەرەکان، دیندارەکان، ئایەتۆلاکان، .. ڕاستەوخۆ ڕێگای بەهەشت دەگرنە پێش و لەوێش حۆرییەکان بە جلی سپییەوە بۆخزمەتکاری شەو و ڕۆژیان لە ئامادەباشدان. ئەوە لە حاڵێکدایە کە گۆڕەپان بۆئەو خۆشگوزرانییەی بەهەشت کە وادەی دراوە ئێستا لە بەردەست دایە، بەڵام ئەم ئیدیولۆژیە هەرامی کردوە. واتە بیروباوەریک کە هێندە چەسپیوە بە مردووەکانەوە، هەر بەو ڕادەش زیندوەکان لای بێ نرخن. مامۆستایانی توتالیتاریستی لە ئێران ئەگەر نەچسپێن بە ئۆسۆلە وشک و پۆترکا وە کانی چوارەدە چرخ لەمەوبەری نیوەدۆرگەی عەربستانەوە، بێگومان ناتوانن درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن. ئەگەر وا نەبێ، هاتنەوەی مهدی زەمان مانای خۆی لەدەست دەدا و ئیمامەت و فەقاهەتیش لە چاوە ڕوانیو سەرلێ شێواویدا ڕێگای بێ گڕانەوە لە بەر دەگرن. لێ درانی ئیمامی عەلی، سەربڕانی ئیمام حۆسەین، دەستبڕانی حەزرە تی عەباس و ون بونی تفلێکی چارەڕەشی وەک مهدی، پاش هەزاران ساڵ هێشتاش وا دەزانی ئەمڕۆژ رویداوە. ئەگەر ئیدیولۆژی لە پشتی زیندو ڕاگرتنی ئەم

ڕوداوانە نییە، کە هەیە، ئیتەر چی ئەم بیرەوەرییانی تا ئێستا بەو شێوە حەماسیە را گرتوە؟.

بەو چەند ڕۆنکردنەوانە، بۆمان دەردەکەویَ کە کۆماری ئیسلامی خاوەنی ئیدیولۆژییەکە کە دەتوانیَ نەگ هەر دژایَتی لە گەڵ ڕەوتی پێشکەوتنخوازی بکا، بەڵکو دژایَتی لە گەڵ دوژمنانی خەیاڵی خۆیشی دا بکا. کە وا بیَ تاکتیکەکانی ئەم سیستمە بۆ پتەو کردنی ئیدیولۆژیەکەی، لە جێگای خۆیەتی و چ ناتەبایەتیکی ئەوتۆیان پێکەوە نییە. مادام تاکتیکەکان پێخوەری ئیدیولۆژیەکەن، ئیستراتژیش وردە وردە بە مەبەستەکانی نیزیک دەبنەوە. ئیتر جیهادی دینی ئەرکەکی دەبێتە ئاشتی دانی هەمۆ دانیشتوانی سەر گۆی زەوی، بە ئەمرو فەرمایشی ڕیبەری مەزنوخۆدالیَڕازی. بەم جورە جیهادی ئایینی دە یهەویَ بە ڕێگا چارەی ساکار و سۆنەتی، بنەبڕی تەواوی قەیرانە ئابۆری، کۆمەڵایَتی، ڕامیاری و کەلتۆری و کەلەپۆریەکان بکا!. بۆ ئەم مەبەستەش سیَ.ڕێگا چارەیان هەیە کە بریتین لە: گرێدانە سەریەک، ماستماڵی کردن، مەرزییەی ساز و سۆزو دۆعای کۆمەیلیش دەبێتە ناوئاخنی. کەوابوو ستراتژی ئەم سیستمە تۆتالییتەریە، دامەزراندنی ئیمپراتۆری ئیسلامی شیعەیە کە بە میلیارد سەرمایەی بۆ تەرخانکراوە. بێشک میزەربەسەران و تیئوریسیونەکانی ئەم ئیدیۆلۆژیە لە ئەزموونەکانی ئیمپراتۆریەکانی عۆسمانیەکان و سەفەویەکان بیَ بەش نەماون. هەروەک چۆن لە تاکتیکەکانی کەماڵ ئاتاتۆرک، هیتلر و ستالین بە شێوەیکی سیستماتیک بێبەش نەماون.

سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٠٧

## ئایا کچە کوردی بە ئایین ئیزیدی تەنیا لە بەر خۆشەویستی گیانی لێ ئەستێندرا؟.

بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی کە لە سایتی(جبار.ئینفو)هەروەها سایتی(ئاینا.ئورگ) jebar .info Aina .org بلاو کراوەتەوە، دۆعا لە چەندین مانگ لەمەو بەرەوە وەک بێسەروشوێن لە سەری قسە کراوە. بە دوای تێپەر بوونی چوار مانگدا، دەر کەوتوە کە ئەو کچە لە ماڵی یەکیک لە شێخەکانی مۆسڵدا هەشار دراوە. ئەو سەر چاوانە ڕاێانگەیاندوە کە دۆعا لە ئایینی ئیزیدی وەرگڕاوەوتە سەر ئایینی ئیسلام و کراوەتە موسڵمان. پاشانیش کە بە شوێنی دۆعا زانراوە، بەڵێن لە بنەماڵەکەی وەرگیراوە کە هیچکەس دەست نەهێنێتە سەر ڕێگای، چوونکە دۆعا بووتە مۆسوڵمان و نابێ بکەوێتە ژێر گۆشارەوە. ئەم هەواڵە تا چەندە ڕاست بێ، دەبێ جارێ چاوەڕوانی لێکۆڵینەوەکان بمێنینەوە. بەڵام بە پیویستی دەزانم چمکێکیتری کیشەیکی لەم بابەتە هەڵ دەین کە وێک دەچن و ئەگەر بۆ مێژوویش بووە هەندێک ڕاستی بێنینە گوڕ کە پێوەندی بە ژیانی گەلێک ئافرەتی چارەڕەشە وە هەیە کە سپێردراونەتە دەستی فەراموشی. لای کەس شاراوە نییە کە لەم پێوەندیەدا دۆعا نەگ هەر تەنیا نییە، بگرە لە دۆعا چارەڕوشتریش هەیە کە ئێستا زیندون و هەموو ڕۆژێکی ژیانیان جەهەندمێکە کە دۆعای تێدا بە شێوەیکیتر داپلۆسێنرا. لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو لەو ناوچانەی کە ئێمەی تێدا ژیاوین، بە دەیان ئافرەت هەن کە لە جیاتی خوێن فروشراون. واتە ئەشیرەێک یان تایفە و بنەماڵەێک کە غەیرە مۆسڵمانن لە گەڵ عەشیرەتیکی موسڵمان کیشەیان لێ ساز بووەو کەس یا کەسانێک لەو لایانەنە کوژراون. ڕاستە ئەمە وەک دابو نەریتی کۆن، بووتە هۆی کەم کردنەوەی ناکۆکیو گرژی و ئالۆزیەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا دۆزەخێکی بەرینیشی بۆ ئەو ئافرەتە لە جیاتی خوێن دراوە، دروست کردوە. بە چاوی خۆم دیتومە و نەگ بە بیستن کە کچێکی کوردی بە ئایین یارسانی درا بە براێکی کوردی مۆسڵمان. واتە لە جیاتی خوێن فروشرا. دوو هەوتوو پاش گواستنەوەی ئەو خۆشکە، لە لایان زاواوە هێنرایەوە بۆ باوان. چەند کەسێک لە خزمو کەسو کاریان کۆ ببونەوەو بڕیاریان دابوو نەزرێک بە بوونەی هاتنەوەی کچەکەیان بکەن،( قوربانی). کاوڕێک سندراو کرا بە قوربانی، هەڵبەت بە پێی یاسا و دابونەریتی ئایینی یارسانیەکان. بۆ ئێوارە نەزری ئامادە کراو بە پێی نەریتی یارسانیانیەکان، نابێ کەس لە بەشێک زیاتر وەرگرێ، مەگەر ئەو کاتەی کە نوالەی زیادی دەمێنێتەوە.

کاتێک بەشی ئەو کچە بێبەشەیان هێنا، ئەو بەشەکەی خۆی لە دەستی سەرپا، وەرنەگرت. (سەر پا کەسێکە کە زامەتی دابەشکردنی نەزر یان نوالەی لە ئەستۆیە). باوکی کچ کە پیاوێکی لە ڕادەبەدەر لەسەرەخۆ بوو، لە کچەکەی پرسی: کچە شیرنەکەم، بۆ بەشەکەت وەر ناگری؟. کچی داماو فرمێسک وەک کلکە تەشی بە چاویدا هاتە خوار گۆتی: من تازە کراومەتە مۆسڵمان و پێیشم گۆتراوە کە نوالە هەرامە و نابێ بیخۆم. باب هەتا توانی هەناسێکی هەڵکیشاو کڵاو دەستماڵەکەی

لەسەری داگرت و کردی بە سەر چوکی خۆیدا. کچ هێشتا لە هاڵی گریاندا بوو، کە دایکی ئاوڕی لێی داوەو پرسی: ئەی نەیانگۆت لەبەر چی هەرامە؟. ئافرەتی لێقەوماو وڵامی داوە و کۆتی: لە بەر ئەوە کە ئەو کەسەی کاوڕەکەی سەربڕیوە مۆسڵمان نییەو لە کاتی سەربڕینیشدا ڕوی نەکردوەتە قیبلە. پاشانیش گۆتویانە کە شتی دەستی غەیرە مۆسوڵمان بۆ خۆی هەرامە و هەر کاتێکیش مۆسۆڵمانێک تەوقە لەگەڵ غەیرە مۆسوڵمانێک بکا، دەبێ گورج بچی دەستەکانی بشووی. بێجگە لەوانەش کوڕە مۆسوڵمانێک بوی هەیە ژیانی هاوبەش لە گەڵ کچێکی غەیرە مۆسوڵماندا پێک بێنێ، بەڵام بۆ کچە مۆسوڵمانیک نییە ژیانی هاوبەش لە گەڵ کورێکی غەیرە مۆسوڵماندا پێک بێنێ. پاش پرسیار و وڵامێکی زۆر، خۆرماو ڕوونێکیان بۆ کچ دروست کرد، بەڵام ئەویشی نەخۆارد. مامی لێپرسی: ئەوی دیکە هەرام بوو کە نەتخۆارد، بەڵام خۆرماو ڕون کە هەرام نییە؟.

ئافرەتی بەخت سۆتراو هاتە جواب و گۆتی: هەرچی لەم ماڵەش هەیە گشتی بە من هەرامە. ئەوە نییە پڕی قوتەگۆنیک لە نان و کەشک و پەنیر و پەتاتەم لە گەڵ خۆم هێناوە. ئاخۆ بۆم دیاری کراوە چەند ڕۆژ لێرە بمێنمەوە و هەر بۆیەش ئەو خواردەمەنیانەیان پێ داوم. لەو سەردەمە من بۆ خۆم پۆلی شەشمی سرەتاییم دەخوێند و هێندەش تێکەڵاوی ئەو جورە گرفتانە نەبووم تاکوو پرسیارێک بکەم. ساڵێک پاشتر ئافرەتی شازدە ساڵان بە منداڵیکەوە هاتەوە بۆ سەردان و ئێمەش ژمارەێک کچو کوڕ لە دەوری کۆ بووینەوە. ئەو بەم جورەی خۆارەوە کورتەیکی لە ژیانی ڕۆژانەی بۆ گێڕاینەوە. دانگێک بە شەو بمێنێ، هەڵم دەستێنن بۆ ئاڵفکردنی چارەوا و ڕەشەوڵاخەکان. زۆری پێناچێ مەلا بانگ دەدا و هەڵمدەستێنن بۆ نوێژ کردن. چاوم گەرم نابێتەوە، پەسو پۆڵەکان دەکەمە بەر شوان وپاشانیس چارەوا و وڵاخەکان دەکەمە بەر گاوان. کە هاتمەوە گەوڕ ماڵین دەست پێدەکەم ولەوەش دەستم خاڵی بێ مەمکی منداڵەکەم دەدەم. کاری گرینگی دیکەشم کە هیلاکی کردوم، نوێژ کردنە. لەبەر ئەوەی کە ناتوانم ئەم هەموو وشە دورودرێژە عەرەبی فێربم و یان لەبەریان کەم، زۆرجار بە غەڵەت دەکاریان دێنم. هەربۆیە فەرزە لە سەرم ڕۆژێ چل ڕکەت نوێژ بخوێنم، بەڵام نازانم بۆ چی و لەبەر چی، چونکە تەنیا وشەیکی لێ تێناگەم و لەوانەیە هەمووی ناسزایی بە خۆم بێ. نازانن چم بەسەر دێ، هەزاران جار خۆزگەم بە مەرگ. بەس نییە مەرگ یەک جارە و تێدەپەڕێ. ئەمن بە ڕۆژێ دەیان جار دەمرم و کەسیش نییە دەستی یارمەتی بۆ درێژ کەم. ئەو زۆر کارەساتی تاڵی دەگێڕاوە کە دەرحەقی کرابوو، بەڵام بێگۆمان لە توانای ئەم نوسراوەیەدا نییە تاکوو بیداتە بەر چاوی خوێنەرانی بەڕێز. کەوابێ بە سەدان مرۆڤی ئافرەت هەن کە ئاواتە خۆازی مەرگن بە دەست ئەو هەموو زەبر و زەنگەوە کە بە هۆی دواکەوتوی کۆلتۆری داسەپاوەوە دەرحەقیان دەکرێ. ئێستاو بە دوای ئەو باسەدا، کاتی ئەوەیە کە ئاوریکی یاسای لە ڕوداوی مەرگی دۆعا هەڵ دەینەوە و بزانین تاوانبارانی قەتڵی دۆعا تەنیا بنەماڵەکەیەتی، یان کەسانی دیکەش هەن کە بەرپرسن لەم جنایەتەدا؟.

بە سەرنجدان بە ڕێوشوێنو پەیماننامەکانی نێونەتەوەیی، کەسێک کە تەمەنی نەگەیبێتە ١٨ ساڵ، چ کور بێ یان کچ،

چونکە بلوغ نەبووە، نابێ مەجبور بکرێ یان فریو بدرێ بۆ هەڵبژاردنی ئایین یان کردارێکی دیکە. کەوابێ ئەو شێخە لە مۆسڵ یان هەر کەسێکی دیکە کە تێکەڵاوی ئەو کارەن، دەبێ لێکوڵینەوەیان لێ بکرێ و بدرێنە دادگا. چوونکە بە سەرنجدان بەو یاسا مرۆڤیانە کە لەسەرەوە باسیان کرا، ئەو کچە هەفدە ساڵانە نەدەبوو لە ژێر ناوی هیچ چەشنە پاساوێکدا تەوبەی پێکرابا و وەرگەڕابا سەر ئایینی ئیسلام. ئەوە بە پێی یاسا نیونەتەویەکانو یاسا ناسراوەکانی مافی مرۆڤیش دژی بنەماکانی مرۆڤایەتیە، بگرە ئەگەر بۆ خۆیشی ڕازی بایا. کەوابوو ئەرکی یاسا ناسانی حکومەتی هەریمی کوردستانە کە نەهێڵن خوێنی دۆعا و دۆعاکانیتر بە فیڕوو بچێ. چۆنکە ئەگەر بێت هەواڵەکانی ئەو سەرچاوانە کە ئاماژەیان پێکراوە ڕاست بێ،

ئەوکات سزای هەشار دران و بە مۆسۆڵمان کەرانی دۆعا، شێخ بن یا مەشایخ، لەو بەرپەرپەتەی بنەماڵە و کەسوکارەکەی کەمتر نییە. ئەو جورە ڕوداوانە کیشە خۆلقێننو ئاسەوارە خرابەکانی هەروا بە ساناى پاک نابنەوە. بەو هیوایەی کە حکومەتی هەریمی کوردستان پاڵپشتی یاسای لە مافی ئەو جوانەمەرگە بکەن و سەرجەم تاوانبارانی ئەو جنایەتە دڕندانەیە ڕاپێچی دادگا بکرێن تاکووبگەیندرێنە سزای ئەو جنایەتەی کە پێ هەستاون.

سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی : ٤ی مای ٢٠٠٧

---

## ڕاستکردنەوەی هەواڵێکی ناڕاستی کوردستان میدیا، بۆ بەڕێوەبەرانو پاڵپشتانی ئەو سایتە

خوێنەرانی بەڕێز: لە ڕێکەوتی ٨ - ١٠ - ٢٠٠٧ هەواڵێکی بە خەتی سوور! لە سایتی ناوبراو بلاو کراوەتەوە کە باس لە شەهید بوونی هەوت پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی سەلاسی باوەجانی دەکا و هەر هەوتیشیان پێکەوە لە چاڵێک خراون. ئەوە دەقی هەواڵەکەیە بۆ خۆتان بە چاوی خۆتان ببینن.

**لەشاری سەلاسی باوەجانی کاربەدەستانی ڕێژیم تەرمی ٧ شەهیدیان خستەدەرەوە،**

ڕۆژی یەکشەممە، ١٥ - ٧ - ٨٦ ، لەترمیناڵی شاری سەلاس لەکاتێکدا کەکاربەدەستانی ڕێژیم بەقەوڵی خۆیان خەریکی کار لەترمیناڵ بوون، تەرمی ٧ کەس لە شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەدرەکەوت.

ئەو شەهیدانە لەبەرەنگاری لەدژی هێرشبەرانی کۆماری ئیسلامیدا ساڵی ١٣٦٧ شەهیدبوونو بەداخەوەتەرمەکانیان کەوتەدەستی جنایەت خوڵقێنی کۆماری ئیسلامیو دوای راکێشانیان بەدوای ماشیندا لەو شوێنە بەلۆدر چاڵیان بۆ هەڵکەندنو پێکەوە لە ناو چاڵێکیان فڕێ دەدان ولە ڕۆژی ١٠ - ٨ - ٨٦

**یەکەم:** وەک کەسێک کە زۆربەی تەمەنی پێشمەرگایەتیم لەو ناوچانە تێپەڕاندوەو لە نیزیکەوە ئاگاداری هەموو جموجۆڵەکانی پێشمەرگەکانی دەستەی شەهید جەهانگیر لە هێزی شاهۆ، و پاشانیش هێزی داڵاهۆ، دواتریش هێزی بێستون بوومە، هەرگیز و هیچ کاتێک هەوت پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات پێکەوە لەو ناوچەیە شەهید نەبووە، تاکوو هەر هەموویان پێکەوە، بە قەولی کوردستانمیدیا فڕێ بدرێنە چاڵێکەوە!؟(بڕواننە وشەی فڕێدانەوە لەو نووسراوەیەدا). ئەمە لە بنەڕەتدا ڕاست نیەو هەواڵدەری کوردستان میدیا بۆ خۆی سازی کردوە.

**دووهەم:** سێ پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لەو ناوچەیە گیانیان لە دەست داوە کە کاتی شەهیدبوونی یەکێکیان چەندین ساڵ بەر لەوانی دیکەیە. ئەوان لە شارۆچکەی ئەو کاتو شاری ئێستای تازە ئاوا نێژدراون کە، بریتین لە گیان بەختکردوان، سۆحبەتوڵا مهرابی کادری درمانی هێزی داڵاهۆ. مۆحەممەد خەوشەی خەڵکی گۆندی بابیهەوێ، ناسراو بە هەمە سەرباز(سەرپەل) پێشمەرگەی هێزی داڵاهۆ و گیانبەختکردو، مەحموود مۆحەممەدی خەڵکی گۆندی کویک لە ناوچەی زەهاو(سەرپەل) کە لە گۆندی هەرەمیان شەهید کران. ئەو جێگایەی کە کوردستان میدیا ناوی لێ دەبا کە گوایا تەرمی

هەوت پێشمەرگەی حیزبیان وەدەر هیناوە، هیچی لە ڕاستی ناچێ. تەنیا تەرمی سێ پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە تازەئاوا نێژراون، کە هیچکامیشیان پێکەوە نەنێژراون. چۆنکە ش: سۆحبەت مهرابی گەڵێک ساڵ پێش ئەوانی دیکە گیانی لە دەست داوە.

**سێهەم:** ئەوی کە کوردستان میدیا مەبەستیەتی، واتە تەرمی هەوت پێشمەرگەی حیزب، وەک لە سەرەوە باس کرا ڕاست نیەو ئەو تەرمانە هی پێشمەرگەکانی کومەڵەیە کە لە هاوینی ساڵی ١٣٦٣ هەتاوی کە سەلاسی باوجانی بە شێوەیکی گۆماناوی گیانیان لێ ئەستێندرا، کە فەرماندەکانی ئەو پیلانەش ، لانی کەم بۆ زۆربەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات ناسراون.

**ئەمەش ناوی ئەو گیانبەختکردوانەی کۆمەڵەیە کە هەر هەموویان بە جارێک گیانیان بەخت کردو بە کۆمەڵیش خاکی کران؛**

١- عارف یوزی

٢- حەسەن شەعبانی.

٣- جەلیل حەیدەری.

٤- فەخردین خەلیلولاهی.

٥- عەلی چاوشی.

٦- فائزە شەهابی.

٧- موزەفەر کەمانگەر.

٨- مەسعود کەریمی.

٩- کورش شاهۆموقەدەم.

١٠- یاسین ئیراندوست. بێجگە لەمانە پێشمەرگەیکی دیکەی کۆمەلە ٢٠ ڕۆژ بەر لەم پۆلە، بە ناوی ساڵەح مۆحەمەدی ناسراو بە( ساله خەبات) لە گاڕێ شەهید بووە، کە لەگەڵ ئەم پۆلەدا نەنێژراوە.

**چوارەم:** ژۆمارەیکی دیکەش هەر لەو شوینە کە ناوی لەعنەت ئاوایە نێژراون کە خەڵکی ناوچەی قەڵخانین و لە شەڕ لە گەڵ هێزەکان کۆماری ئیسلامیدا لە ئاکامی هێرش بۆ سەر بنکەی لەشکری تازەئاوادا گیانیان لە دەست داوە.

**پێنجەم:** پێشمەرگەی دیکەی حیزبی دێموکرات لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی پارێزگای کرماشاندا شەهید و برینندار بوونە. هەڵبەت بە یەک یەک و بە درێژایی چەندین ساڵدا و پێشمەرگەش بەدیل گیراون، کە بەشێکیان لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێنداوەو بەشێکیش لە سێدارە دراون کە لە شاری کرماشان و شوێنەکانی دیکە نێژراون. کە وابێ ئەو هەواڵە

کە گوایا ئەوانە تەرمی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بن، لە ڕاستیەوە دوورە.

بەڵام ئەوەی کە هێنامیە سەر ئەو بڕوایە کە ئەم هەواڵە ڕاست کەمەوە ئەوە بوو کە بەڕێوەبەرانی کوردستانمیدیاو ئەوانەش لە پشتی ئەو هەواڵە ڕاوەستاون ئاگادار کەمەوە کە لانی کەم لەوە تێبگەن کە هەواڵ گەورەکردنەوە نە پێشتر کەسی گەورە کردوەتەوەو نەش لە داهاتودا ئەم کارە دەکا. گەورە کردنەوەی ئەو هەواڵەش بەو شێوەیە: لە ڕادەی یەکەمدا، مانای بێخەبەری تەواو دەگەیێنێو لە ڕادەی دووهەمیشدا نیشاندانی خۆیان بە تاکە کەسی گۆڕەپان لەو ناوچە. کە یەکەمیان ڕێک وایە و دووهەمیشیان بە پێچەوانەوە.

ئێستاش کاتی ئەوە هاتوە کە کوردستان میدیا داوای لێبوردن لە خوینەرانی بکاو بڵێ: ئەو هەواڵە لە ڕادە بەدەر گەورەکراوەتەوە و فڕی بە لای ڕاستیەوە ناچێ.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧

---



سەرچاوە
Serchawe

## ڕووی ڕاستەقینەی خوێنەرێک بناسن.

پاش نوسین و بلاو بوونەوەی بابەتێک لە ژێر ناوی دیموکراسی بە شەرتی چەقۆ لە لایان منەوە، خوێنەرێک کە بە مەداحی ئەرباب ناسراوە،(عادڵ ئەلیاسی ناسراو بە ئاکۆ) بابەتێکی وەک دژکردەوە لەم پێوەندیەدا نوسیبو، کە لە سایتی پێشمەرگەکان لە ڕێکەوتی ١١ - ٢ - ٢٠٠٧ بڵاو کراوەتەوە.

کاک عادڵ ئەلیاسی لە هەمان سایتدا هەڵبەستێکی لە ژێر ناوی قەدەردا نوسیوە وئەوانەی پێیان خۆشبێ، دەتوانن بە خوێندنەوەی ئەو هەڵبەستە، لە جوری بیرکردنەوەی ئەم تیئوریسیونەی خەباتی نەتەوایەتی! ناوبراو ئاگادار بنەوە.

بەر لە هەموو شتێک ئەم بابەتە ولام بەو بەڕێزە نییە و تەنیا ناساندنی منتالیتەت وکەلتۆرێکە کە جورە مرۆڤێک وەک کاک عادڵی ئەلیاسی فێر کردوە، کە مانەوەی خۆی لە نەمانی ئەوانی دیکەدا دەبینن. کاکی بەڕێز: ئەگەر ڕاستیەکەت دەوێ تەنیا خوێنەرێک بوایای هیچم نەبوو تا بۆتی بنوسم، چوونکە خوێنەرێک کە لە دەرەوەی گرفتەکانی نیوخۆی حیزبیکی سیاسی وەک حیزبی دیموکراتدا، عەشیرەیی و ناوچەییش بیربکاتەوە، هێندە گلەیی لە سەر نییە. بەلام کاک ئاکۆ بە نوسینی ئەو بابەتە ڕووی ڕاستەقینەی خۆتت دەرخستوە و تەواوی ئەو بۆختان و تاوانانەی کە بە ناحەق لە پاڵ خەڵکی دیکەت داون، هەربۆ خۆت نەک لە بەر سداقەت، بەڵکوو لە بەرنوقوم بوون لە زاتی بێهاوتای ناوچەگەرایدا، دانت پێدا ناوەن. نوسیوتە کە ئێقباڵ خەڵکی زەردە و داڵەهۆیە، چکارێکی داوە بە ناوەندی و ناوەند بازی!!؟. پاش نوسینی ئەم ڕەستە جوانە! کە لە قوڵایی دڵتەوە هاتوەتە دەر و نەگ هەر بۆ خۆت بەڵکووئەو کەسانەش کە وەک خۆت بیردەکەنەوە باوەڕیان پێیە، دەتوانی ئینکاری ئەوە بکەی کە چەندە لە عەشیرەت و ناوچەگەرایییەوە بە دووری؟. بەڵگە لەوەش ڕوون و ئاشکەراتر هەیە تا وەک نمونە بۆتی بهێنمەوە. هەڵبەت بە سەرنجدان بەوەی کە لە یەکیک لە وڵاتە هەرە پێشکەوتوەکانی ئوروپادا دەژیت وبەو بنکە مەدەنیەی پەرەپێدانی ئەو جورە دیموکراسیەشت کە بۆ خۆت بە نوسینی هەڵبەستی قەدەر دەرتبڕیوە، جێگای شک بۆ کاسانێکی وەک من ناهێڵێتەوە، تاکوو بە جورێکی دیکە بیرت لە سەر بکەمەوە. ئەگینا ئەوە چ جورە هزر و بیرێکە کە ئەتۆی کردوەتە سوارچاک وشۆڕەسواری خەباتی نەتەوایەتی وپێشکەوتخوازی و تاوانی خەیانەتیش دەدەیتە پاڵ ڕەکەبەران و جیابیرانی خۆت، لە حاڵێکدا لەبەر تاریکای زەینی خۆتدا بە خۆڵ دەستنوێژ دەگری، بۆ خەڵوەت کردن لە گەڵ خۆدای عەشیرەیی و ناوچەگەرایی. لای من هیچ جیاوازیک لە نیوان گوندەکانی زەردە و ئەلیاسی، لە گەڵ سۆما و برادوس و مەنگوڕدا نییە. کوردستان بۆ من کوردستانە بە باکوور و باشوور وناوەندەوە. ئەگەر کاک ئاکۆئەلیاسی ڕەخنە، یان تێبینی لە سەر بابەتەکە هەیە، مافی خۆیەتی ڕەخنەکان بە شێوێکی شارستانیانە و بە دوور لە



سەرچاوە Serchawe

دەمارگرژی، بەرەو ڕووی نوسەرەکەی بکاتەوە. بەڵام ناتوانێ و ئەو مافەی نییە بۆخۆ هەڵکیشان و هەروژاندنی بیروڕای خەڵک، تاوانی سۆکایەتی بە بنەماڵەی گیانبەختکردوانی بداتە پاڵ، ئەویش ترسەنوکانە و لە ژێر ناوی خوێنەرێکدا. ئەگەر لە خۆت نەگۆڕی و جارێکی دیکە هەڵبەستە بڵاو کراوەکەی خۆت لە ژێر ناوی قەدەر دا، کە لە سایتی پێشمەرگەکان و لە بەشی هۆنراوە، چاو لێ بکەیتەوە، ڕێک دێیتە سەر ئەو باوەڕە کەئەو دیموکرەسیەی ئەتۆ جاڕی بۆ دەدەی، نەگ بە شەرتی چەقۆ، بەڵکوو بە شەرتی قەمەیە. کاکی بەڕێز: ئەوەی تۆ بانگەوازت بۆ کردوە تەپڵی شەڕە و ئامادەکاریکە بۆ خوین ڕژاندن، کە بەداخەوە مێژۆی ئێمە وەک کورد پڕە لەو جورە ڕووداوانە. ئەوێان ئیتر ئاشکەرایە و هەن کەسانێک کە بەهای ئەو جورە دیموکراسیەیان داوە و ئێستاش بە گورچیلەیکەوە دەژین. بۆ ئەم داوایەم بەڵگەی زیندو بە دەست وخەت و ئیمزای یەکەم ماموستای دیموکراسی دڵخۆازی خۆت، لە بەردەست دایە و نە خۆت و نە هیچکەسی دیکەش ناتوانێ هاشای لێبکا.

من زۆر تێکوشام بەڵکوو لە ڕووانگەیکەوە چاو لە سوارچاکی و شۆڕەسوار بوونی خۆت ونیوەڕۆکی نوسراوەکەتدا بکەم وبێمە سەر ئەو باوەڕە کە دەرسەدیکی لەو منتالیتەتەی سوارچاکیتە بدەمە بەر چاوی خوینەراندا، بەڵام بە داخەوە بێجگە لە دەهۆڵ کوتان بە مێکوتی ناوچەگەری و ئەشیرەگەری و سکت بیرکردنەوە، هیچی دیکەم لێ دەست نەکەوت.

واتە ئەتۆ بە نوسینی ئەو دوو بابەتە، ڕوخساری خۆتت لەوێ بە جوانی دەرخستوە و نیشانت داوە چەندە لە منتالیتەتی پێشمەرگایەتی و حیزبایەتەیکەی خۆیشت بە دوورە و چەندەش ڕێزت بۆ گیانبەختکردوانی نەتەوەکەت هەیە. لە گەڵ هەموو ئەوانەش، دەڵێم ئەگەر ئەمن ڕابردوم بە دژایەتی کردن لە گەڵ شیوەی بەڕێوەبەری عەشیرەیی و ناوچەگەرایی و سەرەڕووی دەشوردرێتەوە، نەگ جارێک، بە هەزاران جار، لەو ڕابردوەی کە ئەتۆ مەبەستتە هاشامە. ئەوەیان با پێشکەش بەو کەسانەی بێ، کە کاریان بە بەژنوباڵادا هەڵکوتنە و جیاوازی نیوان سەرەڕووی ودیموکراسی، لە وشەو دەستەواژەدا دەبینن و لە سەدەی بیستویەکەمدا بە چەکێک دێنە گوڕەپانی جیاوازی بیروباوەڕو دژبەرەکیەوە، کە لای زۆر کەس لە مێژە لە گۆڕ نراوە. بێگۆمان ئەوەشت لا پرسیار نییە کە چۆن بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتی خەریکن دابەش دەکرێنە سەر چەند کۆنە لادەر و کەسێکدا کە ڕێبازی نەمرانیان بە جێ هێشتوە!. باشتر وایە کە ئاوا هاوسەنگەرانی پێشوی خۆت نەدەیتە بەر تانە و تاوان و هێندیک بە خۆتدا بێیتەوە و قبوڵ بکەی کە نە کوردستان موڵکی ئەمن و تۆیە و نەش شۆڕشەکەی لە پاوانی کەسماندایە. ئەوە بە خۆت بقەبۆڵێنە کە واقعیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی گوڕاوە و ئێمەش دەبێ بە پیری ئەو گۆڕانکاریانەوە بچین. کەوابێ گوڕانی هاوچەرخ ودمکراتیک بە هێزی عەشیرەت و ڕەمەێ ئینسانی بێ تولرانت و ناوچەگەرا، شتێکی ناومکنە. جا با هەزاران مەداحی هەلپەرەست، شعر و پەخشان بو ئەم ڕیبازە هەرەسهێناوە دابرێژن. برای شاعیر!، ئەگەر ئەدەب وهونەر مەبەستە و ئستراتژی نەتەوەی بو ئێوە گرینگە، وەرن با هەمووومان پێکەوە بە گژی ئەو کۆلتۆرە قەڵەتەدا بچینەوە کە ئێمەی

گەیاندوەتە ئەوڕۆژ، نەک بە پێچەوانەوە. کە وابێ بابەتی دیموکراسی بە نرخی چەقۆ، نەگ هەر لە جێی خۆیەتی، بەڵکوو ڕووی ڕاست لە جوری بیرکردنەوە و منتالیتەتی خۆت و کەسانێکە کە وەک خۆت لە سەر ناکۆکیەکانی خەباتی سیاسی سەردەم بیردەکەنەوەو هەڵویست دەگرن، نەگ نەمرانی گەل. ئێستا و بە دووای نوسینی ئەو دوو بابەتە کە نوسیوتن،خۆت تاقی کەوە و بزانە ئەو بابەتە کالآی بە بالآتە یان نا. ماوەتەوە بڵێم ئەمن سۆاڵی بەرپرسایەتی و دەسەلآتم نەکردوە و قەتیش نایکەم، چوونکە ئەگەر وابوایا، بێگومان وادەی هەر لە ئەندامی دەفتەری سیاسی و کومیتە مەرکەزی لای خۆتەوە بگرە، تا گەورە بەرپرسانی دەرەوەتانم قبۆڵ دەکرد و ئێستاش وەکو کاک ئاکۆ بە ئاهەنگێک سەمام دەکرد، کە بۆ خۆت سەرچۆپیەکەی دەکیشی. نە کاکە گیان، بۆ خۆت باش ئاگاداری کە من ئەم شورشە نەتەوایەتیەم بە هەرزان بۆ تەواو نەبووە، تا بە نرخی ئێوە بیفروشم وناوی شەهیدانی سەبەرزی نەتەوەکەم و هاوسەنگەرەکانم بکەمە دەسمایە بو پەرینەوە لە پردی ئاواتە شەخسیەکانم. باش وایە لەو ئەقلیەتە بێنە دەر و خوتان تێکەڵی کاروانی نەتەوەیی بکەنەوە و چاو لە دەوەرو بەرەکەتان بکەن و بزانن لە گەڵ کێ بەرەو ڕوون و قۆناخی شۆڕش بە کوێ گەیشتووە. چۆنکە بە پێچەوانەی بۆچۆنەکانی تۆ، واقعیەتی ئەمڕۆژ، گەلێک جیاوازترە لەو کاتەی کە ئیمە پێمان وابوو تەنیا هێزی ڕزگاری دەری خەڵکی کوردستانین. بێشک ئەوکات بۆ خۆیشتان لەو تەسک بیرکردنەوە ڕزگارتان دەبێ و تاوانی نەکراویش نادەنە پاڵ کەسانی تر، کە نە بەو تەپلە شەڕیان پێ دەکرێ و نە بەو ئاهەنگەش سەما .

سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی: ٢٥ی فێبریوێری ٢٠٠٧

## دێموکراسی بە شەرتی چەقو.!!

لە مانگی ڕابردودا ژمارەیکی زۆر لە هاوڕێی و دوستانی نیزیکم هەم لە ڕێگای تەلەفۆن و هەم لە ڕێگای مەیلەوە پێوەندیان پێوە کردوم. زۆربەی ئەو پێوەندیانە تاکو کاتی چەقو ئاژن کرانی کاک ئارش زەمانی، لە سەرئاڵۆزیەکانی دوولەت بونی حیزبی دێموکرات بوو. بەڵام لەم ڕۆژانەی دوایدا ئەو باسە تاڕادەیک پێی لە کەمی ناوە، و مەترسی هەڵگیرسانی شەڕ بۆتە بابەتی ڕۆژ.

لەم پێوەندیەدا هاتمە سەر ئەو بڕوایە ئەم چەند دێڕەی خوارەوە بنوسم. هیوادارم ئەو شەڕە هەرگیز ڕوو نەداو تەمی مەترسیەکانیش بڕەوێتەوە. بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە لایەنێک هەر چەند شەڕخواز نەبێ و بیهەوێ لە ڕێگای دیالۆگەوە ئاڵوزیەکان چارەسەر بکا، دیسان هەر پەنجا لەسەدی کیشەکەیە. واتە نەبونی ئیرادەی پەنجا لەسەدەکەی دیکە لە گەڵ چارەسەری ئاڵۆزیەکان لە ڕێگای دیالۆگەوە، دەتوانێ ئاکامی چاوەڕۆان نەکراو و کاردانەوەی قەربونەکراوی لێ بکەوێتەوە.

### دەستپێک:

ئەوسا دوور لە ئێستا، بە هەڵکەوت یان بۆ کڕینی شت و مەک ڕێگامان دەکەوتە شار. وەک زۆربەی خوێنەرانیش بۆ خۆیان دەزانن، کاسبکارەکان و میوەفروشەکانی قەراخ شەقامەکانی ناو شار، گاڕێەکانیان بە میوەو سەوزی دەڕازاندەوە. بە پاڵیاندا کە تێپەڕ دەبووی، هەر کەسەو لە پەنایێکەوە سەرنجی کڕیارانی بۆ لای خۆی ڕادەکیشا. لە نیو هەمو ئەوانە شۆتی فرۆشەکان بازاڕێکی گەرمتریان هەبوو. ئەوان هاواریان دەکرد: شوتی بە شەرتی چەقۆ. ئەوە بەو مانایە بوو کە کڕیار دەیتوانی شوتیەکە بەتاقی بکاتەوە و لێی بخوا. ئەگەر هەم سوور بوایا وهەمیش شیرین، ئەو کات کڕیار دەبا شوتیەکەی کڕیبا. ئەم جورە مامەڵە بە پێی ڕەزایەتی فروشیار و کڕیار باو بوو. کە وابێ تا ئێرە ڕوونە کە شوتی بە شەرتی چەقو دەفروشرێ. بەڵام ئایا قەت دێموکراسی بە نرخی چەقۆ دیتراوە؟.

بە چاو خشاندنێک بە سەر ئەو ئاکارە جوانانە کە لەم چەند ڕۆژانەی دوایدا بە دەست قۆڵی یەکدەست خۆازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕویان داوە، بومان دەردەکەوێ کە یەکدەست خۆازان، هێشتا باوەڕیان بە لەت بونی حیزب نەهێناوە. ئەوان لە نیو بیرۆکەیکی خەیاڵاویدا گیریان کردوەو دەورو بەری خۆیان بە ئاستەم دەبینن. لە تەواوی وتار و

چاو پێکەوتن و وتوێژە تەلەڤیزیونەکان، لە گەورەیی، دڵ ئاواڵەیی، سۆپردێمۆکرات بوون، بەرهەق بونی خۆیان دەدۆێن!. زۆر سەیرە کەسانێک کە ئەو شکستە گەورەیان بە سەر حیزبی دێموکراتدا هێناوە، بە سەر کەوتنی دەزانن و ئەم جارەش وەک هەموو جارەکانی تر ڕوسپی و سەربەرز دێنە دەرێ. تیئوری تاش و مێشکی بەرێوەبەریان باوەڕی وایە کە یەکگرتنەوەێک ڕوی نەداوە تا جیا بونەوەیەکی لێ کەوتبێتەوە، ئەوان سەرەڕای بڕیاری مێژووی کۆنگرەی ١٠ هەر لە سەرەتادا دژی وەسەریەک کەوتنەوەی مالی حیزب بوونە وهەوڵیان دا ناو و مێژوی کەسایەتیە سیاسی و کۆمەلایەتی، ئەندامە تێکۆشەرەکانی ئەو حیزبە کە بنکەی کۆمەلایەتی خەباتی نەتەوایەتی کوردن، لە مێژوی ئەو حیزبەدا بشۆنەوە و دەیان تاوانی ناڕەواو دوور لە پرینسیپ بدەنە پاڵ کاراترین ئەندامەکانی و بیانخەنە پەراوێز و خۆێندنی بالاش بۆ پێ گەیشتن لە جیلی نوێ قەدەغە بکەن، چ چاوڕۆانیکیان لێ دەکرێ، بێجگە لە قبۆل نەکردن و چەواشەکردنی ڕاستیەکان. بە سەرنجدان بەو ڕادەربرینانەی کە ئەو بەرێزانە لە شاشەی تەلەڤیزیونی تیشکەوە دەریان بڕیوە، گومان لەوەدا ناهێلێ کە بە گەلالەی لە پێشدا دارێژاوی یەکدەست کردن و وەدەرنانی جیابیران، لەت بون بەسەر حیزبدا سەپاوە. کە وابێ پیویست ناکا پاکانە بۆ تەسویەحیسابەکان بکەن، چۆنکە ئێوە بە فەرمایشی کاک حەسەنی شەرەفی ،نەک هەر بۆ خۆتان ڕوو سوور دێنە دەر، بەڵکو ئازای لەشی خەڵکی دیکەش سوور دەکەن، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو چاویلکانەی کە لە چاوتان کردون، تەنیا لە تاریکایەتیدا شتی پێ دەبینرێ.

بە واتایکی تر ئەگەر باوەڕمان بەوە بێ کە دێموکراسی یانێ بە یەکەە حاواندنەوە و مودیریەتی جیاوازییەکان لە ناو حزب و کۆمەڵگادا، ئەوە دەبوو هاوڕێانێک کە دروشمی نوێ کردنەوە و جوانکردنەوەی ڕێبەرایێ حیزبتان لە کونگرەی سێزدەدا هەڵگرتبوو، مکانیزمی ئەو پێکەوە ژییانەیان دوزیباوە و ئەو هەستەیان کردبا کە ڕێگای خەبات بە قۆناخێکدا تێ دەپەڕێ کە پێویستی بە یەکدەست کردن نەبوو و نییە، بەڵکودیالۆگ و پشودرێژی، ڕۆح و بیری بەرزی نەتەوایەتی و یەکڕیزی چارەی دەردی کێشەکان بوو. بێگۆمان ئەگەر ئەو ئیرادەیە لای ئێوە بۆایە، لەت بونێک ڕوی نەدەدا. مادامێک ئێوە نەتان ویست و نەتانتوانی ئەو مکانیزمە بدوزنەوە، پەنا مەبەن بۆ ئەو بەڵگە کۆنانە کە ڕۆژگاریان بەسەر چووە و هیچ ئەزمۆنێکیشیان لێ وەرنەگیراوە. ئێستا کە بە تێپەڕبونی کات کردارەکان خۆیان لە شکڵ و شێوازی جیاوازدا دەرخستوە و دیموکراسیش بوتە شەرتی چەقۆ، کاتی ئەوە هاتووە کە خەڵکی کوردستان لەوە تێ بگەن کە مەبەست لە جوان کردنەوەی ڕابەرایەتی چی بووە. ئەگەر بڕواتان هەبێ کە ح. د. ک.ئێران حیزبی هەمو چین وتوێژەکانی کومەڵی کوردستانە، لە چەپ و ڕاستەوە بگرە تا دەگاتە گەنج، ڕۆناکبیر، قۆتابی، شێخ و مەلاو... هەروەک لە پیرەو وپروگرامیدا هاتووە، یەکدەست کردنیشی لە ژێر ناوی هەر چەشنە ناو و ململانێکدا، ڕێک پاچقۆل دان لە حیزب و گیان بەختکردوانی کاروانە لە پسان نەهاتۆکەیەتی. ململانێ ناڕەواو سەقەت کردنی دێموکراسی بە ناوی زۆرینەوە، بەو مانایەیە کە خۆ لەهەورازێکەوە هەوا دەی بۆ گرتنەوەی تۆپێک کە دەبێ ئەو تۆپە لە دەرکی دەروازەی یاریگای فۆتبول بیگریتەوە. کەسێک، یان کەسانێک دەبێ باس لە دێموکراسی بکەن کە هیچ نەبا دەبوو وڵامی ئەو هەموو نامە، داواکاری، لێ پاڕانەوە پرەمەترسیانەی بەدەنەی

حیزب و ئەو هەمو خەمخۆرانی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتیان داباوە ، کە بەرەوڕوی سکرێتر کرابونەوە. ئێستا کە کار لە کار ترازاوە، کاتی ئەوە هاتوە دان بە ڕاستیەکاندا بنێن و نەهێڵن خوێنی پێشمەرگە بە دەستی هاوسەنگەری خۆی برژێ.

هەڵبەت بە سەرنج دان بەو یەکدەستیییەی کە پێکتان هێناوەوە، جێگای شک نییە کە لانی کەم توانایی ئەوەتان هەیە کە نەهێڵن خوێنی پێشمەرگە برژێ و ڕوداوی دڵتەزێن ڕوو بدا. ئەگەر هاتوو واتان کرد کە چاوەڕوانی ئەوەهەیە، ئەو کات و بەر لە هەمو شتێک، دەبێ بە خۆتاندا بچنەوە و چاویلکەکان لەسەر چاوتان هەڵگرن و لە گەڵ ڕاستیەکان وا بەرەوڕوو ببنەوە کە لە پەنا دەستتان دایە. واتە چی دی خۆتان بەوە ڕازی مەکەن کە لە ڕاگەیاندراوە بێ ڕەنگ و بێ گیانەکاندا بڵاوتان کردنەتەوە، کە گوایا ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزب جیابونەتەوە. مەبەست لەوە ئەوەیە کە وەک ئەوەی کە بەخۆتان دەڵێن دێموکرات کە گومانی لەسەرە، بۆ جارێک و بە لێبوردنەوە بڵێن کە حیزبی دێموکرات دوو لەت بووە ودانی پێدا بێنن کە نەتانتوانیوە یەکڕیزی حیزب بپارێزن. بێگومان ئێوە بەو هەڵوێست گرتنە نەک هەر هیچتان لێ کەم نابێتەوە، بەڵکو نیشانیش دەدەن کە نەک هەر شەڕخواز نین، بگرە ڕێگاش بۆ هاوخەباتی بە دژی داگیرکەران لە بەرەیێکدا خۆش دەکەن، کە ئاواتی گەلی کورد ودوستان وئازادیخوازانی خەباتی نەتەوایەتی گەلەکەمانە. ئەگەر هاوتوو بەوجورەش بەردەوام بن کە بە دوای دوولەتبوندا درێژەتان داوە، بە دڵنیایەوە دەڵێم کە مێژۆ بە جورێکی دیکە لەسەرتان دەنوسێ. بۆ خۆتان لە هەمو کەس باشتر دەزانن کە خەباتی گەلی کورد لە پاوانی هیچ دەستە و تاقم وحیزب و ڕێکخراوێکدا نییەو بە نە بونی ئێمە و ئێوەو هیدیکەش، خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد هەتا گەیشتن بە لوتکەی ڕزگاری گەڵ و وڵات درێژەی دەبێ. بێ شک لەوەش ئاگادارن کە دێموکراسی بە نرخی چەقۆ سەردەمێکە خۆی تاقی کردۆتەوە و ئەو کەسانەش ئەو وێنانەی کاک ئارشی زەمانیان لەسەر تورەکانی ئینترنیت دیتوە و ڕۆنکردنەوەکەی کومیسیونی بێ پێوەندی کومەڵایەتی ئێوەشی خۆیندبێتەوە، بەو ئاکامە گەیشتوە کە دێموکراسی بە شەرتی چەقۆ، سەری لە گۆڕەپانی تیوری داتاشراوی یەکدەست خۆازانەوە وە دەرهێناوە.

سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی: ٣٠ی جانێوێری ٢٠٠٧

## پارێزگای کرماشان و هێندێک زانیار لەسەر ئەم مەڵبەندە

پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کودستان هەڵکەوتوە. مەڵبەندێکی پانو بەرینەو یەکێک لە ناوچە هەرە ستراتژیەکانی کوردستانە بە گشتی. زۆر لە لەشکرکیشیەکانی سەدەکانی ڕابردو هەر لە مەغولەکانەوە بگرە تاکوو ئەرەبەکانو عۆسمانیەکان...، بۆ سەر ئەم مەڵبەنەدە بووە.

هەربۆیە کاولکاری زۆری تێدا کراوەو ئێستاش هێشتا شویەنەوارەکانی ئەو کاولکاریانە ماون. بێشک زۆربەی خەڵکی کوردستان لەوە ئاگادارن کە بەڕێوەبارانی هەمان ئایدولۆژی داگیرکاری، خەریکن بە جۆریکی دیکە ناسنامەی ڕەسنو کوردیەکەی خۆی لێ بستێننەوە.

ئەم پارێزگایە دراوسێە لە گەڵ شەش پارێزگادا، کە بریتین لە: لە ڕۆژهەڵاتەوە پارێزگای هەمەدان. لە باکورەوە پارێزگای سنە. لە باشۆری ڕۆژهەڵاتەوە پارێزگای لۆڕستان. لە باشۆرەوە پارێزگای ئیلام. لە رۆژئاواوە پارێزگاکانی دیالا و سولەیمانی لە بەشی باشۆری کوردستان. تێبینی: بەشێک لە پارێزگای دیالا پێشتر سەر بە پارێزگای کەرکوک بووە، وەک شارەکانی خانەقی، جەلەولا، قزڕەواتو..، کە بەشێک لە ناوچەدابڕاوەکانی باشۆری کوردستانە.

پاڕێزگای کرماشان ئەم شارستان، شار، شاروچکە، بەش و گۆندانە لە خۆی دەگرێ، کە بریتین لە:

١٢ شارستان،

٢٧ شار،

٨٣ شارۆچکە،

٢٥ بەش،

٢٧٩٣ گۆندی ئاوەدان.

بێجگە لەوەش زیاتر لە پانسەد گۆندی خاپوور کراوە، کە بەشێکیان بە هۆی شەڕی ئێران، ئێراق و ئەو بەشەکەشی لەدرێژەی سیاسەتی کاولکاری ڕێژیم لەمەڕ دۆژمنایەتی لە گەڵ خەڵکی کوردستاندا.

## شارستانەکان و هێندێک زانیاری لە سەریان:

| ریز | ناوی شارستان | بەرینایەتی | شار | بەش | شارۆچکە | بەرزایی لە پانتایی ئاوەوە. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کەنگەوەر | ٨٤٣٢ کم چ | ١٥٠٠ | ٥ | ١ | ١٥٠٠ گەز |
| ٢ | کرماشان | ٥٠٢٨کم چ | ١٤٢٠ | ١٣ | ٤ | ١٤٢٠ گەز |
| ٣ | ئیسلام ئاوا | ٤٦٥٤کم چ | ١٣٣٥ | ١٢ | ٤ | ١٣٣٥ گەز |
| ٤ | جوانرۆ | ٢٦٢١کم چ | ١٢٨٠ | ١٠ | ٣ | ١٢٨٠ گەز |
| ٥ | شاهان | ٢٥٣٠کم چ | ١٣٥٢ | ٧ | ٢ | ١٣٥٢ گەز |
| ٦ | سۆنقور | ٢٢٣٨ کم چ | ١٧٠٠ | ٨ | ١ | ١٧٠٠ گەز |
| ٧ | گێڵانی، ڕۆژئاوا | ٢١٧٠ کم چ | ٨١٠ | ٦ | ٢ | ٨١٠ گەز |
| ٨ | قەسری شیرین | ١٩٣٢ کم چ | ٣٦٠ | ٤ | ٢ | ٣٦٠ گەز |
| ٩ | سەرپێڵ، زەهاو | ١٢٧١ کم چ | ٥٣٤ | ٧ | ١ | ٥٣٤ گەز |
| ١٠ | پاوە | ١٢٥٨ کم چ | ١٥٤٠ | ٧ | ٣ | ١٥٤٠ گەز |
| ١١ | هەرسین | ٨١٦ کم چ | ١٣٧٣ | ٤ | ٢ | ١٣٧٤ گەز |
| ١٢ | شارستانی کرندی ڕۆژئاوا کە تازە بووتە شارستان و زانیاری لەسەری دەست نەکەوتووە. ناوی ئێستای ئەو شارستانە،شارستانی (دالاهۆ) بەرینایپارێزگای کرماشان ٢٤٤٣٤ کیلومیتری چوارگۆشەیە. بەرزایی پارێزگا لەسەریەک ١٢٠٠ گەزە لە پانتایی ئاوەوە. | | | | | |

### شاخەکان: ئەو شاخانەی کە بەرزایەکانیان لە سەرەوەی ٢٠٠٠ میترە بریتین لە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | شاهۆ | ٣٣٩٨ | میتر | هەڵکەوتوە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری پاوە لە هەورامان. |
| | پەڕاو | ٣٣٥٩ | میتر | هەڵکەوتوە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کرماشان. |
| | بوێر | ٣٢٣٠ | میتر | هەڵکەوتوە لە باکوری شاری سونقوری کولیایی. |
| | هەمرۆڵە | ٣٢٠٣ | میتر | هەڵکەوتوە لە باکوری شاری سەحەنە |
| | نۆخەچاڵ | ٣٠٩٧ | میتر | هەڵکەوتوە لە باکۆری ڕۆژئاوای شاری کەنەگەوەر. |
| | پەجەلی | ٢٨٨٣ | میتر | هەڵکەوتوە لە شاری سونقوری کولیایی. |
| | بەلوجە | ٢٨٥٠ | میتر | هەڵکەوتوە لە باکوری ڕۆژئاوای شاری کرماشان. |
| | کویەچەرمگ | ٢٨٠٥ | میتر | هەڵکەوتوە لە باشۆری شاری کرماشان. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بێستون | ٢٧٥ | میتر | هەڵکەوتوە لە باکوری ڕۆژئاوای شارۆچکەی بێستون. |
| | شێرێژ | ٢٦٩٧ | میتر | هەڵکەوتوە لە شاری هەرسین |
| | شانشین | ٢٥٧٦ | میتر | هەڵکەوتوە لە کەنیولە. |
| | شاهان دالاهۆ | ٢٥٤٦ | میتر | هەڵکەوتوە لەباشۆری شاری پاوە |
| | ئاتەشگایە | ٢٤٦٢ | میتر | هەڵکەوتوە لە دالاهۆ. |
| | قەلاقازی | ٢٣٦٧ | میتر | هەڵکەوتوە لە نێوان گۆرانو سنجاوی |

## دەشتەکانی گەورەو بە ناوبانگ:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | دەشتی مایەشت | بە بەرینایی ١٩٥٠ | کیلومیتری چوارگوشە | |
| | دەشتی کرماشان | بە بەرینایی ١١٠٠ | کیلومیتری چوارگوشە | |
| | دەشتی سەهەنەو بێستون | بە بەرینایی ٤٦٠ | کیلومیتری چوارگوشە | |
| | دەشتی هارونئاوا | بە بەرینایی ٤٦٠ | کیلومیتری چوارگوشە | |
| | دەشتی کەنگەوەر | بە بەرینایی ٣٦٣ | کیلومیتری چوارگوشە | |
| | دەشتی سونقوری کولیایی | بە بەرینایی ٢٦٠ | کیلومیتری چوارگوشە | |
| | دەشتی حەسەن ئاوا | بە بەرینایی ٢٥١ | کیلومیتری چوارگوشە | |
| | دەشتی دینەوەر | بە بەرینایی ٢٠٠ | کیلومیتری چوارگوشە | |
| | دەشتی زەهاو | بە بەرینایی ١٧٠ | کیلومیتری چوارگوشە | |
| | دەشتی کرند | بە بەرینایی ١٠٠ | کیلومیتری چوارگوشە | |
| | دەشتی گێلان | بە بەرینایی ٤٥ | کیلومیتری چوارگوشە | |
| | دەشتی سومار | بە بەرینایی ١١ | کیلومیتری چوارگوشە | |

## چۆمە گەورەکان:

١- **چۆمی گاوەرو(سیران)** کە لە بەرزایەکانی هەزارخانی، لە باکۆری سۆنقوری کولیاییەوە سەرچاوە دەگرێو دەگەڕێتەوە پارێزگای سنەو لە هەورامانەوە دەبیتە سیراوانو لەوێشەوە ئاوەڕۆی پارێزگای سۆلەیمانی لە باشۆری کوردستان دەبێ.



سەرچاوە
Serchawe

٢- **چۆمی ئەڵوەن** کە دالاهۆوە سەرچاوە دەگرێو بە نێو گۆندی گەشتیاری ڕیژاودا تێدەپەڕێ. پاشان شارەکانی سەرپێڵی زەهاو، قەسری شیرین بە جێ دێڵێ و دەپەڕێتەوە باشوری کوردستانو لە نیو دڵی شاری خانەقیەوە بەرەو خوار دەبێتەوە. سراوگەرمو سەراو قەلاشاهین لە خواروی سەرپێڵی زەهاوەوە دەرژێتە چۆمی ئەڵوەن

٣- **چۆمی قەرەسۆ** لە ڕوانسەرەوە سەرچاوە دەگرێ، لە دەشتی کرماشان واتە باشوری ڕۆژهەلاتی شارەوە، لە گەڵ چۆمی گاماسیاودا یەک دەگرنەوە.

٤- **گاماسیاو** سەرچاوەکەی لە سەیمەرەوە دێتو لە ناوچەی کەنگەوەرەوە دەگاتە شاری سەهەنەو لە گەڵ سەراوی سەهەنە تیکەڵ دەبن. پاشان لە دەشتی چەمچەماڵەوە بەرەو بیستونو لەوێش تێکەڵ بە چۆمی دینەوەر دەبێو پاشان لە گەڵ چۆمی قەرەسۆ دەبنە یەکو پێکەوە دەرژینەینە پارێزگای لوڕستانەوە .

## لێرەوارەکان:

پارێزگای کرماشان لە سەریەک: ٨٢٢٢٧٢ هیکتار لێرەواری هەیە. کە ١٩ لە سەدی داپۆشراوە، ٣٦ لە سەدی نیوەنیوەیەو ٤٥ لەسەدیشی پرشوبلاوە.

٣٣ لە سەدی لێرەوارەکانی پارێزگای کرماشان لە بەشی شارستانی ئیسلام ئاواو کرندی ڕۆژئاوا هەلکەوتون. ٦٠ لە سەدەی لێرەوارەکان، داری بەڕوو، مازوون. ٢٠ لە سەدیان داری وەنن،( دار جاجکە). بیست لە سەدیش کەیکف، هەرجن، شەن، گۆێژ، هەرمێو هەنجیری کیوینو. ...


## لەوەڕگەکان:

**یەکەم:** ٥،١٣ لە سەدیان کوێستانی و شاخاوین.

**دووهەم:** ٦،٤١ لە سەدیان ناوچە قشلاخیەکانن.

**سێهەم:** ٥،٤٤ لە سەدی نێوان کوێستانو قشلاخن.

## شۆێنە مێژویەکان:



**پاڕێزگای کرماشان خاوەنی ٦٠٠ جێگای مێژۆویە کە زۆرێک لەوانە ناوبانگی جیهانیان هەیە.**

**کە بەناوبانگتینیان بریتین لە:**

**هەرسین:** لە شارستانی هەرسین، لە ناوچەی قەسوەن، چیا خەزێنە، شوێنەوارێک دوزراوەتەوە کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٨٥٠٠ ساڵ پێش زایین، واتە سەردەمی پارینە بەردی. قەڵای سیرماج یەکیکی دیکە لە شۆینەوارە هەرە دێرینەکانی شارستان هەرسینە کە قەڵای دەسەڵاتداریەتی کوردەکانی حسنەویەو کە مێژۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارمو لە ٥٦ کیلومیتری شاری کرماشان هەکەوتوە.



**بێستون:** لە ٢٥ کیلومیتری شاری کرماشان شوێنەواری بێستون تاقوەسانە کە لە دۆنیا ناسراوەو. ئەم شوینەوارانە لە لایان ڕێکخراوی یونسکوەوە، وەک یەکێک لە گرێنگترین دەستکەوتەکانی کەلتۆری، مرۆڤایەتی ناسراون.



تاق بۆستانی کرماشان

## ناوی هێندێک لە شارەکانی پارێزگا:

**سەرپێڵی زەهاو:** تاقی گەڕا لە پاتاق، کەلی داود کە لەم شار هەڵکەوتووە بە جێ ماوی سەردەمی مادەکانەو گەلێک گرینگن. بێجگە لەوانەش وێنەی بە بەردەوە هەڵکنراوی ئانوبانینی، شای زۆرداری لولوبەکان هەر لەمشارەیە کە مێژوویکی ٤٢٠٠ ساڵەی هەیە.

**کەنگەوەر:** شوێنەواری بە ناوبانگی ئێرەش، گۆڕ، یان مەعبەدی ئاناهیتا(ناهید) ە کە ڕابردوی دەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژوو.

**سەهەنە:** وێنەی خۆری باڵداری لە بەرد هەڵکنراوی ئەم شارەیە کە نیشانەی شوینەواری بە جێماوە لە ئەهۆرا مەزدا. شوێنەواری مێژووی لەم شارە زۆرە. سەهەنە لە ٦٠ کیلومیتری رۆژهەڵاتی شاری کرماشان هەڵکەوتوە.

**ڕوانسەر:** گۆڕ یان دەخمەی مادەکانە کە لە دۆنیا بە ناوبانگە.

**قەسری شیرین:** چوارقاپی کە لە پەڕی شار هەڵکەوتووە ئاگرگەی سەردەمی زەدشتیەکانە، بەڵام لە بەر ئاوڕلێنەدانەوەو شەڕی ئەم دوایانەی ئێرانو ئێراق، بەرەو کاولبوونەی یەکجاری چووە..

نەوسود، باینگان،ڕوانسەر، قوریقەڵا، تازەئاوا، گاوارە، مایەشت، میانراهان. سۆمار، نەوتشا، بێستون، مۆچش، هڵشێ، کوزەران، خوسرەوی، چەمچەماڵ، کرند...

**مەودای نیوان بەشێک لە شارستانەکان لە گەڵ شاری کرماشان، بەم جۆرەی خۆارەوەیە.**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کرماشان - سەحەنە | ٥٤ کیلومیتر | ٦ | کرماشان - ئیسلام ئاوا | ٦٣ کیلومیتر. |
| ٢ | کرماشان - هەرسین | ٤٤ کیلومیتر | ٧ | کرماشان - جوانڕۆ | ٧٩ کیلومیتر |
| ٣ | کرماشان - سۆنقور | ٨٥ کیلومیتر | ٨ | کرماشان - کەنگەوەر | ٨٨ کیلومیتر |
| ٤ | کرماشان - پاوە | ١١٢ کیلومیتر | ٩ | کرماشان - گێلان | ١٥٣ کیلومیتر |
| ٥ | کرماشان - قەسری شیرین | ١٦٦ کیلومیتر | | | |

**هەشیمەتی پارێزگا بە پێی سەرژۆماری سالی ١٣٧٥ی هەتاوی، بریتیە لە: ١٧٨٧٥٩ کەس، کە ئێستا لەو ژۆمارەیە زۆر زیاترە. لەم ژۆمارەیە ٧،٦١ لە سەدی لە شار نشینەو ٣،٣٨ لە سەدیان لە شارۆچکە و لادێەکان دادەنیشن.**

**ڕادەی بێکاری لە شارستانەکان:**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کرماشان | ١،١٧ لەسەد | ٧ | سەرپێڵ | ١،١٦ لەسەد. |
| ٢ | ئیسلام ئاوا | ١،٢٨ لەسەد | ٨ | قەسری شیرین | ٤،٢٠ لەسەد |
| ٣ | سۆنقور | ١،٢ لەسەد | ٩ | کەنگەوەر | ٨،١٣ لەسەد. |
| ٤ | گێلان،ڕ | ٢٢ لەسەد | ١٠ | سەحەنە | ٤،٤ لەسەد |
| ٥ | هەرسین | ٦،٩ لەسەد | ١١ | جوانڕۆ | ٧،٤٢ لەسەد |
| ٦ | پاوە | ٦،٣١ لەسەد. | ١٢ | کرندی،ڕ | نەزانراوە. |



**نەخشەی شاری کرماشان لە گەڵ ناوی چەندین شەقام، هۆتیل و چێشتخانە لەو شارە کە کۆماری ئیسلامی ناوی لە سەری داناون.**



سەرچاوە
Serchawe

**شەقامەکان:** ئیمام مۆسا سەدر، وەحدەت، ش مەزڵۆم بەهەشتی، ش خادم، بلۆار چەمران، ش- شەهاب، خۆدایی، ڕەمەزان، موتەهەری، نەواب!!؟.

**هۆتیلو میوانخانەکان:** بعثت، تەوحید، ئیسلامیە، ڕزوان، ڕێگای قۆدس، نەبوەت، ئازادەگان، ڕەساڵەت، ڕێگای کەربلا، معراج، وەلی عەسر!؟.

**چێشتخانەکان:** ئەزەڵی، قودس، ئیسلامی، سەباح، مەلەکوتی، نوور، سایبان، وەحدەت ،و.!!.

---

زانیاریەکان لە چەندین سەرچاوە وەرگیراون.



سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧

---

## ڕاپۆرتەکەی بەیکر - هامیلتون و سناریووێکی دیکەی تاقیکراوە:

زیادتر لە دووهەوتویە ڕاپۆرتی بەڕێزان بیکر - هامیلتون بۆ چارەسەری کیشەی عێراق، بوەتە بابەتی ڕۆژ و سەرنجی ڕاگەیێنریە گشتیەکانی دەرەوەو ژۆرەوەی بە خۆیەوە خەریک کردوە. لەم پێۆەندیەدا گەلێک لێکدانەوە کراوە و گەلێک لاین و وڵاتیش بە چاک یان خراب هەلۆێستیان لە خۆیان نیشان داوەو هێندیکیش بە پێشوازیەوە چونە.لەم پێوەندیەدا حکۆمەتی هەریمی کوردستانیش نیگەرانی خۆی لە گەڵ بەشێک لە ڕاپۆرتەکە دەربڕیوەو ئەم نیگرانیەشی بەرەوڕووی کاربەدەستانی ۆڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکای کردوەتەوە. بەڵام با بزانین کامە سناریویە و کامەن ئەو فاکتەرانەی کە ئاماژە بە دووپات بونەوەی ڕوداوێک دەکا، کە تا چەندمانگ لەمەو پێش پێمان وابوو کە بەرەو چارەسەری دەچێ. لام وابێ کەمتر کەسێک هەیە هۆگری سیاسەت بێ و نەزانێ کامانەن ئەو هۆیانەی کە وڵاتی لوبنانیان تۆشی ئەو نەهامەتیە کردوە کە کۆمەڵی نیودەوڵەتی و زل هیزەکانیش لە ئاستی چارەسەرکردنی بێتوانان. ئەم نوسراوەیە تێدەکۆشێ هۆیەکانی وەک یەک بونی ئەم سناریوە نوێیە لە گەڵ ئەوەی ڕابردو، دەستنیشان بکاو و لە هامان کاتیشدا، ئەگەری ئاکامەکانی پاش جێ بەجێ کرانی ڕاپورتەکە بخاتە بەر چاوی خۆینەران.

هەمومان دەزانین کە بە هۆی هێرشی ئیسرایل بۆ سەر لوبنان لە ساڵی ١٩٨٢، بە بیانوی لە نیو بردنی ڕێکخراوی رزگاری بەخشی فەلەستین، ئەو وڵاتە بوو بە جێی ڕمبازێنی گەلێک ۆڵات و لایەنی جۆرواجۆرو ئاکامەکەشی بوو بە هەڵگیرسانی شەڕی نیوخۆی لەو وڵاتەو دروست بوونی بە دەیان دەستەو تاقم و ڕێکخراو، کە هەرکامەێان سەر بە وڵاتێک بوون ، یان لە لایان وڵاتێکەوە یارمەتی دەدران. شەڕی نیوخۆی لە نێوان گروپە ئەتنیکی، ئایینی و سیاسیەکان،

بە جۆرێک ژێرخانی ئابوری و کۆمەلایەتی ئەو وڵاتی هەڵتەکاند، کە زل هێزەکان و ئەروپیەکانی وا ناهۆمێد کرد، کە پەنا بەرنە بەر دەم دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی سوریا لە بۆ چارەسەری کیشەی لوبنان. ئەم چرا سەوزە کە دەرا بە سوریا، دەرفەتێکی چاکی ڕەخساند بۆ مەلا تازە بە دەسەڵات گەیشتوەکانی دەستە برای هافز ئەسەد لە ئێراندا. ئەمە سناریوێک بوو کە دەسەڵات دارانی ئەوکاتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ئوروپاییەکان بە خەیاڵ بە پێی گەڵاڵەی لە پێشدا دارڕژاو ڕەچاویان کردبو، بۆ چارەسەری کیشەی لوبنان، بێ ئاگا لەوەی کە سوریا بە هاوکاری ئابوری و لوجستی ئێران، بۆ خۆیان پێک هێنەری ئەو بارو دۆخەن. ئاکامی ئەو پێوندیەی نێوان ئەو دوو ۆڵاتەو ئاواڵە بوونی دەستی مێزەر بە سەرانی ئێران و دەست باز بونیان بە پارەو نەوتی بە تاڵان براوی گەلانی پێکهێنەری ئێران، کە زیادتر وەک دەستخۆشانە دەدرا بە سوریا، گۆڕەپانی بۆ ڕمبازێنی دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە لوبنان ئاواڵەتر دەکرد. لە کۆتایدا ئێران توانی ڕێکخراوی هیزبۆلا

وا تەیارو بە هێز بکا، کە کۆنترۆڵکردنی لە دەست سوریا دەر بچێ و سوپای پاسدارانی ئێران هەرچۆنی پێخۆش بێ هەڵی سوڕێنێ. ئیسرائیل دیسان بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئاکامەکانی دوای کوشتنی ڕێبەری ئەو دەمی هیزبۆڵا، ئەوی کوشت، کە وەک گوڵ پشکوتنی نەسرۆڵای بۆ هیزبۆڵا بە دواوە بوو. دیسان بە چاوی خۆمان دیتمان کە لە شەڕی هاوینی ئەمساڵی نیوان ئیسرائیل و حیزبۆڵای نەسرۆڵادا، ئەوە ئێران بوو کە ڕوڵی سەرەکی لەو گۆڕەپانی سەرەکی شەڕەکەدا دەگێڕا، نەگا ئەمریکاو ئیسرایل. ئەو فاکتەرانەی کە وڵاتی لۆبنانی گەیاندە ئەمڕۆژ بریتیبون لە:

* هێرشی ئیسرایل بۆ سەر لۆبنان لە ساڵی ١٩٨٢ و داگیر کردنی باشۆری ئەو وڵاتە.
* سیاسەتی یەک بان و دووهەوای وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوا لە مەڕ شەڕی نیوخۆی لەو وڵاتە.
* دانی چراسەوز بە دەسەڵاتدارانی سوری و هێشتەوەی گیروگرفتەکان بە بێ چارەسەری .
* ئاواڵە هێشتنی دەستی ئیسرائێل و سوریا وئێران لە کردەوە سەربازیەکان و چالاکیە سیاسیەکان لە وڵاتی لۆبنان، کە شۆێنەوارە کاولکاریەکانی هەر ئێستاش بە ڕۆخساری خەڵک و وڵاتی لۆبنانەوە دیارە.

هەر چەن فاکتەری دیکەش هەن کە یاری دەری ئەو بارودۆخە بون، بەڵام ئەم چەند نمونە فاکتەرە سەرەکیەکانی سناریوی بە قەد باڵا بڕاوی لوبنیان پێک هێنا، کە ئێستاشی لە گەڵ بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە.

**ئێستا ئەگەر بمانەوێ بچینە سەر ئەسڵی بابەتەکە و بمانەوێ ئەم سناریوە نویە لە گەڵ سناریوی پاش شەڕی دەیەی هەشتای وڵاتی لۆبنان بەرهاورد بکەین دەتوانین بڵێین:**

* ئەگەرلە ئێراق بەسەر ڕۆخانی ڕێژیمی بەعس دا تێدەپەڕین، کە کارێکی باش بوو، بەڵام هەڵسو کەوتەکانی پاش ڕۆخانی دیکتاتۆر سەدام، نیشانەی بێ ئاگا بوون لە سایکولۆژی خەڵکی ئەرەبی ئێراقی بوو، کە جیاوازیکی ئەوتوی لە گەڵ پێکهاتەکانی لوبنانی نەبوو.

* لە وڵاتی ئێراقدا هەرج و مەرج هەر وەک سەردەمی شەڕی لۆبنان لە لۆتکەی خۆیدایە.

* گروپە ئەتنیکی ، ئایینی و سیاسیەکان، یەکتر ناخۆینەنەوەو کوشتن و بڕین و تەقاندنەوە، سەردێڕی هەواڵدەری و ڕاگەێنریە گشتیە کانی بۆ خۆی دەستەبەر کردوە.

* وڵاتانی دەوەرو بەر هەرکامە و بە پێی تواناو نفوزی خۆیان لەو وڵاتە ڕمبازێن دەکەن و دەستەو تاقمی خۆیان تەیار

کردوە.

* بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و دیسان وەک سیاسەتی هەمیشەیی خۆیان، لە گەڵ قازانجە ئابوریەکانی خۆیان مامەڵە دەکەن و سیاسەتی یەک بان و دوو هاەوایان گردوەتە پێش.

حیزبۆڵایێکی دیکە و بە ناوێکی دیکەوە لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراقدا دروست کراوە، کە ڕێک ئەمڕۆژ هەواڵی یارمەتی 250 میلیون دولاری بەم ڕێکخراوە ،لە لایان کوماری ئیسلامی ئێرانەوە لە هێند ێک لە هەواڵدەریەکانەوە بڵاو کرایەوە. ڕێک لەم قۆناخەدایە کە بەڕێزان بیکر- هامیلتون بە ڕاپورتەکەی خۆیان ڕێگا چارەی کیشە دێرینەکانی ئێراق، لە مشتی ڕێبەرانی ئێران و سوریەدا دەبینن!. کە وابێ سناریوەکان زۆر لە یەک دەچن، بەڵام لە دوو وڵاتدا و لە دوو کاتی جیاوازدا. بەڕێز بیکر ڕۆژێک لە ڕۆژان دانەنیشتوە بیر لەوە بکاتەوە کە: مەلاکانی ئێران هەشت ساڵی ڕەبەق، بە قەولی خۆیان، کافری بەعسیان کوشت، تاکۆ لە ڕێگای کەربلاو نەجەفەوە بگەنە قۆدس!، ئێستا بە چ متمانەیێکەوە هێوەر کردنەوەی بارو دۆخی ئێراقی پێ دەسپێرن. بە بڕوای من، ڕاپورتەکە دەبێ باسی ئەوەی کردبا کە نەسرۆڵای ئێراق لە مێژە دەست بە کار بووەوهەتا بێخی ددانەکانی بە چەکو پارەی بە تاڵان براوی گەلانی ئێران لە لایان ڕێبەری مۆسوڵمانانی جیهانەوە تەیار کراون. بەڕێزیان دەبا سەدرۆڵای وەک هاوتای نەسرۆڵا لە ڕاپورتەکەیدا هێنابا و ئەگەریش دەیزانی ئێران و سوریا دەتوانن چارەی کیشەی ئێراق بکەن، ئەوە نەدەبو عەرەبستانی سعودیش لە بیرکرابا. چونکە بە بێ پشتیوانی ڕیالی سعودی ئەو هەمووچەک و تەقەمەنیە بۆ خۆ تەقاندنەوە، هەر وا بە ئاسانی وەدەست ناکەوێ.

جێی شک نییە کە جێ بە جێ بون و ئاوڕ دانەوە لە ڕاپورتەکەی بەڕێز بیکرلە لایان بەڕێز بۆشەوە، ئەم ئاکامانەی بە دوواوە دەبێ.

١- ئێران نفوزی ئایینی زیادتر لە ئێراق وەدەست دێنێ و ئەگەر لە ئێران تەنیا ئافرەتان چارشێو و مەقنەعەو، ڕووپوش دەبەنە کار، لە ئێراق دەبێتە تایبەتی بۆ پیاوانیش.

٢- ئەو ڕۆژنامەو تلوزیون و هەواڵنێریانەش کە تا ئێستا کەم تا کوت بێ گیروگرفت هەواڵیان بڵاو کردوەتەوە، دەستی مەرەمەتی ڕێبەری مەزن خامەنەییان پێ دەگاو لە لوتفی خۆدا پێداوی خۆی بێبەشیان ناکا.

٣- بە سەرنجدان بەوەی کە ئێراق لە بەرانبەر ئێراندا چوکەترە، ماڵێ مزگەوتێکیان بۆ دروست دەکا، تاکو نوێژەکانیان بە دوور لە دڵە خۆرپەی تەقینەوە بە ئەنجام بگەیێنن.



سەرچاوە
Serchawe

٤- ئێراقیان وەکو ئێران لێ دەکاتە بەندیخانەیکی گەورەو پێویستیان بە ئەبو غەریبو ئەبو هەلال نامینێ.

٥- باشوری کوردستان مەکوی دێموکراسی و ئازادیان لێ دەکاتە جەهەندمێک، کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دروستی کردووە.

٦- وڵاتانی ئەرەبی بەتایبەتی سعودییە، ئوردون و میسر ئەم دەسەلاتەیان پێ قبوڵ ناکرێو ئێراق دەبێتە گۆڕەپانی بەربەرەکانی ئایینی ،نەتەوەییوڕێکخراوەیی و بارودۆخەکە هێندەی دیکەش ئالۆز دەبێ.

٧- تورکیا کە بە دووای هەلێکی وادا دەگەڕێ، هیچ نەبێ بەشێک لە کوردستان دا دەگرێ و دەگاتە ئامانجە لە مێژینەکانی، واتە تێکدانی کوردستانی فیدرال و نانەوەی ئاژاوەی دیکە، کە لە مێژە سەرمایەی بۆ تەرخان کردووە.

٨- ئەوەی لەم سناریوەدا نەسیبی ئەمریکا دەبێ، پشت هەڵکردنی گەلانی ئازادیخوازە، کە ساڵەهایە بۆ وە دەست هێنانی مافەکانیان قوربانی دەدەن.

٩- خاڵی کردنی بەرەی دژی تروریست و ئەلقائیدە، بە پێچەوانەی پروپاگەندەی بە ئاشکەراو ڕاگەیاندراوی وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا .
١٠- پروسەی دێموکرتزە کردنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە ئەمریکا، پێش و پاش هێرش کردنە سەر ئێراق پروپاگەندەی بۆ دەکرد، دەبێتە بلقی سەر ئاو.

١١- دیکتاتورەکانی ناوچە ئەوەندەی دیکەش دڕ و لە خۆ بای دەبن و پێشلکاری مافی مرۆڤەکان، قوناخێکی نوێ بە خۆیەوە دەگرێ. بێجگە لەوانەش تێکچونی هاوسەنگی لە کەنداو و هتد.

کە وابێ ئەگەر دەوڵەتی بەڕێز بوش بیهەوێ ڕاپورتەکەی بەڕێز بیکر.. وەک چارەسەری کیشەکانی سیاسی، نەتەویی، هێمنی و ئایینی ئێراق بکاتە سەرچاوە، دەبێ ئاکامەکانی ئەو چارەسەریەش کە لەو خاڵانەی سەرەوە هاتون، وەئەستۆ بگرێ. بۆ ئەوەی تەنیا باسی ئاکامە خرابەکانمان نەکردبێ، باشترە بیر لە چارەسەری کیشەکانی ئێراق تەنیا لە گەڵ خۆدی ئێراقیەکان بکرێ و لەوەش نەترسن کە خراب لە خرابتر دەبێ. بەڕێز بوش دەبێ ئەوە بزانێ کە هاوانەوەی دوو دەستە مۆسوڵمانی شیعەو سوننە کە سالەهایە یەکیکیان بە دەستی ئەوەی دیکەیانەوە چەوساوەتەوە، لە سیستمی دێموکراسیدا، کە هیچکامیان باوەڕیان پێ نییە، دەستەبەر ناکرێ و هەروا کارێکی ئاسان نییە. هەروەک دیموکراسی سەدان ساڵەی بریتانیا نەیتوانیوە گرفتی مەسیحیەکانی ئیرلاند بە لایێک دا بخا.



سەرچاوە
Serchawe

بۆ ئیسباتی ئەو وتەیە دەکرێ چاوێک بە مێژۆی ڕوداوەکانی ئەفقانستان، پاکستان، هیندوستان، ئێران، زۆر وڵاتی دیکەی ئیسلامیدا بخشێنن کە سوننە و شیعەی تێدا دەژین. ڕای گشتی پیی وایە کە لە ڕوژگاری ئەمڕۆدا باشترین ڕێگا چارە بۆ کیشەی ئێراق ،بەشداری کردنی هەموولایەنەکانە لە دەسەلاتی سیاسی ئێراقدا. بە دابەش کردنی ئەو وڵاتە بەسەر سێ بەشدا کە هەر کامەیان سەرەڕای دەسەلاتی ناوچەی، لە دەسەلاتی مەرکەزیشدا بەشدار بن. ماوەتەوە بلێین کە گەلی کورد نابێ لە دووپات بونەوەی مێژۆ خافڵ بێ و دەبێ پشتیوانی خۆیان لە حکومەتی هەریمی کوردستان دەربڕنو بە پێک هێنانی کۆڕ و کوبونەوەی سەردەمیانە، ناڕەزایتی خۆیان بە دژی ڕاپورتە یەک بان و دووهەواکەی بیکر- هامیلتون دا کە داوخۆازەکان و بەرژەوەنیەکانی ئێمەیان رەچاو نەکردوە، نیشان بدەن. ئێمە وەک گەلی کورد چاک لەوە تێگەیشتوین کە چون دەوڵەتەکانی ئێران و تۆرکیاو سوریا، بە پێی پەتی چونەتە پێشوازی ڕاپورتەکەوە، تاکو لە ژێر تەوەژمی گوشارەکان و پیوەگلانەکانی تێکدەرانەی خۆیان ولە بۆ نائەمن کردنی هەرچی زیادتری ئێراق، بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن، کە شکست پێ دانی ئەزمۆنی گەلی کوردمان لە باشۆری کوردستانە. لە کوتاییدا پێویستە گەلی ئێمە بە وشیاری سیاسی ونەتەوەییەوە بچێتە گۆڕەپانی ئەم کایە سیاسیەوەو، لەوەش سڵ نەکا کی هەڕەشەی لێ دەکا. چونکە بە بێ ڕاپورتی بەڕێز بیکریش گەلی کورد وحکومەتی هەریم هەر ئەو هەڕەشەیەی لە سەرە. هەر بۆیەشە سەرەڕای دەستوری دەنگ پێ دراو و مادەی سەدوچلیش، کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان، هێشتا وەک خۆی ماوەتەوە و نەگەڕاوەتەوە سەر هەریمی کوردستان .

سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی: ١٨ی دێسەمبەری ٢٠٠٧

## شاسۆڵتان حوسەینی دووهەم و چەند....؟

هەرزەکارێکی جوان جەهێڵ بووم و گەڵێک نەپۆڕ و لە گەڵ دەوروبەردا نەگونجاو. شیرنو تاڵ، سیۆر و تورشم لا وەک یەک بوو. لای خۆم هەموو شت بوم، بەڵام لای خەڵکی گۆندەکەمان بە پێچەوانە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش دەمزانی زەوی بە دەوری خۆردا دەسۆڕێ. تاکۆ ڕۆژێکیان بە پێیان بەرو شار وەڕێ کەۆتم، چونکە تامازروی دیتنی شار و دووکانو بازاڕم دەکرد. بەڵام با تا لە بیرم نەچووە بڵێم کە مرۆڤێکی وابووم کە زیادتر قسەم دەکرد تاکۆ گۆێ گرتن. چەند کیلۆمترێکم مابوو کە بگەمە شار، توشی کابرایێک هاتم کە لە سەر تەڵاشە بەردێک دانیشتبو. لێی چوومە پێش و تامن نیزیک بوومەوە، کابرا هەستا سەر پێ و ڕۆژ باشی لێ کردم. منیش کە هەستی خۆبای بوونم لە ڕادە بەدەربوو، وۆڵامی ڕۆژ باشەکەیم بە سۆپاسێکی پاک و پەتی دایەوە. کا برا یان ڕێبوار بوو یان هەر کارێکی دیکەی هەبوو، ڕادیوێکی چۆکەی بە دەستەوە بوو، هەر بەم لاو بەو لادا دەیسۆڕاند بۆ ئەوەی دەنگەکەی باشتر ببیسێ. وابزانم وەرگری ڕادیوەکەی باش وەری نەدەگرت وبە تۆڕەییەوە ڕادیوی داخستو لێی پرسیم: ئوخرە بێ بەخێر؟. منیش گۆتم: بۆ شار دەچم و دەمێکە بیری شارستانی بوەتە موخوڵم. پاشان منیش لێم پرسی: هەۆاڵ چییە، ڕادیو باسی چ دەکا ؟. کابرا بەم پرسیارەی من خۆشهاڵ بوو، لە وۆڵامدا کۆتی: ڕادیوەکە باسی مێژوی شاکانی ئێرانی دەکرد و ئەمرۆش باس لە سەر شاسۆڵتان حوسەین بوو کە پاتەختەکەی لە ئیسفەهان بووە. منیش لێم پرسیەوە: بۆ مەگەر شاسۆڵتان حوسەین چۆن شایێک بووە؟. ئەو بەم جۆرەی خۆارەوە دەستی کرد بە گێڕانەوەی مێژوی دەسەڵاتی شا. برام رادیو ەکە لە زمان هاڵی مێژونوسێکەوە دەیگێڕاوە کە جارێکیان دەنگی نارەزایەتی لە ڕۆژهەڵاتی وۆڵاتەوە سەبارەت بە دەسەڵات داریەتی شا ڕاست دەبێتەوەو، هەۆاڵ بۆ شا دێنن کە خەڵک بە گلەیین و داواکارییان هەیە. شاش پێیان دەڵێ جارێ پەلە مەکەن با لە گەڵ وەزیرەکانی دەربار باسی بکەم و پاشان بێ وۆڵام ناتان نێرمەوە. شا بۆ چەند کاتێک لە گەڵ وەزیری دەربار و ژنراڵەکانی کۆ دەبێتەوە و دەڵێ: سکاڵایێکیم لە ڕۆژهەڵاتەوە پێ گەیشتوە و وادم داوە وۆڵامیان بدەمەوە، ئێوە ڕاتان چییە و چ بکەین باشە؟. پاشان وەزیر وژنراڵەکانی دەربار پاش کورتە ڕاوێژێک لە وۆڵامی پرسیارەکەی شادا: دەڵێن، بەڵێ قوربان، هەرچی شا ئەمر بکا، هەر ئەوەش ڕای ئێمەیە. شا کە بۆ خۆی مەترسیک هەست پێ ناکا، دەڵێ ئێمە لێرە لە ئیسفەهان دانیشتوین و هیچ چەشنە گیرو گرفتێکمان نییە و بەم جۆرە هەۆاڵ دەنێرێتەوە و دەڵێ: ئێمە هیچ گیروگرفتێک لەو بابەتی کە ئێوە هەست پێدەکەن نییەو ئەگەر ئێوەش گرفتتان هەیە ئەوە هی خۆتانە نەگ هی ئێمە. پاش ماوەێک دیسان هەۆاڵ دێنن بوو شا و دەڵێن کە خەڵکانی نارازی خۆازیاری چاکسازین و خەریکن دهنگی نارەزایەتیان دەگاتە دەور و بەری پاتەخت. دیسان شا دەڵێ کە با دەورو بەری پاتەختیش بوو ئەوان بێ، ئێمە هەر خۆدی پاتەختمان بەسە. سەرئەنجام نارازیەکان لە چەند قوڵەوە دەگەنە نیو شار و دیسان هەۆاڵ دەبەنەوە بوو شا و پێی دەڵێن پاتەختیش وە جوڵە کەوتوەو خەریکە کار لە کار تێدەپەڕێ. وۆڵامی شا ئەم جارەیان



سەرچاوە
Serchawe

دەگۆڕێ و دەڵێ: ئیسفەهانیش بوو ئەوان. ئێمە ئەم مزگەوتەمان بەسە و کاری خۆمانی تێدا هەڵ دەپەڕێنین. من هەر چەند ڕێبوار بوم، بەڵام بە جوانی گوێم بۆ گێڕانەوەی ئەو کابرا شل کردبوو و پێم وابوو کە دیسان درێژی دەدا، بەڵام ئەو کوتای بە باسەکەی هێنا. کاتێک زانیم ئەو گێڕانەوەکەی تەواو بووە،ڕووم تێکردو گوتم، جا ئەوە چ مێژوێکە کە بە خراپە باس لە شا سوڵتان حوسەین و دەسەڵاتەکەی دەکا. ئەو لێقەوماوە ئینسانێکی دیمۆکرات بووە!.هەزی لە شەڕو شۆڕ و پێکدا هەڵپژان نەبووە. بێجگە لاوەش ژنراڵە بێ ئەستێرەکانیش لەبەر ئەوەی ئەستێرەیکیان بەر کەوێ، بەڵێ قوربانیان کردوە. کابرا لەو ڕادەربڕینەی من سەری سوڕ ماو پرسی: ئەو وشەیە چی بوو وەکارت هێنا ؟. وابزانم ناوی دیمۆکراسیت هێنا، ئەوە ئیتر بەری چ دارێکە!؟. منیش لە وەڵامدا پێم گوت: لە پێشدا نابێ لەم وشەیە بە گومان بی، چونکە ئەوەی من بەم شڕوشێتیە لێ تێ گەیشتبم لای خۆمان دیمۆکراسی یانێ: ئەگەر کرای بە شا و ژنراڵی بێ ئەستێرەش دەورەیان دای، هێندە گوێت لە ڕاست ناکۆکیەکان دادەخە ی، تاکو پاشاییەکەت دەبێتە چوار پێنج لەتەوە. ئەوەش لە وڵاتی ئێمە نەگ هەر بێگانە نییە، بەڵکو دیمۆکراسییەو مۆدی ڕۆژە. چونکە ئەو کات ئیتر پاشا گەردانییەو لای خەڵک هێند خۆشەویست دەبی کە خەڵک بە گیانت سوێند دەخۆن. پاشان مێژونوسانیش با چونیان پێ خۆشە بنوسن، گرینگ ئەوەیە من لە خۆم ڕازی بم. بە دووای ئەو قسانەدا، لای تۆ خۆشم لە کابرا کرد و درێژەم دا بە ڕێگاکەم. هێشتا چەند هەنگاوێک لێی دوور نەکەوتبومەوە کە لە دوواوە بانگی کردم گوتی: بە زەحمەت نەبێ پرسیارێکی دیکەم هەیە؟. لام کردە دوواوەو پرسیم: باشە ئەوەیان چ جۆرە پرسیارێکە ؟. کابرا پرسی، ئەی سەرەڕۆی یانێ چی؟. هەر چەند ئەم پرسیارە پێویستی بە وەڵامێکی دوورو درێژ و نمونە هاوردنەوەو، شیکردنەوە هەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی لە شەڕی کابرا ببمەوە: گوتم وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە لای شا سوڵتان حوسەینی دووهەم وە دەست دەکەوێ وهەرکات ڕاستی هاتی پرسیارەکەت ئاراستەی بکە. بەڵام نەکا لە بیرت بچێ پرسیارەکان تێکەڵ بکەی .!

منیش کە ڕێگایێکی زۆرم بریبووتاکو بگەمە شار، هەرچەند گەنج و چوست و چالاک بووم، بەڵام هێز لە بەر لاقەکانم نەمابون ولە سەفەرەکەی شارم پاشگەز بوومەوەو بڕیارم دا هەورازی بەرەو ماڵەوە گەڕان بگرمە پێش.

لێتان ناشارمەوە لام شۆرەیی بووکە بە بەر چاوی کابراوە بەرەو ماڵەوە بگەڕێمەوە. هەربۆیە کورتە ڕێگایێکی ترم دایە بەر خۆم و لە گردەی خوارەوەتر پێچێکم کردوەو دیسان لە دوڵی هەژارانەوە و بە پشتی تەپوڵکەی ماف خوراوانەوە ،و لە بەردەم گوندی ڕەنجبێوەرانەوە، چومەوە ناو قەڵافەکەی مەتوڵەکەیی منالی جارانمەوە .

سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی: ٨ی دیسەمبەری ٢٠٠٧



سەرچاوە
Serchawe

## وەڵام بو کاک نەوید و کاک ڕامین

**بەڕێز کاک نەوید:**
**هێژا کاک ڕامین:**

**ماندو نەبونیتان لێ دەکەم و هیوادارم بەردەوام بن لەو هەوڵەکانتاندا.**

**بەڕێزان**، هەروەک لە نوسراوەکەمدا ئاماژەم پێ داوە، دەربڕینی بیروڕا ئەویش لەم سەردەمی نوێدا، دەبێ ببێتە هۆی بزواندنی هەستەکان و بەم هۆیەوە دەرەتان بڕەخسێ لە بۆ دیالوگ و دڵ ئاواڵەیی بۆ ئالوگۆڕی بیروڕای جیاواز.
پێم خۆشە پێ لەسەر درکاندنی ڕاستیکت دابگرم وبڵێم ڕاست دەفەرموی: ئەمن و ئەتۆش لە سەرمەسەلەی نەتەوەیی و زۆر بابەتی دیکەش وەک یەک بیر دەکەینەوەو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاتێک کە ئەمنیش و ئەتۆش و دەیان و هەزاران گەنج و لاوی دەیکەی نەتەوەکەمان، پێکەوە هاوڕێ و هاو بیرو باوەڕ بووین، بەڵام بە هێند ێک جیاوازیەوە.

**برای خۆم:** ڕاستی ئەوەیە کە ئاڵوگۆڕ و ڕوداوەکانی دنیاو دەورو بەرو ناوچەش شۆێنی خۆی لە سەر هەمومان داناوە و ئەمەش جێگای نکولی نییە. بەڵام ڕەنگە لە هێند ێک کەسدا زیادتر و لە هێندی دیکەش کەمتر. بێجگە لەوەش ئەتوش و کاک ڕامین و هاوالانی دیکەش دڵنیا دەکەم کە ئەو نوسراوە لە ژێر کاریگەری لایەنی حیزبی نییەو ناتوانێ بیشبێ. ئەو نوسراوە هەڵگری تێڕوانینی تایبەتی خۆمە و پیویست بە بەڵگە هێنانەوەش ناکا. پێمخۆشە ئەوەش بزانن کە لەو قەیرانەش کە لاشەی حیزبی گرتوەتەوە و جیابونەوەێکی ڕانەگەێنداویشی خۆڵقاندوە، بێ لایەنمو نەتەوەیی بیردەکەمەوەو وەک کوردیکیش دەڕوانمە کیشەکانەوە،نەگ وەک کەسیکی حیزبی. بەڵام لە هەمان کاتدا پێم خۆشە شەفاف بدۆێم و لەم پێوەنیەشدا هیچی شاراوەم نییە. نوسراوەکەی ئەمن نە مەبەستی ئەفشاگەری بووەو نەش بە شانو باڵی یارساندا هەڵکوتن، بەڵکو بە مێژودا چونەوەێکدایە کە دیاردەکانی کۆمەڵایەتی دووای خۆی پێ هەڵسەنگێنم. بێجگە لەوەش ئەو نوسراوەیە بۆ ئەوە نەنوسراوە تاکو خۆێنەرانی بەڕێز ئافەرینی بۆ بنێرن. بە پێچەوانەوە ئەمن چاوەڕوانی ڕەخنە و پێشنیارم و بەم ئەرکەش بێگومان کەمو کوڕیەکان دەستنیشان دەکرێنو بابەتی باشتریش پێشکەش بە خوێنەران دەکرێ.

**کاکی بەڕێز:** وشک بەرەو ڕوو بونەوە لە گەڵ ڕوداوە مێژوی و سیاسیەکان توشی تەسک بیرکردەوەمان دەکاو ڕەنگە قەڵەمەکانیش بە لاڕێدا هەڵخلیسکێن. کاتێک کورتە نوسراوەکەتم لەسەر وتاری بۆ خۆشک و برایانی یارسانی خۆێندەوە، هاتمە سەر ئەو بڕوایە کە لەوانەیە ئەو دابڕانە دور و درێژە، وای لێکردبی کە تەنیا لە ڕۆانگەێکەوە مامەڵەت لە گەڵ

نوسراوەکە کردبێ. بەو مانایە کە چۆنکە من حیزبیم، دەبێ هەڵویستەکەم لەو ڕۆانگەوە گرتبێ. کە هیوادارم وا نەبێ و لە بەر نەبونی کاتو کاری ڕۆژانە و سەرقاڵ بوون، بە خێرای بە سەر بابەتەکاندا تێپەڕیبی. کاکی بەڕێز: ئەمن ئاییینم وەک ئایدولۆژیا تاوتۆێ کردوەو کاتێکیش وات کرد دەبێ نمونەش بۆ داواکانت پێشکەش بکەی و ڕێک ئەوەشم کردوە. ئێستا خۆت یان هەر کەسیکی دیکە دەیهەوێ وە بەر ڕەخنەی بدا، مافی خۆیە. بەڵام چەواشە کردنەوەو بە هەڵە تەفسیر کردنی کارێکی گونجاو نییە. ئەگەر لە زۆر کۆڕ و کۆبونەوەدا ئەو باسانەی کە من نوسیمە باس کراوە ئەمن خۆشکەیف دەکا، بەڵام بەسەرنجدان بە هەستیاری بابەتەکان کەس تائێستاشی لە گەڵ بێ، مافی بە خۆی نەداوە ئەو ڕاستیانە بخاتە سەر توڕی ئینتەرنەت، ئەویش بە ناوی خۆیەوە. ئەوە بیروبڕوای ئەمنەو بێگۆمان چۆنکە شەفافیەتی تێدایە، دەکرێ بە خاڵێکی وەرچەرخانی دابنێین بۆ هەنگاوەکانی دیکە، کە ئەمەش ناتوانێ بە دڵی هەمو کەس بێ. ئەمن پێم خۆش نییە برۆمە سەر خاڵ بە خاڵی نوسراوەکەت و تێدەکۆشم بە ئەوپەڕی شەفافیەتەوە بیروڕای خۆم لە سەر ئەو پرسیارانە کە لە لایان خۆت و کاک ڕامینەوە بەرەوڕووم کراوەتەوە دەربڕم. دیارە ڕەنگو بوی گلەیی بەو پرسیارو داوخۆازەکانەوە هەست پێ دەکرێ. هەر بۆیە بە کورتە لێکدانەوەیکەوە وڵامەکانم ئاراستەتان دەکەم.

**ئەلف:** ئەگەر یارسانی بوون شانازی بێ یان سەر کۆنە، بۆ خۆم بەشێکم لەو خەڵکە. کە وابێ گومانتان لەوە نەبێ کە مەبەستیکی دیکە لە پشت ڕادەربڕین و پێشنیارەکانمدا خۆی قایم کردبێ، جێگە لە هەست بە بەرپرسایەتی کردن و غەمخۆری بۆ گەلەکەم.

**ب:** ئەمنیش و سەدانی دیکەی وەک ئەمن نیگەراننو ئەم نیگەرانیانەش بناخەیان لە ڕوداوە تاڵو کاولکاریەکانی ڕابردودا هەیە. گەورەترین هۆیەکانی دابڕانی نەتەوەی ئێمە پیلانکاریەکانی نەیاران بوە و لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا، کە گەلی ئێمەی لە بەرانبەر یەکتر راگرتوە، بە مەبەستی هەسانەوەی خۆیان. ئەمە بە هیچ جۆر مانای ئەوە نادا کە ئەم ڕێکخراوەی جێگای باسمان ئایینی دەبێ یان سیاسی وە یان دژایەتی لە گەڵ بکەی. ئەوە مانای ئەوەیە کە بە داخەوە یارسان وەک ئایین پێناسە کراوەو چۆنکە یارسانیەکان باوەڕیان بە خۆداو پیخەمبەرو قورئان نییە یان نەبووە،یان خۆدای جیاوازیان هەیە، بە ناوەکانی بە سەرداسەپاوی وەک: کافرو ... پێناسە کراوە. خۆ ئێمە بۆ خۆمان ئەم ناوانەمان هەڵ نەبژاردوە تاکو گلەییو گازندەکانمان بەرەو ڕووی یەکتر بکەینەوە. کە وای لێ هات:

ئێوە بانگەوازەکەتان بۆ پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوە بە ناوی خەڵکی کوردی یارسانەوەیە. ئەدی پێم نالێ نوسراوەکەی من بۆ پێوەنی بە بانگەواز و داواکاریکانی ئێوەوە نییە؟. باشتر بلێم نوسراوەێک کە پێکهاتنی مێژوی ئاییینەکان لە لایک دادەنێ و ناسنامەێکی بزوتنەوەیی نەتەوەیی دەدا بە یارسان، ئەگەرئینکار بکەی چ دەسکەوتێک بە نەسیب دەبێ. ئەگەر کاتت بۆایاو قوڵتر لە نیوەرۆکی نوسراوەکە تێڕوانیبای، بێگۆمان بۆت دەردەکۆت کە ئەوە ڕێک پروپاگەندەێکی لەبارە بۆ ڕێکخراوە لە دایکنەبوکەی یارسانیەکانو مێژوی پێکهاتەکەشی.

ئێمە نابێ بە وشک بەرەوڕووی هەموو دڵسوزیو ڕادەربڕینێک ببینەوەو تێڕوانینی خۆمان بکەین بە پێمانەی هەر ئاڵوگۆڕێک. برام ئەتۆش و ئەمنیش کەم یان زۆر ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەناسین و خەباتیشمان تێدا کردوە. ئایا چەند لەسەدی ئەم خەباتکارانە دەزانن یارسان چییە و یارسانیەکان کین، ئەگەر ناوە دەست کردەکانی ئەهل حەق، ئەلیۆڵای،شەیتان پەرەست و کافری لێ بکەیتەوە، کی دەزانێ یارسان چ هەڵقولاویکە. لە لایکی دیکەوە چەندە لە سەدی خەڵکی پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێ، ئاگاداری یاری و یارسانین؟ کاک نەوید ئەمن بە پێچەوانەی هەڵسەنگاندنەکانی بەرێزت: پێموایە ئەو نوسراوە بێجگە لەوە پروپاگەندەیکی لەبارە بۆ بانگەوازەکەی ئێوە، بە هامان ڕادەش ئەم پێکاتە بە تەواوی خاڵە بەهێز و لاوازەکانیەوە بە خۆشک و برا کوردەکانمان، بە تایبەتی کوردەکانی یارسانی دەناسێنێ، تا لانی کەم لەجیاتی بەیانی باش و ئێوارە باش: نەڵێن یالی،(یا علی)

پێکهاتنی ڕێکخراوێک کە ناوی یارسانی پێوە بێ، ئەگەر چی دڵنیام کە قەت ئایینی نابێ، بەڵام بەرەو ڕووی ئەم هاستەمانە دەبێتەوە کە پاکانە بۆ ناکردنیان لێبۆردن ناخۆازێ. ئەوە لەبەر ئەوە نییە کە کاک نەوید و کاک قادرو کاک ڕامین وئیقباڵ و هەزاران کاکی تر پێیان خۆشە، یان ناخۆش. بە بڕوای ئەمن تێگەیشتنی سەرجەمی پێکهاتەکان، وا دەخۆازێ کە ئێمە گەڵێک ژیرتر بین لەوەی کە هەین. هەڵبەت خۆمی لێ جوێ ناکەمەوە. پێم خۆشە ئەگەر جارێکیش بووە ئاوڕێک لە و نوسراوانە بدەیەوە کە بە جۆرێک نیوی حیزبی دێموکرات و ئوردوگای ڕومادی پێیەوە گلاوە. تازە ئەوە ڕوشنبیرەکانن ئاوا مامەڵە لە گەڵ دواکەوتوێە کۆمەڵەیەتیکان دەکەن. هەڵبژاردنی ناو لەم پێوەندیەدا گەڵێک گرینگەو پشت گوێ خستنیشی دەتوانێ پێچەوانەی پێشبینیەکانی هەمومان بێ. ئەگەر بە درێژ دادڕی لە قەڵەم نەدرێ، هەر ئێستا لە نیو ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانی کوردستاندا هەڵگرتنی ناو بووتە کوسپێکی گەورە. دڵیام لە دابڕانی داهاتوی حیزبی دێموکراتدا، هەر لایێک دەیهەوێ خۆی بکاتە خاوەنی ئەو ناوە. لە کومەڵەدا لە مێژە ئەم پروسەیە بەردەوامە. کە وابێ با خۆمان نەلکێنین بەو بوچونەوە کە دەڵێ نیوەڕۆک گرنگە و ناو سەرخانە. ئەمن دەڵێم ناویش لە هەندێک بۆاردا نیوەڕۆکە. بە سەرنج دان بەو ڕاستیانەی کە بەرەو ڕوومانن دەتوانین بڵێن کە هەر دەست پێکردنێکی سەرکەوتوانە بە مانای کوتای وە یان دەرئەنجامێکی. سەرکەوتوانە نییە. یان بە پێچەوانەوە.

**ت:** هەڵبژاردنی ئەم ناوە یان هەڵگرتنی ئەم ناوە، دەرگاکان لە ڕووی پێکهاتە ئاینیەکانی دیکە بۆ بەشداری لەم ڕێکخراوەدا دادەخا و تێکوشانی ئەم ڕێکخراوە بەرتەسک دەبێتەوە لەو مەڵبەندانە کە یارسانیەکان تێدا نیشتە جێن. دیسان بە هەندێک هۆ کە هێناە گۆڕیان بە پیویست نازانم دەستت بۆ پێک هێنانی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بە قازانجی ژنان وجۆتیاران ئاواڵە نابێ. بێجگە لەوانەش ئێمە خاوەنی گەڵێک زاراوەین کە هەرکامەو بۆ خۆیان خاونی تایبەتمەنی سەبارەت بە خۆیەتی. ئەوەش ئەوەیە کە زمانی ئاخافتنمان دەبێتە کامەیان. هەر ئێستا ئێمە لە سایتی یارسان بە دوو زاراوەی کەڵهوڕیو سورانی و،زمانی فارسی نوسراوە دەخۆینینەوە، کە ئەمە جێگای گەڵێک خۆشهاڵیە و دەبێ ئەم ئەرکە

پیروزەش درێژە پێ بدەین. بەڵام ئەگەر هاتو لە ئێرانستانە لە گەڵ مابـاقی نەتـەوەکانیتردا ماینەوە، کامە زاراوە زمـانی ستانداردی پێوەنی لە گەڵ ئەوان دەبێ؟ . ئەوەی ماوەتـەوە بڵێم: بـەڵێ دووپـاتی دەکەمەوە کە هـەنگاو هـەڵهێنانەوەکان گەڵێک پیروزن، بەڵام نابێ ڕاستیەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە بەر چاو نەگرین و ڕاستیەکانیان بۆ شی نەکەینەوە کە ئێمە کین و چیمـان دەوێ، کـە دڵنیـام هـەنگاوە سـەرەتاییەکانی هـەڵگیـراوە. ئـەو نەخۆشـینیەی کـە جەسـتەی ڕێکخراوەکـانی کوردسـتانی گرتوەتـەوە و ئێمـەش بەشـێکین لـەوە. نـەبۆنی شـەفافیەت و دەمـارگرژی ڕێکخـراوەییـە کـە ڕزگـاری نەتـەوەیـی گەیاندوەتە ئەمڕۆژ. ئێوە بـۆ خۆتـان لـە ڕەوتـی ئـاڵوگۆڕەکـان ئـاگـادارن و لـە نیزیکـەوە دەبیـنن کـە ئێمـە وەک نەتـەوەیـک، سەرەڕای گەلێک گرفتی چارەسەر نەکراو، بەرەو ڕووی دابڕانیکی کەلتوری و کەلەپۆری و ئـەدەبین. مەبەسـتم ئـەوەیـە کـە لـە زۆر بواردا دەبێ وەرگێڕ لێکمان تێگەیەنێ. دیسانیش ئاماژەی پێ دەکەمەوە و دەڵـێم کـاک رامین ئـەمن ئامادەی هەرچەشنە یارمەتیکم کە بە من جێبـەجێ بکـرێ. دوسـتایەتی و نیزیـک بـوون لـە گـەڵ ڕێکخراوێـک دەتـوانێ کاریگـەرو ئاسـەواری باشـی هەبێ، بە بێ ئەوەش ئەندامی بی. هیوادارم ڕۆژێک بێت ئەم ڕێکخراوە لە بەرەی یەکگرتوی کوردستـاندا ئـاڵا هـەڵگری مافـە نەتەوەییو پرینسیپە دێموکراتیکان بێ و داکۆکی کـاری مافـە کـەلتوری و کـەلـەپوری و ئـایینیـەکانی، نـەگ هەریارسـانیەکان، بەڵکو هی هەمو پێکهاتەکانی دیکەش بێ.

هەروەک لە نوسراوەکەمدا ئامـاژەم پـێ داوە، دژایـەتی کـردن لـە گـەڵ پێکهێنـانی ڕێکخراوێکـی سیاسـی کـە ئامـانجی وەدەسـت هێنانی مافە زەوت کراوەکـانی نەتـەوەیـی و سیاسـی گـەلێکـی بـن دەسـت بـێ، ئەگـەر نـاڕاسـتەوخۆیش بـێ، ئـاو بـە ئـاسیاوی نەیاراندا کردنە و هەر بەو ڕادەیەش تێ نەگەیشتن لە سەرەتـایترین چەمکەکانی دێموکراسیە.

ئەمن چاوەڕوانی وڵام نیم. بەڵام بێ پێوەنی بونی نوسراوەکە لە گەڵ بـانگەوازەکەی ئێوە بـە لەبـەرچاو نـەگرتنی ڕاسـتیەکان دەزانم و بە جۆرێک لە دۆگماتیسم بە ڕواڵەتی سیاسیانەوە.

سەرکەوتنتان لە گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلەکەمان ئاواتمە و پشتگیری کردنیشتان ئـەرکی هـەمو مرۆڤێکـی تێگـەیشتووە ئازادیخوازی گەلەکەمانە.

سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی: ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٦

## ئاستەمەکانی بەردەم دروست بونی ڕێکخراوی یارسانیەکان.

ئەم نوسراوەیە تێ دەکوشێ ئەو ئاستەمانە دەستنیشان بکا کە ڕێگرەن لە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سەردەمیانە کە بتوانێ کەرەستەیێکی هاوچەرخ بێ بۆ ئامانجێکی هاوبەش.

لاموایە زۆربەی ئەو بەڕێزانە کە لەم بوارەدا هەڵسۆڕن لەسەر ئەوە سورن کە دەبێ ڕێکخراوێکی سیاسی دروست بکەن کە وڵامدەری داوخۆازەکانی سیاسی، کەلتوری، ئایینی.... ئەوان بێ. بەڵام بە چەند هۆ مکانیزمی تێکوشان لە چوراچیوەیێکی دیاری کراودا ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. ئەگەر چی کاک نەوید ماندوبونی زۆری کیشاوەو پەیرەو و پروگرامێکی پێشنیار کراوی پێشکەش کردوە تاکو بنەمایێک بێ بۆ لێک نیزیک بونەوەو لێک تێگەیشتن، چ لە باری پێکهێنانی ڕیکخراوەیەوە و چ لە باری ئامانجەکانیەوە. ئەم هەوڵەی کاک نەوید بۆ من جێگای ڕێزەو دەکرێ بە پێدا چونەوەو ڕێک و پێک کردنی، دەوڵەمەندتر بکرێ.

ئەگەر چی من بۆ یەکەمین جار بوو کە وەک میوان لە سیمیناری ڕۆژی ١٧ - ١٢ - ٢٠٠٦ دوستانی هەڵسوڕاوی یارسانی دا بەشدار بوم، بەڵام لە لە یەکەمین ڕا دەربڕینەکاندا بوم دەرکەوت کە ئەو دوستانە هێشتا لە سەر سەرەتایترین شت کە هەڵبژاردنی ناوێکە ڕێک نەکەوتوون، چ بگاتە تاکتیک و ستراتژیک.

لە ئاکامی باس و لێدوانەکانی ئەو ڕۆژەدا بۆم دەرکەوت کە دوستان لە گەڵ سێ جور بیروکە بەرەوڕوون، کە لێک نیزیک نەکراونەتەوە.

**ئەو بیروکانە بریتین لە:**

**١- سونەتی**
**٢- کۆنسەرواتیڤ**
**٣- نوێ خۆازی مودرن.**

* بیروکەی سونەتی ئەگەر چی خۆازیاری ڕێکخراوی سیاسیە، بەڵام یارسان بوی ئامانجە. واتە دەیەوێ خۆی وەک جەمسەر(قوطب) لە بەرانبەر ئاینەکانیتردا ڕابگرێ و دەرگاکان لە ڕوی خۆی داخا. بێجگە لەوانەش پێیان وایە ستەمی ئاینی لە پێشەوەی ستەمی نەتەوەییەو کەمتر خۆازیاری دوستایەتیو پێکەوە ژیان لە گەڵ جیاوزیە ئاینی و کەلتوریەکانن.

* بیروکەی دووهەم و کونسرواتیڤیش خۆازیاری پێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسیە. جیاوازی نێوان ئەمانو سونەتیەکان ئەوەیە کە ئەمان هاوتاو هاوکیشیان ناوێ و ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستانی وەک لەمپەر دێتە بەر چاویان. ئەمان پێیان وایە ئەو کەسانەش کە تێکوشانی بە کردوەیان لە ڕێکخراوە کوردستانیەکاندا هەبوە، لەمپەرن بۆ تێکوشانی داهاتوی ئەمان و نایچی شارنەوە کە ئەوان گیرو گرفتی ناو ئەو ڕێکخراوانە دەگۆازنەوە بۆ نیویان. ئەم بیروکەیە جیهان بینی تایبەتی خۆی هەیەو لەبەرانبەر کیشە کۆمەڵایەتیەکان تەسک بیر دەکاتەوە.

* بیروکەی سێهەمو نوێ خوازی سەردەمیانەیە، کە دەیهەوێ لە چوارچیوەی بیریکی ئاواڵەدا گشت دەرگاکان لە ڕوی هەموان ئاواڵە بێ. واتە دەیهەوێ سەرەڕای چارەسەری کیشەی نەتەوەیی، کیشەکانی کۆمەڵایەتی دیکەش چارەسەری بۆ بدوزرێتەوە، بە بێ دەمارگرژی سیاسی ،کەلتوری و ئاینی. کە وابێ نیزیک کردنەوەو لێک هاڵی بون لە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێک کە بتوانێ ئەم سێ بیروکەیە پێکەوە بهاوێنێتەوە پیویستی بە کات هەیە، چونکە جیاوازیەکان زەقن و سەلیقەکانیش مەودایان بلاوە.

**بۆ ئەم مەبەستەو تاوتۆێ کردنی ئاستەمەکانی سەر ڕێگا،ئەم چەند پێشنیارە ئاراستەی هەڵسۆڕاوانی بەڕێز دەکەم.**

١- سیمینارێک بە بەشداری زۆربەی هەڵسوڕاوانی ئەم بوارە لە داهاتویەکی نیزیکدا بگیرێ و گۆڕەپانێک بڕەخسێ تاکو هەموان ڕای خۆیان دەربڕن.

٢- خاڵی یەکەم بۆ باس کردن لەم سیمینارەدا تایبەت بێ بە هەڵبژاردنی ناوی ڕێکخراو، چونکە لەوێدا سنورەکان دیاری دەکرێن و بە پێی ئەو هەڵ بژاردنەش خاڵەکانی دیکە دیاری دەکرێن. واتە دروشم، تاکتیک، ستراتژیک و ئامانجی ڕێکخراو. لەم هاڵەتەدا بیروکەکان خۆیان دەردەخەن و دەر دەکەوێ ڕادەی لێک تێگەیشتن لە چ ئاستێک دایە.

٣- پاش ساخ بونەوە لە سەر ئەو خاڵانەی سەرەوە، دەستەی نوینەرایەتی بۆ بە دوادا چونەوەو ئامادە کردنی دەرەتان بۆ بەستنی کونگرە هەڵبژێردرێ. ئەوە لە بەر ئەوە دێنمە گۆڕی کە زۆرکەس دەستەی هەڵبژێردراوی ئێستایان لا پەسەند نییەو بگرە دژایەتیشیان دەکەن. هەر لە بەر ئەوەشە کە پیرەو پروگرامە پێشنیار کراوەکەی کاک نەویدیش، سەرەڕای ماندو بونی ئەو بەڕێزە، چوکەترین ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. بێگومان خاڵی دیکەش هەن کە ڕێگرن، بەڵام کاتێک چوارچیوە دیاری کرا، ئەوەی خۆی لەو چوار چیوەیەدا نەبینێتەوە، ڕیگایکی دیکە دەگرێتە پێش. ئەوەش لە کاری سیاسیدا شتێکی سەیرو سەمەرە نییەو بە تەواویش سروشتیە.

سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی: ١٨ی دێسەمبەری ٢٠٠٦



سەرچاوە
Serchawe

## بێ خەبەری کاک سادق ئەمیری زۆر کەس وەخەبەر دێنێ!

کاک سادق ئەمیری! سەبارەت بە نووسراوەیەکی کاک قادر ئەلیاسی کە لەسەر ئیعدامی غەفار کەرەمی نووسیبووی و لە مانگەکانی رابردو دا لە چەند ماڵپەڕێکیش بڵاوکرایەوە هەڵویستی گرتۆە و ناوبراوی داوەتە بەر هێرش. ئەوەی کە کاک سادق لە سەر غەفار و لە سێداره درانی چۆن بیر دەکاتەوە، پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، بەڵام ڕوون کردنەوەی چەند خاڵێک لە نووسراوەکەی کاک سادق بە پێویست دەزانم.

**یەکەم:** غەفار کەرەمی نە بە ئاشکراو نە بە نهێنی چاوی بە د- قاسملۆ نەکەوتوە،وێنەی لە گەڵ نەگرتوە و هەرگیزیش دمانچەیەک لە لایان دوکتۆرەوە پێ نەدراوە. ئەمە لە بوختانیک زیاتر چ دیکە نییە.

**دووهەم:** کاتێک غەفار گیرا م- پ خۆی تەحویل نەدابۆوەو و لە (ک- ئ) حدکادا کاری دەکرد. ئەمەش کە کاک سادق باسی دەکا واتە م پ گرفتی بۆ خەفار دروست کردبێ، تەنیا بوختانە و هیچی دیکە.

**سێهەم:** ناوی خەلیل خەلەبان یەکەم فەرماندەری هێزی داڵەهۆی هێناوە کە بە داخەوە وا دیارە چۆکەترین زانیاری لە سەر ڕووداوەکە نییە. چۆنکە خەلیل خەلەبان لە ساڵی ١٣٦٣ لە نێو شاری کرماشان دا لە لایان ج زەنگنە ناسراو بە هاشم، درایە دەستی ئیتلاعاتی ڕێژیم، کە دواتر هاشم گیرا و بە سزای خۆی گەیشت. ئەو فەرماندەش کە باست کردۆە کەسێکی دیکەیە کە غەفار لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە وەک ڕێنوێن لە سیاوانە تاکوو گۆری زەردی گاڕێ یارمەتی کردون. ڕووداوەکان چەندین ساڵ نێوانیان هەیە و لێرەش شتەکانت لە دەمی کەسانی دیکەوە بیستوە کە زانیاری هەڵەی ئەو، ئەتویشی بردوەتە مل هەڵەیەکی گەورەتر دا.

**چوارم:** غەفار گێرۆدەی مادەی هۆشبەر ببوو و ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ دوو ساڵ پێش ئەنجام دانی ئەو جنایەتەی کە کردی. ناوبراو لە شاری ئیلامیش بە مەوادی هۆشبەرەوە گیراو دواتر بوو بە گەورە شەریکی ئیتلاعاتی سۆپای پاسداران. هەرچی مادەی هۆشبەر لە لایان هێزەکانی ئینتزامی و ئیتلاعاتەوە دەستی بەسەردا دەگیرا، لە ڕێگای عەلی ئاقای برایەوە بە هاریکاری چەند کەسێکی دیکەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستاش لە ژیاندان، ئاودیو دەکرا بۆ باشووری کوردستان و بەشێک لەو کەسانەش کە بڵاویان دەکەردەوە ئێستا زیندون.



سەرچاوە
Serchawe

**پینجەم:** بۆ جاری دووهەم بە چەندین کیلو مادەی هۆشبەرەوە گیرا و بردرایە زیندانی هەمەدان. بەر لەوەش بەو مادە سڕکەرەوە بگیرێ عەلی ئاقای برای نارده شاری کەلار لە باشووری کوردستان و سێ کادری حیزبیش چاویان پێکەوت. بە دوای ئەوەدا پەیامێک لە لایان غەفارەوە و لە ڕێگای کەسێکەوە کە ئێستاش زیندوە گەیشتبووە مەڵبەندی سێ و کۆمیتەی داڵەهۆ، کە مەڵبەند و بەتایبەتی کۆمیتەی داڵەهۆ، ئەو پەیامەی بە جیدی وەرنەگرت کە دواتر بە ڕاست دەرچوو و نرخەکەشی بۆ ئەو کۆمیتەیە بەگران تەواو بوو. بۆ ئەوەی شک و گومان بۆ کاک سادق و کەسانی دیکەش نەمینێتەوە لە پەیامەکە دا وا هاتبوو کە : من کەوتومەتە داوێکی خراب و گرانەوە، تکایە سەردانم مەکەن. من ئیتر خەفارەکەی جاران نیم و تووشی بەڵایەک هاتوم کە فوتاربوونم دژوارە. بە لانی کەمەوە ئێستا تەنیا لە ئیسکاندیناوی دە کەس هەن کە شاهیدی ئەو پەیامە بدەن کە خەفار ناردبووی و لە کەلار درابوو بە کۆمیتەی داڵەهۆ.

**شەشم:** ئەمن دوو ساڵ پێش ئەو ڕووداوانە کە بۆ غەفار و کۆمیتەی داڵەهۆ هاتبوونە پێش نەقلی قەندیل کرابووم و مامۆستای فێرگە بووم. لە سەردانێک دا بۆ قەسڵان کە بنکەی مەڵبەند سێ بوو باسی ئەو پەیامەیان بۆ کردم. بە لێوردبوونەوەیەک لەو پەیامە و ناسراویەک کە لە گەڵ خەفار هەمبوو، پێم گوتن کە ئەو پەیامە جیدیە و نابێ بە کەم بگیرێ. هەڵبەت لە بەر ڕووشنایی ئەو ئەزموونانەی کە پێشتر لە ناوچە و لە تاکتیکەکانی ئیتلاعات و سوپای پاسداران هەمان بوو.

**هەوتەم:** ئەوەی کە غەفار ئەندامی نهێنی حدکا بووە قسەی لەسەر نییە، بەڵام ناوبراو جنایەتێکی گەورەی ئەنجام داوە کە دڵی سەدان بنەماڵە و هەزاران کەسی داخدار کردوە. بێجگە لەوەش بەو جنایەتە هەموو یارسانەکانی تەزاند. کاک سادق دەبێ ئەوەندەی زانیبا کە کەسێک حەتا ڕێگای نەدەن مەیتەکەشی لە قەبرستانی یارسانیەکان بنێژرێ، چەندە جێی نەفرەت و بیزاری خەڵک بووە.

لە کۆتایی دا دەڵێم کە لەسەر خاڵێکی بابەتەکەت هاوڕام، بەڵام نە بەوجۆرەی کە مەبەستی بەڕێزتانە. ئەمنیش دەڵێم کە غەفار نابێ ئیعدام کرابا، جا چ لە لایان کۆماری ئیسلامیەوە یان هەر دەسەڵات و هێزیکی دیکەوە. بەڵکوو دەبێ مابا و لە دادگایەکی خەڵکی دا لێپرسینەوەی لێکرابا و هۆکاری ئەنجامدانی ئەو جنایەتەی بۆ خۆی گێڕاباوە. بێجگە لەوەش دەسەڵات دارانی کۆماری ئیسلامی بە کوشتنی غەفار کۆڵێک نهێنی نێوان دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیان لە ئیتلاعات و بێدادگاکانەوە بگرە تاکوو دەگاتە سوپا و سەربازانی وتناوی مهدی، سەبارەت بەو جنایەتانەی کە لە کوردستان و بەتایبەت لەو ناوچانە کردیانە چووە ژێر خۆڵەوە. کاک سادقی بەڕێز! غەفار بو بە قوربانی مادە هۆشبەرەکان، نەگ گەڵاڵوی تەشکیلاتی ئەودەمی حدکا. بە بڕوای من نەدەبا لە بەر ڕقێک کە لە کاک قادر ئەلیاسی هەتانە بابەتە سەرەکیەکەتان لە بیر چووبا و پەناتان ببردایە بەر هێندێ زانیاری ناڕاست و بەکار بردنی هێندێک دەستەواژە کە نە

دروستن نەش بۆ ئەوە دەبن کە لە سەردەمی ئێستا دا خۆی پێوە ماندو کەی. بۆ ئاگاداری بەڕێزتان غەفار بو بە قوربانی مامەڵە و کاسبی کردن بە مادەکانی سڕکەر و هۆشبەر، کە ئیتلاعات و سۆپا سەرمایەی زۆریان لەسەر داناوە. بە داخەوە زانیاریەکانت لە سەر ئەم بابەتە لە دەمی خەڵکانی دیکە بیستوە، چوونکە ئەگەر وانەبوایا دەبێ ئەوەت زانیبا و نووسیبات کە چەند کەس لە بنەماڵەکەی بە خێزان و کوڕ و براوە بوونە قوربانی ساتوسەودای مادەی هۆشبەر و ئێستاش بەشێکیان لە بەدیخانە دا ماون. خۆ هیچ نەبێ ئەوە دەزانی کە پربەرهەمترین کۆمپانیای سۆپای پاسداران و ئیتلاعات مامەڵە کردن بە مادە هۆشبەرەکانەوەیە کە بەسەر قوربانی بوون و تێکچوونی ژیانی خەڵکەوە هەڵدەسۆڕێ. ڕەق لە کاک قادر ئەلیاسی یان هەر کەسێکی دیکە نابێ ببێتە هۆکاری پاساودانی جنایەتێک کە بەسەدان کەسی ڕەشبۆش کرد و بە هەزاران دڵی داخدار کرد و زەبرێکی گورچوبڕیشی لە شۆڕش دا. مرۆڤی وشیار ئەو چاوەڕوانیەی لێ دەکرێ کە نەفرەت لەو جۆرە کردەوانە بکا و ڕق و بێزار بوونی خۆی لە بکەران و پاڵپشتانی ئەو جنایەتە دەربڕێ .

سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠٠٤



سەرچاوە
Serchawe

# لە ژێر ناوی چیو خەمت نەخۆەم

**ئەم هەڵبەستە کە بە زاراوەی کوردی کەڵهوڕی نوسراوە، پێشکەشە بە گیانی پاکی سەرۆک کۆماری کوردستان قازی موحەممەدی نەمرو هەموو گیانبەختکردوانی ڕێگای ڕزگاری گەلەکەمان.**

**لە ژێر ناوی چیو خەمت نەخۆەم**

**چیو خەمت نەخوەم، خەمبارت نەوم**
**چیو شینت نەکەم، داخدارت نەوم**
**چیو هەڵ نەکیشم، هەناسەیل سەرد**
**دەس(ە)زۆرداری، تو لە ئیمە سەند**

**ئەو پەت و دارە، ئەڕات دانریا**
**لاشەیٚ پیروزت، پیا هەڵگریا**
**ئەو ڕۆحەپاکەی، کە لە تو سەنیا**
**کوردستانەکەت، وەپیٚ نەچەمیا**

**ئەو چرکە ساتە، دڵت لە کار کەفت**
**پیڵەیٚ چەوەیڵت، لە بان یەک خەفت**
**هەناسەیٚ سوارت، یەک لە بان یەک**
**دڵ دۆژمنەیلت، وەپیٚ کریا لەت.**

**خەوەر مەرگت، پیچیا لە وڵات**
**ناو پیشەوا، بڕیا وە باڵات**
**دەوڵەت کوردی، بی وە خەڵاتت**
**جمهوری یەکەم، لە ڕۆژهەڵاتت**
**وە خەیاڵ خام ،گیان لە تو سەندن**
**ئی بەدناوییە، وە مەرگت سەندن**
**هەتا مردنیان، وەی دامە بەندن**

ڕێوازەکەێ تێو ، هەرگز نەسەندن

ئەو ڕێ و ڕچە، تو گردیتە وەر
ئەڕا ئیمە گشت، بیدەسە سەروەر
ئەوان وە کوشتن، تونیش وە باوەڕ
تو ئەڕای ئاشتی و، ئەوان ئەڕای شەڕ

کوردستانەگەت، لانەێ شوڕشە
دوژمن لە هەنایێ، دەنگێ خاموشە
وەسیەتەکێ تو، ڕێڕەوێ فەرە س
تا ئیمە دیڕی، دی خەمت لە چەس

تو نەمردیە، شوڕە سوارەکەم
ڕۆحت ئاسودەس، لە گشت دیارەکەم
ئی شانازییە، بڕیاسە باڵات
لە چوار چراخوە، هەڵگریا ئاڵات

دەێ خاکەڵێوە، ڕۆژ لە دار دانت
بیەسە نیشانەێ، گشت شەهیدانت
ئاڵاو هێماکەێ، دووی ڕێبەندانت
بیەسە ناسنامەێ، هۆز کوردانت

ئیسەیچ وە هیمەت، دڵ گەورەیی خوەت
ئەڕا کوردەکان، جێ ڕێز و حورمەت
ورد سەر زوانە، قەسەم وە گیانت
دەرس (ە) عیبرەتەن، پەی نەیارانت
گۆڵێک لە هەوایێ، سەرد زوسانە
ترنگیاوە لە ناو، دڵ کوردانە
وە دەس تو بی، ئی گۆڵە نریا
دۆژمنەیل کورت، زەمەقیان زڕیا

خەوەر دە یمە پێت، لە سەر زەمینت



سەرچاوە Serchawe

کوڕ و دێوەتەڵ، کوردی ئائینت
رێ ڕەوێل فرەێ، راگەێ پیروزت
مژدەێ دەنە پێت، لە تەرەف هۆزت

تو دڵنیا بە، ئیمە هوشیاریم
تا کورد بمێنێ، هەر سەر دیاریم
ڕۆڵەکان کوردت، لە هەر چوار بەشێ
ئەڕا ئازادی، جوشێ و خروشێ

ئەوسا وەیەکوە، لە پیر و جوان
هەر لە ئیلام وە، تا شارەگەێ وان
هەر لە قامیشلێ، تا باوە گۆڕ گۆڕ
لە ئێڵ جاف و، گوران و کەڵهوڕ

هەر لە ئارارات، تا دەشت سۆران
لە هۆز شکاک، تا وە هەورامان
گشمتان وە یەکوە، یە قسە دێریم
ئیوشیم کوردیم و، وەی جوریش مینیم
حەق بریاگمان، بایەد بسێنیم.

سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠٠٧



سەرچاوە
Serchawe

## کۆچ خەێر!: وەبونەێ کۆچ ناوەخت هەفت کوردستانی ئاوارە

کۆچ خەێر!
خوەیشکەکانم،براکانم، کەسەکانم، ئەرخەواکەم!
کوچ ئی جارەمان، کووچ یەکجاریە!
بێ تەڵمویت بار و، بێ گورانیە
نە جۆر جار جاران ئەڕا سیاوانە
نەیش ئەڕاێ تواف وەرو سەرانە
میلکانمان ژێر ئاو، لە پاڵ یونانە.
ڕۆڵەکانم، شەهیدانم، کەسەکانم، کارەکانم!
ئیمە کوچ کردگ دەس زۆرداریم
ماڵ وەکۆڵیم و شوون نادیاریم
لە وڵات خوەمان وینەێ ڕێویاریم
دڵ پڕ لە زام و دایم خەمباریم
چوینکە کوردیم و سەروە یارسانیم.
دوسەکانم، یارەکانم، هاوساکانم،عەزیزانم!
ئیمە دەروەدەر دەس داگیر کەریم
سوزیاگ ناوبەین هەردوو جەمسەریم
توافچی ڕاسین، وە زەردەێ خوەریم
خاون بیاوبەس لە پردیوەریم
لەی باوەتەسە، هەر ڕەنجبێوەریم.
باوانەکەم، خاڵوانەکەم، وڵاتەکەێ دادگیریاگم!
مەگیر ئەڕام، بکە یادم، ئەڕا دڵەکەێ نەسرەویاگم
شینم مەکەن، کۆچم خەێرە، ئەڕا سەفەر بێپایانم.

سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠٠٨

## لە یادی ١٩ ساڵەی بوردمانی شیمیایی گۆندی زەردە لە ناوچەی داڵەهۆ

بەرەبەیانی رۆژی ٣١ی پۆشپەڕی ساڵی ١٣٦٧ و لە دوارۆژەکانی تەواو بوونی شەڕی نێوان دوو وڵاتی ئێران و ئێراقدا، گوندی زەردەش وەک زۆر شارو شارۆچکەی دیکەی کوردستان،

کەوتە بەرهێرشی چەکی شیمیایی رێژیمی گۆڕکراوی (بعث). لە سەرەتای ئەو هێرشەدا ٢٧٥ کەس لە خەڵکی ئەو ناوچەیە گیانیان لە دەست داو زیاتر لە ١١٤٦ کەسیش بریندار بوون. ئەگەرچی ئەو تاوانە بە بڕیاری رێژیمی (بعث) و بە دەستی ئەوانیش بەڕێوە چووە، بەڵام تاوانی کۆماری ئیسلامیش لەو پێوەندیەدا، لە رێژیمە تێداچووەکەی سەدام کەمتر نەبووە. لەوانەیە لەم پێوەندیەدا ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە کە ئەگەر دەوڵەتی ئەوکاتی ئێراق بەڕێوەبەری ئەو کردەوە دڕندانەیە بووە، ئەی پێوەگلانی کۆماری ئیسلامی لەو تاوانەدا کامانەن؟. بۆ وڵامدانەوە بەو پرسیارە، چەند سەرنجێک دەخەینە سەر هەڵویستو کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە خەڵکی ئەو ناوچەیە.

گۆندی زەردە کە لە بناری داڵەهۆ سەر بە شارستانی کرندی رۆژئاوا لە پارەزگای کرماشان هەڵکەوتوە. ئەو ناوچەیە لە باری جۆگرافی، لەشکری، سیاسی، کەشو هەواو گەشتیاریو ئاینیەوە، گەلێک ستراتژیکو گرینگە. ئەو مەڵبەندە لە باری سیاسیەوە بە درێژایی مێژووی خۆیدا، شوێنی بەرهەڵەستکاریو خۆڕاگری لە گەڵ داگیرکەران و هێرشکەرانی بێگانەی ئاییینیو ئەتنیکی بووە. بونی گۆڕی باوە یادگار، داود کەوسوار، شا ئیبراهیم، مستەفای دەودان و زۆر کەسایەتی سیاسی و ئاینی دیکە لەو ناوچە شاهیدی بۆ خۆڕاگری باب و باپیرانی کوردەکانی یارسانی لەو دەڤەرە دەدەن. خەڵکی ئەو دەڤەرە خاوەنی کەلتۆر و کەلەپۆرێ دێرینی کوردو کوردەواری بوونەو هەن. ئەوان بۆ بەرگری لەو داب ونەریتە ڕەسەن و کوردیەی خۆیان، تووشی زەرەرو زیانی زۆر هاتون، بەڵام هەرگیز بە چۆکدا نەهاتون و پشتیان نەکردوەتە ڕەسەنایەتی خۆیان.

جێگای شک نیە کە خەڵکێک خۆداکەی کورد بێ(سۆلتان سەحاک)، قیبلەکەی کوردستان بێ، کتیبە ئاینیەکەی بە کوردی و ئاییینەکەشی هەر کوردی بێ، ڕازو نیازەکەشی لە گەڵ خۆداکەی خۆی بە زمانی کوردی بێ، ناتوانێ لە زەبری تۆڵە کردنەوەی میراتگرانی شاسمایلی سەفەوی بە دور بمێنێ.
خەڵکی ئەو ناوچەیە لە باری ئاییینیەوە سەربە ئاییینی کوردی یارین، کە چ لە باری ئیدولۆژیەوەو چ وەک بیروباوەڕ، جیاوازیکی بەرچاوی لە گەڵ جۆری دەسەڵاتی سیاسی و ئاییینی لە ئێراندا هەیە. ئەوان هەر لەسەرەتای بەسەرکارهاتنی کۆماری ئیسلامیەوە کەوتنە بەر هێرشی مەلاکان و بە سەدان کەسیان بە تاوانی دژی دەسەڵاتی مەلاکان لە سێدارە درانو بە

هەزاران کەسیشان لە سەرکار لابران، کە ئەوەد لەسەدی تاوانی نامۆسۆڵمان بوونیان پێوە لکێندراوە، کە ئێستاشی لە گەڵ بێ لە دامەزراوەکانی دەوڵەتیدا وەریان ناگرن. ئەوان کاتێک وەک مووچە خۆر وەردەگیرێن کە ببنە مۆسوڵمان، یان نوێژ بخوێنن.

بەسەرنج دان بەو جیاوازیانەی کە لە سەروە باس کران، سروشتیە کە مەلاکانی دەسەڵاتدار بۆ بە چۆکدا هێنانی ئەو خەڵکەی کە بۆ خۆیان کوردنو ئاینەکەشیان کوردیەو لە گەڵ یاسا داتاشراوەکانی کۆماری ئیسلامیدا هیچ خاڵێکی هاوبەشو بگرە هیچ هاوپێوەندیکیشان نیە بێجگە لە گەورە بوونەوەی عەلی کوڕی ئەبوو تالب، پیلانی پاکتاوی ڕەگەزی و ئاییینیان بۆ دابرێژن. هەر وەک چۆن بۆ لە ناو بردنی کەلتۆرو کەلەپۆرو ئەدەبیاتی نەتەوەییو مێژۆویی سەرجەم گەلی کورد گەڵاڵەو پلانیان هەبووە. هەر بۆیەشە کە کۆماری ئیسلامی بە بیانوی ئاسایشی (ئەمنیەتی)، نەگ هەر بۆخۆی ئاوڕێکی لەو لێقەوماوانە نەداوە، نەشی هێڵا کەسی دیکە بچێتە هانایانەوە تاکوو لانی کەم خەلکانی دیکە بە مەینەتەکانیان بزانن.
لەو ڕۆژەدا کە بە سەدان کەس لەو خەڵکە کەوتبوونە بەر هێرشی شیمیایی و خەڵتانی خوین کرابوون، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەگ هەر ئاوریان لێ نەدانەوە، بگرە ڕۆژی دوایش تەنیا گرۆپیکی پێنج کەسیان بە جلوبەرگی تایبەت بە گازی کۆشندەوە ناردە ئەو گۆندە. ئەویش تەنیا بۆ ئەوەی پارچەکانی بە جێماوی ئەو بۆمبایانەی کۆ بکەنەوە کە بە کار برابوون. بێجگە لەوەش دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەیان هێشت تەنیا هەواڵنێرێک، چ بێگانەو چ نێوخۆی بچێتە ئەو گۆندە بۆ ئەوەی هەواڵ یان ڕاپۆرتێک لە مەڕ بارودۆخی ئەو خەلکە لێقەوماوە بنوسسرێ یان بڵاو بکرێتەوە.

لەم پێوەندیەدا تەنیا هەواڵنێرێک کە توانی هەواڵ لە سەر ئەو کردوە دژی مرۆڤایەتیەی ڕێژیمی (بعث) بڵاو بکاتەوە، خانمی فرانسین هریسون هەواڵنێری بی بی سی بوو لە ساڵی ١٣٨٥، واتە هەژدە ساڵ پاش ئەو کارەساتە. ئەوەش لە بەر ئەوە بوو کە سەدام حۆسەین کەوتبوە دەست هێزەکانی ئەمریکی و ڕاپێچی دادگا دەکرایەوەو بازرگانە هۆلەندیەکەش دادگای دەکرا. ڕێژیمی ئێرانیش ئەوەی بە هەل زانی تاکوو داوای قەرامەتو قەرەبوکردنەوی ماڵی لە دەوڵەتی نوێی ئێراقو کۆمپانیاکانی بێیانی بکا. بێجگە لەوانەش لە سەرجەمی تەواوی بریندارەکان کە ئەو دەم ١١٤٦ کەس بوون، ژمارەیکی زۆرکەمیان وەک برینداری شیمیایی حیسابیان بۆ کرا.
ئێستاو پاش تێپەڕبوونی نوزدە ساڵ بە سەر ئەو کارەساتەدا، ئەویش لە ژێر گۆشاری خەڵک و ڕادەی تۆش بوونی خەڵکی ئەو گۆندە بە دەیان نەخوەشینی جۆراوجۆر، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کەوتونەتە خۆیانو هەر چەندمانگ جارێ، دەستەیک لێکۆڵێنەری بێگانەو نێوخۆی دەبەنە ئەو گۆندە، کە زیاتر جنایەتی سەدامیان پێ نیشان دەدەن، تاکوو پێڕاگەیشتن بە داواکاری خەلکەکە. ئەوان قەدیش لە خۆیان ناپرسن: خۆ ئەگەر سەدام ڕق و کینەی ڕەگەزپەرەستی و لەخۆ بایبوونی پێدا ڕژاندن، ئەی بەڕێوەبەرانی هەمان ئیدولۆژیو هەمان فەرهەنگی نیوەدورگەی ئەرەبستان، بۆ ئەرکە ناتەواوەکانی سەدام دەگەێننە ئەنجام؟. ئەگەر (بعث)یەکان دوێنێ بە شیمیا بارانکردنی مەڵبەنی مێژۆویو خۆڕاگری

کوردەکانی یارسانی بەتایبەتیو کورد بەگشتی لە خوێندا دەگەوزاند، ئەوە کۆماری ئیسلامیە کە ئێستاش هەر ساڵەو چەندین جار ئەوان لە چاوەڕوانی پێڕاگەیشتن و چارەسەری نەخۆشینیەکانیاندا دەباتە لێواری گۆڕو سەرەڕای بارگرانی ئەو نەخۆشیە کۆشندانە، نەخۆشی دەرونیشی پێ زیاد کردون.

ئەگەر سەدام لە ژێر دروشمی شەڕەکانی (قادسیە)و ئومەتی ئەرەبیدا سیاسەتی قەلاچۆ کردن و پاکتاوی ڕەگەزی گەلی کوردی بەڕێوە دەبرد، ئەوە کۆماری ئیسلامیش هەر هەمان ئەرەباندن بە شکلێکی دیکەو لە ژێر دروشمی هەمان ڕەسەنایەتیدا جێ بە جێ داکا. هەر دوو هەوتوو لەمەوبەر بوو کە دەستەیێکی چل کەسی لە پسپۆرانی ژاپونی سەردانی گۆندی زەردەیان کرد کە هەواڵنێری پازدە بنکەی هەواڵدەری نێوخۆیو بێگانەیان لە گەڵدا بوو. ئێستا دیسان ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ پاش تێپەر بوونی نوزدە ساڵ تۆژێنەرو لێکۆڵێنەر دەباتە ئەو گۆندە؟. ئەویش پاش ئەوەی کە ژۆمارەی مەرگومیر بە شێوەیێکی چاوەڕوان نەکراو لەو گۆندە چووەتە سەر. ڕادەی لەبارچوونی منداڵان لە سەرەوەی سی لە سەد بە ئیسبات گەیشتوە، هەفتا کەس تووشی نەخۆشینی شێرپەنجەی (سرطان) جۆراوجۆرهاتوون. شوێنەواری خراب لە سەر ژینگە و هەڵنەدانی منداڵان بە شێوەیێکی بەرچاو لە ڕاپۆرتو لێکۆڵێنەوەکاندا پشتڕاست کراونەتەوە. بەلام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە جیاتی یارمەتی کردنیان، لێیانی دەوێ کە ببنە مۆسوڵمان تاکوو بکەونە بەر لێبوردنو گەوری خۆدا!. خەڵکێک کە پێویستیان بە دەرمان و چارەسەری نەخۆشینی و کەم بوونەوەی ئازارەکانیان هەیە، بەلام لە بەر ئەو جیاوازیانەی کە لە سەرەوە باس کران غەیرە خودینو لایان لێ ناکرێتەوە. بێشک بەڵگە لە سەر کردەوە دژی مروڤانەکانی ڕێژیمی گۆڕکراوی (بعث) زۆرن کە شیمای بارانی گۆندی زەردەش تەنیا یەک لەوانە.

هەر لە گەرمیانەوە تا دەگاتە حەلەبجەو بالیسان لە باشوری وڵات، لە سەردەشتەوە تا دەگاتە گێلانی خۆرئاواو سۆمار، نسارو دێرەو زۆر شارو شاروچکەی دیکەی ڕۆژهەلات، گشتیان شوێنە دەستی جنایەتەکانی سەرداری قادسیەیان پێوە دیارە. بێگۆمان مێژۆوی ئەو سەردارەی قادسیەیەش هەر وەک سەردارەکانی قادسیەکانی ڕابردو نابێتە ئەزموون بۆ بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیش. چۆنکە نە سەرداری گۆڕکراو ئامادە بوو دان بە وڵات و گەلی ئیمەدا بنێ، نەش نوێنەرانی بێروکەی سالە سەرەتاییەکانی نیوەدورگەی ئەرەبستان ئامادەن ئەو ڕاستیە قبوڵ بکا. با کۆماری ئیسلامیش ئەو جۆرە بیانوانە بکاتە پاساو بۆ ئاوڕ نەدانەوەو پێڕانەگەیشتن لەو خەڵکە. بەلام مێژۆوی خۆڕاگری گەلی ئێمەش پاروێک نیە بە ئاسانی قوت بدرێ. هەروەک چۆن گەلی ئیمە بە شاکانی سەفەوەی، بە سوڵتانەکانی عوسمانی بە باوکی تۆرکانیشەوە، بە سەدام حۆسەین و چەکی کومەڵکۆژیەوە لە نێو نەچوو، بە دڵنیایەوە بە مێزەربەسەرانی کۆماری ئیسلامیش لە نێو ناچێت و داهاتوش ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێ.

**با بەرزو بەڕێز بێ یادی قوربانیانی شیمیابارانی گۆندی زەردەو هەموو قوربانیانی دیکەی دەستی زۆرداری و ملهۆڕی.**

**سەرچاوە: ماڵپەری یارسان - ڕێکەوتی: ١٩ی جوولای ٢٠٠٧**



سەرچاوە Serchawe

# کۆڵەکە ئەرزشی و ئایدولۆژیەکانی کۆماری ئیسلامی یەک بە دوای یەک دا دادەڕۆخێن

## پێشەکی:

سیستمی سیاسی لە هەر وڵاتێک لە سەر بنەمای تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و رادەی زانیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئەو وڵاتە دادەمەزرێ. کۆماری ولایەتی فقهیش لە قۆناخێک دا وەک سیستم پێی نایە گۆڕەپانی ململانێ و گرتنە دەستی دەسەڵات، کە شەڕی سارد لە نێوان دوو زلهێزی رۆژئاوا و رۆژهەڵات دا گەیشتبۆە قۆناخی شەڕی ئەستێرەکان. بەسەرنجدان بەو تێگەیشتنە دژە ئەمریکایەی جاران کە هۆکارەکەی دەگەڕایەوە بۆ پشتیوانی ئەم وڵاتە لە سیستمەکانی دیکتاتۆری و دژایەتی کردنی جوڵانەوە گەلیەکانی نەتەوەکانی ژێردەست و جوڵانەوە دێموکراتیەکان، بارودۆخ دەرفەتێکی وای رەخساندبوو کە مەلاکان بتوانن هەلەکە بە قازانجی بەرژەوەندی قشری خۆیان بگوازنەوە. واتە سیستمی کۆماری ئیسلامی بە شیوەی ولایەتی فەقی لەسەر دوو ئەرزش و ئایدیلۆژیەک دامەزرێنین کە لەمێژ بوو یەکیەتی سۆڤیەتی ئەودەم خۆی لە پشتی پەنا دابوو. یەکیەتی سۆڤیەت بە کەڵک وەرگرتن لەو هەلومەرجە کە هاتبووە ئاراوە، بنکۆڵکردنی بەرژەوەندیەکانی ئابووری، لەشکری و ژێئوپولیتیکی وڵاتە یەکگرتۆەکانی ئەمریکای گرتبووە نیشانە. لەم ئەزموونەش سۆڤیەت سەرکەوتنی وەدەست هینا، کە تاکوو ئەمڕووش ئەو بەرژەوەندیە ئابووری، سیاسی و لەشکریە پارێزراوە. بە کورتی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرهەمی شەری سارد و ململانی دوو سیستمی سەرمایەداری دەوڵەتی لە سۆڤیەت و سەرمایەداری تایبەتی لە ئەمریکا بوو.

## دامەزرانی کۆماری ولایەتی فەقی و ئایدولۆژی ئیسلامی سیاسی:

بەسەرنج دان بەو رەوتەی کە شۆڕشی گەلانی پیک هینەری ئەم وڵاتەی گەیاندە ئامانج، ناکری رۆڵی ئایین وەک ئایدولۆژی و ئەکتەری ئەم گۆڕەپانە، واتە خۆمەینی بە کەم بگیرێ. ڕووداوەکانی مێژوویی ئەم ئایدولۆژیە و پڕوپاگەندەی ئەکتەرەکانی گۆڕەپانی پەرەپێدانی هەستی ئایینی و شەهید پەروەری بە لاسایی کردنەوە لە ئیمام حۆسەین و...، ئەم سیستمەی وەک دیاردەیەکی نوێ هینایە گۆڕەپانی ململانێ سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و لەشکریەوە. لە سایەی داهاتی نەوت و پڕوپاگەندەی مەلاکان ئەم بیرۆکەیە وا بەخێرای سنوورەکانی بەزاند، کە بو بە مەترسیەک بۆ سەر سیستمی وڵاتانی موسوڵمانی دەوروبەر. بەڵام لەگەڵ خێرا بوونەوەی ڕەوتی ڕۆداوە سیاسیەکان لە جیهان و دارۆخانی یەکیەتی سۆڤیەت، کۆماری ولایەتی فەقیش ڕووی لە کزی کرد. بە پەرەسەندنی هێزی ڕاگەیاندن(ماسمێدیا) چ وەک دەنگ و رەنگ و

چ ماڵپەڕە ئینتیرنتیەکان، کۆڵەکەی یەکەم واتە ئایدیولۆژی کۆماری ئیسلامی کەوتە ژێر پرسیار. واتە ئیتر شەهید پەروەری و رووادەکانی بەهەشتی بەرین سەریان بی کڵاو مایەوە و نەگ تەنیا سیستم، بەڵکوو ئایدولۆژیەکەش کەوتە پەراوێزەوە. وینەی نیزیک و زیندۆش هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرۆک کۆماری و ڕووداوەکانی پاش ئەو هەڵبژاردنەیە کە کاری گەیاندە نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی بە ولایەتی فەقی و هەموو ئەرکانەکانیەوە. دەتوانین بە راشکاوی بڵێین کە ئایدولۆژی و سیستمیک کە کۆماری ئیسلامی لەسەر دامەزراوە، مەودایەک دەپێوێ کە بنەما سەرەکی یەکەی واتە( ئیسلامی سیاسی شیعی) لەم وڵاتە دا بەرەو لێک هەڵتەکان دەچێ.

## ئەرزشی یەکەمی دامەزرانی کۆماری ئیسلامی:

دژە ئیمریالیست بوون وەک ئەسڵێک پێناسەی کۆماری ئیسلامی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بوو: شەری سارد و پڕوپاگەندەی یەکیەتی سۆڤیەتی ئەودەم لە سەر سیستمی سوسیالیستی و بەرابەری و مافخۆازی ئەو ئایدولۆژیە، وای لە چینی روشنبیر و خوێندەواری کۆمەڵگای ئێمە و ئێران کردبوو کە زیاتر وەک دەروێش هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵاتیەکان بکەن. واتە ڕەوتی مافخۆازی لەژێر درۆشمی یەکسانی و بەرابەری دا کە لە ئەساس دا حیزبی تۆدە و ڕێکخراوەکانی چەپ نوێنەرایەتیان دەکرد، ببوو بە خواستێکی گشتی توێژی رۆشنبیر و لاوی خوێندەوار. لەسەر ئەم ئەساسەش شۆڕشی گەلانی پیکهێنەری وڵاتی ئێران! بە دژە ئیمپریالیست! بوون ناوبانگی دەرکرد، کە زۆریش بە دڵی بەڕێوەبەرانی کرملین بوو. لێرە کۆماری ئیسلامی بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا، توانی رۆخسارێکی دژە ئیمریاسیتی بۆ خۆی ساز بکا. ئەم حەرەکەتە تاکتیکیە و ڕووداوەکانی پاشی، بوو بە یەکێک لە ئەرزش و پرینسیپە سەرەکیەکانی جێ کەوتن و بن داکوتانی سیستمی کۆماری ئیسلامی کە لە دەرەوە و ژۆرەوەی وڵات پێناسەیەکی بۆ خۆی دەستەبەر کرد. ئەم پیناسەیە توانی هرز و بیری چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بۆ چەند ساڵێک بە بارمتە بگرێ. بەڵام لەم ساڵانەی دوایی دا ڕەوتی ڕووداوەکان بەجۆریک چوونە پێش کە سیستمی کۆماری ئیسلامی چ وەک ساختار و قەواره و چ وەک ئایدیولۆژی، یەکێکی دیکە لەئەرزشە بنەڕەتیەکانی خۆی لەدەست بدا. ئەگەر رۆژگارێک مەلاکان دەیانتوانی بە ناوی دژە ئیمپیریالیست بوونەوە خەڵک بۆ پشتیوانی لە سیستم و سیاسەتکانیان بکیشنە نێو شەقامەکان، ئێستا ئیتر پێچەوانەیە و هەم بوونەی داگیرکرانی باڵوێزخانەی ئەمریکا و هەمیش هیمای دژەئیمپیریالیست بوونیان، بۆتە رۆژی ئامادەکردنی تەختە و بزمار بۆ هەڵوەسینی تابوتی سیستمی ولایەتی فەقی. نیشانەی بەرچاویش رۆژی سێزدەی ئابان بوو و دەرکەوت کە سیستمی کۆماری ئیسلامی یەکەمین ئەرزشی سەرەکی خۆی کە سەرمایەی زۆری لەسەر دانابوو چ وەک سیستم و چ وەک ئەرزش لەدەست داوە .

## ئەرزشی دووهەمی دامەزرانی کۆماری ئیسلامی:

سەربەخۆ بوون یەکیکی دیکە لە ئەرزشە بنەڕەتیەکانی دامەزرانی کۆماری ئیسلامی بوو، کە دیسان بیرۆکەی ئایدیولۆژی



سەرچاوە
Serchawe

نوێنەرایەتی دەکرد. دروشمی بنەڕەتی مەلاکان لە ژێر ناوی نە شەرقی و نە غەربی! کۆماری ئیسلامی وەک وڵات و سیستمیکی سەربەخۆ نەبسراوە پێناساە دەکرد. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە ساڵانیک بوو شای ئێرانی بەستبۆوە بە سیاستی نۆکەری بۆ ئەمریکا و کردبووی بە خاوەن کۆمەڵێک بەرژەوەندی و ئەرزشی نێودەوڵەتی، بە جۆرێک کە کۆمەڵگای نێوخۆی لەبیر چووبوو. هەربۆیەش مەلاکان بۆ ئەوەی نیشان بدەن کە هەم دژە ئیمپریالیستن و هەمیش سەربەخۆ، هەموو پێوەندیەکانیان لە گەڵ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پساند. لێرەش کۆمەڵێک ژستی سیاسی تاکتیکیان لەخۆ نیشان داو تا رادەیەک نوێنەرایەتی جۆرە بیرۆکەیەکیان دەکرد کە لە کۆڕ و کۆمەڵە نیودەوڵەتیەکان دا بەڕواڵەت رەنگی سەربەخۆی پێوە دیار بوو. وەک وینە پشتیوانی لە بزۆتنەوەی خەڵکی فەلەستین، بوونە ئەندام لە کۆری وڵاتانی پی لایەن، کشانەوە لە گریبەستەکانی لەگەڵ ئەمریکا و کۆمەڵێک ئەرزشی تاکتیکی دیکە. بەڵام زۆری پی نەچوو کە بەکردەوە دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی هەم شەرقی یە و هەم غەربی. ئەمەش هەم بە هەڵویستی سەرانی کۆماری ئیسلامیەوە سەبارەت بەڕووداوەکانی نێودەوڵەتی، دەوڵەتی و ناوچەیی یەوە دیارە، هەمیش بەو گریبەستە بازرگانی، لەشکری و ئابووریانەوە کە لەگەڵ خۆرئاوا و رۆژئاوا دا لە ئارادان .

## ئاکام:

ئێستا سیستمی کۆماری ئیسلامی بە ناسنامەی ولایەتی فەقیەوە چ وەک ساختار و قەوارە، و چ وەک ئایدولۆژی، ئەرزشەکانی بنەڕەتی خۆی لە دەست داوە. ئەم سیستمە بەرەورووی قەیرانێکە کە چارەنووس سازە و ڕەوتێک کە دەستی پیکردوە تاکوو هەڵکەندنی بێخ و بنچینەی ئەم سیستمە وەستانەوەی بۆ نی یە. کەس ناتوانی نکولی لەوە بکا کە تەنیا ئالترناتیڤێک لەبەردەم کۆماری ئیسلامی دا بۆ درێژە دان بە تەمەنی کورتی ماوەتەوە، داسەپاندنی قۆناخێکی نویَ یە لە دیکتاتۆری کە پشتیوانیە پرینسیپی- ئەرزشیەکان و ئایدیولۆژیەکەی جارانی لەپشت نەماون. کەوابوو هەڵبژاردنی ئەحمەدینێژاد لە دەوری یەکەمی سەرۆک کۆماری دا، ڕووداویک نەبوو کە بەسەر دا کەوتبێ. لە راستی دا ئەو دەورە قۆناخیک بوو بۆ تاقیکردنەوەی دەسەڵات و توانایی سۆپای پاسداران. دەوری دووهەمی هەڵبژێرانی ئەحمەدی نێژاد تەکمیل کردنی کۆدەتای سۆپای پاسداران بوو و بۆ گێڕانەوەی بارودۆخی سیاسی ئەم وڵاتە بۆ سەردەمی مانۆر دانی خۆمەینی و یەکلایی کردنەوەی سیستمی دیکتاتۆری ولایەتی فەقی. بەکورتی ئێستا نە نویژەکانی هەینی، نە زیندۆ کردنەوەی ڕووداوەکانی کەربلا و شەهید پەروەری، نە سەربەخۆ بوون و نەش دژە ئیمپریالیست بوون، دەردی بی دەرمانی ئەم سیستم و بیرۆکەیە دەرمان دەکەن، نەش کۆدەتای سۆپای پاسداران و هەڕەشەکانی وەلی فەقی. بەسەرنج دان بەم ڕەوتە کە پێی ناوەتە قۆناخێکی چارەنووس سازەوە، گەلی کورد لە رۆژهەڵات و ڕیکخراوە سیاسیەکانی نێو گورەپانی بزۆتنەوەی رزگاریخوازی لە کوردستان، دەبی ئەم هەلانە بە قازانجی بەرژەوەندی یە بەرزەکانی نەتەوەیی گەلەکەمان بگۆازنەوە.



سەرچاوە
Serchawe

راشکاوانەتر بڵێین لە کۆمەڵگایەک یان وڵاتێک دا کە ناوی  ئێران بێ و دانیشتوانیشی هەموو ئێرانی بن، بەو هەموو کێشە سیاسی، ئێتنیکی، ئایینی، کولتۆری و فەرهەنگییەوە کە هەیەتی، نە لە توانای ئێمەدایە دێموکرسییان بۆ دەستەبەر کەین، نەش ئەو هەموو ناکۆکی و جیاوازیانەمان بۆ لە دەفریک دا خڕ دەکرێتەوە .

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ  -  ڕێکەوتی ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩


---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی : ڕەحمان نەقشی

ڕەبەری ٢٧١٣ی کوردی  =  ئۆکتۆبری ٢٠١٣ی زایینی

---







# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ ئیقباڵ سەفەری بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتوویژ و بابەتەکان.**

**دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe